# چەند بابەتێکی
# کولتووری کوردی

# چەند بابەتێکی
# کولتووری کوردی

عەباس سلێمان سمایل
نەجیبە زرار هۆرمزیار

هەولێر- ٢٠٢٢

بیروڕاگەلێك كە لەم كتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەكادیمیای كوردی لێیان بەرپرس نییە.


* ناوی كتێب: چەند بابەتێكی كولتووری كوردی
* نووسەر: عەباس سلێمان و نەجیبە زرار هورمزیار
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (٤٨٨).
* چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی(٦٨٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ی پێدراوە.



– هەموو مافێكی چاپكردن بۆ ئەكادیمیای كوردی پارێزراوە.
– ئەم كتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەكادیمیای كوردی دووبارە چاپ بكرێتەوەو وێنەكانی لەبەر بگیرێتەوە.



**دەخمەیەک لە ئاکرێ**

## پێشەکی

بەهۆی گرنگی بابەتەکانی کولتووری گۆڤاری هەرێم، بە پێویستم زانی هەموو بابەتە کولتوورییەکانی تایپ بکەم و بیانکەم بە پەرتووکێک دواتر گوتم، با چاکەی سەربەخۆ نەکەم، نەوەک هەندێک لە نووسەرانی ئەم بابەتانە پێیان ناخۆش بێت، واتە بە خراپی بۆم بشکێتەوە، جا بابەتە کانی بەندەو نەجیبە زرارم لەم پەرتووکە ئامادە کردو دواتر چەند بابەتێکی کولتووری کە لە گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆرو، کە هەندێکیانم بە ناسناو دامبەزاندبوو بە کۆپی بەمشێوەیەی لەبەر دەست دایە بڵاکرایەوەو کەوتە بەر دەستتان بەو هیوایەی سوودی هەبێت..

کولتوور پاراستن ئەرکێکی نیشتمانی و ئایینیە، کولتوور سپاردەی خودایە، بانینەوە لەسەر کولتووری بیانی، بەتایبەتی کولتووری داگیرکەرانی کوردستان بێوژدانی و بێ دینی و بێگانەپەرستییە .

مخابنە جلی عەرەبی و ناوی منداڵانی عەرەبی و تورکی جێی خۆی بکاتەوە لە فەرهەنگی کوردی، ئەوی ڕۆشەنبیری هەبێ نابێ ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەی لەبیر بچێ .

هیوادارم زمان و کولتووری کوردی بپارێزن و دیرۆکی کورد و کوردستانیش بخوێنن .

## خەباتی فەرهەنگی،
## ڕۆلی باڵادەبینێت لە وەدەستهێنانی ئازادی

گرنگیدان بە بوارەکانی فەرهەنگ، داب و نەریت، فۆلکلۆر، جل و بەرگ، گۆرانی و قسە کردن بە زمانی زگماک، هەموویان خەباتی فەرهەنگین، فارس و عەرەب و تورک، بەردەوام خزمەتیان بە زمانەکەیان کردووە گەلانی ژێر دەستەی ئەوانیش بە تایبەتی گەلی کورد خزمەتێکی باشیان بە کولتووری گەلانی ناوبراو کردووە، چونکە وایان تێگەیاندوون، کە زمانی ئاینی و زمانی دەسەڵاتدار پیرۆزە، زمانی ژیارو شارستانییەتە، پێویستە خزمەت بکرێ و زمانی کوردیشیان وا بەلاوەناوە بۆ ئەوەی ببێتە زمانێکی مردوو بە هۆیەوە کورد لە بۆتەی ڕەگەزی گەلی باڵا دەست بتوێتەوە، هەڵبەت ئەمانەش دژایەتی فەرهەنگی کوردی بووە، ئیتر دوای دروست بوونی وڵاتی عێراقیش ئەو ناوچانەی کەوتنە ژێر زەبرو زەنگی زیاتری ڕژێمانی عەرەب، ئەوانە نەیانتوانی زمانەکەیان لە خزمەتی فەرهەنگی کوردی بە کاربێنن لە نووسین و خوێندن و بوارەکانی دیکەی فەرهەنگ وەک: گۆرانی و فۆلکلۆرو جل و بەرگ، مەگەر بە تەنها بە زمانێکی ناوچەیی قسەیان کردبێ، بۆ نموونە لە هەشت ملیۆن دانیشتوانی بەغداد نیو ملیۆنی زیاتری کوردە، نووسەری زمانی کوردی بە دەگمەن تیا هەڵکەوتووە، هەروەها لە ئوستانی کوت و عەمارەش هەربەم جۆرە، بەڵام ئەو ناوچانەی کە دوور بووینە لە زەبرو زەنگی دەسەڵاتدارانی عەرەب بە هۆی سەختی شوێنەکەی و دووری لە دەسەلانی ناوەند، زیاتر توانیویانە پارێزگاری لە کولتوور بکەن وبە زمانی کوردی قسە بکەن و خزمەتی بوارەکانی کولتووری کوردی بکەن.

کەواتە فەرهەنگ ڕۆلێکی باڵای هەیە لە بوژاندنەوەی میللەت ئەو گەلە شانازی بە چییووە بکات و بە چ هەستێکەوە داوای مافی گەلەکەی

بکات، ئەگەر کولتوورەکەی لە ناو چوویێت، جا ئەگەر بێت و چەند لە باشورەوە بەرەو باکور بڕۆین زمانی کوردی زیاتر قسەی پێ کراوە و ئازاد بووە لە گرینگی دان بە کولتوورەکەی، ئەگەر کوردیشیان لە بیر چوو‌بێتەوە، ئەوا زمانیان بەردەوام لە پووکانەوە بووە، کاتێکیش کە دەگەیتە چیای حەمرین، سنوری کوردستان بە هۆی هێلی تەماس لەگەل نەتەوەی عەرەب ئەم ناوچانە هەمیشە لە ژێر فشاری حوکمەتە یەک لە دوای یەکەکانی حکومەتی عێراق دا بووینە، بۆ نموونە شارێکی وەک موسڵ نیوەی زیاتری دانیشتوانەکەی کورد بووە، کەچی زمانی کوردی بەردەوام لە پوکانەوە بووەو هەستی نەتەوایەتی لە داڕمان بووە، بەڵام لە کەرکوک داگیرکەران بە هەمووتوانایەکیانەوە هەوڵی لە ناوبردنی فەرهەنگی کوردییان داوە، کەچی کوردی کەرکوک بە هۆی خۆراگری و بەرهەلستییان تا ئەندازەیەکی باش توانیویانە پیلانی دوژمنانێک و پێک بشکێنن، بۆیە زۆر بە ئاسانی کەرکوک بەرەو مۆرکی کوردایەتی دەگەڕێتەوە و ئەوەتا دوای ئازادی عێراق، خوێندن بە زمانی کوردی گەڕایەوە هەمووگەڕکە کورد نشینەکان. مخابن دوای ساڵی ٢٠١٦ حکومەتی عێراق بە پلانێکی مەترسیدارتر لە رژێمی سەدام دەستی بە عەرەبکردنی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان کردووە.

هەروەها چەندەها رێکخراو و سەندیکاش لە خزمەت فەرهەنگی کوردی لەم شارە درووست بوون، بەڵام بە داخەوە بەهۆی ناکۆکی حزبە کوردییەکان و نەمانی دەسەڵاتیان بەسەر ناوچە دابڕاوەکان جارێکی دیکە بە عەرەبکردنی بە خورتیی دەستی پێ کردەوەو خەریکە دیمۆگرافی هەرێمیش بە بێ خورتیی و زۆرداری بەرەو گۆڕان دەڕوات، هیوادارم بەرپرسان بۆ ئەوەی نەبنە ڕووڕەشی دنیاو قیامەت بە عەرەبکردنی ناوچە دابڕاوەکان و بەعەرەب بوونی هەرێم ڕا بگرن، باکولتوور لە ناو نەچێت.

## بابەتەکانی
## عەباس سلێمان سمایل

## گرنگی دان بە قەڵاتی هەولێر
## گرنگیدانە بە شوێنەواری دێرین و کەلەپوور و کەرتی گەشتیاری



قەڵاتی هەولێر بە گوێرەی سەرچاوەکان و توێژینەوە و بەدەرکەوتنی شوێنەوارە دێرینەکانی بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. کە دروستکرابێ و ژیان لەسەری بەردەوام بووبێ. لە ناوەوەی شەقامی سی مەتری لە هەرشوێنێک زەوی هەڵکەنی توشی شوێنەوار لە دوای شوێنەوار دەبی. لە گۆڕی کوپەیی و گۆڕی بانیۆنی و شورە و دیواری خانوو و بەرە و کەلوپەلی لە قوڕ و بەرد دروستکراو، بەتایبەتی لەم (٧-٨) ساڵەی دوایی کە چالاکی

ئاوەدانکردنەوە زیادی کردووە و بەردەوام لە هەڵکۆڵینەکان شوێنەواری دێرین بەدەردەکەوێت، لەوانە لەو هەڵکۆڵینەی لای باغی شار کە لێدرا، چەندین گۆڕی کوپەیی دەرکەوت کە ئامێرەکان تێکیان دەشکاندن و بۆ فڕێدان دەیانخستە ناو ئۆتۆمبێلی فڕێدان، هەروەها لەم هەڵکۆڵینە لە قوڵایی زیاتر لە مەترێک، دیوارێک، کە دەوروبەری (٥٠م) ی لەناو هەڵکۆڵینەکە بەدەرکەوت، دیاربوو بۆنێو شاری هەولێر درێژ دەبۆوە بۆ لای قەیسەری، دوورنییە جۆگەی کارێزی کەسنەزان بووبێ، بەداخەوە پسپۆرانی شوێنەوار گرینگیان پێنەدا، لە بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی سەرژمێری هەولێر، چەندین کەلو پەلی لە قوڕ دروستکراو لە ژێر زەوی دۆزرایەوە بە ئامێری هەڵکەندن تێکشکێندران و لە نزیک شەقامی پزیشکان لە قوڵایی دەوروبەری (٥م) سێ گۆڕ دۆزرانەوە و قەپاغە نەخشێندراوەکانیان بە قازمە پارچە پارچەکرد و دواتر لە ژێر زەوی مایەوە جا حوکمەتی عێراق لە ساڵی (١٩٩٠) گەورەترین تاوانی ئەنجامدا بە گواستنەوەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بۆ گردی قالین چاغە و وێران کردنی بەشێک لە گردەکە، هەروەها هەوڵی رماندنی قەڵاتی هەولێری دا بە قوڵایی (١٠م) لە هەرچوار دەورەی و بۆ دوکان دروستکردن و تەختکردنی بانەکەی بۆ دروستکردنی گازینۆ. ئەمڕۆکەش کە کورد حوکمەتە و دەبێ دڵسۆزانە شوێنەواری دێرینی کوردستان، کە ئەمانەتە و ئەرکی سەرشانە بپارێزێت و هەریەکە و بەگوێرەی پسپۆرییەکەی لەم بەڕێوەبەرایەتییە هەڵبستێ بە ڕاپەڕاندنی کارەکانی، دوای ڕاپەڕین هەولێر بووەتە پایتەختی هەرێم و بەتایبەتی دوای ڕوخانی رژێم ڕۆژانە بە سەدان کەس ڕوولەم شارە دەکەن و بەهیوای دیتنی شوێنەوارە دێرینەکانی ئەم شارەن، یەکسەر ڕوو لەقەڵات دەکەن، جا بۆ گەشەپێدانی شوێنەواری دێرین و کولتوور و کەرتی گەشتیاری، پێویستە گرنگ بە خزمەتگوزاری قەڵات بدرێت.

سەرەتا پێویستە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری دێرینی هەولێر بگەڕێندرێتەوە سەر قەڵات، دواتر هەرکەسێکی کەلوپەلی شیاوی لە شوێنەواری دێرین یا کولتووری هەبێت خانوویەکی لە قەڵات بدرێتێ بۆ پیشاندانی کەلوپەلەکانی و مانگانەش موچەیەکی بدرێتێ. هەوڵبدرێت دەزگا لە قەڵات دابمەزرێت بۆ دروستکردنی کاری دەستی وەک چنین و قورکاری و دروستکردنی ئامێرەکانی مۆسیقا. هەروەها بەردەوام ئەستورکە تەندوری پێوە بدرێت و مەشکە بهەژێندرێت و ئەستورک و دۆ بدرێت بە گەشتیاران لەگەڵ کەشک و داندۆک و تەڕەساز و خواردنی دیکەی کوردەواری. لەگەڵ دابینکردنی ئاوی سارد و فێنک کەرەوە و دروستکردنی ئاودەستی تەندروستی بۆ پیاوان و ئافرەتان زۆر پێویستە لەسەر قەڵات ئەگەر بکرێت ٢ تا ٣ خزمەت گوزاری لە مزگەوتەکەی بەردەم قەڵا دابندرێت ئەوا باشتریشە. هەروەها ناوەناوە تەخت و کورسی دابندرێ بۆ پشوودان لەگەڵ هەبوونی چایخانەیەک. هیوادارم حوکمەتی هەرێمی کوردستان قسەکانم بەهەند وەربگرێت.

## جۆرەکانی شایی کوردی



کوردستان سەرزەمینی هەڵپەرکێ و گۆرانی و مۆسیقا بووە، چونکە هەموو بوارەکانی ژیان لە مەڕداری و کشتوکاڵ و چوونە داران و ڕێواسان و پرسە و دانەوێڵە ئامادەکردن بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی بەڕێوە چووە. هەر ناوچەیەکی کوردستان تایبەتمەندییەک و شێوەی جۆرا و جۆری لە هەڵپەرکێ هەیە. جا بەهۆی ئەوەی شارەزاییم لە هەڵپەڕکێکانی لوڕستان و زازاکان نییە ناتوانم لێیان بدوێم، ئەمانەی خوارەوەش چەندجۆرە هەڵپەڕکێیەکی ناوچەکانی دیکەی کوردستانە.

هەڵپەرکێکانی بادینان: هەڵپەڕکێکانی بادینی زیاتر ئەنگوستی گچکە لە شاییەکانیان تێکهەڵدە کێشی و بەشی زۆری هەڵپەڕکێکانیان لەدوای یەک، یەکتر کێش دەکەن. ئەمەش چەند نمونەیەکی هەڵپەڕکێکانیانە: دمدمێ، دینۆ، بای های بانێ، دێ بکوڵێ، چاچانێ، سێ پێی، شێخانی، زراڤکێ، لە رزۆکا، چۆکژی، دبچە.

شەمزینان و سێگۆشەی سنوور: بابلەکان، دمدمێ، سوارکۆ، حوجرۆکێ، شێخانی، شانەدەر، درێ.

دهۆک و دەوروبەری: زێڕینی، سێ پێی شێخانی (سڤک، گران) هەرێ گوڵێ، تلان، چۆخۆیی، ملا(گران، سڤک) سنجانێ، بابلەکانی، نازۆکی، بینانی، سرێلک، سەری زاڤانۆ، باسۆ.

هەڵپەڕکێکانی دەشتی هەولێر: سێ پێی، چۆپەیی، تەمبۆلێ، سوسکەیی، هەلپەڕکێکانی ناوچەی سنە: خانە میری، زەنگی، شەلان، بەکربەگی، فەتاح پاشایی، سێ پای حەریرە، سێپای مەریوانی(قڕە، قەڕەبیە)، جوتیار، رۆینە، هەڵپەرکێی شوان، لەبرانی سەقزی، گەڕیان، پشت پا، لەیلان، هەڵگرتن (چەپ و راست). هەڵپەڕکێکانی کرماشان: سمکۆلان، زەنگینە، فەتاح پاشایی، سەجاران، شانەشکێ، چەپی، خان میری، هەڵپەڕکە، قەلایی، هەوشاری، چەمەری، شاییەکانی کوردستانی سۆرو کوردستەنی ئەرمینیا: تەن زەرە، قازقاز، شەڕانی، ڕۆمانی، سوارۆ، چەمەرچۆپی، لاچینی، نەخشی میرزۆ، قەیدی سڤک، قەیدی گرەن، کۆچەرێ، گەنم، پەپۆرێ، هۆی نارێ.

هەڵپەڕکێکانی ئیلام: پا بەرپا، بەزڕان بەزڕان، دوو چۆپیی، سەجایی، سەنگین سەما، عەرەبی، سەجایی، زەنگی(زەندی) چەمەری، قەڵایی..

هەڵپەڕکێکانی کوردی خۆراسان: گوڵ و خونچە، سامە، سادە، جامی نارجی، دوو قوڕسە، سێ قوڕسە، شەش قوڕسە، چەپە ڕاستە، شلنگی، چوپ بازی، شاپەڕی، چەمنزار، زەرگەری، بشکن بشکی، قالدی قالدی..

هەڵپەڕکێکانی ورمێ و دەوروובەری: شێخانی، ملان، قەتان..

هەڵپەڕکێی سلێمانی: سێ پێی، چەپی، شێخانی

چیرۆکی سەرهەڵدانی چەند هەڵپەڕکێیەک: هەرجۆرە هەڵپەڕکێیەکی کوردی پەیوەندی بە دیاردەیەکی ژیانەوە هەیەو سۆزو هەڵچونێکی مرۆڤە، زۆر لەمانەش چیرۆکی سەرهەڵدانی هەیە.

جۆری شەلان: نەزمی شەلان بەسەرهاتی جەنگاوەرێکە، کە لە مەیدانی شەڕدا پێیەکی بریندار دەبێ و لە هاوسەنگەرەکانی جێ دەمێنێ و دەکەوێتە گەمارۆی دوژمنەوەو بە یەکێک لە کەلەنگوچکەکانی برینەکەی دەبەستێ و دەرباز دەبێ.

شایی چەپی: ئەم جۆرەیان لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەبیندرێت لەهەموو جۆرە شاییەکان سادەترەو هەمیشە ڕەشبەڵەکە، ئەمەیان پەیوەندی بەدیاردەی بەردەوامی ژیانی هەردوو ڕەگەزەوە هەیە. کەواتای ئەوە دەگەیەنێت، کەهەمیشە هەردوو ڕەگەزی مرۆڤی کورد بەیەکەوە کاردەکەن. لەبەر ئەوەی چەپی پێ دەگوترێت، چونکە سەرەتا پێی چەپ دەهاوێشترێ، شایی قەڕە (قەرەمیە) ئەمەیان دەربڕینی جەنگەو سەرکەوتن بەسەر دوژمن دایە، کەلە پێنج بەش پێکدێت:

(١)کەمەرە لەرزینە. (٢)گروپ کردن. (٣)ڕۆیشتن، دەچی و دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی هەواڵی دوژمن و بیستن. (٤)ڕۆیشتن بۆ پێشەوەو گروپ کردن و دانیشتن بۆ هێرشکردنە سەر دوژمن. (٥) کلکە ڕەقە: گاڵتە کردنە بە دوژمن، کە پێیەکی ڕاست و ڕەق ڕادەگرێ.

هەڵپەڕکێی دمدمێ: ئەم جۆرە هەڵپەرکێیە زیاتر لە چەل و بەرچەل و بەرواری باڵا باوی هەیە، جۆرە هەڵپەرکێیەکە باس لە پاراستنی قەڵای دمدمێ دەکات، لەم شاییەدا سەرچۆپی کێش لە جیاتی دەسماڵ خەنجەرێکی بەدەستەوەیە، زۆر جار دەبیندرێت یەکێکی دیکە بەرامبەر شایی کاران بەتەنیا هەڵدەپەڕێ و ئەویش خەنجەرێکی بەدەستەوەیە.

شایی شەڕداوەتە مێرانە: ئەم شاییە زیاتر لە شەمزینان دەبیندریت، باس لەشەڕی نێوان کورد و سوپای رۆمی ڕەش واتە حوکمەتی تورکیا دەکات، شاییەکی زۆر توند و خێرایە.

دێ بکۆڵن: شاییەکی نەرمە پەیوەندی بە کشتوکاڵەوە هەیە باس لە ژیان دەکات، واتە مرۆڤ تا زەوی نەکۆڵی واتای ژیان نازانێ.

سوسکەیی: هەڵپەڕینەکەی زۆر خێرایە لە چەشنی باڵندەی سوسکە، ناوەکەشی لە باڵندەی سوسکە هاتووە.



**درەختی چنار ڕە مزی پاشایان بووە و**

**درەختی زەیتونیش ڕەمزی ئایینیان**



درەختی زەتون بەر لەزاین لە کوردستان پەرستراوە و لەلای پەیڕەوانی هەموو ئایینیکیش پیرۆز بووە. هەرچەندە پیرۆزی درەختی زەیتوون لەقورئانیشدا ناوی هاتووە. لای ئیزیدیەکانیش پیرۆزە. بەهۆی ئەوەی هەمیشە کەسکە و بەروبومێکی باشی هەیە. سەرەڕای خواردنی، لەرونەکەی سابونیش دروست دەکرێت. چراکانی پەرستگەی (لالش)یش لەڕونی زەیتوون دابین دەکرێت، جا بۆ ئەم مەبەستە ژووریک لەلالش تەرخان کراوە بۆژمارەیەک گۆسکەی پڕ لەڕونی زەیتوون. ئەمڕۆکە

درەختی زەیتون بووەتە رەمزی باشیک و بازان. بەهۆی باخێکی زۆری زەیتوون لەم ناوچەیە. دوور نیە پیرۆزی درەختی زەیتوون لای ئێزیدیەکانیش بو بیروباوەڕی کۆنی کوردەواری بگەڕێتەوە.کەبەرلەزایین پەرستراوە.کاتیک یۆحەننای ئاوارە لەگەڵ (١٧) کەس لە پێڕەکەی لە چاخی چوارەمی زایین لەیۆنان ڕادەکەن و لەخنس نیشتەجێ دەبن. دەست دەکەن بەبڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی لە کوردستان، دەڵێ: گوندەکانی ناوچەکە لەسەر ئایینی جۆراوجۆری وەک: زەردەشتی و میترایی و زەیتوون پەرستی بوون. بەڵام درەختی چنار بەهۆی قەوارە گەورەیی و باڵابەرزی و تەمەن درێژی و هەمیشە سەوزی. بەشای درەختان ناسراوەو بووەتە جەڤەنگی پاشاو میرو کێخوایان. زۆرجار ناوەڕاستی قەدەکەی بەهۆی سوتان یابڕینەوە بەقەدەر ژورێکی لێدێت، کەچی کۆڵ نادات و بەردەوام دەبێت لە گەشەکردن، جاران دەیان گوت: قەدی چنارگیانی شۆڕە سوارو گەورەپیاوانی تێدایە واتە دوای مردنیان گیانەکانیان دەچیتە ناو قەدی درەختی چنارەوە، تاڕۆژی لێپرسینەوە، هەروەها یەک لەو سیفەتانەی کە چناری پیرۆزکردووە، داماڵینی کاژەکەی یا توێکڵەکەیەتی هەموو ساڵ، جابۆیە میرو پاشای کوردان زۆر گرینگیان بە چاندنی درەختی چنار داوە لە ماڵ و بارەگای فەرمانڕەواییان و پەرستگە و شوێنە گشتییەکان. خەڵکانیش هەمیشە ئاگاداری ئەم درەختانە بوون. خانزادی میری سۆران یەک لەم میرانەیە، کە گرینگی بە چاندنی درەختی چنار داوە بەتایبەتی لە مزگەوتەکان لەوانە چنارەکەی مزگەوتی هیران و چنارەکەی قەڵاسنجی خواروو چنارەکەی شەقڵاوەیە، لە گوندی کەڵەکین خەیلانیانیس چنارێکی تەمەن درێژ هەیە، بەڵام نازاندرێت کێ کاتی خۆی ڕواندوویەتی، دوورنیە ئەویش هەر خانزادی میری سۆران چاندبیتی. جاران درەختی (بەڕوو) ش پیرۆز بووە، بۆیە تاکو ئەمڕۆش لەسەر گۆرستانەکان نەبڕاون. زۆر

درەختی بەڕوو لە کوردستان بەهۆی شین بوونیان لەسەر چاک و پیران بە پیرۆزی ماونەتەوە لەوانە: درەختە بەڕووەکەی کلکەی چیای پیرمامە کە بەدارە بزمارە ناسراوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی لێدانی بزمارێکی زۆر و بێ خزمەتی وشک بوو. هەروەها درەختە بەڕووەکەی داری شەکرانێی زرارەتی تاکو ئەمڕۆ ماوە، درەختێکی بەڕووش لە موکریان هەیە. کە خەڵک بۆ نەخۆشی دەچنە زیارەتی بەتایبەتی نەخۆشی منداڵان بەڵام بەداخەوە ئەویش بەهۆی لێدانی بزماری زۆرەوە وشک بوو و کەوتە سەر زەوی، بەڵام خەڵک هەر وازی لیناهێنن و خاوەن نەخۆش بزمارێکی لێدەکوتی و سی جار لەدەوری دارەکە دەسوڕێ و دەڵێ: خودایە منداڵەکەم چاک بکەیتەوە، کەواتە سی دارە بزمار هەیە، سی هەمیان لە کلکەی چیای قەرەچوغیە. لە ئاهەنگی ڕێوڕەسمی ئێزیدیانی گوندی شاریاو دەوروبەری بەناوی (کەرەجاڵ) و زیارەت کردنی گۆڕی ئەم خاسە لە کاتی هاتنە خوارەوە، هەریەکەو چلە بەڕوویەک لە درەختەکانی دەوروبەری گۆڕەکە وەک پیرۆزی لێدەکاتەوە و بە ئاهەنگ گێران بەردەوام دەبن تا دەچنەوە نێو گوند، ئەمەش واتای پیرۆزی درەختی بەڕوو دەگەیەنێت.

* پیرۆزی گژوگیاو دارو درەخت زۆر کۆنەو هەر لەگیای گلگامێشەوە تا دەگاتە درەختە پیرۆزەکانی ئەمڕۆی کوردستان، کە بەهیوای مرازو نەمانی ئێشی ددان سەردانی دەکەن و لەهەندێکیان بزماری لێدەکوتن، بەڵام ئێزدیەکان پەلەدارێک بەرامبەری دەکوتن، بۆ هاتنەدی نەمانی ژانی ددان یا هاتنەدی مرازەکانیان، ئەمەیان شیاوترە لە هی موسلمانان، چونکە، دەبێتە هۆی وشک بوونی درەختەکە.

**شاندێکی شوێنەوار و مێژووناسی سۆڤیەتی لە دیمانەیەکدا:**



لە کۆتایی مانگی چواری ساڵی (٢٠٠٧) شاندێکی شوێنەوار ناسی ڕوسی کە بریتیبوون لە دکتۆر ستانی سلاڤ و گوری گۆریف وە خاتوون لادا ئەڤاسکۆ و ڤیاچیسلاڤ پۆتۆڤ و کوردێکی مێژوو نووسی گورجستان بە ناوی پیردیما گەیشتنە هەرێمی کوردستان.

ئەمانە هەندیکیان دووەم جار و زیاتر لە دووەم جارە دینە هەرێمی کوردستان بۆ دانانی یاسایەک تایبەت بە پاراستنی شوێنەوارە دێرینەکان و کۆکردنەوەی ئەو شتانەی کە پەیوەندی بە کولتووری دێرین هەیە، هەروەها بە نیازن تیمێکی شارەزا دروست بکەن بۆ بەدواگەڕانی شوێنەوارە دێرینەکان و تۆژینەوەیان.

سەرەتا پیردیما بەم جۆرە لەخۆی و بنەماڵەی دوا: پیردیما (دیمتری پیرباری) ئەحمەد محیٰ پسپۆڕ لە مێژووی کۆن و ناوەڕاستی کوردستان دەڵیت: لە ساڵی ١٩١٥ بنەماڵەکەمان لە گوندی پیر گوڵیٰ و ئاڤارەشی سەر بەناوچەی وان بوو بۆ ناوچەی بایەزید هەڵاتن کە ئەوکاتی لە بن دەستی سوپای روسی بوو، تا ساڵی ١٩١٨ لە ورە ماینەوە دواتر بەهۆی کشانەوەی سوپای روس لەم ناوچەیە، ئێمەش ڕەڤین و هەندێکمان چووینە گورجستان و هەندێکیشمان چووینە ئەرمەنسان، ناوچەیەک بەناوی (چوبان کەرە) کە کاتی خۆی کوردی موسڵمان و ئازەری تیدا نیشتەجیٰ ببوون لەگەڵ بەرپا بوونی جەنگ ڕایان کردبوو کە سەر بە شارۆچکەی ئۆکتۆمبیریایە، ئەمڕۆکە ناوی گوندەکە بۆ (ئەرماڤیرە) گۆڕدراوە. دواتر بنەماڵەی ئێمە بەرە و گورجستان کەوتنە ڕێی و لە شاری تفلیس نیشتەجێبوون.

● ئەو ئێزیدیانەی کە لەسەر حەدیٰ وە ڕایانکرد دانیشتووی چ ناوچەیەک بوون.

- بە درێژایی سنووری ئەرمەنستان و تورکیا تا دەگاتە ناو گورجستان ئێزدی بە پەرش و بڵاوی نیشتەجیٰ بوون لەوانە لە ناوچەی ئەلشگری لە هۆزی سیپکی بوون، ئێزدی سورمەلێی لە هۆزی هەسنان بوون، هەروەها هۆزی زەقۆریاش هەر لەویٰ نیشتەجیبوون. هۆزی چۆمانە کەلاخوشابیٰ چوونە نەبەخیٰ و دواتر چوونە ئەرمەنستان.

● دوای نەمانی میرنشینی شەدادییەکان ژمارەی کورد زۆر کەم بووەوە لە قەفقاس ئایا چییان بەسەرهات.

- دوای نەمانی دەسەڵاتی شەدادییان ژمارەی هەرە زۆری کورد لەناو ئازەریان توانەوە بەشێکیشیان لەناو گورجیان توانەوە لەوانە بنەمالەی (مخار گرجێلی)یە.ئەم بنەمالەی سەرەتا لە میسوپۆتامیاوە دەچنە ئانی و رۆلیان هەبووە لە بەڕێوەبردنی میرنشینی شەدادییان

دواترهاوكارى گريگۆرى پاشاى گورجستان دەكەن لەرووخاندنى شەدادييەكان، ئەم بنەمالەى دواى هەلگەڕانەوەيان لە شەداديیان دەبنە فەلە، بەقسەى سەرچاوەكان يەكێك لەم بنەماڵەيە بەناوى سەركيس و هە ردوو كوڕەكەى ئيڤانێ وزەكەريا ڕۆڵى بەرزيان لە سوپاى گورجستانى سەردەمى تامارای كچى گريگۆر بينيووە. دواتر چەند پرسيارێكم لە هەرسێ پسپۆرى شوێنەوار ناس دەربارەى شوێنە وار كردوو سەراتا خاتوون لادا ئيڤاسكو گوتى: ئێمەيان بردە چەند شوێنێك لەوانە شانەدەر، دوين، ئەشكەوتى بێ ستوون، قەڵاى هەولێر، چار ستوون كەڤرێ مەيتا، هەلبەت زۆر خۆش حاڵ بووين بە ديتنى ئەم شوێنەوارانە، لێ بە داخەوە دەرفەت كەم بوو تا شوێنەوارى زياتر ببينن. دواتر دكتۆر ستانى سلاڤ گرى گۆڕۆف دەربارەى پاراستنى شوێنەوار گوتى: شوێنەوار گەورەترين خەزێنەى هەموو گەلانى جيهانەو دەبێتە بنەمايەكى ئابوورى وڵات، پێويستە ياسا دابندرێت بۆ كۆكردنەوەو پاراستنى شوينەوارە دێرينەكان و توێژينەوەيان لەسەر بكرێت و پێويستە داوا لە پسپۆرانى شوێنەوار ناسى وڵاتان بكەن بۆ ئەوەى هاريكارييان بكەن، كوردستانيش بە هەزاران شوێنى نيشتەجێبوون مرۆڤى كۆنى تێدايە. دواتر بەڕێز ڤيا چيسلاڤ كۆتۆڤ دەربارەى گرينگى شوێنەوارى كوردستان دواو كە دواى ئەوە نەفت لە كوردستان كۆتايى پێدێت شوێنەوارەكان جێگاى نەوت دەگرنەوە لە بەهێزكردنى ئابوورى. دواتر بەڕێزى لەگەڵى باشكيرى دوا كە لە روسيا لەسەر سنوورى قازاخستان نيشتە جێن جاران (باشكورد) يان پێدەگوتن، ئەمانە لە چەند ڕەگەزێكى جيا جيا پێكهاتوون هەندێكيان ئێرانين و خۆيان بە كورد دەزانن لەوانە هۆزى (بۆرزان) ن، بەڵام زمانى باشكيرى ئەمرۆ لە زمانى توركى نزيكە.

## شوێنەوارە دێرینەکەی قزقاپان



شوێنە وارە دێرینەکەی قزقاپان، کە دەکەوێتە نزیک ئەشکەوتی زەرزی لە زنجیرە چیای سەرسەد لە چەمی رەزان لە باکوری خۆرئاوای سلێمانی بە قەدپاڵی شاخێکەوەیە وەک دیوار بە بەرزی دەوروبەری (٨م) هەلکەندراوە بە هۆی پلیکانە نەبێت مرۆڤ ناتوانێ بیگاتێ.

من کە لە ڕۆژی (٢٠١٠/٦/٢٦)بە مەبەستی بینینی لە هەولێرەوە چووم کە جاران پەیژەیەک هەبوو، دیاربوو ئەم پەیژەیە نەمابوو بۆ سەرکەوتنی، تەنها چەند وێنەیەکم گرت، دوای وردبوونەوەم سەیرم کرد پێسڤکێک (هەیوان) لە تاقەکە (شاخە تەختاییەکە) هەلکەندراوەو شێوەی چەند کاریتەیەک لە بنمیچی دالانەکە هەڵکەندراوە، دواتر لە دیوی ژوورەوەی دیواری هەیوانەکە دوو ئەستوون هەڵکەندراوە و لە شاخەکە جیانەکراونەتەوە، لەلای سەرەوە وێنەی خۆر و تاج

هەڵكەندراوە، لە خوارەوەش لە نێوان هەردوو گوڵتەكە وێنەی دوو مرۆڤ هەڵكەندراوە لە نێوانیان مقەرەیەک هەیە، بڵێسەكەی بەرزبۆتەوە، هەردوو پیاوەكە دەستی راستیان بۆ ئاگرەكە بەرزكردۆتەوە و هەریەكە و كەوانەكیان لە دەستی چەپ دایە، دوور نییە ئەمانە دوو جەنگاوەری فەرماندە یا پادشا بن، لەسەر ئایینی زەردەشتی یا میترایی و پەیمان ببەستن و بۆ سەربەخۆیی نیشیتمان سوێند بە ئاگر دەخۆن.

بە هۆی نەبوونی نووسین وا پێ دەچێت ئەم هەڵكەندراوە بۆ چاخی بەردینی نوێ بگەڕێتەوە. بە گوێرەی ئەو بابەتانەی كە لەسەری نووسراوە، لە دالانەكە دەچێتە سێ ژووری هەڵكەندراو، لە ناو هەر ژوورێک كورکەک (قۆڵتێک) دەبینیت، بە قولایی (١)م، وا پی دەچێت كە تەرمی سێ كەسی فەرمانڕەوا كە لەو قۆڵتانە نێژرابێت.

لێرەدا بەدیار دەكەوێت، ئەم هەڵكەندراوە گۆڕستانی پادشایان یا پیاوانی ئاینی زەردەشتی یا میترایی بن بە هۆی ئەوەی هەڵكەندراوەكە روو لە خۆرە. ئەم هەڵكەندراوە زۆر لە هەڵكەندراوەكەی فەقەرقای موكریان دەچیت لە رووی بەرزی و هەڵكەندنی لە تەوێڵی (نیوچەوانی) شاخ و گوڵتەكانی، هەروەها ئەشكەوتوكەی فەقەرقا هەروەک قزقاپان شوێنی سێ گۆڕی تیایە، دینگەكانیشی لەوشێوەیە و جیا كراوەتەوە لە شاخەكە، جا دوور نیە هەردووكیان بۆ یەک سەردەم بگەڕێنەوە، هەروەها لە ئوستانی فارس لە پاسارگارد لە ناوچەیەكی لوڕنشینی هەڵكەندراوێكی لەم شێوەیە هەیە بەلام ئەوەیان تەنها گۆڕی داریوشی هەخامەنشی تیایە. جا دۆڵی چەمی رەزان بەهۆی شوینە لەبارەكەی و هەبوونی رووبار و كانیاوی زۆر و ئەشكەوتەكانی واپێدەچێت لە چاخە بەردینەكانەوە مرۆڤ لەم ئەشكەوتانە ژیابێ، هاوینەهەواری (شەهید مەلا ناسیح) یش، كە لەم دۆڵە هەڵكەوتووە، وای كردووە، كە گەشتیاران بەردەوام رووی تێبكەن، خۆشبەختانە حوكمەتی هەرێم زۆر گرینگی بەم

هاوینەهەوارە داوە و خزمەت گوزاریشی بەردەوامە، بنکەیەکی پۆلیسیش چاودێری دەکات.

بەڵام ئەشکەوتەکەی قزقاپان، کە بەر لەوەی بگەیتە هاوینەهەواری (شەهید مەلا ناسیح)، شەقامەکان لقێکی لێ دەبێتەوە و تا نزیک ئەشکەوتەکە خۆشبەختانە قیرتاوکراوە، بەڵام لە کۆتایی شەقامەکە تا دەگەیتە بەردەم ئەشکەوتەکە ڕێگاکە، پێویستی بە خۆشکردن و پێسرک هەیە، بۆ ئەوەی گەشتیاران بە ئاسانی بگەنە ناو ئەشکەوتەکە. بەڵام لە هەمووی پێویستتر دانانی بنکەیەکی پۆلیسە لەگەڵ شوێنی پشودان و دابینکردنی ئاوی خواردنەوەو WC ی تەندروستی. چونکە ئەگەر بنکەی پۆلیسی لێ نەبێ دوور نیە گێرەشێوێنان دەستیان بگاتێ و ئەو نەخش و وێنانەی کە لەسەر ئەشکەوتەکەی هەڵکەندراوە بیشێوێنن و تێکی بدەن. جا حوکمەتی هەرێمی کوردستان خەمەکی لەم شوێنەوارە دێرینە بخوارد با خراپ نەبوو.

تێبینی:

• قزقاپان ناوێکی نوێیە بۆ ئەم شوێنەوارە، وشەیەکی تورکیە و واتای کچ رفێن دەگەیەنێت و ناوە کۆنەکەی نازاندرێ چیە.

• ئە م هاوینە هەوارە کە بریتیە لە تاڤگەیەک بە ناوی(شە هید مە لا ناسیح) ناسراوە، بە هۆی ئەوەی پێشمەرگەیەکی قارە مان بە ناوی (مەلا ناسیح) لەم شوینە لەلایەن بەعسەوە شەهید دەکرێت.

• شوێنەوار ناسان دەڵێن وێنەی ئەم دوو مرۆڤە وێنەی دوو پاشایانە و ستایشی ئاگر دە کەن لەسەرکەوتنەکانیان.

• دوورنیە ئەم ئەشکەوتە هە ڵکەندراوانە دەخمەی زەردەشتیان یا میترایيان بێت.

• لەلێکۆڵینەوەیەکم لەسەرەتای ڕاپەڕین لەئەشکەوتەکەی گۆڕستانی شارۆچکەی هیران لەئەنجامدا، سەیرم کرد ژمارەیەک تەرمی

بنەماڵەی کاکی هیرانی لێنێژرا بوو، هەر دوو سێ تەرم لەژوورێکی هەڵکەندراو نێژرابوو. ژوورەکان (٦) ژوور بوو.

• بە قسەی بە تەمەنێکی شارۆچکەی هیران ئەم ئەشکەوتە جاران دوو ژوور بووە و گۆڕی گاورانی تیابووە. بەڵام (میرسلێمان) وازی لە کاری سیاسی هێنا و تەریقەتی وەرگرت و و بوو بە شێخ، جا کە (شێخ سلێمان) کۆچی دوایی دەکات لەسەر وەسیەتی خۆی لەم ئەشکەوتەی دەنێژن، دواتر بەردەوام ژووری دیکەی لێ هەڵدەکۆلن تا دەبێتە گۆڕستانی بنەماڵەی کاکی هیران. جا بەهۆی ئەوەی ئەم ئەشکەوتەش بەرەو خۆرە بێگومان گۆڕستانی زەردەشتیان یا میترابیان بووە، چونکە هەرگیز موسڵمان شاخ نا کۆڵی بۆ ئەوەی بیکاتە گۆڕستان.



## دەخمەکانی ئاکرێ



لە کوردستان و دەوروبەری ژمارەیەکی زۆر دەخمە دەبیندرێت، کە بۆ سەردەمەکانی گەلانی ئورارتو،ماننا میدی، کەلەسەر ئایینی میترا پەرستی و ئافرەت پەرستی و سروشت پەرستی بوون دەگەڕێنەوە. ئەم سەردەمەش بە چاخی بەردینی نوێ دەناسرێت، هەندێکیش بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت دەگەڕێنەوە، کە لەناوەڕاستی فەرمانڕەوایی میدیەکان سەری هەڵدا، کەوابی گەلانی میدی و ئەشکانی و ساسانی دەگرێتەوە، هەر هەمووشیان بە شێوەی ئەندازەیی لەشاخ هەڵکەندراون بە ڕووبەری جیاواز، هەیانە لە تەوێڵی شاخ هەڵکەندراوە، هەیانە لە گۆڕایی سەر چیا هەڵکەندراوە، هەیانە بە نەخش یا سادە. جا ئەوەی تەوێڵی شاخ، کە شوێنەکەی سەخت ترە و پتر گرنگی پێدراوە، ئەمانەش گۆڕی پاشا و مرۆڤی ئایینی بەرز و کاربەدەستی بەرزە و کە تەنها یەک تا سێ گۆڕیان تێدایە، بەڵام ئەوانی دیکە زۆر گەورەن، کە

تایبەتن بە چینەکانی دیکەی کۆمەڵ. ئەوانەی وێنەی خۆر و هەیڤ و خوداوەندی خۆر و وێنەی مرۆڤی لەسەر هەڵکەندراوە، زیاتر بۆ دوای بڵاوبونەوەی ئاینی زەردەشتی دەگەڕێنەوە وەک ئەوەی قزقاپان، جا دوور نییە دەخمەکانی دوکان داود و فەقرەقا و سەحنە و روستەم و کنگاوەر تایبەت بن بە پاشایانی میدی، کە هەموویان بەبەرزی دەوروبەری (٥)م لە شاخ رووە و خۆرهەڵات هەڵکەندراون.

لەسەر (گرک و کەل) ی گوندی کەلاتێ نزیک بجیل دەخمەیەک لەژێر زەمین دروستکراوە و بانەکەی بەشێوەی کەوانەیی بەبەرد و گەچ داپۆشراوە، دەڵێن جاران هێسک و پروسکی تێدابووە، بەڵام ئەمڕۆ بەشێکی پڕبۆتەوە، بەڵام لە دەشتی هەولێر دەخمە لەژێر گردەکان (کە بەرلەزایین بە سەکورە ناسرابوون) دروستکراوە و بەهۆی تونێلێکەوە لەسەر گردەکە دەچوونە ناو دەخمەکانەوە، نموونەی بەڵگەداریش دەخمەکەی گردی سەعداوەیە، کە لەسەرەتای سییەکانەوە تیمێکی شوێنەوار ناسی عێراقی دەخمەکەیان هەڵدایەوە و هێسک و پروسکەکانیان بردە بەغدا و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە دەخمەیەکی زەردەشتیانی سەردەمی ئەشکانیەکان بوو. هەروەها گردی کوشاف و گردی عەوێنە، کە دەخمەیان لە ژێردایە و بەبنکۆڵ (تونێل) بۆی دەچێت، بەڵام ئەوان وەک بەتەمەنەکان دەڵێن هێسک و پروسکیان تێدنەماوە جا دەڤەری (ئاکرێ) ش پێدەچێت لە زۆر کۆنەوە مرۆڤی تێدا نیشتەجێ بووبێ، بەهۆی هەبوونی چەندین ئەشکەوت و جۆگەی لەبەرد هەڵکەندراو و دەخمە و زیندان و تاتی مردوو لەسەر شوشتن و بیری ئاو و دانەوێڵە، کە لە شاخ هەڵکەندراون، جا دەخمەکان جۆراوجۆر و رووبەر جیاوازن، گەورەترینیان لەسەر کەلا ئاکرێیە بەشێوەیەکی ئەندازەیی و لاکێشەییە، کە درێژیەکەی دەوروبەری (٦)م و پانیەکەی (٤)م و کوریەکەی (٤)م دەبێت، کە لە شاخی باشووری بارەگای

میرزەند هەڵکەندراوە، لە ناوەڕاستەکەی شوێنی داپۆشینی بۆ کراوە و لە قەدی لای باکووری (٥) کوورک، کە بۆ داگیرسانی ئاگر هەڵکەندراوە دەبیندرێت لە تەنیشتییەوە چەند سترێکێکی گچکە دبیندرێت، لەگەڵ سێ تاتەشۆر. کە هەر سێکیان بەهۆی لێدانی جۆگە، ئاویان ناچێتە دەرەوە و تێکەڵ بە خاک نابێت. دیارە دوای ئەوەی بە ئاوی حەوزەکان تەرمەکان لە سەر تاتەشۆرەکان دەشۆن دواتر لەسەر چیای دادەنێن بۆ ئەوەی باڵندە و ئاژەڵی گۆشت خۆر گۆشتەکانییان بخۆن ئینجا هێسکەکانیان دەخەنە دەخمەکەوە، ئینجا سەری دەخمەکە دادەپۆشن بەڵام دەخمەی (کولک) کە لەسەرەوەی کانی زەرک هەڵکەوتووە، دەوروبەری (٤)م بەرزە و لە قەد شاخ هەڵکەوتووە، ئەمەیان بەدەخمەی پاشایان دەچێت، دەڵێن چەند بتێکی تیا بووە، بەڵام دەخمەی خانەگی لە بەرزایی (٢)م لە شاخ لە گوندی خانەگی نزیک بجیل هەڵکەندراوە، کە درێژیەکەی (٨)م دەبێت و دەبیندرێت پانیەکەی (٣)م دەبێت، ڕۆچنێکیش رووەو ڕۆژهەڵات. دەخمەی دیکەش زۆرە لە ناوچەکە وەک دەخمەی باشقاڵ، دەخمەی جۆنە، دەخمەی گوندک و دەخمەی شوش و دەخمەی تمباڤی ئامادە، هەموو ئەم دەخمانەش پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە. تێبینی: بە گۆڕستانی میترایی و زەردەستیان دەگوترا دەخمە.

* گرک و کەل گوایە یەک لە پایتەختەکانی میری بادینان بووە، بەڵام ڕیشەی ئاوەدانی ئەم ئاواییەی سەرگرک و کەل گەلێک کۆنترە.

## تا زووە فریای خانەکەی (حاجی قەرەنی بکەون)



جاران خان و کاروان سەرا وەک شوێنی مانەوەی وڵاخان و وەک میوان خانە و وەک کۆگا و وەک بازاڕ بەکار هاتووە ڕۆژانە گوندییەکان، کە بەرهەمەکانیان دەگەیاندە شار تا ساغی بکەنەوە، دواتر کەلوپەلی پێویست لە شار بکڕن وڵاخەکانییان لەم خانەیە دەبەستەوە، جاری وا هەبوو دەمانەوە بەهۆی دواکەوتنی فرۆشتنی بەرهەمەکانییان، خۆشیان هەر لەم خانەیە لە نهۆمی دووەم دەخەوتن، هەروەها ئەو کاروانچیانەی کە لە هەولێر و کەرکوک و سلێمانی و کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتن، چەند ڕۆژێک لەم خانەیە دەمانەوە و پشویان دەدا، خانەی (حاجی قەرەنی) لە گەڕەکی بایز ئاغا هەڵکەوتووە مێژووەکەی زۆر کۆنە و دیار نییە، کەی دروستکراوە، رووبەرێکی فراوانی گرتووە و لە دوو چین یا نهۆم پێکهاتووە، شێوەیەکی لاکێشەیی وەرگرتووە و بە درێژایی ژوورەکان هەیوان دروستکراوە و بریتییە لە (٦٤) ژوور، جاران قوڵغەی پاسەوانی حەوز و شوێنی نوێژ کردنیشی هەبووە.

هەندێک لە دەرگا دارەکان ماون، چیوەی دیواری دەرگا و پەنجەرەکان مەڕمەڕی نەخشێندراون، جۆرەها نەخشیان لێهەڵکەندراوە، هەندێک لە مەڕمەڕە نەخشێنراوەکانی ژووره روخاوەکان لەبەر پێیان کەوتوون. دەرگا کۆنەکەی دەروازەکە وەکو خۆی ماوە، چیوەی دیوارەکەی ئەم دەروازەیە مەڕمەڕی نەخشێنراوە لەگەڵ هەندێک نووسین کە بەباشی نەدەخوێندرایەوە، ئەم خانەیە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و هێرشی رووس بۆ سەر کوردستان واتە سەردەمی گرانی، بۆ ماوەیەک دوو عەمباری گەنمی لێداندرا، دواتر ماوەیەک بووەتە بەڕێوبەرایەتی باج کۆکردنەوە، کە باج لە مەڕ و ماڵات و دەخڵ و دان و شتی دیکە لێرە وەردەگیرا، لە مانگی هەشتی ٢٠١٠ کە چاوم پێکەوت بێناز و بێ خزمەت گوزاری بوو خەریکبوو کاول دەبوو تەنها سێ کەسم بینی کە دوانیان کورتانیان دروستدەکرد و یەکێکیان بنمل، بە بیانووی جۆراوجۆر ئامادە نەبوون باس لە پیشەکەیان بکەن، بە قسەی ئەوانەی کە لە چایخەنەکەی بەردەم خانەکە دانیشتبوون، یەک لەم سێ کەسە فەرمانبەرە و جار جارە خۆی دەدزێتەوە و دێتە ئێرە کورتان دروست دەکات و نایەوێ بەڕێوەبەرەکەی بەمە بزانێ و کورتان درویکی بەتەمەنیش لەوانە، کە ناوی (مەلا عوسمانە) و چاودێری خانەکە دەکات و بیست ساڵ پترە کورتان لەم خانەیە دروستدەکات بە پارە نەبێ قسەت بۆ ناکا، هیچ شتێکیشت بەڕاستی پێ ناڵێ، جا هەر نەیدوێنی باشترە.

تێبینی:

- جاران هەمیشە پینەدۆز وناڵبەند لەم خانەیە هەبووە.
- جاران کۆیە چوارخان یا کاروان سەرای تێدا بووە.
- ئەم خانەیە وەک خانووەکانی گەڕەکە کۆنەکانی کۆیە لە بەرد و گەچ دروستکراوە..

## چەند زاراوەیەکی دەڤەری شنگال

دەڤەری شنگال بەهۆی نزیکی لە ناوچە عەرەبیەکان و بەم دواییەش بەتەواوی بەعەرەب کرا و هەموو گوندەکانیان لە یازدە کۆمەڵگەی زۆرە ملێ کۆکردەوە و دوو گەڕەکیش لە شارۆچکەی شنگال تەخت کرا و ناحیەی گرعوزیریش خرایە سەر قەزای بەعاج.

بەڵام پەروەردە بە زمانی عەرەبی لە هەموو ئەمانە کاریگەرتربوو بۆ تواندنەوەی کوردانی ئێزیدی، بێجگە لەوەی کە جلی عەرەبی جێگەی جلی کوردی گرتەوە زمان بەرەو لەناوچوون دەچوو خەریک بوو هەر لە ئامرازەکان (حرف الجر) لە زمانی کوردی لەم دەڤەرە دەمایەوە، منیش لەسەرەتای هەشتاکان چەند جارێک هاتوچۆی شنگالم کرد، دەچوومە ماڵی مامۆستایەک بەناوی (نازی)، کە لە ساڵی ١٩٧٨ بەیەکەوە لە گوندێک لە زێبار مامۆستا بووین هەروەها برادەرێکی دیکەشم لە گوندی خانە سۆر، بەناوی حەسەن هەبوو، بەهۆی ئەوانەوە چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری و کۆمەڵە زاراوەیەکی دەڤەرەکەم کۆکردەوە، جا بەهۆی ئەوەی هەندێک لەم وشانەی کەم بیستراون بە پێویستم زانی بیخەمەڕوو.

زڤڕ: دڕ، زبر

گریشە: گیشە

نوارە: مەلۆ، سوارە

بێسیری: پەسیرە

مەیر: تەڕە داندۆک، کە لە ساوار و دۆ دروست دەکرێت.

حەسحەسۆک: مەحچەچە

گوپل: گیفک، گوڵنگ، گورینگ

کۆسک: رۆچن، پەنجەرەی هەوایی

سێرگۆە: گوفەک

پارسو: پەراسو
پەڕڕک: پێلو، مژونک، مژولانک
گولک: پزدوک
پرسک: قینچکە
پیڤازتەڕک: تەڕەپیاز
بۆق: نێرکە پیاز
زنجی: خانووی جزیری:
قیتک: شەقرە، جۆتک
مەند: کاریتە
کوممەی: دومبەلان
گۆزک: کەزی ئێزیدیان
درن دۆ: داری سەر پەنجەرە و دەرکە، کە کاتی خۆی لە جیاتی ئەنگلاین لەسەر دەرگا و پەنجەرەیان دادەنا.
فراق چراق: قاپ و قاچاغ، ئامان، ئاسنجاو
شوک: تۆزی توتن یا توتنی زۆر ورد
شڤۆک: سماق
سڤی: کەپەک
کەواشە: هەراشی خانوو، ئەو دڕک و دالەی دەخرێتە سەر شەقرە.
چیت: چیغ، پەرژینی ڕەشمال
بەرچیت: ئەستونی کورتی چیغ
مێکوت: کوتک، کوتکی دار
هەڤسار: ڕێشمە، قەوچ و قەڕاسە
دۆخ هەڤسار: کورتە گوریسێکە بە زنجیرەوە دەبەستریت.
مەقلک: تاوە، مەقری، رمپێژ.
دوو مەقلک: دەسکی مەقەری

ڤه بهنژین: پێکژین
شەملکە: جۆرکی گوانی بزن.
مەعرک: زینی هەسپ
زمانۆک: گازمەلوکەی فاق
هەچک: جۆرە گوریسێکی سەر بەحەلقەیە
سیرک: شوخت، خەت لێدان
قولاغ: پیشەقان
گەلواز: ڕستەی هەنجیری وشک کراو
قڕاڤاچک: یاری قاقایانێ
تاتیک: خەناوکە، ملوانکە، گەردەنە، رستک، ملەوانێ
هێڤریشک: هەرمیشک
لاموت: لاپوتە، ئامرازێکە لە تەشی دەچێت بیستانی دێمی پێ بژار دەکەن.
بان گۆڕ: باگوردان
دۆڵ: دەولکی ئاوێ

تێبینی: دوای ئەوەی تیرۆرستان ناحیەی گرعوزێریان تەقاندەوە، گرعوزێر خرایەوە سەر شنگال.

## تاووس لەفەرهەنگی کوردیدا



گەلانی کۆن دوو جۆر خوداوەندیان پەرستووە، ئەویش خوداوەندی خێر و خوداوەندی شەڕ بووە، لەنێو گەلانی کۆنی ئێرانی خواوەندی خێر (رووناکی، تیشکی ڕۆژ، ئاگر) بووە و بارەگایەکەشی خڕۆکەی خۆر بووە، ئەم خواوەندە لە ئایینی سۆمەری پێی وتراوە (ئوتووم) و لە بابل (شمس، شماس) وە لە ئێرانی کۆن (میتراو) لە ئاینی (زەردەشتی، مانەوەی، مەزدەکی) (ئاهورامەزداو یەزدان) بووە و لە ئاینی (براهما) ش، (ئیندرا) بووە.

زەردەشتییەکان بەهەموو ئایینە کۆنەکانیان دەوت (دەئیڤە یەسنا) کە واتای دەیوەسنا، دیۆ پەرستی، دێو پەرست دەگەیەنێت.

بەڵام لەبەر ئەوەی زەردەشتیەکان بەربەرەکانی ئایینە کۆنەکانیان دەکرد، بۆیە واتای (دەئیڤە یەسنا) یان بەپێچەوانە لەخەڵکی دەگەیاند و دەئیڤەیەسنایان بە گومڕایان و سەر لێ شێواوو لەقەڵەم دەدا.

بە گوێرەی شانامەی فیردەوسی و داستانە کوردییەکان دێو پەرستەکان یا ئەوانەی نەهاتوونەتە سەر ئایینی زەردەشتی لە رەوەند و چیانشینەکان بوون، بەتایبەتی لە چیای دەماوەندی مازەندەران بووینە، هەروەکو لە شانامەدا هاتووە دەڵێ: بە چوار دێوان تەختە گەوهەربەندەکەی جمشید لە چیای دەماوەند بۆ شاری بابل دەگوازنەوە، جا ئەو دێوە سنانە بەهۆی بەربەرەکانیان، چیای دەماوەند و مازەندەران جێ دێڵن و لە هەکاری جێوار دەبن و لەوێش بەربەرەکانێ دەکرێن بەرەبەرە هەرجارەی چەن هۆز و تیرەیەکیان لێ دەبێتە زەردەشتی و دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح و ئیسلامیش لەم هەرێمە ژمارەیەکی تریان لێ دادەبڕێ.

ئەم داسنییانە دەکەونە ژێر فشار و هەڕەشەی ئایینە نوێکان و بەناچاری لە سەردەمی ئەمەوییەکان، لە هەکاری پەرتەی لێ دەکەن و بەهەموو کوردستان بڵاودەبنەوە. ڕابەرەکەشیان بەناوی (شا ئادی کوڕی موگاوری تیراهی) بۆ چیای لالش کە پەرستگایەکی ئایینە کۆنەکانی کوردستان بووە و ماوەیەکیش مەسیحیەکان دەیکەن بە کەنیسە و پاش وێران بوونی ڕەوکردنی مەسیحیەکان لەم شوێنە، شا ئادی ئاوەدانی دەکاتەوە و دەیکاتە پەرستگا و رووگەی سەرەکی ئێزدیەکانی کوردستان.

(داسن)یش ریشەکەی دەگەڕێتەوە سەر (دەئیڤە یەسنا)، ئەم زاراوەیەش لەدوو برگە پێک هاتووە دەئیڤە (دین یا خودا + یەسنا لە

شیدا، سیدان) ی پەهلەوی هاتووە کەواتای تیشک و ڕووناکی دەگەیەنێت، کەواتە دەئیڤە یەسنا، دێوەسنا واتای تیشکی خۆر دەگەیەنێت.

هەندێ مێژوو نووس وای بۆ دەچن، کە داسن لە تاووس هاتووە و (تاووس)یش لە (تیئوس = خودا) ی یۆنانی هاتووە و (تیئوس) یش لە (دیوس پەتەر) باوکی خواوەندی گەلانی هیند و ئەورووپی کۆن هاتووە.

لە زمانی (ئێرانی کۆن) یش بووەتە (بابە دیاوس) و لە ئایینی (ئێزدی) یش بووەتە (تاووس) و لە ئاوێستاش بووەتە (دەئیڤە) و (داسنی) و دێوپەرستی و لەزمانانی ئایینانی ئاسمانیش بووەتە (ئیبلیس)، ئیتر لەم تۆژینەوەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ریشەی ئایینی ئێزدی دەگەڕێتەوە بۆ هووریەکانی وڵاتی سوبارتوو و بە ئایینانی وڵاتی میسۆبۆتامیایی وەک سۆمەری، بابلی کاری تێکراوە، پاشان ئایینانی زەردەشت، مانی، مەزدەکی، یەهودی، مەسیحی، ئیسلام کاریان تێدا کردووە.

پەراوێزەکان

١- دەئیڤە: دەئیڤە پەیوەندی بەناوی دینگر = پەرستگای فوراتیە سەرەتاییەکان و سۆمەرییەکانەوە هەیە پاشان ئەم وشەیە بووەتە (دێو) و (داسن).

٢- ئادی لەزمانانی کۆنی ئێرانی واتای (شا، سەرکردە) دەگەیەنێت، (موجاور – موگاور)، لە (مووغ – ئاور) هاتووە، کەواتای ئاگری پیاوی ئایینی دەگەیەنێت.

٣- براهما: ئایینێکی کۆنی هیندستانە پەیوەندی بە ئایینی (بەهی) ئێرانی و پێغەمبەر ئیبراهیم و فریشتەی (بەهرام) و هۆزی (براهۆی) و (بەهدینان – بادینان) دوە هەیە.

٤- ئێزدی: ئێزدی لەناوی کۆنی ئێرانی (یەزت – ئەزتا) وە هاتووە، پاسان گۆڕاوە بۆ (یازدا – ئێزدا) کە واتای (گیانی پاک) دەگەیەنێت گیانی پاکیش هەر یەزدانە، پاشان ئەم ناوە گۆڕاوە بۆ ئێزدی و لە زمانی کوردی واتای خودا پەرستی دەگەیەنێت.

٥- شەیتان: شەیتان ناوێکی کوردییە ئەگەر واتای (شا + تەن) نەگەیەنێت ئەوا لەوشەی (شید، شیت، تیشک) هاتووە.

٦- داسن: دوورنیە ناوی داسن، ئاسن، تاس.... لەناوی (سن) ی خواوەندی مانگی بابلیەوە هاتبێت، هەروەها سنجار، سنگار واتای چیای خواوەندی سنی دەگەیەنێت.

٧- تیراهی: تیراهی هۆزی (شا ئادی) یەو هۆزی (تیاری) کە لەسەر ئایینی مەسیحیە و هەر لەهەکاری جێوارن، لەوانەیە لە بنەڕەتا لەگەڵ هۆزی تیراهی هەر یەک هۆز بووبن.

١١- هوریەکان: هوریەکان لەساڵانی (٣٠٠٠- ٢٠٠٠پ ز) لە کوردستان دەژیان و خۆر پەرست بوون، خاڵدیەکانیش بەشێکی هەرە گەورەی هوریەکان بوون، ئەم هوریانە لە نێوان زنجیرەی چیای ئارارات و دەریای سپی ناوەڕاست جێوار بوون، بە دووری نازانم ئێزدیەکانی ئەمڕۆ نەوەی هوریەکان بن، تا ئەمڕۆش دوو هۆزی گەورەی ئێزدی هەیە بەناوی هەوێری و خالتی.

١٢- گەلانی کۆن باڵندەیەکیان دەکردە رەمز و جەڤەنگی خواوەندەکەیان یا ئایینەکەیان بۆ نموونە، مسریە کۆنەکان باڵندەی (باز)یان هەڵبژاردبوو دوور نیە باڵندەی (تاووس) یش بۆ خواوەندی خۆر یا سەرکردەی فریشتەکان، مەلیکە تاووسی هەڵبژاردرابوو، کردبویانە جەڤەنگی ئایینەکەیان.

سەرچاوەکان

١- فەرهەنگی میدیا / دەستنووس.
٢- فاروق الدملوجي / الديانه الزرادشتيه بەغداد / ١٩٥٤.
٣- گۆڤاری لالش ژ(٢.٣.٤.٥.٦.٧) دهۆک ١٩٩٤ – ١٩٩٧.
٤- زێدی زەردەشت / گۆڕینی تارا سیامەنسوری / ڕۆژنامەی هەرێم ژ(١١).
٥- رەوەندە شکۆمەندەکانی ئاسیا / وەرگێڕانی لە فەرەنسیەوە د.فەرهاد پیربال ڕۆژنامەی وڵات ژ(١٤٣).

# گۆڕستانە کۆنەکانی دەشتی هەولێر



دەشتی هەولێر ژمارەیەک گۆڕستانی دێرینینی تیا دەبیندرێت هەندێکیان بۆ بەر لە ئیسلام دەگەڕێنەوە و چینەکانی ژێرەوەی گۆڕی دیان و جولەکە و گۆڕی کوپەیی و گۆڕی دیکەی گەلانی کۆنی کوردستانی تیا بەدەر دەکەوێت و دواتریش بووەتە گۆڕی موسڵمانان، بۆ نموونە دەوروبەری قەڵات هەمووی گۆڕستان بووە چینەکانی ژێرەوەی جۆرەها گۆڕی قۆناخەکانی چەند هەزارساڵی لەمەوبەری تیا دەردەکەوێت. لە ملکیە و شەمامکێ، گۆڕستانی حەزە، منارە، پیرداود، بیریات، یەدی قزلەر، سەعداوە، کوشاف و گامێشتەپە و شێخ شەروان دەبیندرێن، لە هەندێکیان گۆڕی جۆرەها ئایین و کوپەیی تیا بەدەر کەتووە.

لە قەراجیش گۆڕستانی دارە بزمارە و قەبری سەید و گۆڕستانی حوسێنی غازی لە گۆڕستانە کۆنەکانن، لە گۆڕستانە کۆنەکانی کەندێناوەش گۆڕستانی شێخ سمایل و کەندار و کورتاندرووە، کاتی خۆی هەرچەن گوندێک تەرمی مردوانیان بردۆتە یەک لەم گۆڕستانانە، بۆ نموونە جاران گوندەکانی تەلەمەتار، دینگاوە، جو کوژ، لاسۆر، کەندە

بەکرە، گرمژ و...هتد تەرمەکانیان دەبردە گۆڕستانی قەبری سەید، دواتر لە نزیک گۆڕستانەکە عارەب گوندێک دروست دەکەن بە گوندی قەبر سەید دەناسرێت، بەڵام بەم دواییە هەر گوندێک گۆڕستانێکی بۆ خۆی دروست کرد.

## کاوەی ئاسنگەر کوردێکی لوڕستان بووە

کاوەی ئاسنگەر بووەتە ڕەمز و سیمبۆلی ئازادی کوردستان و پشتاو پشت و سینگ بە سینگ بۆمان ماوەتەوە کە کاوەی ئاسنگەر زوحاکی داگیرکاری کوردستانی لەناوبردووە و وڵاتی ڕزگار کردووە و بووەتە جەژن، کە بەجەژنی (نوک ڕوچ = ڕۆژی نوێ) ناوی دەرکردووە و تا هێرشی ئیسلامی بۆ سەر ئێران لەلایەن حوکمەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران و زۆربەی دانیشتوانی ئێران، بەم ناوە ناسراوە لەناو گێلەکیەکانیش بە (چەشن کورد) ناوی دێنن و لە چەند ناوچەیەکی باکووری کوردستانیش بە جەژنی (تولهەلدان) واتە تۆڵەسەندنەوە ناوی دێنن، بەڵام لەسەردەمی ئەمەویەکان بەهۆی زندوو بوونەوەی ئەدەبی فارسییەوە ناوی نەورۆز جێگای ناوی (نوک ڕوچ) ی کوردی گرتەوە ژمارەیەکی زۆر داستانە کوردییەکان پەیوەندی بە ڕووداوی ڕاستەقینەی بەر لەمێژوو هەیە و بە خوداوەندەکانەوە پەیوەستن، واتە ڕووداوە سروشتییەکان لە کارەساتی ناخۆشی و سەرهەڵدانی خۆشی خراوەتە ئەستۆی خوداوەندەکان، ئینجا بە درێژایی مێژوو قۆناغ لەدوای قۆناغ هێزی خوداوەندی چاکە و بەسوود، گۆڕاوە بۆ ئاهورامەزدا و دواتر بۆ کەسایەتی چاک و ڕزگارکاری چینی چەوساوە لە زۆرداران، خوداوەندی بەدیش گۆڕاوە بۆ ئەهریمەن و دواتر ڕەنگی لە مرۆڤی بەدکار داوەتەوە، کەواتە زوحاکیش هێزی خراپەیە و تەمسیللی خراپەکاران دەکات و (کاوە) ش هێزی چاکەیە و تەمسیلی چاکە خواز و ئازادکردنی گەلان دەگەیەنێت، خوداوەندی ئاگر و چاکە خوازیش لە نێو سۆمەرییەکان خوداوەندی (دوموز) و (کەی بێڵ) ە، ئەمانە بۆ کەسایەتی کاوە گۆڕاون و خوداوەندی شەڕ خوازیش بۆ (شینهاک) ی پاشای ئیلامی گۆڕاوە، ئەم ناوە بەزمانی ئیلامی واتای ماری گەورە دەگەیەنێت و دواتریش شینهاک لەسەر زمانە ئیرانییەکانی ئەمڕۆ بووەتە زوحاک، کەوابێ داستانی نەورۆز و کاوە و زوحاک بۆ گەلانی کۆنی زاگرۆس و گەلانی میسۆبۆتامیا دەگەڕێنەوە، ئێران و ناوی گەلی (فارس) یش لە

ئارادا نەبووە. کەوابێ بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان ئەگەر کاوە، لە ڕەگەزی کاسیەکانیش نەبێت، ئەوا لە ڕەگەزی گەلانی (ئیریەن ڤاج)ە کە هەدووکیان باپیرەی کوردانن و کوردی ئەمڕۆ لەوانەوە دروست بووە و نەوەی ئەوانن.

هەمیشە دەسەلات دارو فەرمانڕەوایەکان هەرکاتێ فەمانڕەواییەکیان لەناو بردبێ، بۆ ریسوا کردنی بە هەژدیها و دێویان پێناسە کردووە وەک ئاشوورییەکان گەلانی چیا نشینەکانیان بە هەژدیها و خراپەکاران داناوە و ناو هێناوە. (کورش) ی هەخامەنیشی، کە ئاستیاگی دوا پاشای میدی لەناو برد، بۆ ریسوا کردنی بە هەژدیهایان چواندووە. جا سەیر لەوەیە زۆر لە کوردانی ئەمڕۆ، کە هەندێکیان خاوەن بڕوانامەشن، قسەی دوژمنان دەجوونەوە و کاوێژ دەکەن و (ئاستیاگ) دوا پاشای ماد بە هەژدیها دادەنێن و کاوەی ئاسنگەریش بە کورشی هاخامەنیشی، واتە بە گەلی فارس دەزانن کەچی (کتریاز) ی نۆژداری یۆنانی، کە ئەوکاتی لە ئێران ژیاوە و دکتۆری کورش بووە، (ئاستیاگ) ی دوا پاشای مادی بە پاشایەکی دڵ نەرم و بەبەزەیی ناو هێناوە جا پیویستە ئەم نووسەرانە هیچی دیکە خۆیان نەخزێننە نێو کاژی دوژمنانی کورد و کاوەی رەمزی ئازادی و سیمبۆلی کوردایەتی نەگەڕێننەوە بۆ گەلی فارس، کە کورد بە درێژایی مێژوو زولمی نەکردووە و بەڵکو بەردەوام ستەمی لێ کراوە و ئەوەیشی بەبەردەوامی شۆڕشی کردووە و کۆڵی نەداوە لە خەبات و تێکۆشان.

تێبینی / فەرەنسیەک ناوەکەیم لەبیر نەماوە لە سەدەی شازدە چووەتە ئەسفەهان و دەڵێ لەم شارە بەجەژنی نەورۆز دەڵێن جەژنی کورد.

پاڵەوانی خنکێنەری هەژدیها لە میسۆبۆتامیای کۆن گاگایە، ئەمەش نزیکە لوناوی کاوە.

# ژن هێنان لەنێو کۆچەرە لوڕەکان



دابونەریتی کۆچەرە لوڕەکان لە نێوان هەمەدان و شیراز جۆراو جۆرە، بەڵام بەگشتی کچان و کوڕان ئازادن لە هەڵبژاردنی هاوسەریان، زیاتریش لەسەردەسێر (زۆزان) یەکتری دەستنیشان دەکەن و، لەدوای گەڕانەوەیان لە سەرەتای پایز بۆ هەواری گەرمەسێر (گەرمیان) دەچنە داوای کچەکە و مارەی دەبڕن.

ئینجا باوکی زاوا رەشماڵێکی گچکەی بە گوڵنکی ڕەنگا و ڕەنگ و رازاوە لەگەڵ چیغێک و ٢- ٣ هەمبانە دانەوێڵە و گۆسکە نویشکێک دەداتە کوڕەکەی، هەروەها باوکی زاوا هەندێک دیاری بەناوی راهشرمانە (روسەر مانە) دەداتە بووک، هەروەها ماڵی زاوا دووجۆر خشلی نایاب بەناوی (سد بەند و گوڵبەندی) دەدەن بە بووک ڕێوڕەسمی گواستنەوە زیاتر دوای شێوان دەبێت، بەهۆی بێ کاریان لە شەو و

بەدۆڵ و زوڕنا بووک لەماڵی باوانی دەهێننە دەر و سواری ماینێکی دەکەن و کە دەگاتە ماڵی زاوا سوڕدان (هەڵپەڕکێ) دەست پێدەکات، گرنگترینیان هەڵپەڕکە، دەست گیرتە، شانەشکی، سیل سما و بەزڕان بەزڕانە. کاتێک بووک و زاوا دەستی یەکتریان گرتووە بزنێک لەبەر پێیان دەکەنە قوربانی و لەنێو بەختییاریەکان مەڕێک دەکەنە قوربانی.

جا دوای ئەوەی بووک و زاوا دەچنە نێو ڕەشماڵی زێڕین زاوا چیغەکە دسوڕێنێ و دەری ڕەشماڵەکە دادەخا و خەڵکەکەش پەرتەی لێدەکەن و هەرکەس بۆ ماڵ یا (سیماڵ) ی خۆی.

تێبینی / جاری وا هەیە ژووری زاوا تەنها لەچیغ دروست دەکرێت.
نویشک: نڤیشک، کەرە

# دێرینەواری سارداو و ئاقد




لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆر لە سارداو و ئاقد بەرچاو دەکەوێت، کە مێژووەکانیان بۆ سەدان ساڵ و هەندێکیان بۆ چەند هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، سارداو بۆ مەبەستی ئاو کۆکردنەوە دروستکراوە، جۆرێکیان لە شاخی ناو ئەشکەوتەکان هەڵکەندراوە، ئەمەیان زیاتر بۆ مەبەستی خواردنەوەیە، وەک سارداوەکەی ئەشکەوتی جۆنا، جۆرێکی دیکە لە سارداو بریتییە لە دانان و هەڵکۆڵینی بەردان بەشێوەیەکی ئەندازەیی و دانانی لەبەردەمی چۆڕاوگە و ئەو دڵۆپە ئاوانەی لە ئەشکەوتەکان یا لە شاخەکان دێنە خوارەوە نموونەمان سێ بەردە هەڵکوڵراوەکەی گەلی مەنجەلانی چیای قەرەچوغە، جۆرەکەی دیکەیان بە بەرد و گەچ لە شێوەی ژوورێکی سەر داخراو دروستدەکرێت وەک بەنداوی ئەمڕۆکەیە کە لەژێرەوە ئاوەکەی دەچێتە ناو سارداوەکە و لەلایەکەی دیکە کونێک هەیە بۆ

دەرچوونی ئاو یا بەردانی ئاو لەکاتی پێویست، کونەکە دەکرێتەوە، ئەم سارداوانە لەو شوێنانە دروستکراوە کە گوندی لێوە نزیکە و مەترسی وشکبوونی کانییەکانی لێدەکرێت، بۆ نموونە نزیک گەلی زەنتە کاولگەی سارداوێک دەبیندرێت، کە بەرامبەر کاولە گوندێکە، کە کاتی خۆی ئێزدی نشین بووە، لەبەردەم هێرشی پاشای کۆرە ڕایان کردووە. هەروەها لە گوندی چاربۆتی زێبار و گوندی سەر کەنداری دۆڵی دینارتە کاولگەی سارداوان دەبیندرێت.

بەڵام ئاقد بریتییە لە ژوورێکی سێ لا دیواری شێوە دالان یا پێسڤک کە لەسەر کانیاوی گوند دروستدەکرێت بەتایبەتی ئەو کانیاوانەی دەوروبەریان ئاخ و گڵە و لە شاخ هەڵناقوڵێ و ستێرکێکی گەورە لەبەردەم ئاوەکە لەناو پێسڤگەکە بۆ مەبەستی ئاو کۆکردنەوە دروستدەکرێت، نموونەشمان زۆرە لەم جۆرە ئاقدانە لەوانە: ئاقدی گوندی ژێرکای نزیک ناحیەی دینارتە و ئاقدی گوندی گوندک لە نزیک شارۆچکەی ئاکرێ کە مێژووی دروستکردنیان دیار نییە.

تێبینی / ئاقد زیاتر بۆ ئەوە دروستکراوە ئافرەتان دوور لە گەرما و سەرما کارەکانیان تیا ئەنجام بدەن هەروەها پارێزگاری لە سەرچاوەی ئاوەکە لە تۆز و پیسی دەکات.

● لە دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست ژمارەیەکی زۆر لە سارداو دەبیندرێت کە بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان دەگەڕێتەوە.

# دیرۆکی پردە کەوانەییەکان



لە کوردستان پردی کەوانەی زۆر دەبیندرێت، کە مێژووەکانیان بۆ سەردەمی جیاجیا دەگەڕێتەوە، هەندێک لەمانە بۆ سەردەمی ئورارتو و رۆمانەکان دەگەڕێتەوە، نوێکانیش بۆ سەردەمی میرنشینە کوردەکان دەگەڕێنەوە، هەندێکیان گەورەن لە چەند چاوەیەک پێکهاتووە لەسەر روباری گەورە و رێگا سەرەکییەکانی بازرگانی دروستکراوە وەک پردە کەوانەییەکەی عەین دیواری کوردستانی سوریا کە لەسەر ڕێگەی بازرگانی (حەریر) دروستکراوە. هەندێکی دیکە گچکەن و لەسەر جۆگاکان و بەستنەوەی گوندەکان بە یەکتری یا بەستنەوەی گوندەکان بە کێڵگەکانەوە دروستکراوە، بۆ نموونە لەناو شارۆچکەی ئاکرێ ژمارەیەک لەم پردە کەوانەییانە دەبیندرێن، ئەم پردانەش بە بەرد و گەچ دروستکراون، هەندێک لەم پردانە بەردەکانییان نەخشێنراون، کە بۆ سەردەمی ئۆرارتو و رۆمانەکان دەگەڕێتەوە لەوانە پردەکەی عەین

دیواره كه له كوردستانی سوریا له‌سه‌ر رێگای بازرگانی ناسراو به (حریر) دروستكراوه، هه‌روه‌ها پردی ده‌لال و پردی جزیره و پرده‌كه‌ی سه‌رسنووری ئه‌رمه‌نستان و توركیایه، كه نه‌واڵی موغ موغان و بوستان به یه‌ک ده‌گه‌یه‌نێت، كه شێروان و سێرت به‌یه‌كه‌وه ده‌گه‌یه‌نێت هه‌روه‌ها پرده كه‌وانه‌ییه‌كه‌ی مه‌لاز گه‌رد و وان مێژووییه‌كی دێرینیان هه‌یه. به‌م دواییه حوكمه‌تی توركیا زۆری ڕوخاندن به بیانووی ئه‌وه‌ی كه گه‌ریلاكانی كورد سوود له‌م پردانه ده‌بینن.

## قەزوان و جۆرەکانی



درەختی قەزوان کە پێی دەڵێن (دارەبەن)، لە هەموو ناوچە شاخاوییەکانی کوێستان و گەرمیان دەڕوێت. دوو جۆر قەزوان هەیە، یەکێکیان زۆر کەسک و ورد و نەرمە لە دەشتی هەولێر پێی دەڵێن بنەوشە و لە خۆشناوەتیش پێی دەڵێن (بیمۆک، بنەفشۆک)، جۆرەکەی دیکەش دەنکەکانی گەورەتر و رەقترە لە دەشتی هەولێر پێی دەڵێن هێسکە و لە خۆشناوەتی پێی دەڵێن ئەبلەق و لەنێو خەیلانییان پێیدەڵێن کەسکوان. جاران لە ناوچەی بادینان سابوونیان لە قەزوان دروست دەکرد، دوای ئەوەی لە ئاوییان دەکرد و پوچەلەکەیان لێ فڕێ دەدا و ئەوی دیکەیان دەکوڵاند، دواتر توێکڵە رەقەکەیان لێ جیادەکردەوە و مادەیەکییان تێدەکرد دەبوو بە سابوون.

قەزوان وەک چەرەزات دوای سورکردنی دەخورێت بەتایبەتی قەزوانی بنەوشە. لەناوچەی بادینان جۆرە نانێک بەناوی کوشمە لە قەزوانی بنەوشە دروست دەکەن دوای کوتانی لەناو ئاون.

هەورامییەکان دارەبەن دەقڵیشێنن و بەقورێ جامولکەی بۆ دروست دەکەن و دوای ئەوەی پڕ دەبێت، کەتیرەکەی بەر لە خۆشکردنی پێی دەڵێن بنیشتە تاڵە بۆ چارەسەری چەند نەخۆشییەک بەکاردێت لەوانە لەگەڵ سابوونی ڕەقی تێکەڵ دەکەن و لەسەر ئەو برینانەی دادەنێن کە کێمی کردووە و کێمەکە ڕادەکێشێت و برین پاک دەکاتەوە.

## دارو دڕکۆکردنەوە



گوند نشینان بە زۆری لە وەرزی هاوین دارو دڕ کۆدەکەنەوە بۆ زستان، بەشێکی وەک سوتەمەنی لەماڵ بەکاردەهێنن و هەندێ جۆریش بۆ خواردنی ئاژەڵ و هەراشی خانوو بەکار دێنن. لە دەشتەکان قەسەڵ دێنن و سواقی دەدەن هەرجارەی بە پێی پێویست لێیدەردێنن، هەروەها پەرۆشە و دڕک و داڵی گۆگەم و کەبەرو خڕنوک و قەلۆغانیش کۆدەکریتەوە بۆ سووتاندن. جاران ئافرەتانی دەوروبەری شاری هەولێر وەک کارو کاسبی پەرۆشەیان کۆدەکردەوە و پیاوان بەبار دەیان هێنا شاری هەولێرو دەیان فرۆشت، بۆیە بە گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر دەگوترا پەرۆشە فرۆش.

کفرو کەبەریش زیاتر بۆ هەراشی خانوو کۆدەکرایەوە، بەڵام لە چیاکان چروو دەبڕدرێت و بەشێوەی لوولەیی کە (دێ) ی پێدەڵێن

دادەندرێت وپەلکەکانی روو لە دەرەوە دەبێت و بە زستانان بە پێی پێویست دەی دەن بە بزن و مەڕ. چەند جۆرە گیایەکیش لە کۆتایی بەهار دەدوورن و بەشێوەی راست و چەپ لەسەربان دادەنرێت، کە پێی دەڵین (ریس). بەڵام بە کۆمەڵ دانانی ئەم جۆرە گیایە پیی دەڵین (کوخ). ئەویش زیاتر دەدەنە وڵاخی بەرزە. کرتی و قامیشیش دەکرێتە هەراشی خانووی داکردنی سوتەمەنی.

چروو زیاتر لقی وردی درەختی مازیە و هەندێ جاریش لقی درەختی (بەڕوو) ش بۆ هەمان مەبەست دەبڕدرێت وهەر چرووی پێدەگوترێت.

## شوێنەوارەکانی کەندێناوە هەریەکە و ڕیشەیەکی هەیە



ناوچەی کەندێناوە لە رووباری گەورە تا رووباری گچکە درێژ دەبێتەوە و کەوتۆتە نێوان رێزە گرد و بستی و هەرەت و پەرەتی زوورگەزراو و چیای قەرەچوغ، زوورگەزراویش لە دوو بەش پێکهاتووە، بەری لای هەولێر رێزە گردێکی بەرزە ڕێزی دووەمیش نیمچە شاخاوییە و هەندێ شوێنی دار و باری وەک هەنجیرە کیویلکە و بەلالوک و شەواشێکی هەیە، جاران رەزی ترێی هەبووە لە ئاقاری هەندێک گوندەکانی و پاشماوەی دۆشا و دروستکردنیش لەم ناوچانە ماوە، سەرەڕای هەبوونی ئاژەڵی کێوی وەک مامز، کەروێشک و سیخوڕ و کانی و ئەشکەوتێکی زۆر، جا هەبوونی پاشماوەی مرۆڤی کۆن و گۆڕستانی ئەسحابان و گۆڕی گاوران و گۆڕستانی جولەکان و شوێنەواری خانووبەرە و گردی دەستکرد، بەڵگەی نیشتەجێبوونی مرۆڤی هەزاران ساڵ لەمەوبەرە، لەوانە شوێنەواری خانووبەرەی دێرین لە گوندەکانی شینک، چەڵتوک، چلەوێزە، خورمەرە، پەرکانە و سەربەشاخ و.....هتد، بۆ نموونە شوێنەواری کاولە گوندی شینک، جاران

ڕەزی ترێی تێدابووە و شوێنەواری دۆشا و دروستکردنیشی تیاماوە، هەروەها پاشماوەی بارەگای میر جیهانگیر لەسەر گردێک نزیک بە جانە ماوە، کە لەبەردی زۆر گەورە دروستکراوە، لەگوندی چەڵتوک کەرپووچی زۆر گەورە و نارێک دەبیندرێت، کەس لەم جۆرە کەرپووچەی لە هیچ شوێنێک نەبینیووە و دوای ئازادبوونی عێراق لەسەر گردی گردپاشای ئەم گوندە دیواری خانوێیک کە لە بەرد و گێچ دروستکراوە بەهۆی دڕینی ئاو بەدەر کەوتووە. دانیشتوانی گوندەکە دەڵێین لە دوو سەد ساڵیش هێوەتر کەس نەیزانیوە لەژێر ئەم گردە خانووبەرە هەیە، هەروەها توشبوونی سوپای زەینەفۆن لە (٤٠١ پ.ز) لە گەڕانەوەی لە بەغداد و بە چەکدارانی ئێرانی لە زاپات،، کەهەر وەکو لە پەرتووکەکەی داهاتووە، زاپاتیش زێی گەورەیە یەک لەو بەڵگانەن کە مێژووی نیشتەجێبوون لە کەندێناوە زۆر کۆنە هەروەها کوڕی حوقەیل – یش بەر لە هەزارساڵ گەیشتیتە دەشتی هەولێر و بە دەشتێکی ئاوەدان ناوی بردووە، ئیتر هەمان شارستانییەت لە هەموو دەشتەکە دەبیندرێت بۆ نموونە دۆزینەوەی گۆڕی پاشایەک لە نێو خانوێک لەژێر زەوی لە نزیک گردی کلک مشک و چەند پەیکەرێکی هێسک لە ژێر گردی سەعداوەو دۆزینەوەی ژمارەیەک لە بیری بە کەرپووچ هەڵندراو لە گوندی منارە بەڵگەی هەمان پاشماوەی دێرینن.



**به چاککردنی ڕێگەی کەلاشۆش هاوینەهەوارێک دروست دەکرێت و شوێنەوارێکی دێرینیش دەبوژێتەوە**



کەلاشۆش (کەلامیری)، کە لە گوندی (شۆش) ی ئاکرێ هەڵکەوتووە، یەک کاتژمێری دەوێ ئەگەر ڕێگەکە هەڵەنەکەی دەگەیتە سەر کەلێ، جا هەندێک بە مەبەستی زیارەتی نەبی ئوریا و هاوڕێکانی، کە بە گۆڕی سەیدان دەناسرێت دەچنە ئەوێ، هەندێکی دیکە بە مەبەستی دیتنی شوێنەواری دێرین و ئی واش هەیە بۆ گەشت و سەیران دەچنە سەرکەلێ، جا ئەگەر بێت و ڕێگەکە وەک ڕێگەی کەلا ئاکرێ بکرێتە پێسرک (پەیژە) ئەوا بێگومان خەڵکێکی زۆرتر رووی تێدەکەن و دەبێتە شوێنێکی گەشتوگوزار و، شوێنەوار ناسانیش پتر ئاشنا دەبن بە شوێنەواری دێرینی ناوچەکە، کەلا شۆش هەر لەخوارەوە تا دەگەیتە لوتکەکەی بە دارستان داپۆشراوە چەندین کانی تێدایە، بەڵام کانییەکان لەم چەند ساڵی دوایی وشکیان کردووە، هەروەها لە خوارەوە تا دەری، جۆرەها شوێنەواری سەردەمە جیاجیاکانت دەکەوێتە بەردەم،

سەیرترین شوێنەوار لەوانە، شوێنەواری پرۆژەیەک یا کارگەیەکە، کە پێکهاتووە لە ستێرکێک و جۆگەیەک، لە ئاوی لێ دەگوازرێتەوە بەهۆی کونێک، کە لە ژێر جۆگەکەدایە، ئاوەکە دەگاتە جۆنییەک، کە لە ژێرەوەی کونەکە دروستکراوە، جا ئەم کارگە لە شاخ هەڵکەندراوە دوور نییە کارگەی ڕوونی زەیتون بێت، چونکە جۆرێکی لەمەم لەگوندی جۆنا و گوندی باشقاڵ بینیووە، کە بەگەچ و چیمەنتۆ دروستکرابوون.

هەروەها شوێنەواری کۆگای خواردن و فەنەر و شتی دیکە دەبیندرێت، جا کاتێک لەدیوی باکوور یا دیوی نسار بەرلەوەی بگەیتە دەروازەی کەلێ خەندەکێکت دەکەوتە بەردەم، واپێدەچێت بەدەستی شاخەکە بۆ مەبەستی بەفر کۆکردنەوە بۆ دابینکردنی ئاوی قەڵا بڕدرابێت، لەدوای ئەم چاڵە بەفرە گەورەیە، کە وەک خەندەق وایە لەهەر شوێنێکی سەرکەوتن ئاسان بێت دیواری بەبەرد و گەچ بۆ دروستکراوە، ئینجا دەگەیتە دەروازە، دواتر دەگەیتە ژوورێکی لەبەرد و گەچ دروستکراو و بانەکە بەشێوەی کەوانەیی گیراوە و ڕووی لە



ڕۆژهەڵاتە و کانیەک لەبەر دەمیەتی و سەرەکەی بەشێوەی کەوانەیی گیراوە و دوای. دەگەیتە سارداوەک کە لە ناو ئەشکەوتێک هەڵکەوتووە، کە هەمیشە پڕ لە ئاوە و جاران پێویستی ئاوی دانیشتوانی کەلاشۆشی دابین کردووە.

## برنجی ئاکرێ بەچێژترین برنجی جیهانە



**برنجی ئاکرێ کە بەبرنجی کوردی دەناسرێت، شەش مانگییە و لەمانگی (چوار) دەچێندرێت و لەمانگی (دە) دەدوورێتەوە.**

ئاکرێ بەهۆی زۆریی کانیاوی، لە دێر زەمانەوە دانیشتوانەکەی خەریکی برنج چاندنن، کەپێی دەڵێن دۆریخە، بەتایبەتی لە دۆڵی زێبار بە هۆی زۆریی ئاوەکەی و لێژیی زەوییەکەی، بەئاسانی گۆڵ دروست دەکرێت و بەئاسانیش ئاو دابەشی سەر گۆلەکان دەکرێت.

**چۆنییەتی بەرهەمهێنانی**

سەرەتا زەوی دەکێڵدرێت و دەکرێتە گۆڵ گۆڵ و بەردی لێ بژار دەکرێت، ئینجا بەشێوەیەکی ڕێک تۆ دەدرێت و گۆلەکان پڕ دەکرێت لە ئاو، جا هەرچەند دەنکە برنجەکان بکەونە ناو ئاوەکە، ڕەگەکانیان لەزەوی دەچێتە خوارەوە، ئیتر بەردەوام دەبێت گۆلەکان پڕ ئاو بێ تا

ئەوکاتەی دەدووریتەوە و وشک دەبێت، ئینجا بە داس دەیدوورنەوە و لەسەر جۆخینان بە ولاخ گێرە دەکرێت و قەسەڵەکە لە برنجەکە جیا دەبێتەوە، جا دوای ئەوە برنجەکە لەسەربان هەڵدێخرێت بۆ ئەوەی چەڵتوکەکە بەباشی وشک بێت بۆ لێبوونەوەی بە ئاسانی لە دەنکە برنجەکە، دەخرێتە ناو مەکینەی تایبەت بە سپیکردنی برنج و، بەم جۆرە چەڵتووکەکە لە برنجەکە جیا دەبێتەوە.

تێبینی / دوای ڕاپەڕین دوو جۆری دیکەی برنج ٥ مانگی و ٣ مانگی بەسەر جوتیارەکانی ناوچەکە دابەشکراوە، ٣ مانگی مانگێک لە بەهار دەڕوات دەچێندرێت و لەمانگی یەکەمی هاوین پێ دەگات.

بەهۆی ناخۆشی برنج چاندن ئەمڕۆکە کەم کەس برنج دەچێنێت.

# شەقر كردن لە دەشتی هەولێر



شەقر (شەقل) جۆرە مۆرێكی دانەوێڵەیە، بەتایبەتی گەنم و جۆ و برنج، شەقر ریشەیەكی دێرینی هەیە، هەر لە سەردەمی گەلانی كۆنی كوردستان و بابل و ئیلامییەكان شەقل هەبووە، نەخشی شەقلەكانی گەلانی كۆن پەیوەندی بە خواوەندەكانەوە هەبوو، كە وێنەی خودای ئاسمان و باران و... هتد لەسەر هەڵدەكەندرا، دواتر ڕەمز و نیشانەی بەرەكەتی لەسەر هەڵدەكەندرا دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەكوردستان زیاتر لەسەر ڕووی شەقلەكان ئایات دەنووسرا، دواتر هەڵكەندنی جۆرەها نەخش لە شەقل سەریهەڵدا و لەنێو كوردانی لوڕستان ناوی پیاو چاكانیان لەسەر هەڵدەكەند زۆر جاریش خاوەن دانەوێڵە ناوی خۆی لەسەر شەقلەكە هەڵدەكەند.

شەقر بریتییە لە تەخەدارێكی ٦٠ – ٨٠ سم درێژ و ١٥ – ٢٠ سم پان، لەبانەكەی وەك مالنج دەسكێكی بۆ دروست دەكەن، ڕووەكەشی

نەخش و نیگار و نووسینی لەسەر هەڵدەکەنن کە بۆ نیشانکردن و خێر و بەرەکەتی ڕەوسەی دانەوێڵە بەکاردێت، هەر قۆمەتە دانەوێڵەیەک شەقر دەکرێت بۆ ئەوەی ئەگەر لێی کەم بکرێتەوە بزاندرێت، چونکە مۆرەکە یا شوێن شەقرەکە تێکدەچێت، لەکاتی شەقرکردنیش لە خوا دەپاڕانەوە کە خێر وبەرەکەت بکەوێتە دانەوێڵەکەیان، ئامرازەکە لە دەشتی هەولێر لای سەرکاری ئاغا دادەندرا، هەر ئاغاکانیش دانەوێڵەیان شەقر دەکرا چونکە زەویوزاری گوندەکان هی ئاغا بوو، هەر جوتیارێک دەبوایە بەرهەمی دانەوێڵەکەی بداتە ئاغا.

ئیتر شەقر لەدوای سییەکان لەم دەشتە سەریهەڵدا بەهۆی زیادبوونی بەرهەمی دانەوێڵە...

ئامرازی شەقر گەورە و گچکەی هەیە و شێوەی لاکێش، لولەیی، سێگۆشە و چوارگۆشە و شەربەتی هەیە.



لەساڵی ٢٠٠٦ زانای بەناوبانگی ئارکیۆلۆجی ئەلمانی بەناوی (کلاوس شمیدت) لێکۆڵینەوەیەکی ئارکیۆلۆجی لە گردی (ناڤۆک) ی

دەشتی حەڕڕانی ئوستانی ئورفە کرد و لەگۆڤاری دێرشبیگێل لە ڕۆژی ٢٣ / ٣ / ٢٠٠٦ بڵاوی کردەوە و (گۆران جاندان) بابەتێکی لە ئەنتەرنێت لەسەر شوێنەواری ناڤۆک بەناوی (پەرستگەها هەری کەڤن یا جیهانێ ل نێزیکی ناڤێ ڤێ جهێ وێ ل تەڤایا جیهانێ بەلاڤ بە) بڵاوکردۆتەوە و هەوێنی بابەتەکەی لێکۆڵینەوەی دکتۆر (کلاوس شمیدت) ە بەسام مستەفا ئەم بابەتەی لە ڕێنووسی لاتینی گۆڕیوە و لە سێ ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات: (٣.٥١، ٣.٦١، ٣.٦٢) دایبەزاندووە.

ئەم شوێنەوارە بریتییە لە شوێنەواری نیشتەجێ بوونی مرۆڤ، کە بۆ ساڵانی (٣٠٠ / ١١- ٨/٦٠٠٠) بەر لە زایین دەگەڕێتەوە. کە پەرستگەیەک و چەندین ئامرازی لەبەردی ڕەش دروستکراویان تیا دۆزییەوە.

جا بەقسەی زانای ئەلمانی، کوردستان لانکی شارستانییەتی هەموو جیهانە و، لە کوردستانەوە ئاژەڵ بەخێوکراوە و چاندن دەستیپێکردووە



و جۆرەها خواردن و ماست و پەنیر دروستکراوە، هەر لە کوردستان بۆ یەکەمجار گوند و شار دروستکراوە. جا ئەو پەرستگایەی کە لەم شوێنەوارە دۆزرایەوە، مێژووەکەی بۆ دەوروبەری ۰۰۰، ٥ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لەم شوێنەوارە ئامرازی لەبەردی ڕەش دروستکراو دۆزراوەتەوە، هەروەها هەندێک کێل دۆزراوەتەوە، کە لەشێوەی پیتی (T) واتە لەشێوەی کوتک دەکات، هەندێکیان بە هێرۆغلۆفی لەسەریان نووسراوە، ئەم کوتکانە واتای هۆز و خێڵی ناوچەکە دەگەیەنێت، هەروەها پەیوەندی بەبیروڕای ئایینیشەوە هەیە، جا لەم شوێنە تاکو ئەمڕۆ پیرۆزە لای دانیشتوانەکەی.

لە ناوچەی زێبار دوو گۆڕستانی دێرین هەیە کێلەکانیان لەهەمان شێوەی کێلەکانی پەرستگەی (ناڤۆک)ن، یەکێکیان نزیک گوندی (سنجی)یە، بە گۆڕستان دەناسرێ و پیرۆزە لای دانیشتوانەکە، کەچی



تەنانەت گۆڕێکیش نابینیت، بەڵام ژمارەیەک بەردی شێوە کوتک و نیوە کوتکی لەسەر بڵاوبۆتەوە، هەروەها لە گوندی بیرەکەپرە گۆڕستانێکی لە هەمان شێوە هەیە، بەڵام کێلەکانی لەبەردی دەستاڕ دەکەن هەندێکیشیان لەلا تەنیشتێکیانەوە

بە قـوڵایی و پـانی (٥)سـم بەشـێوەیەکی ئەنـدازەیی بـڕدراوە هەر وەک بڵێیت قەمپاری لێدراوە تـاکو ئەمڕۆش ئەمشـوێنە بە گۆڕسـتان ناسـراوە هەرچەندە ژمارەیەک گۆڕی ئیسلامانی لێ دەبینـدرێت، بەڵام دانیشـتوانی گوندەکە دەڵێن ئەمانە گۆڕی باپیرانی ئێمە نین. جا دوورنییە ئەگەر تیمی پسـپۆر لە شـوێنەوار لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکەن شـوێنەواری سـەردەمی (ناڤۆک)ی لێ بەدیار بکەوێ.

## کارێزەکەی گردی کلک مشکیان لێبووەتە گۆڕستان



لە ژمارە (٢) ی گۆڤاری سوبارتوو بابەتێک بەناوی شوێنەوارەکانی کوردستان لەنێوان وێرانکردن و نۆژەنکردنەوەدا، کە ئامادەکراوە لەلایەن بەشی دیراسات و توێژینەوەی سەندیکای شوێنەوار ناسان.

بە بیروبۆچوونی ئەم شوێنەوار ناسانە ئەو شوێنەوارەی لە هاوینی ساڵی...... لە نزیک گردی کلک مشک دەرکەوت کارێز نییە و گۆڕستانی بنەماڵەی سەردەمی شانشینی ئەدیابینە کە بۆ سەدەی یەکی پێش زایین دەگەڕێتەوە، سەرەتا ئەم بەڕێزانە هیچ شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی شوێنەواری کلک مشک نەخستۆتە بەردەست، دواتر ئەم چاڵە،

بیره کارێزه، نەک گۆڕستان، من خۆم چەندین بیری لەم جۆرەم بینیوە، کە لەژێرەوە تونێلێک بەژێریا دەڕوات، کە تونێلی ئەو ئاوە بووە کە پێیدارۆیشتووە و ئەمڕۆ وشکیان کردووە.

جا ئەوەی راستی بێ ئەمە کارێزە نەک گۆڕستان، لەسەرەتای هەشتاکان ئەو پشتێنە بەناو ئاسایشەی (حزام امنی)، کە حوکمەت هەڵی کەندبوو، لەم پشتێنەیە نزیک بەم گردە چەند گۆڕستانێکم دۆزییەوە، کە هەر یەکەکیان ژمارەی گۆڕەکانی لەنێوان (٣٠ – ٥٠) گۆڕ دەبوون و هەموویان لەناو کوپەدا بوون، تەنها وردە هێسک لەناویان مابوون، بەڵام بەداخەوە هەموویان بەناو یەکتریدا شکابوون، جا دەبێ ئەمانە گۆڕستانی میرنشینی ئەدیابین بێت.

## جل و بەرگی کوردانی لوڕ

و- لە فارسییەوە



جلوبەرگی لوڕان بەتایبەتی بوێرەحەمەد و بەختیاری لە رابردوو تایبەتمەندی و ئەدەبیاتی تایبەتی هەبووە، دواتر بەرەبەرە بەتایبەتی دوای بوژانەوە چاککاری حوکمەتی رەزاشا (١٣٠٣ – ١٣٢٠) خورشیدی ئەو تایبەتمەند و داب و نەریت و ئادابی جلوبەرگە ڕەنگی وبەرنەماو بەرەو کاڵ بوونەوە چوو.

جلوبەرگی پیاوانی لوڕ بریتییە لە کلاوێکی لبادی زیاتر ڕەنگ رەش و گجییێکی سادە (کراس) و شەلوارێکی زۆربەرین بەناوی تمبوت و کەوشەکانیشان بە گێوە (کلاش) دەناسرێت، ئیتر لوڕێکی بەختیاری بەم جلوبەرگە لە خەڵکانی دیکە جیادەکرێتەوە، کەوایەکیش بەناوی چوقا (چۆخا) دەگاتە ئەژنۆ، لە خوری سپی هەندێ جار خەت خەتی ئاسۆیی تێدایە، دروست دەکرێت، جلوبەرگ لەبەر دەکەن بەڵام ئافرەتانی لوڕ کراسێکی درێژی چینداری لۆچدار لەبەر دەکەن کە بە (جوە، جوما) دەناسرێت.

سەرپێچیان بریتییە لە جۆرە هیزازێک جلەکانیان ڕەنگاوڕەنگ و بریقەدارە بەمۆری شوشەیی و پارە و سنجەق جلەکانیان دەڕازێنەوە.

**سەرچاوە: لرها / معصومه ابراهیمی – پیمان متین تهران / ١٣٨٥.**

## خڕنووک خواردنی شوانانه؟



خڕنووک جۆره پنچکێکی گەڵا ورده و له مەترێک زیاتر بەرز نابێتەوه، لەهاوینان گەڵا دەردەکات و دەبووژێتەوه، لەناوچه شاخاویەکان و دەشت و گردۆکەکان دەڕوێت و ڕەگەکەی زۆر لەزەوی دەچێته خوارەوه و پەکی به وشکه ساڵی ناکەوێت، تاموچێژی بەرەکەی که هەر خڕنووکی پێ دەڵێن له ناوچەیەکەوه بۆ ناوچەیەکی دیکه دەگۆڕێت.

بۆ نموونه خڕنووکی قەراج شیرنتره له خڕنووکی کەندێناوه، خڕنووکیش که وشک دەبێتەوه پێ دەڵێن مەحچەچه، مەحچەچەش شیرنتره له خڕنووک.

خڕنووک پنچک و بەرەکەی ئاژەڵ دەیخوات هەروەها منداڵان دوای لێکردنەوەی پەلکی یا توێکلە تەنکەکەی دەیخۆن، جاران خواردنی شوانان هەر خڕنووک بووە.

جاران منداڵان خڕنووکیان دەخستە تەشتە ئاوێکەوە و چەنگە کایەکیان تێدەکرد، ئینجا خڕنووکەکەیان بەکایەکەی هەر دەپشافت تا بەتەواوی توێکلە تەنکەکەی خڕنووکەکان لێ دەبۆوە و زۆر سپی دەبوو ئینجا دەیان خوارد.

کاتێک کە خڕنووک هیشک دەبۆوە پێیان دەوت مەحچەچە، مەحچەچەش بێجگە لەوەی کە ئاژەڵ دەیخوارد، منداڵان لەناو جۆنی وردیان دەکرد و خێ و سماقیان تێدەکرد و دەیانخوارد، لە وشکە ساڵی مەحچەچە لەگەڵ جۆ دەهاڕدرا و دەکرایە ئەستوک.

ئەگەر جەفت دەست نەکەوتبایە ئەوا پیستەیان بە خڕنووک دەغاراند. پەلکە وردەکەی پنچکەکەیان لەگەڵ ماستی تێکەڵ دەکرد چارەسەری چاو کولی منداڵانیان پێ دەکرد.

## زۆرخانه یانەیێکی کوردانی فەیلییە

زۆر خانە یانەیەکی وەرزشی و رێکخراوێکی سیاسی و نەتەوایەتییە، لە سەردەمی سەلجوقییەکان لە کوردستان سەریهەڵداو لە هەموو شارێک ژمارەیەک زۆرخانە کرانەوە، چالاکی ئەم زۆرخانانە تاکو ئەمڕۆ لە کرماشان و هەمەدان و خوڕەمئابادیش بەردەوامە، زۆرخانەکانی شاری بەغداش لەدوای ساڵی ١٩٦٣ دا لەلایەن میرییەوە داخران.

جا سەرەتا پاڵەوانان لەم زۆرخانە چەند سورەتێک قورئانیان دەخوێند، دواتر تیپی مۆسیقا دەستیان دەکرد بە لێدانی دەف و تەمبور، ئینجا پاڵەوانان هەر یەکەیان دوو قورسی لە شێوەی فیشەک بەدەستەوە دەگرت و لەسەر ئاوازی مۆسیقایەکە و بەجوڵەی تایبەت وەرزشیان دەکرد، هەموو پاڵەوانەکان بەشێوەی بازنە نمایشیان دەکرد و یەکێکیش کە لە هەموویان زاناتر بوو، لە ناوەڕاستی بازنەکە نمایشی دەکرد ئەوانی دیکەش لاساییان دەکردەوە.

# سەربردەیەک لەبنار مەقلوبەوە



دەگێڕنەوە دزێک دەچێتە سەر ماڵی دەوڵەمەندێک، سەرەتا خانوو دەبڕێ و دەچێتە ژوورەوە، خاوەن ماڵیش لەنێوان هەردوو ژنەکەی ڕاکشابوو و ئاگاداربوو، خاوەن ماڵ سەیر دەکا دزەکە بەرەو گایەکە دەڕوار دەڵێت: قەیدیناکە با گایەک ببات، دیارە گای نییە جۆتی پێ بکات، دواتر دەبینی لە گایەکە تێدەپەڕێ و بەرەو هێسترەکە دەچێت، دەڵێت دیارە هێسترەکەی تۆپیووە با هێسترەکە ببات، دواتر دزە هێستر بەجێ دێڵێ و بەرەو ماینەکە دەچێت دەرێ دیارە ئەم دزە سوارە، با ماینەکە ببات، دواتر دزە دێتە ژوورەوو و دەست دەداتە تفەنگەکەی و لەیەک لە ژنەکانی دەئاڵێت، دەڵێت قەیدیناکە دیارە ژنەکەی مردگە، بەیانی خاوەن ماڵ دەڵێت، بەمجۆرە خەڵک بمانبینێت ئابڕومان دەچێت، واباشە قیرەکی لێبکەم، هەردەستی زۆر بەهێواشی و کڕ و بێدەنگی دەچێتە سەربانی و بەدەنگێکی بەرز دەڵێت: ئو وو... بەیانە بەیانی پاکە هەرکەسی لەمارخەرکە بۆ مار خۆی ڕاکە، ئینجا دزە دەردەپەڕێ دواتر خەڵک

گۆتیان بەم بەیانییە ئەم کابرایە کێ بوو لە ماڵەکەت دەرپەڕی.... ئەویش بەمجۆرە باس لە ئازایەتیەکەی دەکات و کە چۆن دزەی بەمجۆرە تەمبێ کردووە: کوتکەکم پێ بوو قیرێژی قالۆچەبوو، بە حەفت جێ شکا بوو، بە گلێخە و سیرمەم پێچابوو، ڕام وەشاند لە پام نەدا لە شون پامدا، کراشەکەی پەڕۆینی نۆ تیرە باوی لەپێ بەجێما، حەفت شەو و حەفت ڕۆژ لەبەر ئاوم نا هەر بە کوتکی قیرپنم لێدا ئەرێ ئازایی نەکردم؟

تێبینی / دانیشتوانی گوندەکانی بنار مەقلوب بە زاراوەی سۆرانی کارتێکراو بەزاراوەی فەیلی دەدوێن، کەشێوەی ئاخاوتنیان نزیکە لە بەرزنجیەکانی ناحیەی (وانە) ی تلکێف (چەند وشەیەک لە فەرهەنگەکەیان)

دژم: دەڵێم مەلۆکیش: گیشە کەر جێیسی: ڕەوسە، بێدەر،خەرمان

چزیلک: کسکە شامی: شفتی سێوکا بن عەردی: پەتاتە، کرتۆپ

کۆرتەپە: کۆپەران کوارە: کەندوی ئارد یا گەنم ڕەشەکە: ڕەشکە، شەڵتە

سمایلۆک: پیرخەنی، مام سمایلۆکە، سمەدین

• جارێک ماڵێک لەم گوندانە میوانیان دێت، ژنەکەش دەچێتە لای هاوسێیەکەیان مقەری بێنێ بۆ ئەوەی هێلکە و ڕۆنی بکات و دەڵێت: ڕەمرە دیوارەمان هاتگە، واتە میوانمان هاتووە، ڕەشەکەی دەم بەشەکەمان بدێ، واتە تاوەمان بدێ، هاوسێکەی دەڵێت بۆ چیتە؟ دەڵێت: چقلەفسانە و ڕۆنی تێ دەکەین واتە هێلکە و ڕۆنی تێدەکەین.

• چیای مەقلوب (چیا کوختی) یشی پێ دەڵێن شوێنەواری جۆرەها ئاییینی وەک زەردەشتی و ئێزیدی و دیانی تیا دەبیندرێت لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری موسڵ هەڵکەوتووە.

• ئەم سەربردەیەم لەساڵی ١٩٨٣ لە حاجی محەمەد بۆتی وەرگرتووە.

## مەراسیمی مارەکردن لەنێو بەختیارییەکان

و – لە فارسی



دوای پێکهاتن و شیربایی ئامادەکردن، چەند کەسێک لەگەڵ مەلای گوندەکە دەچنە ماڵی کچەکە و پەڕێک دەهێنێ کە ئەوان (پاگیرە) واتە پابەندبەنی پێدەڵێن، کە شیربایی و نەختی مارەکردنەکەی لێ دەنووسن و بووک و زاوا هەردووکیان واژۆی دەکەن، لەگەڵ دایک و باوکی بووک و زاوا و چەند شاهێدێک، ئەمە وەک سەنەدێکە هەڵی دەگرن، هەمیشە پارەی شیربایی لە نەختی مارەیی لەنێو بەختیارییان زیاترە، جیازی بووکیش لە دوو بەش پێک دێت، بەشێکیان بریتییە لە جل و بەرگ، کە لە بازاڕ دەکڕدرێت و بەشەکەی دیکەش بریتییە لەو

چنراوانەی کە هۆزانی بەختیاری دەیچنن، جا چەند پەڕەیەک و هورکول و هورجگ کە دوو چنراوی تایبەتن و ئەم هۆزانە سوودی لێ دەبینن، هەروەها هێندێک ریس دەدرێت بە بووک لەگەڵ چەند بالیفێک و پێویستی دیکەی ماڵ، هاوسێکانیشی چنراوی وەک دیاری بۆ دەهێنن لە گواستنەوەی بووک بۆ ماڵی زاوا پارچە قەندێک لە کەمەری دەبەستن ئینجا خزمانی بووک، بووک بەدەوری ماڵ دەسوڕێنن، ئینجا سواری مایینی دەکەن، لەلای وان هەرگیز نابێت بووک سواری هەسپ و هێستر بکرێت چونکە دەڵێن ناهومێدی لە دوایە.

**سەرچاوە / سیمای عشایر شرق لرستان، حسین گودرزی / ١٣٧٤**

## جلی پیاوان و ئافرەتانی ئوستانی ئیلام



جلی پیاوان: پیاوانی ئیلام جلی تایبەتی ناوچەییان هەیە، کە بە گشتی لە هەڵپەرکێی میللی و ناوچەیی لەبەری دەکەن، زۆربەیان شاڵ دەبەستن، هەر یەکێکیش (چماق)ی تایبەتی هەیە و دامەنی لول دراوە تا گۆزینگ دێتە خوارەوە.

دامەنی شاڵ و شانە بەسیم نەخشێنراوە و ڕازاوەتەوە، جاران جۆرە کەوشێکیان بەناوی (چارق) لەپێ دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە نەماوە گێوە و کەوشی لاستیک و لە چەرم لەپێ دەکەن ئەو شاڵەی کە لەسەر دەبەستن بە مێزەر ناچێت.

جلی ئافرەت: کراسێکی درێژ و فرەو بەپەڕ لەبەر دەکەن و بەداوی چەرمی ڕەش و سپی دامەنەکەی دەدوورن، تون بون لە گۆزینگ تێدەپەڕێت، هەر کراسێکی لەم جۆرە پێویستی بە (١٥)م کوتاڵ هەیە، زیاتریش ڕەنگاوڕەنگ و گوڵدار لەبەر دەکەن لەسەر تون بون کراسێک بەناوی (جوما) لەبەر دەکەن، ئەمەیان زۆر فراوان نییە، بەڵام لەناوەندی یا کەمەری تا دامەنی پارچە پارچەیە، (جۆما) پێویستی بە ٤م کوتاڵ هەیە.

جەلیقە، ئەمەیان لە مەخمەل دروست دەکرێت و بەری لێ دەدرێت و لێوارەکەشی بەیەک داوی زێڕین لە شێوەی ژمارە حەوت و هەشت دەڕازێندرێتەوە، هەندێ جاریش بەنەنگی ئالوبالو دەنەخشێنرێت.

جەلیقە لە زستانان لەسەر جۆما لەبەر دەکرێت هەروەها کلاویشیان لە مەخمەل دەدوورن و بەری لێ دەدەن و دەورەکەی بەداوی زێڕین و ناوە ڕاستەکەی بەشێوەی بازنە هەڵدەبڕن، گۆشەکانیشی بەهۆی دوبەند (قەیتان، کشتک) لەژێر چەناکە.

ئافرەتانی ئەم ئوستانە لەکاتی چوونەدەریان عەبایەک کە (چادر) ی پێ دەڵێن لەبەردەکەن تەنها دەموچاویانی دانەپۆشیوە، چادری کچی عازەب ڕەنگ سپییە و چادری پیرێژنانیش ڕەنگ رەش یا ڕەنگێکی تاریکە.

**سەرچاوە /مقالات ئیرانشناسی / ایرج افشارسیستان / ١٣٦٩ هەتاوی.**

# خاسان ناسناوێکی کوردییە

وشەی خاس و خاسان لەزمانی کوردی ئەمڕۆ واتای چاک و چاکان یا باش و باشان دەگەیەنێت لە زاراوەی فەیلی و لەزمانانی ئێرانی کۆن واتای پاک و بێگەردی گەیاندوە، واتە ئەو کەسەی دوورە لەکاری ناڕەوا.

هەروەها لە فەرهەنگی ئێرانی کۆن بەبەشی دووەمی نەورۆز گوتراوە خاسان، واتە نەورۆزی پادشا و کار بەدەست و مرۆڤی ئایینی، کە حەفتەی دووەمی نەورۆز بووە، بەڵام حەفتەی یەکەم نەورۆز بۆ هەموو گەل بووە.

ئەمڕۆ خاسان ناسناوی بنەماڵەیەکی هورمزیاری گوندی قشاغلوو سۆربەشە.

هەروەها خاسان ناسناوی پیاوچاکانی ئێزدیانە ئەوانەی کە پایەیەکی بەرزی ئاینی ئێزدیان هەیە و باوەڕێکی پتەویان هەیە، درێژایی تەمەنیان بۆ خزمەتی ئایینی ئێزدی تەرخان کردووە، دوای ئەوەی کە کۆچی دوایی دەکەن، گۆڕەکەیان وەک گۆڕی پیاو چاکان زیارەت دەکرێت و ساڵانە ئاهەنگ لەسەر گۆڕەکانیان دەگێڕن. کەوا بێ خاسان وشەیەکی کوردییە و پەیوەندی بە ئایینە کۆنەکانی وەک زەردەشتی و میهر پەرستی و ئێزدییە وە هەیە. جا دوور نییە باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵە هورمزیارە پایەیەکی بەرزی لە ئایینی ئێزدی یا ئایینی زەردەشتی و میهر پەرستی هەبووبێ.

ئەم بنەماڵەیەش سەرجەلەی دوازدە پشتیان دەزانێ کە هەر لەم دەشتە ژیاون. جا دوور نییە بەم دواییە لە ئایینە کۆنەکانی کوردستان هاتبنە سەر ئایینی ئیسلام.

تێبینی: سۆربەش و قشاغلو، دوو بنەماڵەی دیکەی هورمزیاری تیا نیشتەجێ بوو، یەکێکیان کاتی خۆی لەپیرانشاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوونەتە سۆر بەش و قشاغلو. ئەم بنەماڵەیە ورمزیارەکانی دیکەی خانە و نەغەدە بە ئورمزپیران دەناسرێن، واتە پیڕانی ئاهورامەزدا، زەردەشتیان، ئاهورا پەرستان، خۆرپەرستان، بەڵام بنەماڵەکەی دیکە، بە گورجی زادە ناسراون کاتی خۆی لە کوردستانی باکوورەوە گواستراونەتەوە ئەوێ و بە پشدێن پان و سمێڵ گەورەکان ناسراون تاکو ئەمڕۆش پیرەکانیان سمێڵیان گەورەیە، جا دوور نییە ئەمانەش ئێزدی یا لەسەر ئایینێکی دیکەی کۆنی کوردستان بن.

• سۆربەش ناوێکی هیند و ئێرانی کۆنە کەلە دوو بڕگە پێکهاتووە: سۆر (خۆر) +بەش، باش (شێر) = شێری خودای خۆر، ئەمەش ڕەمزێکی لەناوەندەکەی دا هەبووە، هەروەها شێری باڵدار ڕەمزی ئیلامی و لۆلۆیی و ئەکەدییەکان بووە کە لەلای ئەوان بە (باشا کۆچ) ناسرا بوو.

## عوسمان هەمەوەندی حەیران بێژ و
## شاعیری میللی لەچاو پێککەوتنێکدا



عوسمان مەولود عەبدوڵڵە عەزیز حەسەن سەعید شەریف ئەحمەد ناسراوە بە عوسمان هەمەوەندی لە ساڵی ١٩٢٩ لە گوندی گردە سۆر لەدایک بووە لەساڵی ٢٣ / ٢/ ١٩٥٤ لە دوبز نیشتەجێ بووە و ١٩٥٥/٥/٣ لەو گوندە هاوسەرگیری پێکهێنا و ماوەیەکیشە پێیەکانی تووشی ئیفلیجی بووە و ناتوانێ لەماڵەوە بچێتە دەرەوە، بەڵام بیر و هزری هەر وەک و جارانە بەردەوامە لە شیعر دانان هەر رووداوێک ببینی یا خزمێکی کۆچی دوایی بکات ئەوا شیعرێکی لەسەر دادەنێت، ئەوەش دوا پارچە شیعرە کە لەسەر خۆی دایناوە.

لەو عوسمانی شەت و پەت بەبێ مەکتەب فێربووە خەت
لەو عوسمانی شڕو وڕ لە شوان دەبووە و مەنگوڕ
لە شوان دەبووە ماڵ وێران پیاوەکی نەبووە جیران
ماوە بێ ماڵ و خێزان

• شیعر دانان و حەیران گاسکردنت کامەیانت پێشتر دەسپێکردووە.

- هەردووکی لە تەمەنی لاویەوە بەیەکەوە دەستم پێ کردووە و ٣٢ برادەرم لە شاعیر و حەیران بێژ و لاوک بێژ هەبووە، لەوانە سەعید سەلیم دۆرە بەکرەیە، کە هەموو شعرەکانی ئەوم بەدەنگی خۆم تۆمار کردووە و نزیک ترین برادەرەم بووە، برادەرایەتیم لەگەڵ عەزیز ئاغا و حەسەن زراری و چەندینی دیکەم هەبووە. شعرەکانیشم پەیوەندی بە فۆلکلۆر و کارەساتەکانی کوردستان و خزم و برادەرانە وە هەیە، بۆ نموونە هەر برادەرێک یا خزمێک کە کۆچی دوایی دەکات شعرێکی لەسەر دادەنێت، بەشێکیش لە دەقی حەیرانەکان خۆم دامناوە لەوانە: گردەسۆر لەمن دوورە ولاتە، دەچمەوە مەخموری جاران لەمن بەقونگرە و قەراتە، هەمین دەیگۆ: پاشی سەر و حەبیبێ برایماغایێ دەشتی کاو لە قەراجی سەنیە و مرکیە یان سیاوو هێلەوە لە منی بابان کۆر دەبووە میراتە.

- حەیرانت لە چ وەختێک و زیاتر لە کێندەرت دەگوت؟

- هەر کاتێک زەوقم هەبوو حەیرانم گاسدەکرد. بەلام تامی حەیران



گاسکردن زیاتر له غەریبیە. جا بەهۆی ئەوەی جێگری ئەفسەر بووم له باشووری عێراق واته هەمیشه دووره کوردستان بووم و هێواران حەیرانم گاس دەکرد شەوانەی زستانیش کەله دووبز بۆ کەرەمستانێ کۆمبووینەوه حەیرانم دەگوت: هەروەها له پرسه و سەرەخۆشی قورئانم دەخوێند و ناوه ناوەش حەیرانێکم گاس دەکرد، چونکه جاران له پرسەکان له جیاتی قورئان یا شمشاڵی غەریبی لێدەدرا یا حەیران گاس دەکرا.

• زیاتر چ جۆره کیتابێکت دەخوێندەوه و شیعری چ شاعیر و حەیران و لاوکی کێ زیاتر کاری تێکردی؟

- لەو پارچه شعره هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوه:

منم جێگری بەردەشان
سەعید سەلیم تا حەمه شابان
منم دەست ڕەنگین له بەیت و بەندان
منم شارەزای لاوک و حەیران
من بووم هەڵم بەست لۆ دەنگی گەردی
من بووم فۆلکلۆر بۆ هەستی وردی
حەسەن و مریەم کەریم و ستی
خانزادی سۆران لەگەر لەشکری
قەرو گوڵە زەرد یان لاس و خەزار
تەورێزه خان و ئەسمەر ڕوو به خار
برایم و پەرێ ئاغای مەم و زین
خەج و سیامەند فەرهاد و شیرین
له فۆلکلۆردا زۆر دەوڵەمەندم
لەناو بوێژان ناو هەمەوەندم
بەندم زیاتره له نۆسەد هەزار
شایەدی منه کاک مەحمود زامدار

## (زیارەتگەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی)



دوای ئەوەی عەبدولقادری گەیلانی لە گەیلانەوە دێتە شاری بەغدا و دەیەوێ تەریقەت وەربگرێت، بەڵام شێخ پێی دەڵێت دەبی چەند ساڵێک لە چۆلەوانییەکی خودا پەرستی بکەیت، ئینجا بێیتەوە تەریقەت وەربگری، ئەویش دەچێتە کەلەکی داسنیان کە لە نێوان موسڵ و هەولێر لەسەر ڕووباری بادینان هەڵکەوتووە (٧) ساڵان لەناو ئەشکەوتێک خودا پەرستی دەکات و دەتوانێ زۆر کەسیش لە ئایینە جیاجیا کان بهێنێتە سەر ئیسلام لەوانە بنەماڵەیەکی جوولەکەبووە.

ئینجا دوای تەواو بوونی (٧) ساڵەکە دەگەڕێتەوە بەغدا و تەریقەت وەردەگرێت. لەبەردەم ئەشکەوتەکە کانییەک هەیە. گوایە شێخ زەرگی لێداوە و ئاوی لێ هاتۆتە دەرێ.

تێبینی / یەکێک بەناوی مجێور تەریقەتی کەسنەزانی دەداتە خەڵک، هەر کەسێکی دێتە ئەم زیارەتگەیە ئەم کابرایە هەوڵدەدات بیکاتە دەروێش.

* گوایە شێخ عەبدولقادری گەیلانی ناکۆکی لەگەڵ شێخی سەنعان هەبووە (شێخی سەنعان لە کەلەدێری گردەسین/ ئاکرێ ژیاوە، شوێنەوارەکانی تاکو ئەمڕۆ ماون لەکانیا گوردەمی کە جێ ژوانی شێخ و سەرتەمی کچی قەرالی بووە هەرماون)، بۆیە شێخ عەبدولقادری گەیلانی ئەم ناوچەی بەجێهێشتووەو چووەتە شاری بەغداد.

## (سێزده بەدەر) دوا ڕێوڕەسمی نەورۆزە



فەرهەنگی نەورۆز زۆر فراوانە و چەندین بواری هەمەجۆر دەگرێتەوە لە کولتوور، پیتۆڵ، ئایین، زمان و ڕووداو و سەرهەڵدان و ئەستێرە ناسی. فەرهەنگی نەورۆز بەسێ ڕێگە گەیشتۆتە گەلانی کیشوەری ئاسیا و باکوری ئەفریقا و چەند دووریش کەوتبێتەوە لە کوردستان کاڵتر بۆتەوە و ڕێوڕەسمەکانی کەمبۆتەوە و تەنها وەک جەژنێکی بەهار ماوەتەوە و یاد دەکرێتەوە. یەکەمیان لەڕێگەی فەرمانڕەوایی حوکمەتانی باپیرانی کوردانەوە بووە، وەک: کەیانی، میدی، ئەشکانی، ساسانی، سۆمەری، ئیلامی و کاسی.

شوێنەواری ئەم ئاینانەش لە وڵاتانی دەوروبەری کوردستان دەبیندرێت. بەتایبەتی شوێنەواری ئایینی زەردەشتی، کە لە هەموو کۆمارە کانی باشووری شۆرەوی پێشوو دەبیندرێت. کەواتە لەسەردەمێک نەورۆز کاژێکی ئایینی و وەرگرتووە هەر لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ئایینەوە گەیشتۆتە میللەتان. سێیەمیان لەڕێگەی نووسین و ئەدەبیاتەوە، بەتایبەت ئەدەبیاتی (ئورارتو، سۆمەری، ئیلامی، ئاوێستایی) یەوە گەیشتۆتە میللەتان.

کەوابێ دەبێ هەموو ئەو گەلانەی کە ئەمڕۆ یادی جەژنی نەورۆز دەەکەنەوە سوپاسی گەلی کورد بکەن، کە ئەم جەژنەیان لێ وەرگرتووە، سێزدە بەدەریش، کەدوا ڕێوڕەسمی جەژنی نەورۆزە. لەناو زۆربەی گەلانی دەوروبەری کوردستان نەماوە یا نەیانگەیشتۆتێ.

جاران لە هەموو کوردستان ئەو ڕێوڕەسمە یاددەکرایەوە، دانیشتوانی شار و گوند و ڕەشماڵ نشینان بۆ ئاهەنگ گێڕان و تەکاندنی گرانایی ساڵ و خەم و خەفەت و مەینەتی ساڵی ڕابردوو دەچوونە دەرەوە، تاکو ئەمڕۆش لە وڵاتی ئێران لەنێو کورد و گەلانی دیکەی ئەم وڵاتە ئەم ڕێوڕەسمە پەیڕەو دەکرێت، بەڵام لە هەندێ ناوچە لە بەیانییەوە دەچنە دەرەوە، لەهەندێ ناوچەش دوای نیوەڕۆ دەچنە دەرەوە. لەنێو بەختیاری و مەمسانی و بوێرە حمدەکان کە بەزاراوەی لوڕی دەدوێن لەڕۆژی (١٢) ی فەروەردینەوە خۆیان ئامادە دەکەن، بەیانی ڕۆژی سێزدەمین کە دەکاتە دوا ڕۆژی نەورۆز هەر خێزانێک بەتەنیا یا بنەماڵە بنەماڵە دەچنە دەرەوە و خواردن لەگەڵ خۆیان دەبەن. لە چوونە دەرەوەیان پێویستە هەموو کەس (١٣) بەرد کۆبکەنەوە دواتر پەرت بکەن یا بیخەنە ناو چەم و ڕووبارەوە یا لەسەر چیا فڕەی بدەنە خوارەوە و بەم جۆرە مەینەتی ساڵی ڕابردوویان لەخۆ دەتەکاند، هەر لەم ڕۆژەدا چەندین یاری تایبەت بە سێزدەبەدەر وەک شانۆ بەڕێوەدەچێت، لەوانە هێلکە شکاندن و (ئەبرک تاب خوردەن).

هەندێکیش وای بۆ دەچن کە روخانی زوحاک ۱۲ ڕۆژی خەیاندبێ، سێزدەمین ڕۆژیش بۆ پشودان و ئاهەنگ گێڕانی سەرکەوتن چوونەتە دەرەوە.

نەچوونە دەرەوەی برایم پێغەمبەریش لەشار هەر لە ڕۆژی سێزدەبەدەر بووە، کە دەبوایە کەس لەشار نەمێنێ لەم ڕۆژە، کەچی برایم پێغەمبەر خۆی نەخۆش دێخێ و ناچێتە دەرەوە بۆ ئەوەی بتخاتە کاول بکات.

تێبینی / تا سالانی پەنجاکان دانیشتوانی بەغداد بەکورد و عەرەب و گەلانی دیکە یادی ڕێوورەسمی سێزدە بەدەریان لە سەلمان پاک دەکردەوە، عەرەبەکان پێیان دەوت سێزدە بدر. هیوادارم حوکمەت کۆنگرەیەک بۆ ئەم مەبەستە ببەستێت بۆ ئەم مەبەستە بانگی پسپۆڕاننی (کولتوور، ئەستێرەناس، مێژوو، شوێنەوار، ئەفسانە) ی گەلی کورد و گەلانی دەوروبەر بکرێت.

## مەحمود قزلی لاوک بێژ لە دیمانەکەیدا

**هەڤپەیڤین**



پیری لاوک بێژان بەڕێز مەحمود قزل کە دانیشتووی شاری دیاربەکرە، لە سەرەتای مانگی دوازدەی ٢٠٠٩ گەیشتە کوردستانی باشوور لەم هاتنەیدا سەری لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان داوە، لەگەڕان و سوڕانی زیاتر جلی کوردی لەبەر دەکات، زۆر خۆشحاڵیشە بە ئازاد بوونی کوردستانی باشوور و هیوای ئازاد بوونی پارچەکانی دیکەش دەخوازێ.

جا بە پێویستی دەزانین بەڕێزی بە خوێنەران ئاشنا بکەین:

- **خۆت بە خوێنەران بناسێنە؟**

- ئەز مەحمود عەبدولڕەحمان قزل، لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری دیاربەکر لەدایک بوویمە، لە بنەماڵەیەکی هەژار و کاسبکارم، بەهۆی لاوازی ئابووریمان و ستەمی تورک نەمانتوانییە بچینە قوتانخانە، سەرەتا لەگەڵ باوکم مەڕوماڵاتمان لە گوندەکان دەکڕی و لەشار دەمانفرۆشتەوە، جاری وا هەبووە حەفتەیەکم پێ دەچوو، جا کە شەو لە

گوندان دەمانەوە، درێژایی شەویان بە لاوک گوتن دەبردە سەر، جارجارە باوکیشم لاوکێکی دەگوت لە باوکم و کۆچک و دیوانی گوندان فێری لاوک گوتن بووم و هەر لەتەمەنی (١١) ساڵییەوە بەدەم ڕێگای چوونمان بۆ گوندان لاوکم دەگوت، تاکو ئەمڕۆ (٥٣) قەوانم لە لاوک و ستران گوتییە کە سەرجەمییان (١٠٦) لاوکە.

**• لەساڵی چەند بۆ یەکەمین جار لاوکت تۆمارکرد؟**

- یەکەمین لاوکم بەناوی (لۆری جەمبەلی لۆری) لە ساڵی ١٩٦٥ لە ئەستەمبۆڵ تۆمارکرد و یەکسەر بڵاوبۆوە و لە ئێزگەکانی بەغدا و یەریڤان و تاران لێدەدرا، منیش بە یەکەمین سترانبێژی کورد دادەنرێم لە تۆمارکردنی لاوک لە کوردستانی باکوور، جا بەهۆی ئەمەوە لەلای شڤان پەروەر بە پیری لاوک بێژان دەناسرێم.

**• لاوکەکانت لاسایی کردنەوەی لاوک بێژانی دیکەیە یا تایبەتە بەخۆت؟**

- سەرەڕای ئەوەی لاسایی لاوک بێژانم کردۆتەوە بەدەنگی تایبەتی خۆم دەقی چەند لاوکێکیشم داناوە کە باس لە پاڵەوانییەتی و ئێش و ئازاری میللەت دەکات.

**• لاسایی لاوکی، چ لاوک بێژەکت زیاتر کردۆتەوە؟**

- زیاتر لاسایی لاوک بێژەکانی دیاربەکرم کردۆتەوە لەوانە: عەبدولهادی دەنگبێژ، سۆفی دەنگبێژ، فەقێ سلێمان و حوسێن توتالی دەنگبێژ، هەروەها چەند لاوکێکی لاوک بێژانی سەردەمم گوتیتەوە، لەوانە چەند لاوکێکی عەبداڵی زەینکێ و حوسێنۆ و شەرۆیێ برۆ. لەو دەقانەی کە خۆم دامناون لەوانە: سەیدایێ نەمر واتە بارزانی نەمر، پەرلەمانتاریا تورکیا، گارسێ فەقیرا، ئاخ جوانی، ئەڵمانیا، چەمێ دیاربەکر و نازەوجم و هەندێکی دیکە.

**• ڕەوشی لاوک و لاوک بێژان لە کوردستانی باکوور لەچی دایە؟**

- بەداخەوە دەڵێم هەموو شتێکی کولتووری ئەگەر حوکمەت نەیبوژێنێتەوە بەرەو لەناوچوون دەچێت. چەند کۆپلەیەک لە لاوکەکانی سورا دیاربەکر:

وی بابکی چومە دیاربەکر لمنارا
چومە پارا شەوت سەر ب زێڕا
عەنیب دەقا پۆز خزێما دەست بازنا
گۆ ب گوهارا لنگ خرخالا کۆفی خوارە
وی بابکێ وی بابکێ وی بابکێ
وی بابکێ قوربا چومە دیاربەکر
دۆر بەدەنە، کەڤرێ تێدا قەینتر مەنە
ئەز کیژا کەڤر بلند دکم بالا خوە ددەمێ
دبنی دا دەردوکولێ منەو تەنە
وی بابکێ وی بابکێ

## (وەستا ئەمین)ی ئاسنگەر بناسن



لە گوندی پۆڕیجە ئاسنگەرێکی بەناوبانگ هەبوو، ناوی
کا ڕەسول بوو، کا ڕەسول دوو شاگردی هەبوو، یەکێکیان کوڕەکەی بوو، ئەوی دیکەش ناوی وەستا ئەمین بوو، دوای ئەوەی کا ڕەسول لەساڵی (١٩٢٠) کۆچی دوایی دەکات، کوڕەکەی کەرستەکانی باوکی (کە بریتی بوون لە زیندان، پێستەکانی گامیش و گیرە و چەکوچ و..) دەداتە وەستا ئەمین.

وەستا ئەمینیش ماڵی دەهێنێتە گوندی سۆربەشی خدری و لەوێ دەزگا دادەمەزرێنێت، دوای ئەوەی کوڕەکەی کە ناوی قادر بوو بەتەواوی فێر دەبێت لە گوندی شێخانان دەزگایەکی بۆ دادەمەزرێنێ.

دواتر حەمە ڕەشید دەکاتە شاگردی خۆی، وەستا ئەمین وای لێهات زۆربەی دانیشتوانی گوندەکانی نێوان هەر دوو زێی کەلوپەلەکانیان لای ئەو دروست دەکرد و تیژ دەکردەوە، وەک داس، قەیناغ، باڵتەی جەنجەر و چەقۆ. ئەوکاتی تەنها لە قەرەقۆش وەستای لەم جۆرە هەبوو، هەروەها (فەقێ عەولا) وەستایەکی باش بوو کێخوای گوندی سمایلاوە بوو بەلام بەردەوام لە وەرشەکەی کاری نەدەکرد.

هەمیشە ژنەکەی وەستا ئەمین لەبەردەم کوورە چایەی لەبەر ئاگر بوو و ئەوی ڕێیی بەوێدابوایە ئەوا لایدەدا و چایەکی دەخواردەوە، ڕۆژی وا هەبوو قەندەکی سەرف دەکرد، جا کە چایەکەی تێ دەکرد و کەربە قەندەکی لەسەر دەرکی پیاڵەکە دادەنا و بەرەبەرە قەندەکە دەتوایەوە، بەڕاستی دیمەنێکی جوان بوو. وەستا ئەمین پیاوێکی زۆر سەخی بوو، دوو کچ و کوڕێکی هەبوو، کوڕەکەی، کەناوی قادر بوو بەناوی باوکی کردبوو، ئینجا دوای ئەوەی وەستا ئەمین کۆچی دوایی دەکات قادر دێتە سۆر بەش و لەجێگای باوکی ئاسنگەری دەکات.

## ئۆرمزیار لە پەندی کوردی

دوای ئەوەی لە ساڵی (٣٣١ پ. ز) وڵاتی ئێران بە کوردستانیشەوە کەوتە بەردەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی و دواتر سلۆقییەکان، کاریگەریەکی تەواویان لەئایینی میترایی دانیشتوانی کوردستان کرد بە بڵاوکردنەوەی خوداوەندەکانیان لە کوردستان وەک خوداوەندی ئورمەزدس، هیلۆس و هێرمس و چەندینی دیکە، جا دوور نییە هۆزی هۆرمزیاری ئەمڕۆی دەشتی هەولێر میترایی بن پێرانی ئەم خوداوەندانە لە ناوی خوداوەندی هێرمس یا ئورمەزد بوو بێتە ئۆرمزیار و هۆرمزیار، واتە پێرانی خوداوەندی ئورمەزد و هیرمس. کەواتە هۆرمزیارەکانی دەشتی هەولێر بۆ سەردەمی بەر لە ئەشکانیەکان لە دەشتی هەولێر دەگەڕێتەوە لە سەردەمی ئەشکانیەکان، (مۆناز)ی سکایی پاشای میرنشینی ئادیابین بووە، کە پایتەختەکەی گوندی حەزەی ئەمڕۆ بووە، دوای ئەوەی لە ئایینی میترایی دەبێتە جولەکە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانەکە دەبن بە جولەکە و بەشێکیان لەسەر ئایینی میترایی و خوداوەندی ئورمزدس و هێرمس دەمێننەوە و بەدرەنگەوە دەبن بە ئیسلام، بۆیە تاکو ئەمڕۆ بەناوی ئایینە کۆنەکەیان واتە یارانی خوداوەندی ئورمزدس و هێرمس دەناسرێن، جا بەهۆی نیشتەجێ بوونیان لەم دەشتە بۆ زیاتر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، ڕەنگیان لە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر داوەتەوە لەوانە:

ئەگەر شەڕ خوازت دیت برێ بەگم<br>
ئەگەر ئۆرمزیارت دیت برێ لەکــم

***

زەنگ و زەنگەنە دەلۆی خەتــاکـــار<br>
خەڵکی نان بخوا سایەی ئۆرمزیـــار

***

تۆرکە ســــەری دەرینـــا
ئۆرمزیار ڕەنگی هەرینـــا
***

واتاکانیان:

لە پەندی یەکەمدا وا بەدەردەکەوێت کە ئۆرمزیار و لەک دۆستایەتیان بۆ مێژووییەکی درەنگ بگەڕێتەوە، دووریش نییە هەردووکیان لەیەک سەردەم بووبن بە ئیسلام. پەندی دووەمیش پەیوەندی بە خاسیاتی ئەم هۆزەوە هەیە.

پەندی سێیەم پەیوەندی بە هەژارییەوە هەیە و دیارە ئەم هۆزە زۆر حەزیشیان لە تۆرکە خواردنە.

تێبینی / ناوی ئەم هۆزە بە ئۆرمزیار و هۆرمزیار و وەرمزیار دەگوترێت (ئۆر، وەر، هۆر) واتای، خۆر، ڕۆژ، دەگەیەنێت و (یار) واتای پیرِ دەگەیەنێت هەردوو برگە بەیەکەوە واتای خۆرپەرستان دەگەیەنێت.

## مێژووی دروستکردنی نان لە کوردستان



بەپێی لێکۆڵینەوەکان بەر لە دە هەزار ساڵ نان لەمیسۆبۆتامیا (کوردستان) دروستکراوە، بەهۆی شارەزابوون لە چاندنی دانەوێڵە.

بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکان بەهۆی نەبوونی دانەوێڵە یا کەم چاندنی، تا دەوروبەری (١٠٠ – ١٥٠) ساڵ لەمەوبەر نان زیاتر لە میوە دروست دەکرا، مەگەر بەدەگمەن گەنم یا جۆ یا گەنمەشامییان لەگەڵ دەکرد.

بۆ نموونە لە بارزان، بەڕوو دوای برژاندنی هوردیان دەکرد و دوای شێلانی دیانکردە نان، بەڵام لەناو سورچیان دانی گیای (خۆژە) و گیای (تارە) یان تێکەڵ بەگەنم یا جۆ دەکرد و دواتر دەیانهاڕی و دەیانکردە نان، ئەو نانەی دانی گیای تارەی لەگەڵ تێکەڵ بکرایە ڕێی تاڵی دەدا، بەڵام لە جوانرۆ بەڕوویان دەبرژاند و چەند ڕۆژێک لەناو ئاویان دادەنا و دواتر ورد دەکرا و لەگەڵ ئاردی گەنم یا جۆ تێکەڵ دەکرا و دەکرا نان بەم نانەیان دەگوت پۆین، هەروەها لە ناوچە

شاخاوییەکان کرۆسک وشک دەکرایەوە و دواتر لە ئاون ورد دەکرا و دەکرایە نان.

نانی کرۆسک زۆر لە نانی بەڕوو خۆشتر بوو، لە دەشتی هەولێر ئەگەر ساڵێک نەهات بوایە ئەوا جۆیان لەگەڵ مەحچەچە تێکەڵ دەکرد و دیانکردە ئەستورک، بەڵام ئەم ئەستورکە زۆر ڕەق دەبوو، زۆرجاریش تۆی گێسکیان لەگەڵ جۆ تێکەڵ دەکرد و دەیانکردە نان.

بەڵام عارەبی قەراجێ نانیان لە گەنمەشامی دروستدەکرد و هەر بەشێوەی هەنگوتک دیانخستە ناو ئاگر و دوای هەرکزانی دیانخوارد، واتە ئاوەکەی هەر هەویر بوو پێیان دەگوت خوبزە، لەبەر ئەوەی جاران زۆر جار عارەب نان و دۆیان لە کەندێناوە لەسەر پەرێزی دەڕفاند دەوروبەری (١٣٠) ساڵ لەمەوبەر جارێکیان سێ عارەب لە ئاقاری گوندی چلەوێزە نان و دۆی سەپانان دەڕفێنن و ئەوانیش دەکەونە دوایان و لە خوار بازارگە لێیان دەستێننەوە.

جارێکیان دەوروبەری ساڵی گرانیێ دەبی سمایلی باپیرم لەکاتی گەڕانەوە لەتوتن فرۆشتنی لەناو عارەبان دەچێتە گوندی (برایم باول) ی قەراجێ، کە تەنهاماڵی قادر پالانی تیا نیشتەجێ بوو، بۆ نانی نیوەڕۆ جامە ئاوێکی بۆ هات لەگەڵ چوار ئەستووکی ڕەقی ڕەنگ بۆر، سمایلیش گوتی قادر ئە ئەستوکانە لۆ وەها بۆر و ڕەقن، قادر گوتی سمایل لۆ نازانی ئەوسار لە قەراجێ نەهات بوو، ئەو ئەستوکانە لە ئاردە جۆ و مەحچەچە دروستکراون.



## لەگ لەگ ئوو لوە

ڕۆجێکە ژ ڕۆجانڕا لەگلەگە ئوو لوەبی ئابازێ ژۆبینان ڕۆجیکە لوە لەگ لەگەڕا ڤابێرە ببە مێمانێ من، ما وەرێکە ژۆبینادر بۆرێ، لەگ لەگە ڤاچمان سەر، گاڤا لەگ لەگە هامی مێمان داریێ لوە. لوە وەر ڕۆکەرد سەرێ تاتەکە ئوو نارۆڤەرێ لەگ لەگە. لەگ لەگە نێشتاوەر سەرێ تاتەڕا بۆرۆ نوقلێ یا دەرگا تاتەرا، کۆنۆ شکێنا لوێ هێدی هێدی وەرە خوە وەرا قەدێنەنۆ، لەگ لەگە ڤەیشان ئاگەیرانا کێخۆ. چەندێ کێ بادێ جۆ لەگە لەگە ڤەیندەنا لوێ ڤان بێرە مێمان داریێ من ما پێرۆ ودرێکۆ بۆرز لوە ڤانۆ چمان سەر ئەز بە ئامێمان داریێ تۆ گاڤا لوە یەنۆ مێمانداریێ لەگ لەگە لەگلەگە وەر کەنا کدوونێ کە کوور ئور دانا ڤەرێ لوە. ڤەکێ لوە تێرە سەناوەر، جایێ وەرهم کەنێو ئوو ئوو هم کوورۆڤا لەگ لەگە بەنقولێ خویێ دەرگی هێدی هێدی وەرێ خوە وەنا لوە سەمەدێ نێشکەنا بۆرۆ ڤەیشان ئاگەیرەنا کەیۆ. لوە ڤانا براکی لەگ لەگێ تو وەر ڤستۆ جایکێ کوور کو ئەز نەشکەنە بۆر ئەنیا سەینی براتییا، تۆ وەر من ری داسەر جایێ وشکی کو ئەر نۆ کاوۆ بۆری من ژی هەیڤێ خوە را گرۆت.

| | |
|---|---|
| لوە: ڕێوی | نێشکەنا: نەیتوانی |
| ئامباز: هاوڕێ | شکێنا: دەشکێ |
| ژۆبینان: یەکتری | پێرۆ: بەیەکەوە |
| وەرێکە: خواردن | ڤستۆ: خستە، دانیا |
| چمان سەر: سەرچاوە | هەیڤ: حەیف، مخابن |
| بۆرۆ: بخۆ | هەیڤا خوە توراگرۆت: مخابن تۆڵەی خۆی لێکردەوە |
| شامی: هات | سەین: چۆن |

| | |
|---|---|
| نارۆ: داینا | سەمەدێ: لەبە ئەوەی |
| ڤەیشان: برسی | وەنا: دخۆن |
| بادێ جۆ: دوایێ | کەینۆ: ماڵ |
| ئاگەیرەنا: دەگەڕێتەوە | وەر: خواردن |
| ڤەیندەنا: بانگی دەکا | ڤەیشان ڤەردا: بە برسیەتی مایەوە |
| بەنا: دیم | کدونێ: کوموله، له قوڕی دروست کراو |
| کەنا: دکە | جێی: جێگا |
| نقول: دەنوگ | دەرگی: درێژ |

- ئەم چیرۆکەم لە باران دملی وەرگرت.
- لەق لەق و ڕێوی بەزاراوەی زازا.

## شوێنەوارە دێرینەکانی پردێ



پردێ یەک لەشارە هەرە دێرینەکانی کوردستانە و لە سەد ساڵەی سەرەتای بڵاوبوونەوەی مەسیحی، دانیشتووانی پردێ ئاری نەژاد و لەسەر ئایینی زەردەشتی و ئایینی زەیتوون پەرستی بوون، دواتر بەشێکیان دەبن بەدیان. ناوی پردێ لەزمانی ئارامی کەزمانی ئایینی مەسیحیە بە قوردایی، واتە شاری کوردان ناوی هاتووە و بەقسەی گەڕیدە و مێژوونوسان پردێ بەردەوام ئاوەدان بووە.

ئەمڕۆکەش شوێنەواری دێرینی چەندین سەردەمی تیا دەردەکەوێت، لەوانەی کە دیومن شوێنەواری کەنداڵ بڕای شێراوەیە، لە شەستەکان شوێنەوار ناسانی عێراقی چاویان پێ کەوتووە، تاکو ئەمڕۆش بەردەوام خشی سورکراوەی تیا دەردەکەوێت. هەروەها شێنەواری ئاواییەکی دێرین لەسەر ڕووبار لەنێوان قەرە دەرە و پردێ بەدەرکەوتووە لەگەڵ پلیکانەکانی کە بۆسەر ڕووبار دەچێت.

لەگردی قەرەتەپە، کە کەوتۆتە کۆتایی چەولگ بەلای باکووری ڕۆژهەڵاتی پردێ، گۆزە و شتی دیکە لەقوڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە. لە (بوغان) یش پردێک کە بەگەچ و بەردی بەستێ دروستکراوە دەبیندرێت.

سەیرترین شوێنەواری دێرینیش لەباکووری ڕۆژهەڵاتی پردێیەوە لەبنار هەرەتەکانی زورگەزراو هەڵکەوتووە شوێنەکە بە ئاسنگەرانی گاور ناسراوە. لەساڵی ١٩٧٩ لە ئەنجامی هەڵکەندنی زەوی بۆ ناعورلێدان شوێنەواری چەند ژورێک لەگەڵ دوو تونێلی بەکەرپوچ هەرندراو لەقولاویی ٣م بەدیارکەوت هەندێک لەکەرپووچەکان وێنە و ڕەمزی جۆراوجۆری لەسەر هەڵکەندرابوو، بەڵام سەربازەکانی ناوچەکە بردبوویان، دواتر هەموو کەرپووچەکانیان بۆ دروستکردنی سەنگەرەکان بردن، تونێلێکیان کەوتۆتە بەر بیری ناعورەکە و دیار نییە، بەڵام ئەوی دیکە دیارە و لەکەرپوچ و گەچ دروستکراوە، پانی و



بەرزییەکەی لە (١)م زیاتر نییە و بەکەرپوچ دروستکراوە و بانەکەی وەک سەری دەلاقە ویک هاتۆتەوە، ئەم تونێلە تا ٢٠م دەڕوات، دواتر پێچ دەکاتەوە، مرۆڤ تەنها دەتوانێت لەسەر زگخشین بچێتە ناوی، نازاندرێت ئەم تونێلە دەگاتە کوێ لەم قوڵاییەی زەوی و بۆ چ مەبەستێک هەڵکەندراوە و بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە، دوور نییە بۆ خۆشاردنەوە و ڕاکردن لەدەست دوژمن بەکارهاتبێت بەهۆی ئەوەی ناوچەکە ئاودارەو تا پەنجا ساڵ لەمەوبەر کانی تیا دەبیندرا، پێناچێت ئەم تونێلە بۆ ئاودێری لێدرابێت، ناوچەکەش گردۆلکەییە و زەحمەتە ئاو راکێشان بەشێوەی کارێز، کەواتە ئەم تونێلە، کە لە خانووی میری ناوچەکە بۆ قوڵایی زورگەکان دەچێتە خوار تونێلێکی نهێنی بووە، لێکۆڵینەوە لەم شوێنەوارە دێرینە، ئەرکی پسپۆڕانی شێنەوار ناسە.

تێبینی: سەچاوەو تونێلی ئاوی تراجان لەرۆما، کە لەساڵی (١٠٩) ی زایینی دروستکراوە بۆ ئاوهێنانی کۆشکی میرێکن، هەمان شێوەی تونێلە دێرینەکەی (پردێ) ی هەیە، بەڵام ئەمەیان فراوانترە و تاکو ئەمرۆ ئاوی پێدا دەڕوات.

## مناره دێرینەکەی ئاشی قۆڕ



لە دەشتی شەمامکێ، بەهۆی هەبوونی کارێزێکی زۆر ئاشی ئاوی دروستدەکرا، ئەم ئاشانە شوورەی بەهێز و بلندیان هەبوو، هەندێکیشیان منارەیان هەبوو بۆئەوەی ئەگەر دزو ڕێگر بەشەو هاتنە سەریان لەسە منارەکەوە بەرگری بکەن، هەروەها ئەم منارانە وەک روانگەش بەکار هاتوون، لە هەمانکات وەک نیشان وابووە بۆ ئەو کەسانەی هاتوونە باراشیان لێ کردووە، ئەگەر باراشیشیان نەبوایە ئەوا دەچوونە سەرمنارەکە و بەدەنگی بەرز گاسیان دەکرد و دەیانگوت ئاش بەتار بۆ ئەوەی خەڵک باراشی بێنن.. جا ئاشی قۆر یەک لەم ئاشانەیە بەهۆی ئەوەی شوێنەکەی قۆڵە بۆیە بەم ناوە ناسراوە کە لەباشوری

گوندی قۆنیات هەڵکەوتووە. بریتییە لە ژووری دۆرەدان و ژووری ئاشەوان لەگەڵ منارەیەک کە دەوروبەری (٥ – ٦) م بەرزە کە بەتونێلێک دەچیتە ناو منارەکە، لەناوەوەش بە پلیکانەیەکی پێچاوپێچ سەردەکەوی، لەساڵی ١٩٦٦ داوداغەی بلباس کە خاوەن ئاشەکە بووە، هەرچەندە ئاش لە ساڵی ١٩٦٤ لەکار کەوتووە، منارەکە وەک شوێنەوار نۆژەن دەکاتەوە. دەڵێن ئەم ئاشە لەسەر شوێنەواری ئاشێکی دێرین دروستراوە، دوا ئاشەوان حوسێنە گۆج بوو، بەر لەویش سمایلی برای مام هەینی ئاری کوتکی بوو. چەندین پاشماوەی کەونە ئاشی دیکە لە شەمامکێ دەبیندرێن، پێویستیان بە پاراستن و نۆژەنکردنەوە و پاسەوان لێ گرتن هەیە.

## چۆنیەتی خۆشکردن و غاراندنی پێستەی مەڕ و بزن



کوندە: لە پێستەی بزن دروست دەکرێت، سەرەتا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ جەفتی تێدەکەن، دواتر بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ئاوی تێدەکرێت، هەموو بەیانییەک ئاوەکۆنەکە دەڕژێندرێت و ئاوی تازەی تێدەکرێت، بۆ ئەوەی ئاوەکە تامی جەفتی لێ نەیەت، ئینجا بەکاردێت بۆ ئاو خواردنەوە، جاران لە جیاتی ئاو ساردکەرەوە بەکار دەهات و هەمیشە لەسەر کوندەران دادەنرا.

مەشکە: مەشکە لە پێستەی بزن دروست دەکرێت، دوای ئەوەی ترشی و خوێی بۆ ماوەی دوو ڕۆژ تێ دەکرێت بۆ ئەوەی با ئاسانی مووەکەی هەڵبوەرێت، ئینجا پەلکە هەنار دەکوترێت و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ تێی دەکرێت، بەمەش پێستەکە بەهێز دەبێت، دواتر سێ ڕۆژ لەسەر یەک دۆیەکە دەڕێژرێت چونکە بۆ خواردنەوە ناشێت، دوای ئەم سێ ڕۆژە دۆیەکە تامی توێکلە هەنار نادات.

جەوەند: جەوەند پێستەی کارۆکەیە، هەمان شێوەی خۆشکردنی کوندەی هەیە، ئەمەیان شوان ئاوی تێدەکەن و لەبن زگی کەرێی دەبەستن تا ڕۆژی پێنەکەوێت و ئاوەکەی باشتر ساردبکات.

هەمبانە: هەمبانە لە پێستی مەڕ دروست دەکرێت، دواتر پەلکی هەناریان دەکوتی و ئینجا دەیانکولاند، دوای ئەوە سارد دەبۆوە (١ – ٢) ڕۆژ پێستەکەیان دەخستە ناوی، دواتر هەمبانەکەیان ڕەنگاوڕەنگ دەکرد لە بۆ جوانی و ناسینەوەی دانەوێڵەکە ئینجا دانەوێڵەی وەک ساوار و بڕوش و نیسک و نۆک و... تێیان دەکرد و لەسەر هەرزارەیان دادەنا.

## شمشاڵ ئامێرێکی مۆسیقی شوانان بووە



شمشاڵ ئامێرێکی فودارە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە چوار هەزار ساڵ بەر لە زایین و بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان لە دەوروبەری دەریاچەی قەزوین و کوردستانەوە گەیشتۆتە ئەوروپا لەوێوە گۆڕاوە بە ئامێری فلوت، لە کوردستانیش بە ئامێری شوانان ناسراوە چونکە ٣٠ – ٤٠ ساڵێک لەمەوبەر شوانان هەمیشە شمشاڵیان دەژەنی، دووزەلە و نای و زوڕنا و باڵەبانیش پسمامی شمشاڵن و دوای ئەو داهێنراون، شمشاڵیش کورت و درێژی هەیە لە قامیش و دارو هێسکی باڵی هەندێک باڵندە دروست دەکرا، بەم دواییەش لە کانزا دروست دەکرا.

لێدان یا ژەنینی بە دوو جۆر دەبێت: بە زمان و بێ زمان واتە بە لا لێو لێدەدرێت، بەڵام بەزمان پیکی لەگەڵە و وەک نای دەژەندرێت، بەم دواییەش شمشاڵ خزییە نێو مۆسیقای عەرەب و تورکانەوە، ئەگەر سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام شمشاڵ لەناو عەرەبان هەبووایە ئەوا بێگومان وەک زورنا حەرام دەکرا، شمشاڵ وەکو ئامێرەکانی دیکە نییە زیاتر پەیوەندی بە هەست و سۆز و دیمەنی دڵرفێنەوە هەیە.

شمشاڵ ژەنی کورد بەبێئەوەی شارەزایی لە نۆتە هەبێت جۆرەها ئاواز لێدەدات، جارانیش شوانان بۆ هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی مەڕەکانیان جۆرە ئاوازێکیان لێداوە، بەناوبانگترین شمشاڵ ژەنی ئەمڕۆ قالە مەڕەیە کە شارەزایی لە نۆتە نییە و (یاسین) یش کوردێکی زازاییە کە ناوبانگی لەهەموو کوردستانی باکوور دەرکردووە، کە بە نۆتە شمشاڵ دەژەنێ وەک ڕادانی مەڕ بۆ لەوەڕ و ئاودانی و لەوەڕاندنی، لەبەر ئەوەی زورناش لەئیسلام حەرامکراوە بۆیە شمشاڵ زیاتر گرنگی پێدراوە، هەروەها هەبوونی کەرستەی شمشاڵ لەکوردستان هۆیەکی دیکەی گرنگی پێدانییەتی، زۆر لە فۆرمی گۆرانی کوردی بەشمشاڵ لێدەدرێت وەک ئەو مەقامانەی لەسەر دەزگای بەیات لێدەدرێت، بەتایبەتی لاوک و حەیران.

شمشاڵ لە هەندێک ناوچەی کوردستان زۆر گەشەیکردووە لەوانە ئوستانی عەنتابە کە هەر شمشاڵ ژەنێکی ئەم ئوستانە شمشاڵی درێژ و کورتی هەیە، لەناو ئێزیدیانیش شمشاڵ پیرۆزە بەهۆی ئەوەی سروودی ئایینی بە شمشاڵ ژەنین دەخوێندرێت، جا لەبەر خۆشەویستی ئەم ئامێرە شاعیران لە شیعرەکانیان باسیانکردووە لەوانە جزیری و جگەر خوێن.

## چۆن سابوون له دۆن دروست دەكرێت

جاران لەدەشتی هەولێر دۆنی مالآنییان لەناو مەنجەڵ دەكرد، ئینجا (قرێشار) یان لەناو ئاون هورد دەكرد و دواتر لەناو مەنجەڵی گچكه له ئاو دەتوێنرایەوه، ئینجا قسڵیان لەگەڵ تێكەڵ دەكرد و دواتر ئاوەكەیان لێ دەگرت، هەر بەمجۆره دووجاری دیكه یەک لەدوای یەک ئاو له گیراوەی قرێشار و قسرەكه دەگیرێت، ئاوی یەكەمیان له هەموویان بەهێزتره، جا بۆ تاقیكردنەوەی هەر سێ ئاوەكه بۆ شیاو و نەشیاو له تێكەڵكردنی لەگەڵ دۆنەكه، قامكەموێک دێنن لەناو هەریەک له ئاوەكانی هەڵدەكێشن، زۆر جار ئاوی یەكەم، موەكه دەسوتێنێ لەبەر بەهێزی ئاوەكه. جا ئەگەر ئاوەكه موەكەی سوتاند ئەوا ئەو ئاوه شیاو نییه بۆ دروستكردنی سابوون، چونكه دۆنەكه دەسوتێنێ و بەبنی مەنجەڵەكەوەی دنووسێنێ، پێویسته ئەو ئاوه بگۆڕدرێت واته ڕێژەی بەهێزییەكەی كەم بكرێتەوه، دواتر هەرسێ ئاوەكان بەسەر دۆنەكه لەمەنجەڵه گەورەكه دادەكەن، ئینجا دۆنەكه زۆر زیاد دەكات و هەڵدەستێت، جاری وا هەیه بەسەر مەنجەڵەكەدا دەڕژێتەوه، بۆیه لێوار بۆ مەنجەڵەكه له قوڕی دروست دەكرێت. جا دوای ئەوەی گیراوەكه له مەنجەڵەكه بەباشی تێكدەدرێت لەناو قورتێكی ئامادەكراو دەكرێت تا بەیانی ڕەق دەبێتەوه، ئینجا دەبڕدرێت و دەكرێته كێڵ واته پارچه پارچه دەكرێت.

## مازی و چەلک



مازی بەری جۆرە درەختێکی بەڕووە، دوو جۆری هەیە شین و سپی، شینەکە باشترە و بەنرخترە، مازی ناوچەی سارد لە مازی ناوچەی دیکە باشترە، مازی بۆ پیشەسازی پێستە خۆشکردن بەکاردێ، هەروەها بۆ داو و دەرمانی کوردەواریش بەکاردێت، دوای ئەوەی لە بەهاران خەڵکی گوندی دەچن بۆ چنینی مازیان، هەر یەکەو تورەگەیەک بە ملیان دادەدەن، بە دارێکی درێژ سەرەکەی وەکو دارلاستیک وایە کە پێی دەڵێن: (چەلک) مازی پێ لێ دەکەنەوە، لەکاتی لێکردنەوە چەندین گۆرانییان بەسەر مازی دا دەگوت لەوانە مازی چنییەکەی عیسا بەرواریە، لەکاتی پشودانیش چەند یاریەکیان بە مازی دەکرد، لەوانە مازیچن مازیەکەی هەمووی دەدۆڕێنێ و بە بەتاری دەگەڕێتەوە ماڵ، شایانی باسە چەلک لە دار ئەسپیندار دروستدەکرێت و درێژیەکەی (٣-٤) م دەبێت. جۆرێکی دار بەڕوو کە بەرەکەی ناخورێت پێی دەڵێن دار دیندار، ئەستورترە لەوی دیکە و سەرەتای پایز پێدەگات.

## سوودی دەوەنەکان



دەوەنەکانی کوردستان بەشێکیان بەردارن وەک: بەلالوک، سۆبلەتی، توترک، شەواشینک، هەندێکیش وەک قەرە قاجین و دەوەنی کفر و ڕولک و گیونی سوودی لێوەردەگیرێت بۆ هەراشی خانوو و سووتەمەنی و رولکیش دەبڕدرێت و لەژێر ئەو زەویە دادەندرێت، کە نەخۆشی هەیە.

**دەوەنە بەردارەکان**

شەواشینک: شەواشینک لە ناوچەی گردۆلکەیی ئاودار دەڕوێت، وەک ناوچەی زراریان، گوندی جاستانی کەندێناوە و دەوروبەری چیای قەرەچوغ، لەنێو زراریان پێی دەڵێن شینک. شەواشینک دەوەنێکی گەڵا باریک و درێژە و بەرێکی وردی لەشێوەی باوی هەیە، لەکۆتایی هاوین بەرەکەی پێدەگات و دوای خۆشکردن و سوێرکردن وەک چەرەزات دەخورێت و پێی دەڵێن بەدەمچە.

بەلالوک (بەراروک): دەوەنێکی گەڵا وردە لە ناوچە شاخاوییەکان دەڕوێت، لەچیای قەرەچوغیش دەبیندرێت، بەرەکەی چەند ڕەنگێکە، سوور، زەرد، پرتەقاڵی و رەشە، بەری هەندێک دەوەن بەقەد دەنکە قەزوانێکە و هەندێکیش گەورەترە، لەکۆتایی مانگی پێنج پێدەگات و دەخورێت، زۆر خواردنیشی دەبێتە چارەسەری قەبزی.

توترک (دڕی): دەوەنێکی دڕکاویە زیاتر لە دەو ئاوەکان دەڕوێت، هەرشوێنێک توترکی هەبێت بەڵگەی نزیکی ئاوی ژێرزەوییە لەم شوێنە.

توترک زۆر بەخێرایی زیاد دەکات و بڵاو دەبێتەوە، لەناوچە شاخاوییەکان دەکرێتە پەرژینی بێستانەکان بەرەکەی لە شێوەی (تو) دایە، لە کۆتایی هاوین پێدەگات و ڕەنگی رەش و مزرە، لەکاتی پێگەیشتن لە شەقڵاوە دەفرۆشرێت.

بەداخەوە بەم دواییە زۆر کەس لەجیاتی توترک دیوارێک بە بلۆک دروست دەکات بۆ پەرژینی بێستانەکانیان، ئەمەش دوورکەوتنەوەیە لە سروشت، چونکە توترک جوانترە و زیاتریش پارێزگاری بێستان دەکات.

## ڕێوڕەسمەکانی چارشەممە سوورە؟

و / لە فارسی



لە فەرهەنگی نەورۆز دوایین چوارشەممەی ساڵ جێگایەکی تایبەتی و پایەداری هەیە، ئەم شەوە دوایین پایگای زستانە و مرۆڤ هەوڵ دەدات لە هەر کوێیەک بێت تەدارکی ئاهەنگەکانی نەورۆز ئامادە بکات، پێویستە مرۆڤ لەو شەوەی کە نەورۆزی بە دوادادێت ڕەوش و دەروونی پاک بکاتەوە و خەم و پەژارە و دەردەسەرییەکانی بەبا بکات و لەگەڵ دوکەڵی ئاور بە هەوا دابڕوات و دوورکەوێتەوە لەشتی کۆن و باو نەما و بۆگەن بوو، ئێرانیانی کۆن ڕۆناکی بە دیمەنی ڕۆشنایی ئێزەد دەزانی لەو سەردەمەی کە ئاگر ناسراو دیترایەوە هەمیشە شەوانی دەیجوور و ناخۆشیان پێ رەوشەن دەکردەوە و هەروەها لەکاتی ئاوابوونی خۆر و ون بوونی لەبەرچاوان ئاوڕیان لە گرزە و قۆمەتی ئێزنگان بەردەدا و لەدەورەی کۆ دەبوونەوە ئیتر لەم شەوە ئاگر لە کۆڵانەکان و سەربانەکان دەکرایەوە و لەسەریان بازدەدا و

دەیانوت زەردی من بۆ تۆ سووری تۆ بۆ من، جا کاتێک کە ئاگرەکان دادەمرکانەوە، یارییەکان کۆتایی پێ دەهات و ئەندامانی خێزان لە دەورەی پۆلییەگەشەکان دادەنیشتن و بەساڵاچووان داستانی سەرمای ئەسفند یان (رەشەمە) بە درود و رەحمەت دەگێڕایەوە، دایکانیش سنی چەرەزاتیان دەهێنا، چەرەزاتی چوارشەممە سووری بریتییە لە هەنجیر، کشمیش، خورما، تۆی وشک، بندق و بادام هەروەها چەرەزاتی چوارشەممە سوورە ئەمانەشی تیایە: میوەی وشک، شابەلوت و کاکلە گوێز.

بەناوبانگترین قاسید و پەیامبەری نەورۆز حاجی فەیروزە،کە لە ڕۆژی چوارشەممە سوورە بە ڕووی ڕەشکراو کراس و شەلوارێکی ڕەنگ سوور و کەوشێکی نوک تیژی بە گولینگە و کراوێکی درێژی بە گولینگ و دەفەیەکی بە دەستەوەیە و جۆرەها شتی سەیر و سەمەرەی بەخۆوە کردووە و شار بەشار و ئاوایی بە ئاوایی و کۆڵان بە کۆڵان بەڕوێکی پێکەنین و خەندە لەسەر لێوان دەگەڕێت و هەڵبەستی بەختەوەری دەچڕێت و مژدەی هاتنی جەژنی نەورۆز بە خەڵک دەگەیەنێت. جا ئەو پەیام هێنەرە بەر لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ئێران بە فەیروز دەناسرا، بەڵام لەسەردەمی ئیسلام ناسناوی حاجی بۆ فەیروز زیاد کرا و بوو بە حاجی فەیروز، ئەوەش ڕێزگرتنێکە لە ئیسلام بەهۆی ئەوەی ئەم داب و نەریتە بەردەوام بوو و درێژەی پێدرا.

جا لەسەر سفرەی ئەو ڕۆژە دەبێت ئەو شتانە دابندرێت کە ناوی لە پەرتووکە ئاسمانییەکان هاتبێت، لەوانە گۆزەی ئاو و نان، کە نیشانەی خێر و بەرەکەتە، شیری تازە، پەنیر، خورما، کە خواردنێ بووە پاشایانی ساسانی لە بەیانییەکی نەورۆز دەیانخوار، هەروەها لە ڕۆژی دوایی ساڵ شیر دەخورایەوە کە واتای ژیان و دروست بوونی مرۆڤە، هەروەها هێلکەی مریشکیان لەسەر سفرەکە دادەنا کە واتای درێژە

پێدانی ژیان دەگەیەنێت، شتەکانی دیکەی سەر سفرەکەش بریتی بوو لە ئاوێنە، کونجی، سنجد، کە نیشانەی عاشق و زایین و لە دایک بوونە، سێو ڕازو ڕەمزی عاشقانە و هەنار میوەی درەختێکی پیرۆزە، پارە نیشانەی بەرەکەتی دارایی و سامانە، گولی درەختی بیدمشک گولێگە کە لەمانگی ئەسفەند شین دەبێت دواتر بەناو هێنانی شەمع و ئاهورامەزدا و شەش خواردنی کە بەپیتی (ش) دەست پێدەکات وەک: شەمع، شیرینی، شەراب، شیر، شەربەت، شەکر، شەهد، دەست بە خواردنی سفرەکە دەکرا.

## ڕەژوو دروستکردن



ڕەژوو دروستکردن دارستانان قڕ دەکات، بۆیە دەبینین لەو ناوچانەی کە لە کۆنەوە بە دروستکردنی ڕەژوو خەریکن، روتەن و مەگەر لە شوێنە سەخت و دووردەستەکانی دارودرەخت مابن، بەڵام ئەوە چەند ساڵێکە حوکمەتی کوردستان ڕەژوو دروستکردنی لە کوردستانی باشوور قەدەغەکردووە و ئەوی دروستی بکات سزا دەدرێت، ڕەژوو لە هەموو جۆرە دارێک دروست دەکرێت بەڵام لە هەموویان باشتر ڕەژووی دار بەڕووە بەهۆی ئەوەی زیاتر لە ڕەژووی دارەکانی دیکە بە گەشی دەمێنێتەوە و درەنگتر دادەمرکێتەوە، بۆیە بەهای ڕەژووی دار بەڕوو لە بەهای ڕەژووی دارەکانی دیکە گرانترە، بەم دواییەش ڕەژووکەران فێڵیان لە ڕەژوو دەکرد بە تێکەڵکردنی ڕەژووی دار ئەسپیندار بە ڕەژووی دار بەڕوو جا بۆ دروستکردنی ڕەژوو سەرەتا دار لە چیا دەبڕدرێت بەشێوەیەکی ڕێکو پێک ڕیز دەکرێت و لەشێوەی قەڵات دادەنرێت و لە بانەوە کونێک بەجێ دەهێڵدرێت بۆ ئاگر تێبەردانی، دواتر ئەم قەڵاتە دارە بە پووش

دادەپۆشرێت و دواتر بە قوڕ سواق دەدرێت بۆ ئەوەی هەوا نەکێشێت، ئینجا لەبانەوە ئاگری تێبەردەبێت و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ یا ڕۆژو دانێک ئاگرەکە دەسووتێندرێت و دواتر کە ڕەژووەکە دروست بوو، ئاوی پێدا دەکەن و زیاتریش کەبابچی ڕەژوو دەکڕن بۆ سۆرکردنەوەی کەباب و تکە.

بەم دواییەش لەناوچەی شەقڵاوە کۆمەڵی دارەکەیان بە جەمەلۆن دادەپۆشی و لەژێرەوەش ئاگریان تێ بەردەدا و دوای دروستبوونی ڕەژووەکە ئاگرەکە بەخۆی دەکوژایەوە پێویستی بەئاو پێداکردن نەبوو.

## شاخە کوورە جوانترین دیمەنی پەلکانەیە



پەلکانە گوندێکە لە گوندەکانی کەندێناوە و نزیک بەزێی گچکە لەنێو شاخ و داخ و هەڵەت و پەڵەتی ئاقارێکی پڕ لە کانی و بیرە نەوت و کۆنە گۆڕستان و پاشماوەی ژمارەیەک لە کۆنە گوند هەڵکەوتووە.

ئەم گوندە بە شاخە کوورە بەناوبانگە، ئەو شاخەی بە درێژایی ساڵ ئاو لە ژێریەوە دەڕوات هەمیشە بووەتە سەیرانگای دانیشتوانی ئەم گوندە و پاشماوەیەکی زۆری نیشتەجێ بوون لە دەوروبەری ئەم شاخە دەبینرێت. مێژووی گوندی پەلکانەی ئەمڕۆ بۆ دەوروبەری (٢٢٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، بەڵام مێژووی کۆنە گوندەکان دیارنییە لە هەندێک لە پاشماوەی ئەم گوندانەی کەرپووچی (٥٠ × ٥٠) سم هەیە و گۆزە و جەرە و کەرەستەی ناو ماڵی لە قوڕ دروستکراو دۆزراوەتەوە، بەڵام لە هەندێکیان تەنها کەرستەی لەبەرد دروستکراو دۆزراوەتەوە. هەر گوندێکیش نزیک ئاوێک دروستکراوە، لەوانە پشماوەی گوندێکە

لەسەر گردێک کە بەسەر دۆڵێکدا دەڕوانێت و کانییەکی لێیە ئەمڕۆ بەبیری ڕەش دەناسرێت و جاران ئاوی لەبەر دەڕۆیشت و تا ساڵانی حەفتاکان گوندی پەلکانەی ئەمڕۆ سوودیان لێ وەردەگرت، دانیشتوانی ئەم گوندە دەڵێن لە لە شەستەکان چەند شوێنەوار ناسێک لە بەغدا هاتوونە و چەند کەرپووچ و پارچە گۆزەشیان بردووە. کۆنە گوندێکی دیکە لە نزیک شاخە کوورە هەڵکەوتووە، بەڵام پاشماوەی تاسولقەو کەرپووچی تیایەو هەموو کەرستەیەکیان لەبەرد دروست کردووە، گۆڕستانەکەشی کە بە گۆڕستانی ئەسحابان دەناسرێت لە نزیک ئەم شاخە هەڵکەوتووە و دەوروبەری (٨٠) گۆڕە پاشماوەیان ماوە و دەوری گۆڕەکان بە بەردی زۆر گەورە هەڵندراون، ئەگەر بێت و شوێنەوارناسان لێکۆڵینەوە لەم شوێنەوارونە بکەن زۆرشتی بن بەڕێ دێتە سەر بەڕێ و هەروەها ئەگەر ڕێگای قیرتاوکراو بۆ شاخەکوورە ببەن و داروباری لێ بروێنن، ئەوا بێگومان شاخەکوورە دەبێتە هاوینەهەوار.

تێبینی / ناوی گوندی پەلکانە لە پەلک بەواتای گرد هاتووە بەهۆی ئەوەی پەلکانە کەوتووەتە نێوان دوو ڕێزە گرد، دانێشتوانی گوندەکە و دەوروبەری لە ٢٠١٢ (١٠٠) ماڵ دەبوون.

## گۆڕی مام دەرمانی کوڕی مام دەرمان



لە کۆنەوە هەر کەسێکی لە ئایینەکانی غەیرە ئیسلام بهاتبایە سەر ئایینی ئیسلام بە شێخ ناوی دەهات و، دوای مردنی گۆڕەکەی دەبووە زیارەتگە و خەڵک بۆ مرازگرتن دەچوونە سەری، جا نموونەمان زۆرە لەو جۆرە کەسانە، لەوانە دەروێشی عەبدی کە بۆ خاتری کچی (زۆر تەمر) پاشای مللی دەبێتە ئیسلام، دوای شەهید کردنی، گۆڕەکەی کە لە ئوستانی ماردینە دەبێتە چاک و خەڵک زیارەتی دەکەن، (شێخ ئاودەڵ) دیان بووە و دوای ئەوەی دەبێتە ئیسلام و دوای مردنی گۆڕەکەی دەبێتە چاک و خەڵک بۆ چاکبوونەوە دەچنە سەری لە گوندی بەرەکەی خۆشناوەتی. (دەرمانی کوڕی دەرمان) مەڕدارێکی دەوڵەمەندی ئێزیدی بووە لە کەندێناوە و دەوروبەری (٢٥٠) ساڵ لەمەوبەر کە دەبێتە ئیسلام و دوای ئەوەی کۆچی دوایی دەکات، لە گۆڕستانی شێخ سمایل

له کەندێناوە دەینێژن و گۆڕەکەی وەک پیاو چاک خەڵک دەچنە سەری و لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە:

(مام دەرمان ابن مام دەرمان) متوفی سنة (١٢٢٨ هـ) بنەماڵەکەشی لەنێو هۆزەکانی ناوچەکە دەتوێنەوە.

(گۆڕستانی شێخ سمایل لەسەر گردێک بەرامبەر گوندی گابەرەکەی سەر بە ناحیەی سەرگەڕان هەڵکەوتووە و هەزاران گۆڕی تیایە لەوانەیە تەمەنی لە ٦٠٠ ساڵ کۆنتر بێت و گۆڕی مام دەرمان گومبەتێکی بۆ کراوە).



## بەردەسێر لە کولتووری دەشتی هەولێر



بەردەسێر برییتیە لە سێ بەرد و پەپکە قوڕێک، سەرەتا پەپکە قوڕەکەیان لەسەر سێ بەردەکە دادەنا و قشپل و دار و دڕیان لەبن ئاگر تێبەردەدا و لە بانەکەی شیویان لەسەر لێ دەنا و ئاویان گەرم دەکرد و ماڵەکەشییان پێ گەرم دەکردەوە، جا دوای ئەوەی دەخەوتن، مشکییەکەیان بەسەر پۆلییە ئاگرەکانی دادەکرد و پەپکە قوڕەکەشییان لەسەر مشکییەکە دادەنا.

بەردێکیشیان دەخستەسەر پەپکە قوڕەکە، بۆ ئەوەی هەر کاتێ بیانەوێ ئاگرەکە داگیرسێننەوە، ئاگر کردنەوەش بەبەرد و بەردەستێ بوو، پاشان شەمچەش پەیدابوو، جا ئەو ئافرەتەی کابان بوایە بە یەک هەفتە دەنکە شەمچەیەکی لێ دەدا، ئەوەی کابانیش نەبوایە زوو شەمچەی کۆتایی پێ دەهێنا، ئەگەر نەبوەش بوایە، هەر دەبوایە لەگەش کردنەوە بەردەسێری دراوسێیان بەهۆی دەسکە قەسەرێک ئاگری بهێنایە، دوای ئەوەی تەنەکە و بەرمیلیش پەیدابوو، بەردەسێر بانەکەی تەنەکەبوو یا بەرمیل و دواتر لەجیاتی بەردەسێر سێکوچکەی ئاسن بەدەرکەوت.

## کونه بەفر، بەفرگری سروشتییه



لە کوردستان زۆر زەندۆر هەیە بەهۆی ساردی شوێنەکەی ئاو و بەفرەکەی کە دەکەوێتە ناوی دەیبەستێت و دەبێتە سەهۆڵ، جا زەندۆری وا هەیە زۆە سەختە و دەبێت بە گوریس یەکتری ڕەوانەی خوارەوە بکەن. زەندۆری واش هەیە سەخت نییە و تەنانەت ئافرەتیش دەیگاتێ، جا لەکاتی هاوین دانیشتوانی گوندە نزیکەکانی ئەم کونە بەفرانە بە کۆمەڵ دەچوون و ئەم سەهۆڵەیان لە شێوەی قالب دەبڕی و هەڵیان دەکەند. بۆ ئەوەی بە باشی لەسەر پشتییان بەگوریسی بیبەستن، هەمیشە گۆرانی تایبەتیان لە چوونە سەهۆڵان گوتووە. جا دوای ئەوەی تفرەکەی سەریان لادەبرد نەوەک تۆز و زیندەوەری کەوتبێتە سەر، ئینجا بە تەوشوان ئەم سەهۆڵەیان لە شێوەی ب قالب دەبڕی و هەڵیان دەکەند ئینجا ئافرەتان بە گوریس لە پشتیان هەڵدەداو دەیانهێناوە

گوندی و لەسەر کەپرۆکەکیان دادەنا و مەنجەڵێکیان لە ژێرەوە دادەنا و هێدی هێدی خۆر لە بەفرەکەی دەدا و دەتوایە ناو مەنجەڵەکە، لە کوردستانی باشوور کونەبەفر لەچیای گارە و ناوچەی بارزان و قەندیل هەیە

تێبینی / چاڵە بەفر جیایە لە کونە بەفر، چاڵە بەفر بەدەستی لێ دەدرێ و دوای بەفربارین پڕ دەبێت لە بەفر و دەیبەستی و ئینجا هەندێک پووشی دەخەنە سەر و هاوینان دانیشتوانی چیا بۆ دەشت و گەرمەسێرەکان دەیانبرد و بەگەنم و جۆیان دەگۆڕییەوە. دەبوایە کاروانی سەهۆڵ بەشەو بەڕێ بکەوتایە و بۆ بەیانی بگەیشتبوایە ئەو گوندەی مەبەستیەتی نەوەک سەهۆڵەکە لە رێگا بتاوێتەوە.

## ئاوی بنبەردی دەبێتە هاوینە هەواری مەخموور



ئاوی بنبەردی کانیاوێکە لە ژێر بەردێکی گەورەی بنار قەرەچووغ لە باکووری شارۆچکە مەخموور هەڵکەوتووە، تا ساڵانی شەستەکان ئاوی هەموو شارۆچکەی مەخمووری دابین دەکرد.

جاران دەوروبەری ئەم کانییە جۆرەها درەختی لێبووە تا ساڵانی شەستەکان چوار بنە هەنجیری لێمابوو بەردەوام هەنجیریان دەگرت، جۆرەها باڵندەش لەسەر ئەم ئاوە دەبینرا وەک: سۆرەقان، مریشکەرەشە و مراوی کێوی... هتد، ئاوەکە زۆر زیاتر بوو، بەردەکەش زۆر گەورە بووە و وەک کەپکە شاخێک وابووە، ئیتر مەخموور بەچوار ئاو ناسراوە: ئاوی بنبەردی، ئاوی شەحادە، ئاوی بەلبەل، ئاوی گڕاو، جاران ئاوی گڕاو و ئاوی بنبەردی شینایيان لەبەر دەکرا و زۆر جار برنجیشیان لەبەر دەکرا.

بەتەمەنەکانی مەخموور دەڵێن: بەر لەوەی برایماغا ماڵەکەی بێنێتە قەراتی کاولە مەخموور، ئەوکات ئەم قەڵاتە هەشت نۆ ماڵێکی لێ بووە و ئەم کانیە سەرچاوەی ئاوی ئەوان بووە، دوای ئەوەی برایماغا بەر لە ساڵی ١٩٠٠ لەوێ نیشتەجێ دەبێت، ژمارەی ماڵەکانی قەراتی کاولە مەخموور دەبێتە (١٣) ماڵ و بەردەوام بەرەو زیادی دەڕوات، برایماغا ڕێرەوی ئاوەکە بەرەو دەرگای ڕۆژهەڵاتی قەڵاتەکە دەگۆڕێت کە ئەوکات قەڵا چوار دەرگای هەبووە، ئینجا هەر (١٣) ماڵ بە ماڵی ئاغاشەوە ڕەزیان لەبەر ئەو ئاوە دەکرد و لە قەڵاتەوە تا دەگاتە سەرچاوەکەی هەمووی قامیش و زەل و زیک و ژاژ بوو، جا دوای ئەوەی حکومەتی عوسمانی دوو قشلە یەک بۆ پیادە و یەک بۆ هێستران لەگەڵ نەخۆشخانەیەک و دوو چایخانە و دەوروبەری (٢٠) دوکان لە شوێنی ئەمڕۆی مەخموور دروست دەکات و دەیکات بە حکومەت نشین و بڕیاری گواستنەوەی دانیشتوانی قەراتی مەخموور بۆ شارۆچکە نوێیەکە دەدات بەناوی شارۆچکەی مەخموور، بەڵام برایماغا رازی



نابێت، کە هەمیشە دەوروبەری (١٢٠) سواری هەبووە لە گوندەکانی قەراج و کەندێناوە، بۆیە گرنگ بە بڕیاری حکومەت نادات و دەچێتە چیای قەرەچووغ، بەڵام دانیشتوانی قەرات دەگوازنەوە و لەدوای ساڵانی بیستەکان ژمارەی ماڵەکانی شارۆچکەی مەخموور لە (١٥٠) ماڵ تێپەڕ دەکات و هەر ماڵێک ساردایوێک لەبەردەم ماڵەکەی دروست دەکات و شەوانە لە ئاوی بنبەردی پڕی دەکات و سەرەڕای ئەوەی کە مەڕوماڵاتەکانیان لە ئاوی بنبەردی ئاو دەدەن، دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە هەر یەکەو لە نزیک ماڵەکەی رەزێکی لەبەر ئەم ئاوە کردبوو، سەرەڕای شینایی کردن لەم ئاوە.

ئەحمەد حەمبال کە لە هۆزی سوورچی بوو سەرپەرشتی ئەم ئاوەی دەکرد لە دابەشکردن و پاراستنی جۆگەکە لە پڕبوونەوە.

هەر سێ مانگ جارێک دانیشتوانەکە بە هەرەوەزی جۆگەکەیان لە زەل و زیک و قوڕ و لیتە پاک دەکردەوە، ئەو ئاوەش موڵکی میری بوو، بۆیە بە ئاوی میری ناسرابوو.

لە ساڵی ١٩٤٩ دا رەمەزان سالح خانوویەک لە نزیک سەرچاوەی ئاوەکە دروست دەکات بۆ پاراستنی ئاوەکە و هاوینانیش وەک هاوینەهەوار لەوێ دەمایەوە، بەڵام حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٨ دا ئەم خانووەی کاول کرد و ئاوی بنبردێشی گرت لەگەڵ پڕکردنەوەی هەر (١٢) بیرەکەی مەخموور، ئینجا بە بۆڕی لە پڕۆژەی ئاوی گەیارە ئاوی بۆ مەخموور راکێشا، لەو کاتەشەوە تاکو ئەمڕۆ دانیشتوانی مەخموور ئاویان بەتەواوی بۆ دابین نەکراوە، مەبەستی حوکمەتیش لەوە ئاوی مەخموور بخاتە ژێر دەستی خۆی.

لە دوای ئازادبوونی عێراقیش حوکمەتی هەرێم دەوروبەری چاوگەی ئاوەکەی چیمەنتۆ کردووە و حەوزێکی لەبەر کردووە و دەوروبەری (١٠٠٠) درەختیشی لێ رواندووە.

کۆپلەیەک لە حەیرانێک کە ئاوی بنبەردی تیاهاتووە

حەیران... ئەمن چەندی گاز دەکەم گەلەک بریندارم خەجیجێ، بە مەکری زۆر، بەلەنجەی ئایشۆکێ، شەوێ لە سێباران نیوە شەوێ، دەچمە جێی ژوانێ بۆن کەم قۆرتی گەردەنێ، راست و چۆپی خەناوکێ، دیاریێ خۆم وێدا کلدان لەگەڵ نەینووکێ، بەژنی وە زاڵم بابەی لەبۆ من بمینێ بە کارو کار غەزالەکی سۆرغەری کوورەکەی دوومانگی وەکی چێشتاوێ خۆی دەکاتەوە لە ئاوی بنبەردی، دەلەوەڕێتەوە لە شوورەیا، مەخمووری، هێوارە دڕەنگە قەیماتی یا خۆی داوێتە مەعبەینی سیرمە و گەزۆکی.

تێبینی

جاران ئافرەتانی ڕەوەند و مەڕدار ئاویان لە ئاوی بنبەردی دەبرد بۆ مەشکە هەژاندن،

دەیانووت ئەو ئاوە چەورە سوودی هەیە بۆ دروست کردنی کەرە (نویشک) و دۆیەکەشی بەچێژ دەبێت.

• جاران کە بەردەکەیان نەشکاندبوو، شوانان هەمیشە لەسەر بەردەکە شمشالیان لێ دەدا.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لە قسەکانی ئەم بەڕێزانە وەرگرت: مەحموود ڕەمەزان سالح و نورەدین محێدین، هەردووکیان دانیشتووی شارۆچکەی مەخموورن.

## ئەشکەوتی جۆنا لەکۆنەوە مرۆڤی تیا نیشتەجێ بووە



ئەشکەوتی جۆنا ڕووبەرەکەی دەوروبەری (١٥٠) مەتر دووجا دەبێت لە دۆڵێکی سەختی پڕ لە داروبار لە قەد شاخێک لە چیای ئاکرێ هەڵکەوتووە، بەرزایی ئەشکەوتەکە (٢٠) مەتر دەبێت لە بانەوە لە درزێک ڕووناکی دێتە ژوورەوە، سەری درزەکەش تاشە بەردێکی زۆر گەورە وەک چەتر کەوتۆتە بان درزەکەو بووەتە هۆی نەهاتنە ژوورەوەی بەفرو باران، بە تەمەنەکانی ناو ئەشکەوتەکە دەڵێن: زۆر پێ دەچێت مرۆڤ ئەم تاشە بەردەیەی زۆر بەڕێکی و بەشێوەیەکی ئەندازەیی لەسەر ئەم کونە دانابێت، بەڵام لەبەر گەورەی تاشە بەردەکە و سەختی سەری ئەشکەوتەکە، عەقڵ نایبڕێت کە مرۆڤ دایینابێت.

ئەشکەوتەکە هاوینان زۆر فێنکە و زستانان گەرمە، دوو خانووی لە بەردی داتاشراوی زۆر کۆنی تێدایە یەکێکیان لە ناوەڕاستی ئەشکەوتەکە هەڵکەوتووە و بریتییە لە دوو چین، هەر چینەی بریتییە لە



سێ چاوە، خانووەکەی دیکەش کە لە دوو چاوە پێک هاتووە لە تەنیشتی لای خۆرهەڵاتیش، خانوویەکی دوو ژووریش لەبەردەم ئەشکەوتەکە بەلای ڕاستییەوە هەڵکەوتووە، ئەم خانووانە بەقەسری جۆنا یا قەسری مالا شێر دەناسرێت، بە ئەشکەوتەکەش دەڵێن ئەشکەوتی جۆنا، بنەبانی ئەشکەوتەکەش دیوارەکەی کۆڵدراوە و حەوزێکی لێ دروستکراوە و ئاو بە دیواری ئەشکەوتەکەدا دێتە خوارەوە و دڕژێتە ناو حەوزەکە، کاتی خۆی ئاوی دانیشتوانی ناو ئەشکەوتەکەی دابین کردووە، بەڵام ئەمڕۆ ئاوەکەی کەم کردووە، هەروەها دیواری ئەشکەوتەکە ژمارەیەک کون و دەلاقەی لێ هەڵکەندراوە، خانووەکان و کون و کەلەبەرەکان بۆ سەردەمی دانیشتوانی کۆنی ئەشکەوتەکە واتە ئێزدیان دەگەڕێتەوە، هەر لە نزیک ئەم ئەشکەوتە دوو کاولە گوندی ئێزدیان هەیە، یەکێکیان لە باشووری ئەشکەوتی جۆنا نزیک بەکانی داسنیا هەڵکەوتووە، بەداخەوە بە هۆی سەختی شوێنەکەی و هەبوونی دڕک و داڵ نەمانتوانی ئەم کاولە گوندە ببینین، کاولە گوندەکەی دیکەش لە دەرکی گەلی زەنتە هەڵکەوتووە، بەڵام ئەویش بووەتە قوربانی پردەکە، لەکاتی دروستکردنی پردەکە، کاول دەکرێت.



بەقسـەی دانیشـتوان، ئێـزدی ئەشـکەوتی جۆنـا و هەر دوو گونـدەکە لەسـەردەمی پاشـای کـۆرە ئەوێ بەجێـدێڵن و چەنـد ماڵێکی زێبـاری لە قەسـری مـاڵا شـێری ئەم ئەشـکەوتە نیشتەجێ دەبن و دانیشـتوانی ئەمـڕۆی (جۆنـا)ش نەوەی ئەو چەند ماڵە زێبارییەن، جا ئەم زێبارییـانە خـانوییەکی دیـکەش لەنـاو ئەشـکەوت و لەبەردەم ئەشـکەوتەکە دروسـت دەکەن، دواتـر بەهـۆی زۆر بـوونی ژمارەیـان هەنـدێکیان دێنە دەرەوە لە ئەشـکەوتەکە و لەخـوارەوەی چیاکە خـانوو دروسـت دەکەن، ئەوانـی دیـکەش ئەوە سـێ سـاڵە لە ئەشـکەوتەکە هـاتوونەتە دەرەوە و لەبەردەم ئەشـکەوتەکە لەسـەر ڕێـگەی سـەرەکی خانوویـان دروسـت کـردووە و حـوکمەتی هەرێمـیش قوتابخـانەی بـۆ دروسـت کـردوون و ئەمـڕۆکە بەگونـدی جۆنـا دەناسـرێت، ئەشکەوتی جۆنـا و دەوروبەری پاشـماوەی نیشـتەجێ بـوونی زۆر کـۆنی لـێ بەدی دەکرێـت، لەوانە دیوارێکە بە بەردی گەورە دروست کراوە وەک حەوشێک وایە لەبەردەم ئەشـکەوتەکە، هەروەهـا زۆر بەرد لە شـێوەی تەنـوور و ئـاخوڕ هەڵکەندراوە و نازاندرێت هی چ سەردەمێکن جا ئەشکەوتی جۆنا دەکرێ وەک هـاوینە هەوارێـک و شـوێنەوارێکی دێـرین گرنگـی پێبـدرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

# پردە دێرینەکانی ئاکرێ

بەهۆی بەرزی و نزمی خاکی کوردستان، ڕووبار و کەندەکانی پێویستیان بەدروستکردنی پرد هەبووە. بۆ بەیەک گەیاندنی ناوچەکان و گەڕەکەکان و گەیشتن بە پەرستگاکان، هەروەها لەسەر ڕێگای کاروانچیان دروستکراوە.

جا پردە گەورەکان کە لەسەر ڕێگە سەرەکییەکانن لەلایەن حوکمەتەکان و کاربەدەستان دروستکراوە، پردە گچکەکانیش بەتایبەتی ناو شارەکان لەلایەن دەرەبەگ و پیاوانی ئایینی دروست دەکران.

ڕەوەندەکانیش پردی لەداریان لەسەر ڕێگەی هەوارەکانیان لەگەرمیان و کوێستان لەسەر ڕووبارەکان دروست دەکرد. ئەم جۆرەیان تاکو ئەمڕۆ ڕەوەندەکان و پێشمەرگەکان دروستی دەکەن.

شارۆچکەی ئاکرێ بەهۆی هەڵکەوتنی لەهوندوڕ چیا دووشیوی بەناوی بەغا و کوکا بەهۆی کانیاوەکانی وەک سەرۆکانی میری، کانی زەرک، کانی خەچکێ و کانی حەسۆ وەک دوو ڕووباری گچکەیان لێ هاتووە کە بووەتە مەرجی نیشتەجێ بوون.. جاران بێجگە لە موسڵمان ئێزدی و جوولەکە و فەلەی تیا بوو کە هەر یەکەو گەڕەکێکیان هەبوو.. بەر لە گەیشتن و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ئاکرێ، زەردەشتیش هەبوون، کە تاکو ئەمڕۆ ئاتەشکەدە و شوێنی نیشتەجێ بوونی میرزەندی پاشاکەیان هەرماوە. جا دوو رووبارەکە چەند پردێکی دێرینیان لەسەر دروستکراوە، کە مێژووی دروستکردنیان مەگەر شوێنەوار ناسان بزانن دووانیان لەسەر رووبارەکەی بەری ڕۆژهەڵات دروستکراوە، بەمەبەستی بەستنەوەی ئاکرێ بەناوچەی سورچیان و چەند پردێکیش لە رووبارەکەی بەری ڕۆژئاوا دروست کراون. هەمووشیان بەبەرد و گەچ بەشێوەی تاق دروستکراون لەوانە پردی

مەندان پردی سیپە، پردی کوکا، پردی کەنیشتا جوا، کە لەنێوان گەڕەکی چوستی کە گەڕەکێکی جوولەکانە و نێوان کەنیشتی پەرستگەکەیان دروست کراوە. کە تاکو ئەمڕۆ شوێنەواری خانەوادەکان و پەرستگەکە هەرماوە.

لە تەنیشت ئەم پردە بەردێکی گەورە لە شێوەی شاخ دایە و لە زەوی چووەتە خوارەوە.

دەرگایەکی لێ کراوەتەوە و ناوەکەی لەشێوەی ژوورێکی دەوروبەری ٨م × ٤م دروستکراوە، وا پێدەچێت شوێنی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ بێت، هەر ئەم شاخە لایەکی لە شێوەی دیوار بڕدراوە و وەک دیواری حەوشە بڕدراوە، تا بەم دواییە ماڵەکانی دوروبەری کردبوویانە تەویلە و گوێدرێژ و هێستریان لێ دەبەستایەوە، دواتر بەهۆی فراوانکردنی ڕێگاکەی بەردەم ئەشکەوتەکە چیمەنتۆ کراو دەرگا، گچکە کە کرایەوە و مرۆڤ ناتوانێ بچێتە ژوورەوە، بەداخەوە کە ئەو شوێنەوارە دێرینە لەجیاتی ئەوەی توێژینەوەی لەسەر بکرێت و بکرێتە چایخانەیەک و ئاشنا بکرێت پڕ کراوە لە زبڵ و پەراوێز کراوە و پشتگوێ خراوە.

تێبینی: لەکوردستان پردی دێرین زۆرن، بەڵام بەداخەوە بەرەبەرە لەناو دەچن بەبێ ئەوەی وێنەیان بگیرێ یا شتێکیان لەسەر بنووسرێ تاکو ئەمڕۆ ژمارەیەک لە پردی دێرین لە بادینان دەبیندرێن و پێویستیان بە پاراستن و نۆژەنکردنەوە هەیە، کە هەندێکیان بۆ سەردەمی ڕۆمانی و هەندێکینا بۆ سەردەمی میرنشینی بادینان دەگەڕێنەوە لەوانە پردی بیشوکێ لە سندی، کە بریتییە لە سێ چاوە، کە لەلایەن ڕۆمانەکانەوە بە بەرد و گەچ دروستکراوە پردی بلبل هەر لەسندی، لەلایەن میرنشینی بادینان دروستکراوە.

## گوسکێ تاکە کوێستانی دینارتێ



گوسکێ گوندێکی دۆڵی زێبارەتیە و سەر بە ناحیەی دینارتەیە لەسەر بەرزاییەک هەڵکەوتووە هەموو لایەکی بەچیا دەورە دراوە، بە چلەی هاوین هەست بە گەرما ناکەیت، بەهۆی ئاوی زۆری، گوندەکە یەک پارچە رەز و باخە، دوای راپەڕین بندق و فستقیشیان لێ رواندووە، ئەگەر رێگایە پێچاو پێچەکە نەبێت کەس نازانێت گوندەکە لەکوێ هەڵکەوتووە.

لە گەرمەی جەنگی یەکەمی جیهانی دەوروبەری سەد ماڵ لەکوردی باکووری کوردستان لەم گوندە بۆ ماوەی چەند مانگێک گیرساونەتەوە.

ساڵی ١٩٢٠ – ١٩٢١ بەریتانیا ئەم گوندەی دایە فەلەی تیاری کە لەبەردەم سوپای تورکیا ڕایان کردبوو، دواتر بەهۆی پاڵەپەستۆی خەڵک گوندیان بەجێ هێشت.

ئەم گوندە بەهۆی پاشماوە دێرینەکانی وا پێ دەچێت زۆر کۆن بێت، ئەمڕۆکەش چەند گۆڕستانێکی کۆنی تیا دەبیندرێت لەوانە گۆڕستانێکە دەوروبەری (٣٠٠) گۆڕی شێوە بازنەیی تێدایە، هەروەها پاشماوەی خانووبەری زۆری تێدایە لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەشکەوت کەوا پێ دەچێت کاتی خۆی مرۆڤ لەناو ئەم ئەشکەوتانە ژیاون، لەوانە شکەفتا دیرۆکی، کاولە گولەزەر، کاولە گوندێ ژێری، ملێ کانی کەوا، قۆپی گولەزەر.

تێبینی / گۆسکی لەساڵی ٢٠٠٠، (١٤) ماڵ بوو و گازینۆیەکی گەشت و گوزاری لێ کراوەتەوە گۆسکێ لە گوزکی، گۆز، گوێز هاتووە، بەهۆی ئەوەی گوندەکە پڕ لە دار گوێزە.



# شوێنەوارە دێرینەکانی گەلیەکانی قەرەچوغ



گوندەکانی دەشتی هەولێر هەر لە بەستۆڕە تا دەگاتە زوورگەزراو ئەگەر لەسەر کانی دروست نەکرابن، ئەوا لەسەر ئاوی کارێزەکان دروست کراون گوندەکانی کەندێناوەش هەر هەموویان لەسەر کانی دروست کراون، تا ئەمڕۆش هەندێکیان تا سەرەتای هاوین ئاویان دەمێنێ، لەوانە ئاوی کانی سەرچاوەی گوندی جانەیە گوندەکانی هەر دوو بەری چیای قەرەچوغیش بەهەمان شێوە لەسەر کانیاو دروست کراون بەڵام بەهۆی کەم بوونی ئاوەکانیان یا وشک بوونیان هەندێک لە گوندەکان گواستیانەوە لە بنار چیا، لەوانە گوندی دارە خورمایە کە لەسەر دوکانی (کانی پیاوان) و (کانی ژنان) دروست کرابوو، تاکو ئەمڕۆ ئەگەر ساڵ بە باران بێ تا سەرەتای هاوین ئاویان لەبەر دەڕوا جا بەهۆی هەبوونی ئاو لە گەلیەکان مرۆڤ لە دێر زەمانەوە ئاوایی لە ئەشکەوتەکانی ئەم گەلیانە دروست کردووە، کە ئەمڕۆ پاشماوەی

هەندێک لەم ئاواییانە ماوە لەوانە گەلی شوشەیە کە ئەشکەوتێکی تێدایە لە ژوورەوە بە بەرد و گەچ چەند ژوورێکی تیا دروست کراوە، دانیشتوانی ناوچەکە دەڵێن لە باپیرانمانەوە نەمان زانیوە کە کەس لێرە نیشتەجێ بوو بێ.

هەروەها گەلی سەنگەران کە بەرووی قەراجەوەیە لە تەک گەلیەکانی مەنجەران و خەزەران وشوشە هەڵکەوتووە، شوێنەواری نیشتەجێ بوونی مرۆڤی پێوە دیارە سەرچاوەیەکی ئاو لە قوڵایی گەلیەکە لەشوێنێکی سەخت هەر ماوە کە پڕ لە دار و بارە، کە جاران ئاوی ئەم کانییە لەبەری دەڕۆیشت، هەروەها بەردەوام سەرە تیروپارەی سەردەمی ئیسلامیان تیا دەدۆزییەوە، یەک لە شەڕەکانی بابان و سۆران لەم گەلیە روویداوە. کە لە ئەنجام لەشکری بابان دەشکێ جا بۆیە ئەم گەلیە بە گەلی سەنگەران ناوی دەکردووە.

سەیرترین ئەشکەوتی ئەم گەلیە ئەشکەوتێکە کە بەدەست دروست کراوە هەیوانەکەشی شاخی تراشراوە.

هیوادارم بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر لێکۆڵینەوەیەک لەم گەلیانە بکات.

## شوێنەوارە دێرینەکانی چیای قەرەچوغ



چیای قەرەچوغ کەوتۆتە سنووری نێوان کەندێناوە و قەراج تا سەد و پەنجا ساڵێک لەمەوبەر وەک چیای سەفین بە دار و بار بووە و پڕ بووە لە کانی و جۆرەها ئاژەڵی کێوی تیا ژیاوە. بەڵام ئەمڕۆ تەنها لەشوێنە سەختەکانی و داروباری ماوە و ئاژەڵی کێویش کەم بۆتەوە، زۆربەی کانیەکانیشی وشکی کردووە مەگەر ساڵی بە بارانان ببوژێنەوە.

ئەمڕۆ سێ گۆڕستانی زۆر گەورەی موسڵمانان لەم چیایە دەبیندرێت، گۆڕستانی کورتان دروو، گۆڕستانی حوسێنی غازی و گۆڕستانی دارە بزمارە، هەروەها چەندین گۆڕستانی دیکە دەبیندرێت کە بە گۆڕستانی غەیرەدینان یاگاوران دەناسرێت، لەوانە گۆڕستانەکەی کاولە کەندارەیە کە ڕووی گۆڕەکان لە چەند لایەکەوەیە، هەمووشیان گۆڕی یەک سەردەمن کە لەسەر گردێک هەڵکەوتوون. شوێنەواری ئاوایی لەسەر ئەم گردە و کەندارەکەی دەبیندریت بۆ نموونە لە کەندارەکەی لە چەندین جێگە دیوار ماوە.

وا پێ دەچێت دانیشتوانی ئەو گوندە لەسەر ئایینی جۆراوجۆری وەک زەردەشتی و دیان بوون و زۆر بەبێ کێشە و دووبەرەکایەتی ژیاون. بۆیە گۆڕەکانیان تێکەڵن، دانیشتوانی گوندەکە دەڵێن ئێمە ١٢٠ ساڵ دەبێ گواستومانەتەوە لە کاولە کەندار بۆ شوێنی ئەمڕۆ.

هۆیەکەشی بێ ئاوی بووە، هەروەها لە گردی گردپاشای گوندی چەڵتوک خانووبەرە لە ژێر گرد دەرکوتووە بە تەمەنەکان دەڵێن نەمانزانیوە خانوو لەبن ئەم گردە هەبووبێ، بەڵام بەداخەوە دانیشتوانەکە هەندێک لە دیوارەکەیان ڕماندووە و بەردەکانیان بردووە هیوادارم بەڕێوە بەرایەتی شوێنەوار ئەم شوێنەوارانە بپارێزی کە ئەرکی سەرشانیەتی.

## خانوو چۆن دروست دەکرا؟



هەر ماڵێک بە تایبەتی هەبووەکان خانوویان لە چەند ژوورێک پێکهاتبوو کە لە تەنیشت یەکتری بە شێوەی کەوانە یا نیوە بازنە دروستدەکرا، رووی ژووری دانیشتن یا میوانان لە تەنیشت لای راستی ژووری ماڵەوە (ژووری خەوتن) بوو، ژووری ماڵەوەش لابیانی هەبوو کە تایبەت بوو بە خۆراک واتە کۆگەی خۆراک بوو، لەلایەکی دیکەش ناندین و لە تەنیشت ئەم دوو ژوورەشەوە ژوورەکانی دیکە دروستدەکرا وەک هۆری مەڕان، ژووری وڵاخان (تەوێڵەی وڵاخان)، ژووری دار و دڕ و قشپل، دوو ژووریش لەو دەی کایێ بوو.

خانووەکانیش لە خشت دروست دەکران جا چ لانکانی بوایە یا مەشکانی، زۆر جاریش بە هەرەوەزی، کاریتەو شەقرەکەی لە خۆشناوان دەکڕا کە بە باری هێستر دەیانهێنا، هەراشەکەشی بریتی بوو لە کەبەر هەندێ جاریش (کفر)ی دەشتەکەیان دەهێنا، ئەگەر ساڵیش دڕەنگ بووایە، ئەوا حەسیریان لە دەو ئاوی قوشتەپە دەبڕی بۆ هەراشی خانووەکانیان ئینجا قەسەریان دەخستە سەر هەراشەکە و



دواتر سواقیان دەدا مەگەر بەدەگمەن ماڵ هەبووایە حەوشەی هەبووایە لە گوند، هەرماڵێکیش بەتایبەتی خاوەن مەڕ و ماڵات بیرێکی نزیک ماڵەکەی لێدەدا، ئەگەر بیر لە نەورایی بایە زووتر دەگەیشتە ئاوێ و ساڵانەش بەتایبەتی لە پایزان یا کۆتایی هاوین پاراوی دەکردەوە بەهۆی ئەوەی ئاو لەم وەرزە کەمی دەکرد بەتایبەتی لە وشکە ساڵی، پاراوکردنەکەشی فڕەدانی قوڕ و لیتە و قوڵکردنی دەوروبەری نیو مەترێک، جا گوندی وا هەبووە (٢٠ – ٢٥) بیری تیا بووە ئاغاش بیری خۆی هەبوو لەدەوری هەر بیرێکیش دیوارێک دروست دەکرا بۆ ئەوەی بیرەکە لە هەموو شتێک بپارێزێت، لە تەنیشت دیوارەکەش کۆڵ بۆ ئاژەڵ دروست دەکرا، ئەوەی مەڕیشی زۆر بوایە ئەوا حەوزەکی دروست دەکرد، بەر لەوەی مەڕ و ماڵات بێنەوە حەوزەکەی پڕ ئاو دەکرد.

* دەبوایە حکومەتی هەرێم بە مەرج پارەی پێشینەی دروستکردنی خانوو بەرەی بدابوایە گوندنشینان لە دروستکردنی خانووەکانیان، بەکەرستەی بەردو گەچ و... بۆئەوەی کولتوور بپارێزن.



## گۆڕستانێکی دێرین لە نزیک کلک مشک دۆزرایەوە



نێوان گەڕەکی کوردستان و گردی کلک مشک بەردەوام شوێنەواری دێرین و کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو و پارەی سەردەمە جیاجیاکانی لێ دەردەکەوێ، لێ بەداخەوە لە جیاتی ئەوەی سیمێکی لێ بدرێ و بپارێزرێت کەچی ئەوە (٣ – ٤) ساڵێکە بەردەوامە دەکرێتە بینایە و پێشانگای ئۆتۆمبێلان و هەر جارەی لەلایەک ورگی ئەم شوێنەوارە دێرینانە دەدڕن و بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێریش تەقەی سەری دێت.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ لە ئەنجامی هەڵکۆڵین، ژمارەیەک گۆڕی دێرین دۆزرانەوە کە لەناو تابوتی لەشێوەی بەلەم دابوون، لەگەڵ ژمارەیەک کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراو بەداخەوە بە شەفەفەڵ ورد و خاش کران و پارچەکانی لەم شوێنە کەوتبوون تەنها شوێنەواری دوو گۆڕ مابوون لە قەدی هەڵکۆڵینەکە، کە لە قوڵایی (٣ – ٤) م دابوو، یەکێکیان لە شێوەی بەلەم و ئەوی دیکە لەشێوەی شەش پاڵو دابوو

ئەوەی دووەمیان کە لە دوو بەش پێکهاتبوو بەشی سەرەوەی وەک دەرخۆنە خرابووە سەری کەڕووی دەرەوەی کەرپووچی کەوانەیی بوو، ڕووی ناوەوەی بە قوڕێکی ڕەنگ سپی زۆر بەهێز سواق درابوو.

تێبینی / لەسەرەتای ڕاپەڕین کە ماڵمان لەم شوێنە بوو، کە ئەو کاتی هێشتا شەقامی سەدی دروست نەکرابوو و دەوروبەری گردەکە شینایی بوو، ئەو ناوە هەموو کەرپووچ و کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراوی شکاو بوو هەروەها پارەی چەندین سەردەمی جیاجیای لێ دەدۆزرایەوە، یەکێکی دانیشتوی ئەم گەڕەکە بەردەوام پارەی کۆدەکردەوە گۆزەیەکی پڕ کردبوو لە پارەی سەردەمە جیاجیاکانی ئەم شوێنە، یەک لە پارەکان لە سفر دروست کرابوو، ڕووەکی وێنەی (شێر) ی لەسەر هەڵکەندرابوو ڕووەکەی دیکەی نووسرابوو، بەڵام نەدەخوێندرایەوە جا دوور نییە یاری شێر و خەتانێ لەم جۆرە پارەیە هاتبێت، هەرچەندە ڕووی وێنەکە وێنەی دیکەی لەسەر بێت.

• پێویستە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار لە گڵی ئەم قوڵتە بکۆڵێنەوە نەوەک پارچە شوێنەواری تێدایێت، بە زووترین کات بەدوای دابچێت بزانێ لەکوێ فڕەدراوە.



## جۆرەکانی تووتنی کوردستان و بازرگانی توتن لە هەولێر



سەرچاوە جیهانییەکان ئاماژە بە هەبوونی تووتن لە کیشوەری ئەمریکا دەکەن و گوایە سەرەتا (ئەمریکۆی گەڕیدە) هێناویەتیە ئەوروپا و تەنیا پاشاکان پێیان دەکرا، پاشان بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەوە، ناوی توتنیش وشەیەکی هیندییە سوورەکانە، بەڵام دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە تووتن لە ئەمریکاوە نەهاتۆتە کوردستان، بەڵکو لە زۆر کۆنەوە تووتن لە کوردستان چاندراوە و جۆری تووتنی کوردستانیش جیایە لەگەڵ جۆرەکانی تووتنی جیهان و لە کۆنەوەش وڵاتانی دەوروبەری کوردستان، لە کوردستانەوە تووتنیان بۆ دابین کراوە.

یەک لەم جۆرە تووتنە جیهانیانە جۆری (ساسۆن)ە کە دوای ڕاپەڕین زیاتر لە دەوروبەری شاری هەولێر دەچینرێت و توتنێکی خراپە و پەسند نییە، جا بەهۆی ئەوەی کە جگەرە کۆڕی کۆچک و دیوانی

خۆش کردووه و بووەتە خەم ڕەوێنی خەمباران و کات بەسەربردنی بێکاران، هەمیشە ڕەواجی هەبووە و خەڵکانێکی زۆر خەریکی چاندنی تووتن بووینە و خەڵکانێکی فرەش بازرگانیان پێوەکردووە، ژمارەیەک لە پۆلیسیش ڕەشەڕاویان بەدوای کاروانچیانی تووتن کردووە، جا بازرگانان بەشەو لەناوچە شاخاوییەکان تووتنیان باردەکرد و بۆ بەیانی دەگەیشتنە دەشت و پێدەشتەکان و بە ڕۆژ تووتنەکەیان لە گوندێک لە گوندەکان دەشاردەوە و ئێواران باریان دەکردەوە بۆ بەیانی تووتنیان دەگەیاندە جێگای مەبەست یا بۆ نێو عارەب و وتورکان، تووتن فرۆشەکان دەڵێن هەر لە کۆنەوە بازرگانی کردن بە تووتن قاچاغ بووە، لەبەر ئەوەی حکومەت بە نرخێکی کەم وەری دەگرت وە لە بازاڕیش زیاتری دەکرد.

### جۆرەکانی تووتنی کوردستان

تووتنی کوردستان دوو جۆربوو، بێشەمە واتە بۆندار، تووتنێکی باش بوو جۆرەکەی دیکەش پێیان دەگوت ڕەشۆکی تووتنێکی خراپ بوو هەر جۆرێک لەم دوو جۆرەش چەند ناوێکی هەیە تووتنی بێ شەمە تووتنێکی نەرمە، ئەگەر مێش بچێتە سەری لەبەر بۆنەکەی دەمرێ ڕووەکەکەی تەنها (٢ – ٣) بست بەرز دەبێتەوە بەجۆری خاکەکەی و خزمەتکردنی و وشک کردنەوەی گۆڕانی بەسەر دادێت، بۆ نموونە خاکی (زێوە و هەرتەل) باشترین خاکە بۆ تووتن جا بۆ ئەوەی تووتن باش دەربچی، واتە تام و بۆنی خۆش بێت ئەم مەرجانەی خوارەوەی پێویستە:

١- پێویستە تووێکی باش لە خاکێکی باش لەبەر سێبەر بچێندرێ و بە ئاوێکی سارد ئاو بدرێت.

٢- ئەو خاکەی کە تووتنی لێدەچێندرێت، پێویستە تەواو بە میزی مەڕ و ماڵات تێرکرابێت، بۆ نموونە ئەو زەویەی کە دەیانەوێت تووتنی

تێدا بچێنن، سەرەتا بیکەن بەچەند بەشێکەوە، هەر بەشێکیش شەوێک مەڕی لەسەر رابگرن.

٣- دوای ئەوەی ماوەی پێگەیشتنی تووتنەکە تەواو بوو کە خەڵکەکەش نەیان دەفرۆشتە حوکمەت، بەڵکو بەخۆیا دەیانفرۆشت و بازاڕی تووتنیش هەمیشە زۆر گەرم بوو.

لە کوردستانی باشوور، بازرگان تووتنی دەگەیاندە: گەیارە، شەرگات، عانە، ڕاوە، سامەڕا. جاری وا بووە دەیانگەیاندە شاری بەغداش، جا دانیشتوانی ناوچە شاخاوییەکان و تووتنیان بەحیسابی شیشە دەکڕی و جا لە (٤ – ٥) بار دەگەیشتە (٤٠ – ٥٠) بار تووتن. بازرگان هەمیشە چەکی هەبوو بۆ ئەوەی خۆی بپارێزیت لە رێگر و پۆلیسی گومرگ و، لە دەوروبەری ساڵانی سییەکان کەر و باری بە (٤)



درهەم بەکرێ دەگیرا، ئەگەر خاوەن وڵاخ چەکی هەبووایە ئەوا (٥) درهەمی وەردەگرت، ئینجا بازرگان ئەگەر بە ڕاسپاردن تووتن بۆ عەرەبێک بهێنێت، ئەوا سەرەتا پارەکەی لێ وەردەگرێت و تووتنەکەی بۆ دەبردە سەر ڕووباری دیجلە و لەو بەریش تووتن کڕیان ئاگادار دەکردەوە، ئینجا بە قایەغ تووتنیان دەرباز دەکرد و هەر بەوەشەوە تووتن لە حوشتران باردەکرا بۆ سنووری سوریا و عانە و ڕاوە دەبردرا.

زۆر جار کاروانچییان توشی مەفرەزەی گومرگ دەبوون و تووتنەکەیان لێ دەگیرا، ئەگەر کاروانچی چەکی هەبووایە، ئەوا بە ئاسانی نەیان دەتوانی تووتنیان لێ بستێنن، بۆ نموونە حاجی عەبدوللە ی تووتن فرۆش دەڵێ: جارێک هەشت بار تووتنمان لە گوندی بلەی ژێری دۆلی مەلەکان بارکرد بۆ ئەوەی بۆ گۆبجەلیلی ببەین، چونکە ئەوێ خانە خوێ ی ئێمە بوو کاتی نیوەڕۆ گەیشتینە گوندی (ترپەسپیان) ی ناوچەی بەردەڕەش و لەناو هەندی دار و بار پشتێنەکانمان کردەوە و کڵاو و جامانەکامان لەسەر کردەوە و بەسەر لقی دارەکانمان دادا و چوار وڵاخمان زۆر ماندوو ببوون، بارەکانمان لێ داگرتن بەرەڵامان کردن بۆ ئەوەی بەتەواوی پشوو بدەن و چوار وڵاخە بەیارەکەشمان بەستنەوە، خۆشمان لە ژێر درەختەکان لێی خەوتین، هەر ئەوەندەمان زانی پیکاپێک گەیشتە سەرمان و ڕەشاشێکی لەسەر بوو یەکسەر ئێمەی ڕشاند و جلەکانمان بەر دەستڕێژەکە کەوت و سووتاندیان، ئێمەش ڕامان کرد چووینە سەر گردێک و وڵاخە بێ بارەکانیش ڕەوینەوە و هەرەتەی گوندی گۆمە زەردێ بوون، ئێمەش چوار کەس بووین و سێ چەکمان پێ بوو یەک لە ئێمە گولەی لە معاونەکەدا بەریداوە، باش چاوەش ڕایکرد هەڵیبگرێتەوە، گولەکەمان لە تەنگەی باش چاوەشیدا، یەکسەر هەڵاتن و ڕەشاشەکەش لە پیکاپە کە

کەوت و بەجێما، ئینجا یەکێکی ترپەسپیان هات ویستی لەسەریان بکاتەوە ئێمەش ئاگادارمان کردەوە ئەگەر یەک گولەمان بۆ بهاوێی دەکوژرێی، بۆیە لەترسان چووە ناو گوندی ئینجا باری چوار وڵاخەکەی دیکەشمان لە چوارەکەی دیکە بارکرد و چووینە گوندی گۆمەزەردێ، جەمیل ئاغا، ئاغای گوندی گۆمەزەردێ هەرچوار هێسترەکەی بۆ گرتبووینەوە و تووتنەکانیشی بۆ شاردینەوە و ئێمەش گەڕاینەوە بلەی ژێری، دوای بیست ڕۆژ گەڕاینەوە، هاتینەوە گوندی گۆمەزەردێ دووبارە وڵاخەکانمان بارکردەوە و گەیاندمانە ماڵی حاجی مەجید شەبەک، خانە خوێمان لە گۆبجەلیل بوو دوای فرۆشتنی گەڕاینەوە گوندی بلەی ژێری ئەمە نموونەیەک بوو لەو تێکهەڵچوونانەی بازرگانانی تووتن لە گەڵ مەفرەزەی گومرگ دووچاری دەبوونەوە، ئیدی بازرگانی کردن بە تووتن هەر بە قاچاخ بوو تا ساڵی ١٩٥٨ لە عیراق و پاشان بەهۆی زۆر بوونی پاکەت و هەرزان بوونی، بازرگانی تووتن ڕێبەندی و قاچاخی لەسەر هەڵگیرا.

• زۆر جار کاروانچییەکان تووشی مەفرەزەی گومرگ دەبوون و تووتنەکەیان لێ دەگیرا، ئەگەر کاروانچی چەکی هەبووایە، ئەوا بەئاسانی نەیان دەتوانی تووتنیان لێ بستێنن.

## سەکوورەکانی دەشتی هەولێر



لە پێنج هەزار ساڵەی بەر لە زایین کە گەلانی کۆنی کوردستان بەرەو قۆناخی کشتوکاڵی گۆڕان، لە چیاکانەوە بەرەو پێدەشتەکان خزین، دواتر لە حەمرینەوە بەرەو ژێر دەچوون، هەنگاو بە هەنگاو سەکوورەیان (زەقورە) بۆ پەیکەری خوداوەندەکانی ئاسمان و ڕۆژ و ئەستێرە دروست دەکرد، بۆ ئەوەی لێیان نزیک ببنەوە و دەنگیان بیانگاتێ: نموونەشمان پەیکەری خوداوەندی خۆری بەناوی سۆربەش کە واتای خۆرێک لە سنگی شێرێکی باڵدار لە زمانی هیندوئەوروپی دەگەیەنێت، جا ئەم سەکوورانە بریتین لە گردی دەست کرد و پەیکەری خوداوەندیەکان لەسەر گردەکان دادەنا و ژووریکیشیان لە هەندوڕ گردەکە بۆ پیاوانی ئایینی دروست دەکرد و بە تونێلێکەوە دەچوونە ژوورەکە، دواتر ئەم ژوورانە لەسەردەمی ئاشورییەکان دەکرانە

گۆڕستانی پیاوانی ئایینی و میرەکان. لە دوای ساڵانی ٦١٢پ.ز و گرتنی شاری نەینەوا لەلایەن میدیەکانەوە خوداوەندەکانی گەلانی کۆنی میسۆبۆتامیا ئەوەندە گرنگی پێنەدرا و ئایینی میترایی و دواتر زەردەشتی و یەهودی لە ناچەکە بڵاوبووەوە و پەیکەری خوداوەندی میترا، جێگەی پەیکەری خوداوەندەکانی دیکەی دەگرتەوە لەوانە پەیکەری خودای خۆری میتراییە بەناوی سۆربەش (خۆرێکە لەناو سنگی شێرێکی باڵدار)، دوور نییە ئەو خوداوەندە لەسەر گردی گوندی سۆربەش دانرابێت.

لەسەردەمی ئەشکانیەکان سەر ئەم سەکوورانە کراونەتە گۆڕستان گۆڕە کۆنەکان کۆپەیی و شێوە بەلەمین، کە بۆ میترایی و زەردەشتی و جولەکە دەگەڕێنەوە دواتر هەندێک لەم گردانە دەبن بە گۆڕستانی دیانان و دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام زۆربەی گردەکان دەبن بە گۆڕستانی موسڵمانان لەم سەد ساڵەی دواییش ئاغاکانی دزەیی دیوەخانیان لەسەر هەندێک لەم گردانە دروست دەکرد، زۆر گوندیش لەم دەشتە لەسەر ئەم گردانە دروست کران، هەندێک لە ژوورەکانی هوندوڕ گردەکان لەسەردەمی ئاشوری و ئاشکانیەکان وەک خەزێنەی میرەکان بەکارهاتوون، دووریش نییە بۆ خۆشاردنەوە



بەکار هاتبێت جا ئام سەکوورانەی دەشتی هەولێر کە بەگرد ناسراون لەناو دانیشتوانەکە وا باوە، کە تەلیسمیان تیایە و نابێ دەسکاری بکرێ، ئەگەر نا ئەم تەلیسمانە بە شمشێر دەیان کوژن، دیارە پاشا کۆنەکان بۆ ئەوەی خەزینەکانیان بپارێزن ئەم قسەیان بڵاوکردۆتەوە لەنێو دانیشتوان، کە تاکو ئەمڕۆ کاریگەری ماوە.

جا تونێل و ژووری هەندێک لەم گردانە کاول کراون و هەندێکیشیان تەنها تونێلەکەیان پڕ بوونەتەوە، لەوانە تونێل و ژوورەکەی گردی سەعداویە کە لە ١٩٣٣ تیمێکی شوێنەوار ناسی ئیتاڵی و عێراقی بە مەبەستی کنە و پشکنین هەڵیان دایەوە، چەند نووسینێکی بزماری سەردەمی ئاشوری و ژمارەیەک گۆڕی هەمان سەردەمیان تیا دۆزیەوە نووسینەکان ئاماژە بەم سەکوورەیە بەناوی کاکزو دەکەن کە سەرەڕێی خوداوەندی عەشتار بووە لە هەولێر، کە لەناو دانیشتوانی ناوچەکە بە قەسری شەمامک ناسراوبوو.

بەڵام بەداخەوە دوای پشکنینەکەی تونێل و ژوورەکە کاول کران و قەسرە دێرینەکەش کە بەقەسری شەمامک دەناسرا ئەویش کاول کرا و کەرپووچەکانی لە هەولێر دەفرۆشرا. گردی کوشاف، کە لە باشووری گوێر هەڵکەوتووە بەشێکی لەلای رووبار دەگرێتەوە بە بەردی گەورەی وەک بەردی ئەهرامەکان هەڵنراوە ژمارەیەک سەنگەری دێرین لە قەد گردەکە لەلای باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی گردەکە دەبیندرێ. تاکو ئەمڕۆ تونێلەکەی هەر ماوە ئەگەر پاک بکرێتەوە بە ئاسانی دەتوانی بگەیتە ژووری هەندوڕ گردەکە. لە مانگی دووی ساڵی2008 چەند گۆڕێکی کوپەییم لەسەر گردەکە دۆزیەوە، دەوروبەری گردەکەشی شوێنەواری دێرینی تیا دەبینرێ.

گردەکەی عەوێنەی شەمامکێ تا ساڵی ٢٠٠٣ تونێلەکەی هەر دیاربوو. بەداخەوە دواتر یەکێک لە دانیشتوانی گوند بەشەفل سەر

گردەکە کاول دەکات بەو مەبەستەی کە بیکاتە دار و درەخت و تونێلەکەی کۆر کردەوە و بزری کرد بەهۆی ئاوی کەندەکەی بێریات بەشێکی گردی بێریات رماوە و دالانی ژووری هەندوڕی گردەکە بەدەر کەوتووە و بەردەوام دانیشتوانەکە کەلوپەلی لە قوڕ دروستکراوی تیا دەدۆزنەوە هەروەها تونێل و ژوورەکەی گردی حەزەش، دەوروبەری چل ساڵ لەمەوبەر کاول کراوە و چەند کەلوپەلێکیشی تیا بووە بەڵام تونێل ژوورەکەی گردی قالینچاغە کە لە شەستەکانەوە دیتبووم بەم دواییە بەمەبەستی کنە و پشکنین و هەڵدانەوەی چەند گۆڕێک و کەلوپەلێکی تیا دۆزرایەوە کە بۆ سەردەمی ئووری سەمەری دەگەڕانەوە، بەڵام دەبوایە نەهێڵن ئەم ژوورە کاول بێت ئەگەر کەپرێکیان بۆ دروست بکردایە. جا ئەم گردانە هەموویان سەکوورە (زقورە) و بەگرد ناسراون و پێویستیا بە پاراستن هەیە.

* سەکورە (زەقورە، زەکورە): سەک (ساک، پەرستگە + کور (چیا، هەرێم، خانوو) + ە= پەرستگە، پەرستگەی سەرچیا)، دووریش نییە ئەم سەکورانەی دەشتی هەولێر بۆ چاودێری ئەستێرەکان و ئەستێرە ناسیش بەکارهاتبێ.



## هۆیەکانی ڕووناککردنەوەی جاران



دوای ئەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی سووتانی پاوەن و دار و درەختەوە بەهۆی بروسکە و هەورە تریشقەوە، ئاگری ناسی و فێری هەڵکردنی ئاگر بوو، دواتر هەوڵی ڕووناککردنەوەی ماڵ و ڕێگای چوونە دەرەوەی داوە بە بەردەستێ، سەرەتا دیواری ئەشکەوت و شاخی بەردەم ئەشکەوتەکانی دەکۆڵی لەشێوەی دەلاقە و ڕۆنی زەیتوونی تێدەکرد و ئاگری بەردەدایێ و ناوماڵەکەی لەناو ئەشکەوت و بەردەم ئەشکەوتەکەی ڕووناک دەکردەوە، واتە سەرەڕای خۆ گەرم کردنەوە و گۆشت برژاندن و بەکارهێنانی وەک هێما و جەڤەنگی سەرکەوتن و شادی سوودی لە ئاگر بینیووە بۆ ڕووناککردنەوەی، جا دوای کۆڵینی شاخ و تژی کردنی ڕۆن و ئاگر تێبەردانی، هەڵستاوە بەردی ڕێکی هێناوە و ناوەکەی کۆڵیووە بۆ هەمان مەبەست.

بەڵام ئەمجارەیان دەیتوانی ئەم بەردە کۆڵدراوە، کە بە فەنەر ناسراوە بگوازێتەوە و لەسەر ڕێگای چوونەدەر و کاروانچیان دابنێ، تا بەشەو ڕێگا هەڵە نەکەن و دواتر لە دەشتاییەکان فەنەرەکەیان لەسەر منارە داناوە. لە دەشتی هەولێر چەندین منارەی فەنەران هەبووە، وەک: منارەی گوندی منارەی بن زورگەزراو و منارەی گوندی باغە منارە و منارەی گوندی عەزە، ئەمڕۆ تەنها ئەمەی دوایی ماوە.

هەروەها ئەمڕۆ چەندین فەنەر لەسەر ڕێگەی کاروانچیانی کۆن دەبیندرێن لە کەلاشۆش و گوندی گامێشتەپە و کوشاف و عەزە و... هتد.

جا تا ١٧٠ ساڵێک لەمەوبەر فەنەر هەر بەکارهاتوون، لەبەر دەرگای ماڵە میر و سەر ڕێگای کاروانچیان، پاشان لوولەیەکیان بۆ ئەم فەنەرانە دروستدەکرد و دەرخۆنەیەکیان خستە سەر فەنەرەکە بۆ ئەوەی ئەو زەیتەی کە لەسەر خۆی دەهاتە لوولەکە بسووتێ، جا ئەم چرایە یا فانۆسە زەیتییە تەنها بۆ ڕووناک کردنەوەی ژوورەوە بووە کە بە فانۆسی زەیتی یا چرای زەیتی ئەمڕۆکە دەناسرێت، یەکێکی لەم جۆرەم لای خۆم پاراستووە کە لەئەنجامی بیر لێدانێک لە گەڕەکی ئازادی دەرکەوت، وردە وردە فانۆسی زەیتی بەردینی بەرەو قوڕو دواتر بەرەو سفر گۆڕا، بەڵام ئەمانە قەبارەیان لە فانۆسی زەیتی بەردین گچکەترە.

لە سەرەتای ڕاپەڕین برادەرێک ناوی بەشدار یووسف لە قوڵایی ٥، ١ مەتر لە گوندی قورشاغلو دوو فانۆسی دۆزییەوە یەکێکیان لە قوڕ دروستکرابوو و ئەوەی دیکەش لە سفر دروستکراوە و ڕەمز و جەڤەنگی خۆری میترایی لەسەرە کە بریتییە لەخۆری چوار پەڕ(شوێنەواری ئەم هێمایە لە کوردستان و ئەورووپا زۆر دەبیندرێت، شوێنەوارناسان دەڵێن دوای ٣٠٠ ساڵ لە بڵاوبوونەوەی ئایینی




مەسیحی لە ئەوروپا، جا دوای ئەوەی ئەوروپی دێتە سەر ئایینی مەسیحی، چەندین ڕێوڕەسمی میترایی دەگوازنەوە نێو ئایینی مەسیحی لەوانە هێمای ڕۆژی میترایی، کە لەشێوەی نیشانەکانی + دایە دواتر لە ئایینی مەسیحی پەڕی خوارەوەیان درێژکرد و کردیانە خاچی لە داردانی مەسیح و ڕۆژی ١٢/٢٥ ش کە ڕۆژی لەدایکبوونی میترا بوو، کردیانە هەمان ڕۆژی لەدایکبوونی مەسیحە.

یا.. خاچێکی چوارلا وەکو یەکە، ئەمەش ڕەمزی ئایینی میترایە کە ئاییني میتانی و هوریەکان بووە.

## خوداوەندەکانی سۆمەری

بە گوێرەی ئەفسانەکان و لێکۆڵینەوەی مرۆناسی و کۆلینکارییەکان، مرۆڤی چاخی بەردینی دێرین پەیوەندی زیاتر بە درەخت و ئاژەڵەوە هەبووە و، هەمیشە بیری لێکردۆتەوە و ڕێزی لێ گرتوون و پەرستوویانن، لە ئەفسانەکانی گەلانی میسۆپۆتامیا و زاگرۆسدا هاتووە سەرەتا مرۆڤ لەشێوەی گیایەک ڕواوە و پاشان گۆڕاوە بۆ مرۆڤ، بیر و باوەڕی ئافرەت پەرستن لەپاڵ پەرستنی درەخت و گیانداران سەریان هەڵدا، نموونەشمان پەیکەری ژنە خوداوەندێکە، کە لە شوێنەواری گوندی چەرمۆ دۆزرایەوە، دوا بەدوای ئەوە هەرشتێک یان بەرهەمێک ئەگەر هەر سوودێکی هەبووایە دەپەرسترا، وەک: ئاسمان، زەوی،... بەڵام پەرستنی (خۆر) لەسەرووی هەموویانەوە بوو، بەهۆی ساردی و سڕی کوردستان و ئێران و هیند و درێژی زستان و کورتی هاوین، بەڵام پەرستنی مانگ لە ناوچە گەرمەکانی میسۆپۆتامیا و نیمچە دوورگەی عەرەبی لە سەرووی خوداوەندەکانی دیکەوە بووە و، پەرستنی (خۆر) یش لە دوای پەرستنی مانگ هاتووە، بەهۆی ئەوەی خۆر لەئەنجامی زەماوەندی خوداوەندی مانگی ژن دروستبووە.

کەچی پەرستنی مانگ لەناوچە شاخاوییەکان گرنگ نەبووە، بەهۆی ئەوەی مانگ سوودێکی ئەوتۆی نەبووە و، تەنها بەشەو دەرکەوتووە بۆ نەهێشتنی شوومی ئەهریمەن.

دوای ئەوەی مرۆڤ لە قۆناغی ڕاو و شکار و ئاژەڵ بەخێوکردنەوە چووە قۆناغی کشتوکاڵ کردن و بەرهەمهێنان و زیاتر پێشکەوتن، چەندان جۆر ڕووداوی سەیر و سەمەرەی بینی وەک قات و قڕی و لافاو و باران نەبارین، کە بووە تەوەرێکی گرنگی بیرکردنەوەی

مرۆڤ، له ئه‌نجام دا هه‌موو شتێکی سروشتی به پیرۆز ده‌زانی، به‌تایبه‌تی شته به‌هێز و سوودمه‌ندکان، بتێکیشیان وه‌ک دروشم بۆ ئه‌م هێزانه دا ده‌تاشی له په‌رستگه‌کان ده‌یان په‌رست و قوربانییان بۆ سه‌ر ده‌بڕی، به‌و هیوایه‌ی که ئه‌م چاکه و نزاکانیان به‌هێزه سروشتییه‌کان بگه‌یه‌نن ئه‌م ئایینانه له‌ناو زۆربه‌ی گه‌لانی جیهاندا هه‌بووه، به‌ڵام هه‌ندێک له‌م گه‌لانه هیچ پێشکه‌وتنێکیان به‌خۆوه نه‌بینیوه و تاکو ئه‌مڕۆ له‌سه‌ر بیر و باوه‌ڕی هه‌زار ساڵ له‌مه‌وبه‌ر ماون، نموونه‌شمان ڕه‌گه‌زی ئوسترالی و چه‌ند گه‌لێکی ئه‌فریقییه.

له کوردستان به قسه‌ی زاناکان ده‌وروبه‌ری ١٥ هه‌زار ساڵ له‌مه‌وبه‌ر شارستانییه‌ت به‌رده‌وام له گه‌شه‌کردن دا بووه. به‌هۆی شوێنی حه‌وانه‌وه‌ی وه‌ک ئه‌شکه‌وت و هه‌بوونی خواردنی پێویست له چیاکانی تۆرۆس و زاگرۆس و، کاتی هه‌وا خۆش بوونیش ئاژه‌ڵه‌کانیان بۆ ده‌شته‌کان ڕاداوه.

ئایینیش وه‌ک دیارده‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی بوارێک بووه له بواره‌کانی شارستانییه‌ت، ده‌وروبه‌ری ساڵانی (٢٠٠ – ١٥٠٠ پ.ز) له کوردستانه‌وه له ڕێگه‌ی ئه‌نادۆڵه‌وه گه‌یشتۆته یۆنان و ڕۆمان و وڵاتانی دیکه‌ی ئه‌وروپا، له‌ڕێگه‌ی شامیشه‌وه گه‌یشتۆته میسر و، له باکووریش گه‌یشتۆته ده‌وروبه‌ری ده‌ریای قه‌زوین و کاریان له دابونه‌ریتیان کردووه.

ساڵانی (٧٥٠ – ٦٥٠ پ.ز) جارێکی دیکه په‌یوه‌ندی نێوان یۆنان و وڵاتانی ڕۆژهه‌ڵات به‌تینبووه له‌ڕێگه‌ی بازرگانه فینیقییه‌کان، که به‌سه‌ره‌تای چه‌رخێکی تازه‌ی شارستانێتی یۆنان له قه‌ڵه‌م ده‌درێت، گۆڕانکاری جۆراوجۆر له چه‌شنی شۆڕشێک له کولتووری یۆنانییه‌کان، بۆ سه‌رده‌مێکی شارستانی کراوه، ئه‌و شۆڕشه چه‌ندین بواری گرته‌وه، بۆ یه‌که‌مین جار په‌یکه‌رتاشی خوداوه‌نده‌کان سه‌ریهه‌ڵدا پاشان

یۆنانییەکان خۆیان دەستیان بەگەڕان کرد و، هاتوچۆی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و میسریان دەکرد، بەڵام جۆرە بیرو باوەڕ و ئەفسانەی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس بۆ یۆنان گواسترایەوە، پاشان تێکەڵی گەلانی ئەوروپی بوو و بووە فەلسەفە، بەتایبەتی لەناو ڕۆمان و یۆنان، ئینجا فەلسەفە بوو بەزانست و تەکنەلۆجیا لە ئەوروپا.

هەڵبەتە هەموو خوداوەندەکانی یۆنان و ڕۆمان و گەلانی سامی و دەوروبەری کوردستان هەمان خوداوەندانی گەلانی کۆنی کوردستان و میسۆپۆتامیان.

ناوی ئەم خوداوەندانە لە نیوەی هەزارەی چوارەمی پێش زایین بەهۆی سەرهەڵدانی نووسینی مێخی لەنێو سۆمەرییەکان و هورییەکان و، ئەرکی سەرشانیان و چۆنییەتی پەرستنیان لە پەرستگەکان تۆمارکراو نووسرانەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو خوداوەند و ئایینە کۆنەکانی جیهان بەتایبەتی ئایینە کۆنەکانی وڵاتی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس و ئەوروپا، پێویستە پشت بە نووسینە مێخییەکانی سۆمەری و هورییەکان ببەستین ئینجا نووسینەکانی بابلی و ئاشوورییەکان.

خوداوەندی سۆمەرییەکان:

لە ئەفسانەکانی سۆمەری ئاوی ئەزەلی خۆی خۆی دروست کردووە و، کەرستەیەکیش بووە هەموو شتەکانی لێ دروست بووە، ئەویش لە دوو ڕەگەز بەم جۆرە:

(ئاپسو)
نابو (خوداوەندی ئەزەلی ئاو)
ئاوی سوێر ڕەگەزمێ (تیامات)

لە ئەنجامی زەماوەندی (ئاپسو) و (تیامات)، منداڵێکی زۆریان دەبێت و باوکیان بێزار دەکەن (ئاپسو) ش بڕیاری دا ناویان لێ بنێت، خوداوەندە نوێیەکانیش واتە منداڵەکانی کە ئەم هەواڵەیان پێ گەیشت

(ئاپسو) ی باوکیان کوشت، (تیامات) ی دایکیشیان کەوتە کێشە لەگەڵیان، بەردەوام هەوڵی تۆڵەکردنەوەی مێردەکەی دەدا بۆیە هەرچی هێزی بەد هەیە کۆی کردەوە، کوڕەکانیش بە سەرۆکایەتی (مەردۆک) ی برا گەورەیان دەتوانن بەسەر (تیامات) ی دایکیان زاڵبین و، تیامات بکەنە دوو کەرت و کەرتێکیان دەبێتە زەوی و کەرتەکەی دیکەش دەبێتە ئاسمان بەمجۆرە:

خوداوەندی ئاسمان ڕەگەز نێر (ئانو)

دوای کوژرانی ئاویی سوێر (تیامات) ⟨

خوداوەندی زەوی ڕەگەز مێ (ئانکی)

لە ئەنجامی زەماوەندی خوداوەندی ئانی و خوداوەندی ئانکی، (ئەنلیل) ی خوداوەندی (با) بەم جۆرە دروست دەبێت: -

ئانی + ئانکی ← ئەنلیل (خوداوەندی با)

ئینجا ئەنلیل ئاسمان و زەوی لێککردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنلیل لە تاریکیدا دەژیا، تاریکیش هەمیشە شوێنی درنج و بەدکارانە، بۆیە (نانا) ی خوداوەندی مانگی لێ بوو، هەتا ئەو تاریکییە ڕۆشن بکاتەوە، ئینجا لە (نانا)ی خوداوەندی مانگ، (ئوتو) ی خوداوەندی خۆر پەیدا بوو.

واتە لە ئەنجامی زەماوەندی خوداوەندی مانگ (ئانا) ی مێ و خوداوەندی (ننکال) ی نێر، (ئوتو) ی خوداوەند خۆر لەدایک دەبێت، دواتر ژیان دروست دەبێت و چەندان جۆر گیانلەبەر و دارو درەخت پەیدا دەبێت.

**ئانو (ئان):** ئانو خوادەوەندی ئاسمانە و لەسەرووی خوداوەندەکانی سۆمەرەوە دێت و سەرچاوەی چاکە و خراپەیە.

ئانو لە ڕووی زمانەوە واتای ئاسمان دەگەیەنێت، کە زۆر نزیکیشە لە وشەی (ئاسمان)ی کوردی، لە سانسکریتی بم خوداوەندە دەڵێن (ڤارونا) و بە یۆنانیش پێی دەڵێن (ئۆفۆس).

**ئینانا**: (ئەشتار) کچی خوداوەندی ئانووە و پەرستگەی لەشاری (وەرکا) بووە، ئەوەش لە وشەی (ئان) بە واتای ئاسمان هاتووە، هەروەها (ئان) واتای (بەرێز) یشی گەیاندووە.

ئینانا خواوەندی ئەستێرەی (زوهرە) یە و، هەروەها سۆمەرییەکان (ئەشتار) یشیان پێ گوتووە، کە واتای ئەستێرە دەگەیەنێت و بەمجۆرە گۆڕانی بەسەر داهاتووە:

ئەشتار ← ئەستار ← ستار (ئەستێرە، ستێر)

بەڵام بابلییەکان بەشێوەی (عشتار) بەکاریانهێناوە، عەرەبیش بەم ئەستێرەیەیان گوتووە (زهرە)، کە لە (زاوش) ی ئیلامییەوە وەریانگرتووە.

(ئینانا) ش ژنی خوداوەندی دوموز (تموز)ـە، خوشکی خوداوەندی (ئوتو)ـە، واتە هەردووکیان لە خوداوەندی مانگ لەدایکبوون، گریکییەکانیش بەم خوداوەندەیان دەگوت (ئەفرۆدیت) و ڕۆمانەکانیش بەناوی (ڤینۆس)ـە وە ناسیویانە، خوداوەندی ئیناناش لەنێو گەلانی میسۆپۆتامیا و گەلانی دەوروبەری دەریای سپی ناوەڕاست بە خوداوەندی خۆشەویستی جەنگ ناسراوە.

ئەم خوداوەندە لەنێو گەلانی زاگرۆس بەشێوەی (ئاناهیتا) دەپەرسترا، وشەی ئاناهیتا لە بەشی ٨ی بەندی ٢ی ئاوێستادا وەک بەشێک بۆ ئەستێرەی (تیر) دێ و نووسراوە: تەشتەر ئەستێرەی رووناکی و پڕشنگدار ستایش دەکەین، کە هێمنی و خۆشی بە ماڵمان بەخشیووە، تاکو ئەمڕۆش چەند پەرستگەیەکی ئاناهیتا لە کوردستان ماوە، پەرستگەی کنگاوەر (کچە گاور) یەکێکە لەوان.

**ئوتو**: ئوتو خوداوەندی خۆری سۆمەرییەکانە و، لە ڕووی زمانەوە واتاکەی نزیکە لە وشەی هەتاوی کوردی ئەمڕۆ، دوای گواستنەوەی ئوتوپەرستی بۆ نێو گەلان، بەناوی جۆراوجۆر ناسرا، وەک: لای

بابلییەکان بە (شمس) و شماس ناسراوە و، لای ئێزیدییەکانیش بۆتە (شێخ شەمس) کە هەمان (تاوس مەلەک) ی خوداوەندی خۆرە، لای یۆنانییەکانیش بۆتە (شیئوس) و (هیلوس) لای ئێرانییە کۆنەکانیش (بابە دیاوس) خوداوەندی ئاسمانە و، هەروەها خوداوەندی خۆریشە، لای گەلانی هیندۆئەوروپی میترا خوداوەندی (خۆر) بووە، واتە گەلانی (هیندی کۆن، میدی، یۆنانی)، میتراش لەزمانی پەهلەوی بووە میهر، خوداوەندی خۆریش لە هیند بەچەند شێوەیەک پەرستراوە، لەوانە: سوریا (ئاسورا) خوداوەندی خۆر وەک ئەوەی هەیە.

**ساوتر**: خوداوەندی خۆر لە رووی وزەبەخشییەوە.

**میترا**: خوداوەندی خۆر وەک بووکی ئاسمان، لای میسرییەکان (رع – و – ئاتون)، لای گریکەکان ئەپۆلۆ و پاوس و، ڕۆمانییەکان هیلیوس و عیبرانییەکان ئەدون، لە زمانی (کاس)یش بە سوریاش ناسراوە.

تا بەم دواییەش جەژنێک لە کوردستان بۆ خوداوەندی خۆر هەرماوە، ئەویش لەدوای درێژترین شەوی زستان دەهات، ئەم شەوەش لەبەر ئەوەی درێژترین شەوی زستان بووە بۆیە لە ماڵان کۆ دەبوونەوە و بەیاریکردن شەویان بەڕێ دەکرد، نەوەک ئەهریمەن دەستیان لێ بوەشێنێت. کە بە جەژنی میهر ناسراوە، واتە ڕۆژی ڕزگاری میهر.

**ئەنلیل**: خوداوەندی (با)، پلەو پایەیەکی بەرزی هەیە و نازناوی چیای مەزنی پێ دراوە، کە دوای ئانو دێت ئەنلیل لەسەر زمانی گەلانی سامی بووەتەوە (خەلیل)، خەلیلیش نازناوی (ئیبراهیم) ی پێغەمبەرە، خوداوەندی ئەنلیل لای هورییەکان (تیشوب)ـە و لای یۆنانییەکانیش بووەتە (ڕایوس).

**گۆلا:** خوداوەندێکی دیکەی سۆمەرییەکان بووە، کە خوداوەندی تەندروستی بووە و هەمیشە سەگێک دروشمی یا هێمای ئەم خوداوەندە بووە، بوونی زاراوەی (گۆلا) یش واتای سەگی (نێر) دەگەیەنێت.

**نەنخورساگ:** خوداوەندی دایکە و ئەم خوداوەندەش ناسناوی (سەروەری چیا) ی پێدراوە، ئەم خوداوەندە پەیکەرەکەی بچووکە و، بە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتی سۆمەر دۆزراوەتەوە، کە هەمان شێوەی پەیکەری دایکە، کە لە گوندی چەرمۆ دۆزراوەتەوە، دیارە کاتی خۆی سۆمەری لە کوردستانەوە چوونەتە باشووری میسۆپۆتامیا.

**نانا:** خوداوەندی مانگی سۆمەریانە لای بابلییەکان بە (سین) ناسراوە، (سین) یش لە وشەی سۆمەری (سوئین) هاتووە، ڕۆمانییەکانیش بە خوداوەندی مانگیان گوتووە (دیانا)، هەندێکیش وای بۆ دەچن (سوئین) ی سۆمەری و (سن یا سین) ی بابلی لە (سن) و (سم) ی سانسکریتی هاتبێ: کە واتای (ڕێگەی باش) یاخود (پاکێتی) دەگەیەنێ. (زەردەشت) یش مانگی بەیەک لە (ئێزەد) خوداوەندەکان داناوە، دوعایەکیش لە ئاوێستا هەیە بەناوی دوعای (ماهـ نیایش)، هەروەها لە پەرستگەی شیز (گوێزانی کۆن) کە بە ئازەر گشەسپ ناسراوە وێنەی مانگی لەسەر بووە.

لە یۆنانی کۆنیش خوداوەندی مانگ بە سیلین – ی خوشکی خوداوەندی خۆر هیلوس ناسراوە.

لە چاخەکانی دواتریش سیلین بە خوداوەندی (لونا) گۆڕا، (لونا)ش بە لاتینی واتای مانگ دەگەیەنێت.

**دوموزی:** خوداوەندی بەپیتی سروشتە، ئەم خوداوەندە لای بابلییەکان بۆتە (تەموز) و لای فینیقییەکان و گریکەکان بۆتە (ئەدۆنیس) کە لە (ئەدۆن – گەورەم) ی فینیقییەوە هاتووە.

ژنی خوداوەندی دوموز ناوی ئینانا (ئەشتار)ـە و خوشکەکەشی ناوی (کشتن ئانا) یە کە دوای ئەوەی دوموزی براکەی دەمریّ و دەچێتە جیهانی ژێرەوە و ئینانای ژنی نایەویّ ڕزگاری بکات، بەڵام (کشتن ئانا) ی خوشکی، کوشتن بۆ خۆی دادەنیّ و خۆی دەکاتە قوربانی بۆ ئەوەی بچێتە جیهانی ژێرەوە لە جیاتی براکەی جا کە (کوشتن ئانا) دەچێتە جیهانی ژێرەوە دوموز ڕزگاری دەبیّ و لەیەکەم ڕۆژی بەهار دەبێتە زەماوەندی دوموز و، ئینانا و زەوی دەبوژێتەوە و گژوگیا و دارو درەخت شیندەبێتەوە، بۆیە بەم مانگە وتراوە نیسان واتە نوێزان، زایینی نویّ و لەدایک بوونی نوێی گژوگیا و دارو درەخت، لە زمانی ئێرانیانیش بووتە نەورۆز واتە ڕۆژی نویّ.

**ئورمێز**: خوداوەندێکی سۆمەریانە، ئەم خوداوەندە لەسەر زمانی ئێرانیان بۆتە ئورمز – هرمز – ئاهورامەزدا – ئور – هور واتای ئاگر دەگەیەنێت، ئەم برگەیەش لە ژمارەیەک ناوی مرۆڤ و ناوی جوگرافی سۆمەریان ڕەنگی داوەتەوە، وەک: ئورزبابایە = ئاگری گەورە، باوکی ئاگران، ناوی مرۆڤ (ئور + ش) لە زمانی ئێرانی بۆتە کورش، ئورزانا ناوی پاشایەکی ئورارتووەکان بووە.

عیبرانی و ئەوروپییەکان ناوی گەلی ئورارتو – یان بە ئارارات هێناوە کە واتای چیای ئاگرین دەگەیەنێت، زۆر ناوی دیکەشی هەیە، کە (ئور) هاوبەشی لە دروستکردنی ناوەکەیان کردووە یا بەسەربەخۆیی ڕۆڵی ناولێنانی بینیووە، وەک: شاری ئور، ئورمیە، ئوردەن، ئورشەلیم، هۆزی ئورەمار، ئورامان (هەورامان).

پەراوێزەکان:

• پەرستن لەناو گەلانی کۆنی کوردستان بەم قۆناغانەدا تێپەڕیووە:

١.قۆناغی چنینەوەی خۆراک و ئاژەڵ بەخێوکردن، لەم قۆناغەدا ژن و ئاژەڵ و درەخت بە پیرۆز دەزاندرا و دەپەرستران.

٢.لەم قۆناغەدا کشتوکاڵکردن و گوند دروستکردن، کە ساڵانی نێوان (٤ – ٦) هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگرێتەوە.

لەم قۆناغەدا هێزەکانی سرووشتیان پەرستووە، پەرستنی (خۆر) یش لەسەرەوەی هەموویان بووە پێچەوانەی گەلانی باشووری میسۆپۆتامیا و جزیرە، چونکە ئەوان مانگیان بە ڕەسەنتر داناوە خۆریان بە کۆپی مانگ داناوە، هەر بۆیە ساڵنامەکانیشیان بە گوێرەی مانگە، پاشان مانگ بووە دروشمی ئایینی ئیسلام.

بەڵام لەنێو گەلانی کۆنی کوردستان خوداوەندی خۆر پلەوپایەی لە خوداوەندی مانگ بەرزتر بووە بۆیە خۆریان کردۆتە دروشمی ئایینەکانیان، وەک دروشمی ئایینی زەردەشتی، دروشمی ئایینی ئێزیدی، شێخ شەمس یان تاوسی مەلەک بەجۆرێک گڤکردنەوەی کلکی تاوس لە شێوەی تیشکەکانی خۆرە.

بەڵام (عەبدولقادر مارۆسی) دەڵێ: کۆنترین ئایین لەنێو کوردان سەریهەڵدابێت، ئایینی (مەزدیسنا) یە، کە هەمان ئایینی ئێزیدی ئەمڕۆیە، لە هەمان کات کورد چۆتە سەر ئایینی ئاری، (هیندۆ ئەورووپی) یش وەک ئایینی میترا.

پاشان دەڵێت: هەموو ئایینەکانی کۆنی کوردستان لقن لە ئایینی مەزدا پەرستی (خودا پەرستی)، لە ئەفسانەیەکدا هاتووە، کە دوای ئەوەی خوداوەندی خۆر (میهر) گامێشی ئاسمانی کوشت کە هێما و جەڤەنگی خوداوەندی مێینەی مانگ (دیانا) بوو، خوداوەندی خۆر زاڵبوو

بەسەر خوداوەندی مانگ و خوداوەندی خۆر جێگەی پلەو پایەی بەرزی پەرستنی خوداوەندی مانگی گرتەوە، زاناکان دەڵێن مانگ پەرستن لە ناوچە گەرمەکان کۆنترە لە خۆر پەرستن، مانگیشیان بە هێما و جەڤەنگی دایک داناوە، دیارە ئەو کاتی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی (ژن سالاری) بووە و ژن زۆر پیرۆزبووە و لەبەر ئەوەی لە ڕەگەزی مێینە بووە و، نەوەی بەرهەم هێناوە و بۆیە بە مانگیان وتووە هەیڤ کە لە وشەی (هێڤی – هیوا) هاتووە، چونکە ژن هیوای پیاوە بەڵام دوای ئەوەی مرۆڤ لە قۆناغی کۆچەری و ڕەوەندی بەرەو قۆناغی کشتوکاڵ کردن دەچێت و ڕۆڵی پیاو لە کارکردن و بەڕێوە بردن زیاد دەبێت، بۆیە ئافرەت دەچەوسێتەوە.

- ڕوخساری خوداوەندی سۆمەرییەکان وەک ڕوخساری مرۆڤ وایە لە خواردن و زەماوەند و کۆبونەوە و بڕیاردان.
- لە چاخەکانی (٢٠٠٠ – ١٥٠٠ پ.ز) ژمارەیەک لە خوداەندەکانی هیندۆ ئەوروپی ومیسۆپۆتامیا خزانە نێو بیر و باوەڕی باپیرانی کوردان بەتایبەتی لەسەردەمی میتانیەکان لە باکووری کوردستان و کاسییەکان لە باشووری میسۆپۆتامیا، بۆ نموونە خوداوەندە بەناوبانگەکانی میتانییەکان، کە هیندۆ ئەوروپی بوون ئەمانەن: ئیندرا، ڤارونا، میترا، ناسیتا.

خوداوەندەکانی کاسییەکانیش کە ریشەیەکی هیندۆ ئەوروپیان هەبوو، ئەمانە بوون، سوریاش، بوریاش.

(ف.ڤ سترف ) لەو باوەڕەدایە لە کاتی نیشتەجێبوونی سۆمەریەکان لە باشووری میسۆپۆتامیا و پێشکەوتنیان لە بوارەکانی شارستانییەت، هۆزانی (خمیتیک) یش لە هەمان سەردەم گەیشتنە میسرو لە هەردوو بەری دۆڵی نیل نیشتەجێبوون و، پێشکەتنێکی خێرایان بە خۆوە بینی.

• لەنێو هەموو گەلانی میسۆپۆتامیا زاگرۆس و نیمچە دوورگەی عەرەبی هەر گەل و نەتەوەیەک کۆمەڵە خوداوەندێکی پەرستووە و، زۆربەشیان هاوبەشبوون بەڵام هەر یەک لەمانە خوداوەندێکی کردبووە سەروەری خوداوەندەکان، لەلای سۆمەریەکان خوداوەندی (ئانو)بەرزترین پلەوپایەی هەبووە، لەنێو بابلیەکانیشدا خوداوەندی مەردۆخ، لەنێو ئاشوورییەکانیش خوداوەندی ئاشوور، لەنێو ئورارتووەکان خوداوەندی خالدی و، لەنێو کاسیەکان خوداوەندی سورياش و، لەنێو ئێرانیەکان و زاگرۆسیەکان خوداوەندی مەزداو، لەنێو گەلانی هیندی کۆن، ئاهورا و، پاشان میترا.

• گەورەترین خوداوەندی ئاشوورییەکان خوداوەندی ئاشوور بوو، کە خوداوەندێکی گەلانی سوبارتو بوو، ئەویش لە خوداوەندی هیندی کۆن ئاهورا هاتووە، کە گۆڕاوە بۆ ئاسورە و ئاسورا، خوداوەندی ئاهورایش خوداوەندی یاسا و پەیمان بووە لای هیندیەکان و هەردوو خوداوەندی (وارونا) و میترا لە ژێر سایەی ئەودا بوون.

• لە ئێرانی کۆن بەر لە بڵاوبوونەوەی ئایینی زەردەشتی خوداوەندی مەزدا دەپەرسترا و، بە ئایینەکەش دەگوترا مەزداپەرستی، میتراش لەپاڵ ئایینی مەزدا پەرستی باوی هەبوو، هەروەها چەند خوداوەندێکی دیکەش دەپەرسترا وەک خوداوەندی (ئاناهیتا) خوای پیت و بەرەکەت.

• سۆمەریەکان لەو باوەڕە دابوون، کە زۆربەی خوداوەندەکان بارەگاکانیان لە ئاسمانە و، هەندێکیشیان بارەگاکانیان لە ژێر زەوییە، هەندێکیشیان لە گۆڕانی کەش و هەوا و جەژناندا دێنە سەر زەوی.

• خوداوەندی ئینانا خوشکی خوداوەندی جیهانی ژێرەوە (ئیرشگیگال)ەو، خوداوەندی (دوموزی) هاوسەری، کە پیشەی شوان بووە، بەقوربانی خۆی دەکا و بە دێو و دڕنجان ڕەوانی جیهانی

ژێرەوەی دەکات، دوای ئەوەی کوشتنی ئانای خوشکی دوموزی، برایەکەی لە مانگی نیسان ڕزگار دەکات و دووبارە زەماوەند دەکاتەوە لە گەڵ ئینانای ژنی، سنۆبەریش رەمزی خوداوەندی دوموز بووە، جا لەبەر ئەوەی درەختی سنۆبەر لە باشووری عێراق و لە کوردستان هەیە، دیارە سۆمەری لە کوردستانەوە چوونەتە باشووری عێراق.

• لە ئەفسانەیەکی دیکەدا دوو خواوەند عەشتار و پیرسیفونی حەز لە دوموز دەکەن، بۆیە خوداوەندی دوموز شەش مانگ لای خوداوەندی پیرسیفونی لە جیهانی ژێرەوە دەمێنێتەوە و، شەش مانگیش لای خوداوەندی ئینانا (عەشتار) لەسەر ڕووی زەوی دەمێنێتەوە.

• گەلانی ئەمڕۆ ڕووداو و دیاردە سروشتیەکان زانستیانە لێکدەدەنەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵک نەبێ، ئیدی گۆڕانی لەمەوبەر لێکدەدەنەوە، وەک باران نەبارین و دروستکردنی کۆسەبەبە و بووکە بەبارانە، بووکە بەبارانەش واتای (بوگ – خودا) ی باران و داواکردنە، کە خوداوەندی باران (ئاناهیتا) کە بارانیان بۆ ببارێنێت.

• بە گشتی لە ئەفسانەکانی گەلانی ئێرانیدا هاتووە، پیاو هێما و جەڤەنگی ئاسمانە و، ژنیش هێما و جەڤەنگی زەوییە، چونکە مرۆڤ لە خاک پەیدابووە و دەگەڕێتەوە نێو خاک، واتە زەمین ڕەگەزی مێینەیە، ئاسمانیش لەبەر ئەوەی سەرپۆشیەتی، بۆیە ئاسمان ڕەگەزی نێرە.

• خوداوەندی (ئینانا) ی هاوسەری (دموز) خوشکی (ئیرشگیگال) ی خوداوەندی جیهانی ژێرەوەیە، جا ئینانا، دوموزی بە قوربانی خۆی دەکات و، بە دێو و درنجان ڕەوانەی جیهانی ژێرەوەی دەکات، واتە دەیکوژێت، ئینجا (کوشتن ئانا) ی خوشکی دوموزی (تەموز) براکەی لە یەکی مانگی نیسان ڕزگار دەکات و، لە جیهانی ژێرەوە سەردەکەوێ و زەماوەندی نێوان ئینانا و دوموزی دەستپێدەکاتەوە، بەهۆی ئەم

زەماوەندە گژوگیا و دارودرەخت دەبوژێنەوە و، زیندەوەران زاووزێ دەکەنەوە.

• لە زۆر کۆنەوە نەتەوەیەک نەتەوەیەکی دیکەی خستبێتە ژێردەستی و هەوڵیداوە ئایینەکەی خۆی بکاتە ئایینی ڕەسمی و پلە و پایە، یەک و، ئایینی گەلی ژێردەستەکەشی کردۆتە پلە دوو، ئەگەر قەدەغەشی نەکردبێت، ئەگەر گەلی داگیرکەریش ئایینێکی ساکاری هەبووایە، ئەوا هەوڵیدەدا ئایینی گەلی ژێردەستە لە کاژی خۆی بتوێنێتەوە، نموونەشمان گەلانی سامییە کە وڵاتی سۆمەریان داگیرکرد و، خوداوەندی مانگی گەلانی سامی شوێنی خوداوەندی خۆر و خوداوەندی ئانی سۆمەریانی گرتەوە.

• پەرستنیش هەر لە کۆنەوە بەهۆی نەزانینی شرۆڤەی ڕووداوەکان و دیاردە سروشتییەکان کۆمەڵێک خوداوەندیان پەرستووە و، قوربانییان بۆ سەر بڕیوە، چونکە وایان زانیووە هەموو خێر و خۆشی و ناخۆشییەک بەدەستی ئەو خوداوەندانەیە و، هەر ئەوانیش کە لێیان توورە دەبن و باران نابارێت، یان تووشی ڕەشەبا و لافاویان دەکەن، بەڵام بەدرێژایی ڕۆژگار کەمدەبوونەوە و، تا لە کۆتاییدا ئایینی ئەکتاپەرستی سەریهەڵدا.

**سەرچاوە: ارتفاء الانسان– تالیف– جاکوب برونوفیسکی ترجمة (موفق شخاثیرو) سلسلة (علم المعرفة) کویت ل ١٥ – ١٨.**

## کولتووری مەسیحییەکانی کوردستان



مەسیحییەکانی کوردستان

مەسیحییەکان و جولەکەکانی کوردستان لە گشت لایەنەکانی کولتوورییان هەمان کولتووری (کورد)ییان هەیە و هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە لەڕووی داب و نەریت و جێبەجێ کردنی و فەرهەنگی کولتوورییان، تەنها ئەوە نەبێت کە هەندێک لە زاراوەی کەلتوورەکەیان بە زاراوەی زمانی ئارامی کاری تێکراوە یا شوێنی گیراوەتەوە ئەمەش هەڵبەت کاری ئەو زمانە ئارامیەیە کە بەهۆی ئایینی مەسیحییەوە بەدرێژایی مێژوو بووەتە زمانی ئاخاوتنیان جا بۆ ناساندنی مەسیحییەکانی کوردستان – یش پێویستە دەروازەی بابەتەکە بە کورتە باسێکی مێژوویی بکەینەوە لەکۆتاییش ژمارەیەک لە وشەی کەلتوری زمانی سریانی واتە زمانی مەسیحییەکانی کوردستان بەزمانی کوردی لێکبدەینەوە و کە نزیکایەتی کولتووری هەردوو زمانی کوردی و سریانی نیشان دەدات.

### پێشەکی:

مەسیحییەکانی کوردستان بابەتێکی زۆر ئاڵۆزە خۆلێدانی و توێژینەوەی، شارەزاییەکی باشی دەوێ لە مێژووی گەلانی کۆنی میسۆپۆتامیا و کوردستان هەروەها زانستێکی فرەشی گەرەکە لە

زمانانی ئاشووری، بابلی، ئارامی، عیبری و زمانی مەسیحییەکان و جولەکەکانی کوردستان.

ئەم بابەتە هەرچەندە کەمی لەسەر نووسراوە، بەڵام هەڵەی تێکەوتووە و بەرپەرچی دراوەتەوە و ڕەخنەی لێ گیراوە، کێشەشی لەسەر دروست بووە.

زۆربەی مێژوونووسانی کورد دەڵێن مەسیحییەکان لە ڕەگەزی کوردن و کەچی زۆربەی مەسیحییەکانی کوردستان خۆیان بە نەوەی ئاشووری کۆن حیساب دەکەن، هەرچەندە کێشەیەکیش لەنێوان ئاسوورییەکان و کلدانییەکان لە ئارادایە ژمارەیەکی زۆری کلدانییەکان خۆیان بە ڕەگەزی کورد دادەنێین، لەئەنجامی ئەم گفتوگۆیانەش زۆرجار دەمارگیریو دلگیری دروستبووە، جا بە پێویستم زانی بابەتێک لەژێر ناونیشانی کولتووری مەسیحییەکانی کوردستان بڵاوبکەمەوە هێوادارم سوودی خۆی ببەخشێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو بابەت دەگرێتە خۆ:

بابەتی یەکەم: ڕەگەزی مەسیحییەکانی کوردستان.

بابەتی دووەم: زمان و کولتووریان. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دوو خاڵەش، ڕوونکردنەوەی ڕەگەزی گەلانی سامیو زمانی ئەکەدیو زمانی ئارامی پێویستە، هەرچەندە ئەم بابەتە زۆری دەوێو لێرە جێگای نابێتەوە، بەڵام هەولم داوە بە کورتیو چڕی کەمێک ڕوونی بکەمەوە.

**زمانی ئاشووری:**

بە هەردوو زمانی (بابلی – ئاشووری) دەوترێ زمانی ئەکەدی، زمانی(ئەکەد)یش زمانی ئەو هۆزانەیە کە لە دورگەی عەرەبییەوە بەرەو دۆلی دیجلەو فورات کشاون و لەساڵانی ٣٠٠٠ پ.ز لە باکووری سۆمەر نیشتەجێبوون بەشێک لەم هۆزانە بەرەو باکوور کۆچیان کردو تا لە (شەرگات) ی ئەمڕۆ نیشتەجێ بوون.



کەواتە زمانی ئەکەدی زمانێکی جەزیرەیە و ئامۆزای زمانی ئارامییە زمانی (ئارام) یش بریتییە لە کۆمەڵە شێوە زمانێک کە لە شامەوە بەهەر چواردەوریان بڵاوبوونەتەوە...

کەواتە زمانی ئاشووری لقێکی زمانی ئەکەدییە و بووەتە زمانی پیرۆزی خواوەندی ئاشووری ناوچەی سوبارتۆ، لەبەر ئەوە ئاشووری زمانە، نەک نەتەوە، چونکە ئاشوورییەکان ژمارەیان زۆر کەم بووە و سەرەتا تەنها لە شەرگات نیشتەجێبوونە دوای ئەوەی زمانەکەیان دەبێتە زمانی دینی ئاشووری، هەلبەتە دینش لە نەتەوە پیرۆزتر بووە بۆیە زمانی دینیش دەبێتە زمانی رەسمی ئیمپڕاتۆریەتی ئاشووری (١) ئایینە سامیەکان داب و نەریتەکانیان لە کاژی ئایین دادەڕشت و بە پیرۆزیان دەکرد.

د. جمال رەشید دەڵێ: ئەم ئاشوورییانە میللەتێکی ئاشووری نینە بەڵکو خودایەک بەناوی ئاشوورەوە هەیە هەر کەسێک بڕوای پێ هێنابێت، بۆتە ئاشووری بێ ئەوەی سەیری زمانەکەی بکەیت، بۆ نموونە، کە دەڵێیت من موسلمانم بەڵام لەهەمان کاتدا کوردم و ئەوی دی تورکە و عەرەبە و ئەفغانییە، ئەمە مانای ئایینەکەیە بۆیە میللەتێک لە مێژوودا بەم ناوە نییە بەڵکو جۆرە پەرستنسازییەک هەیە بەناوی ئاشوور، ئەوەی سەرپەرشتی قوداسی دینی لە پەرستگەی ئاشوور دەکرد بەشێوازێکی سامی دەدوا، لەبەر ئەوەشە یەکەم و دووەم شای ئاشووری ناویان سامی نەبووە، بەڵکو خەڵکی ناوچەی کوردستان بوون لەناو میللەتە سامییە کۆنەکاندا هیچ خوداوەندێک بەناوی ئاشووری نابینرێت، کەوابوو ئەم خودایە ناوچەییە، بەڵام ئەوەی باوەشی پیاکردووە بۆ ڕێکخستنی نەریتەکانی دینی واتە بلێین کاهینەکان شێوەزارێکی ئەکەدییان کردۆتە زمانی ڕەسمی لەپەرستگەدا، دوعاکانیان بەو شێوەیە بووە.



جا زۆربەی گەلانی سوبارتۆ بەکارتێکردنی دینی ئاشوور پارێزگاری ئیمپڕاتۆریەتەکەیان کردووە و فراوانیان کردووە زۆرجار دەسەڵاتییان گەیشتۆتە سۆمەر و ئیلام و قوڵایی زاگرۆس بە هۆی دەسەڵاتەکەیانەوە زمانی

ڕەسمی ئیمپراتۆریەتەکەیان بووە زمانێکی باو لەسەرتا سەری وڵات و بووە زمانی بازرگانی و لێک تێگەیشتنی گەلانی دەوروبەریش (٢).

ئەم زمانە زیاتر لە (١٣٠٠) ساڵ زمانی ڕەسمی بووە لەم وڵاتە و لەساڵی (٦١٢ پ.ز) بەهۆی هێرشی سوپای میدییەکان بە هاوکاری کلدانییەکان بۆ سەر ئاشوورییەکان و لەناوچوونی یەکجارەکی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان و بنەماڵەی فەرمانرەوای ئەم دەوڵەتە، چونکە ئەم بنەماڵەیە هەموویان لەناو شاری نەینەوا کوژراون هەندێکیان بەرەو باکووری سوریا ڕایانکرد و میدییەکان کەوتنە دوایان و لەوێش پەرگندەیانکردن.

جا لێرە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ئاشوورییەکان تەنها کۆمەڵێکی کەم بووینە یان دەستەی فەرمانڕەوای ئاشووری بووینە ئەگینا چۆن تەنها لەنا شاری نەینەوا شەڕ دەکراو هیچ شوێنێکیتر شەڕی لێنەکراوە و پاشان ئەی ئەگەر خەڵکەکەی ناوشاری نەینەوا هەموویان ئاشووریی بوونایە چۆن ڕادەپەڕین دژی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری (٣). کەچی هەندێک بەناو ئاشوورییەکان دەڵێن کاتێک میدییەکان نەینەوایان گرت ئاشوورییەکان پەڕاگەندەی دەوروبەری نەینەوا بوون...

ئەمەش ناچیتە خانەی بیروباوەڕ، چونکە میدییەکان کەوتنە دوای ئاشوورییەکان لە باشووری سوریا، کەچی چۆن وازیان لە ئاشوورییەکانی دەوروبەری (موسڵ) هێنا (٤).

زۆرکەس دەڵێن مەسیحییەکانی ئەمڕۆی دەوروبەری موسڵ لە ڕەگەزی ئاشوورییەکانن، کەچی مێژوو نووسانی وەک: مارکۆ پۆلۆ، د. مجانا، مەسعودی، یەعقوبی... بە مەسیحییەکانی دەوروپشتی (موسڵ) یان و وتووە مەسیحییە کوردەکان (٥).

مەسیحییەکانی ناوشاری (موسڵ) یش خۆیان بەڕەگەزی ئاری دادەنێن و دەڵێن ئێمە خزمی مەسیحییەکانی بەرتلە و قەرپوش نین،



چونکە ئەوان عەرەبن و لەسەردەمی عەباسییەکان لە تکریت ڕادەکەن و لەم ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی موسڵ نیشتەجێ دەبن (٦).

(مەسیحییەکانی ئەمڕۆی کوردستنا بە دوو جۆر ناو دەناسرێن:

١- جۆرێکیان واتایەکی دینی دەگەیەنێت وەک: گاور، دیان، فەلە، کریستیان، مەسیحی.

جۆری دووەمیان واتایەکی نەتەوەیی دەگەیەنێت وەک: کلدانی، ئاشووری، یان ئاثوری. (گلدۆ ئاشوور) (ئەمەیان زاراوەیەکی نوێیە، چەند کەسێک بۆ مەبەستێکی سیاسی دایان ناوە) (٧).

سەرەڕای ئەوەی زاراوەی ئاثوری یان ئاشووری دەوروبەری (١٦٠) ساڵێکە لەشوێنی ناوی مەزهەبی نەستوری دانراوە (٨).

بەگشتیش بە زمانی مەسیحییەکانی کوردستان دەوترێ سورایێ (سریانی).

هەرچەندە زۆربەی ڕۆشنبیرەکانینا بەم زاراوەیە رازی نینە و دەڵێن ئەمە زاراوەیەکی نوێیە و لەلایەن بێگانەوە بۆ زمانەکەمان دانراوە، جا دوای روخانی حکومەتی (عەبدولکەریم قاسم) قەومی و بەعسییەکان ناکۆکیان خستە نێو هەموو نەتەوەکان و دینەکان و مەزهەبییەکان، ئەم شاڵاوە دڕندانەیە مەسیحییەکانیشی گرتەوە (٩) دەیانخستنە خانەی ڕەگەزی (عەرەب) ەوە، دوای بەیانی (١١) ی ئازار ساڵی (١٩٧٠)

بارزانی نەمر هەموو مافێکی ڕۆشنبیری دا بە مەسیحییەکان و سەربەست بوون لەبیرورِا دەربڕین.

حکومەتی عێراق لە دژی بزاڤی ڕزگاری خوازی کورد، دوای بەیانی (١١) ی ئازار مافی ڕۆشەنبیری دا بە مەسیحی و تورکمانەکان، بۆ ئەوەی بیانکا بەدژی گەلی کورد و بۆ ئەم مەبەستەش لە کۆلێژی ئاداب بەشێکی بۆ فێربوونی زمانی سریانی کردووە بەڵام ناو بەناو بایەخی پێ نەدەدرا، تا لەساڵی (١٩٧٥) و تێکچوونی شۆڕشی کورد ئەم بەشەش بەیەکجاری داخراو دەستکرا بە عەرەب کردنی مەسیحییەکان و تا لەسەرژمێری ساڵی (١٩٧٧) مەسیحییەکان بەخورتی بەڕەگەزی عەرەب ناونووس کران، وەک زۆربەی شەبەکەکان و ئێزدیەکان و کوردی ئوستانەکانی خوارووی عێراق (١٠)، دوای ڕاپەڕینیش حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزێکی تەوای لە ئایینەکان و کەمە نەتەوەکانی کوردستان گرت و لەوانە مەسیحییەکانیشی گرتەوە، کە خۆیان دەڵێن:



ئەو خەونەی ساڵەهای ساڵە بە ئازادی مانەوە دەدیت، سوپاس بۆ خودا لەسایەی حکومەتی کوردستان بۆمان هاتەدی کە گرنگەکەیان ئەمانەن:

١- ئازادی بیرورِا دەربڕین ڕێ پێوان و ئاهەنگی ئایینی و... هتد.

٢- خوێندن بەزمانی سریانی.

٣- ئازادی ڕاگەیاندن (چاپەمەنی، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن....).
٤- ڕێپێدان بە پارتە سیاسییەکان.
٥- وەرگرتنی (٦) مەسیحی بە ئەندام لە پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ (٣) وەزیر و بریکاری وەزیرێک.
٦- ڕێپێدان بە کردنەوەی بنکەی ڕۆشنبیری کلدانی (١).

(فرە ئایینی لە ئاڵۆزی کێشەی نەتەوەیی)

کوردستان بەهۆی سەختی خاکەکەی بۆتە شوێنی بڵاوبوونەوەی جۆرەها دین و بیرو باوەڕ، لەزۆر کۆنەوە هەمیشە وەکو برایان بەیەکەوە ژیاون و دژایەتی یەکتریان نەکردووە، مەگەر هێزی دەرەکی واتە حکومەتە گەورەکان ناکۆکیان لەنێواندا دروست کردبێ، وەک: حکومەتی ساسانی، ڕۆمی بێزەنتە، گەلانی مەسیحی ئەورووپی، عوسمانی، دوابەدوای ئەمانەش ئازەرییەکانی کۆماری ئازەربێجان و حکومەتی دوای عبدالکریم قاسم.

ئەمانەش بێهێزی هۆشیاری نەتەوەیی کوردیان بەهەل زانیوە و بەدرێژایی ڕۆژگار ناکۆکیان لەنێوان ناوەتەوە بە مەبەستی سیاسی و لێکهەڵوەشاندنەوەیان، چونکە ئەگەر کێشەی ئایینی دروست کراو پەرەی پێدرا، ئەوا گەل بەرەو هەڵدێر دەباو ئاسایشی نەتەوەییش بەرەو ترسناکی دەچێت.

چونکە نەیارو دوژمن ئەم دینانە بە ڕۆشنبیرییەکی داخراو و وشک پابەند دەکاو بوارێک دەڕەخسێنێ، بۆ دەست تێوەردان و لە ئەنجامیشا ئاسایشی نەتەوەیی دروست نابێت.

بۆ نموونە عوسمانییەکان هەمیشە ئیسلامەکانیان هان داوە دژی ئێزدییەکان و مەسیحییەکان بجەنگن، وەک هاندانی. ئەستوریەکان لەلایەن ئینگلیزەوە دژی سمکۆی شکاک و چەکدارانی هەندێ لە هۆزە



کوردیەکان بەناوی سوارەی حەمیدی و ئەو مەسیحیانەی لە سوپای لیڤیدا بوون، بەفیتی ئینگلیز ویستیان دەوڵەتێکی مەسیحی لە قەزای ئاکرێ و شێخان دروست بکەن و لەسەرەتای سالانی حەفتاکنیش هەولێک دراوە بۆ نانەوەی ناکۆکی لەنێوان کاکەییەکان و ئیسلامەکان (١٢).

جا حکومەتی ئەمڕۆی کوردستان هەوڵ دەدا ناکۆکی دروست نەبێ لەسەر دەربڕینی بیروڕا بەم کارەشی دەستی هێزی دەرەکی دەبڕی و لە ئەنجامیشدا هۆشیاری نەتەوەیی بەهێز دەبێ.

(ڕەگەز و زمانی مەسیحییەکانی کوردستان)

زۆربەی مێژوونووسان بەتایبەتی مێژوونووسە عەرەبەکان و مەسیحییەکانی شام و عێراق پشت بە داستانە دینییەکان دەبەستن بۆ زانستی ریشەیی گەلانی سامی، کەچی ئەمڕۆ زانست سەلمادوویەتی ئەم داستانانە ئەفسانەن و دوورن لە راستی.. ئەم مێژوونوسانە دەڵێن: ئەو مەسیحیانەی کە بەزمانی سریانی دەدوێن نەوەی سام کوڕی نوح – ن (١٣).

کەوابێ، دەبێ (ئارامی) لە نەوەی (عەرەب) بن و (عەرەب) یش لەنەوەی سۆمەری بن، چونکە حەزرەتی نوح بەڕەگەز (سۆمەری) یەو لە تاسولقە بسمارییەکان ناوی (نوح) بە (ئۆتۆناپشتم) هاتووە و، لەڕەگەزی سۆمەرییە و کەشتییەکەشی لەچیای گودی نیشتۆتەوە و

دووباره ژیان له کوردستانه‌وه سه‌ری هه‌ڵداوه (١٤)، که‌وابوو نه‌ک هه‌ر مه‌سیحییه‌کانی کوردستان، به‌ڵکو هه‌موو گه‌لانی سامی دوورن له حه‌زره‌تی (نوح) و چونکه له ڕه‌گه‌زی سۆمه‌رییه و (١٥) سۆمه‌ریش له وڵاتی سوبارتو به‌ره‌و وڵاتی میسۆپۆتامیا ره‌ویان کردووه له‌خوارووی عێراوی ئه‌مڕۆ جیۆواربووینه و (ئارام) یش له‌شام و گه‌لانی (ئه‌که‌دی) و (سامی) یش له جزیره‌ی عه‌ره‌ب نیشته‌جێ بوون (١٦)، به‌م دواییه‌ش مێژوونووسان گه‌لی سۆمه‌رییان له خانه‌ی گه‌لانی ئازیانیک داناوه (١٧) به‌ڵگه‌ی نزیک بوونی زمان و ڕه‌گه‌زی ئه‌م گه‌له له‌زمان و ڕه‌گه‌زی کوردی ئه‌مڕۆ ده‌یسه‌لمێنێ که سۆمه‌ری یه‌ک له گه‌لانی باپیره‌ی کوردانه، کاتێک ئه‌م سۆمه‌رییانه له کوردستانه‌وه به‌ره‌و خوارووی عێراقی ئه‌مڕۆ کۆچ ده‌که‌ن، هێشتا گه‌لانی هیندو ئه‌وروپی و گه‌لانی ئێریه‌ن ڤاچ نه‌هاتوونه‌ته کوردستان، واته زمانی سۆمه‌رییان کاری تێ نه‌کرابوو به‌زمانی گه‌لانی ناوبراو، جا کاتێکیش سۆمه‌رییه‌کان له خوارووی عێراق نیشته‌جێ ده‌بن په‌یوه‌ندییان به‌تایبه‌تی په‌یوه‌ندی بازرگانیان زۆر به‌هێز بووه به‌نیشتمانی سه‌ره‌تاییان واته وڵاتی (سوبارتۆ – کوردستانی ئه‌مڕۆ) (١٨)، به‌ڵام مه‌سیحییه‌کانی کوردستانیش خۆیان به‌ئارامی داده‌نێن و، هه‌ندێ جاریش خاکی کوردستان به‌خاکی گه‌لانی ئارامی یاخود ئاشووری داده‌نێن.

جا ئه‌گه‌ر له قوڵایی مێژووه‌وه سه‌یری دانیشتوانی کوردستان بکه‌ین، ئه‌وا زیاتر له (٨٠٠٠) هه‌زار ساڵ ده‌بێ که دانیشتوانی ئه‌م خاکه له ئه‌شکه‌وته‌کان هاتوونه‌ته ده‌ره‌وه و گوندیان دروست کردووه وه‌ک: گوندی (چه‌رمۆ، حه‌سونه، هه‌له‌ف) (٢٠) پاشان گه‌لانی سۆمه‌ری، گوتی، هوری، میتانی، لۆلۆ،، .. نیشته‌جێ بوون دوای ئه‌م گه‌لانه، گه‌لانی ئارامی به‌ره‌و کوردستان کۆچیان کرد، به‌ر له هه‌موویان بنه‌ماڵه‌یه‌کی ئه‌که‌دی بوون، که له شه‌ڕگات نیشته‌جێ بوون و پاشان به‌ناوی خواوه‌ندی

سوبارتوو بەناوی (ئاشور) (٢١) ناسران. کوردستان هەر لە کۆنەوە پەناگە و حەشارگە و لێقەوماوان بووە، دوابەدوای ئەم بنەماڵەیە، کوردستان دەبێتە بارەگەی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح، بەتایبەتی دوای ئەوەی مەسیحییەکانی شام دەکەونە ژێر باڵی ئەزیەتدان لەلایەن رۆمەکانەوە.

کەواتە هەر لەسەدەی یەکەمی زایینیەوە مەسیحییەت لەهەموو خاکی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بڵاوبووەوە بەتایبەتی لەخاکی کوردستان، هەر لەسنەوە تا دەگاتە کەرکوک و هەولێر و نینەوا جا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ جۆری دانیشتوانی ئەم خاکە بەر لە بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی گەلانی ئارامی لە کوردستان نیشتەجێ نەبووینەو ناچێتە خانەی بیروباوەڕیش کە ئەم مەسیحییانە ئارامی بووبوون و لە سەدەی یەکەمی مەسیحەوە بۆ کوردستان کۆچیان کردبێ، ئیتر هەر دەبێ کورد بووبوون و لە دژی موغەکان لەدینی زەردەشتی هەڵگەڕاینەوە و چوونەتە سەر دینی مەسیحی (٢٢) معتصم رشید دەڵێ: مەسیحییەت لەسەر دەستی ئەو سێ موغە زەردەشتییەی کە لە ورمێ وە بەرەو فەلەستین کەوتنە ڕێ و هەواڵی لەدایکبوونی مەسیحیان هێنایەوە و پاشان ئەم دینە نوێیەیان لە کوردستان بڵاوکردەوە بەتایبەتی لەسەدەی یەکەمی بڵاوبوونەوە، کوردستان ئارامترین



شوێن بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئەم دینە تازەیە، چونکە رۆمەکان دژی مەسیح و ئایینەکەی بوون و بەربەرەکانیان دەکرد لە بڵاوبوونەوەی لە وڵاتی شامی ژێر فەرمانڕەوایی رۆمەکان (٢٢).

کرێکار عەبدالله لە لاپەڕە (٦٨) ی کتێبەکەی بەناوی (کورد و ئاشور) دا دەڵێ: هەندێک لە سەرچاوەکان رادەگەیەنن ئەو میدیانەی کە چوونەتە لای حەزرەتی مەسیح لەوێ ماوەیەک ماونەتەوە تاکو فێری ئایینی مەسیحی و زمانی ئارامی (سریانی) بوون، ئینجا گەڕاونەتەوە کوردستان، بوونەتە پێشەنگی کاروانی ئەم ئایینە نوێیە و دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەتایبەتیش لەو ناوچانەی کە کەوتونەتە نێوان شاری نینەوا و هەکاری و سنە، بەم پێیە فرثییەکان و میدییەکان و ئاشوورییەکان و ئیلامییەکان و بابلییەکان کە زۆربەی لەسەر ئایینی بت پەرستی و زەردەشتی و یەهودی بوون، وردە وردە بڕوایان بەو ئایینە نوێیە هێنا (٢٤) ئەم برادەرە بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئەوەتا لە (اعمال الرسل) دا هاتووە کە دەڵێت: (قوتابییەکانی مەسیح بریتی بوون لە فرثیەکان، میدییەکان، ئیلامییەکان، خەڵکانی وڵآتی دووزێ، کە هەندێکیان جوو بوون، نووسەری ڕۆژئاوایی (ترتولیانوس) دوپاتی ئەوە دەکاتەوە میدییەکان بڕوایان بەمەسیح هێناوە (٢٥). نووسەری سریانیش (بەردیسان) کە بەدانەری ئەدەبی ئاشووری دادەنرێت (١٩٤ – ٢٢٢ ز) یەوە لەسوریا ژیاوە دووپاتی هەمان ڕاستی سەرەوە دەکاتەوە دەڵێت: ئەو ڕۆژە نەما کە برا فرثییەکانمان دووژن بهێنن، یاخود کچەکانی خۆیان بهێنن و ئەوانەی لە وڵاتی میدیان چیتر نایانسوتێنن و بەزیندووی فڕێیان نادەنە بەردەم سەگەکان (٢٦)، لەسەر رۆشنایی ئەمانەدا دەتوانین بڵێین کە ئاینی مەسیحی لە سەدەی یەکەمی زایینی هاتۆتە وڵاتی میدیا لەلایەن چەند کەسێکی میدییەوە، بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینەش لە کوردستان زیاتر بووە هۆی خزمەتکردنی زمانی سریانی کە



هەر لە سەردەمی ئاشورییەکانەوە ڕیشەی خۆی لە کوردستان داکوتابوو، بەردەوام لە پاڵ زمانانی مادو پارسی و پەهلەوی و ڕۆڵی خۆی بینیوە لە بەکارهاتن و دوای ئەوەی ئەم زمانە بووە زمانی ئایینی مەسیح زیاتر خزمەتکراو بەخەڵکیان ڕاگەیاند کە زمانی مەسیح (سریانی) زمانی ڕۆژی لێپرسینەوەیە و هەموو کەسێ دەبێ بیزانێ، بەڵام دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو کوردە مەسیحییانە چوونە سەر ئایینی ئیسلام پێویستیان بەزمانی سریانی نەما و وازیان هێنا، زمانی عەرەبیش وەک زمانی سریانی ریشەی دانەکوتابوو، بۆیە فێری زمانی عەرەبی نەبوون دکتۆر مجانا دەڵێ: (الاكثرية (٢٤) الساحقة لسكان حدياب (اربيل موصل) غالبيتهم من اصل فارسي و ليس من اصل ارامي) مێژوونووسە بیانییەکان زۆر جار کوردیان بە فارس داناوە (٢٧) باشترین بەڵگەشمان بۆ بەکوردبوونی زۆربەی مەسیحییەکانی کوردستان کەنیسیکانییانە، زۆربەی کەنیسە کۆنەکانی کوردستان پەرستگای زەردەشتی و میهر پەرستی بووینە دوای ئەوەی خەڵکەکە بوونەتە مەسیحی ئەم پەرستگەیانەیان کردووە بە کڵیسا، وەک دوو کڵیسای شاری (ئۆرفە) ش دیارە بەر لە مەسیح زۆربەی دانیشتوانەکەی لەسەر ئایینی جولەکە بووینە بۆیە پاشای میرنشینی ئۆرفە کە ناوی (ئەبجەری پێنجەم) بووە نامەیەکی بۆ مەسیح ناردووە (کە ئێستا ئەم نامەیە لە مۆزەخانەی بەریتانی هەڵگیراوە) (٢٨).

لەم نامەیەدا، داوای لە (عیسی) کردووە کە یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە ئایینی جوولەکەیی (٢٩)، جا دوای ئەوەی شاژنی حدیاب (دایکە هێلینا) واز لە ئایینی میترا دێنێ و دەبێتە جولەکە ژمارەیەکی زۆر لەو جولەکەکان دێنەسەر ئایینی مەسیحی (٣٠)، جا بەم جۆرە دانیشتوانی هەر ناوچەیەک بچوبوونایە سەر ئاینی مەسیح قوتابخانەیان دەکردەوە بۆ فێربوونی ئەم زمانە تا بەباشی لە ئینجیل بگەن (٣١)، بۆیە دەبینین کاریگەری ئەم زمانە لەسەر کورد زۆربووە، بۆ نموونە ژمارەیەکی زۆر لە تیرە و بنەماڵە کوردییەکان بەیەکجاری لە کوردایەتی شۆرابوونەوە و بوون بە سریانی وەک هۆزی (تیاری، مەسیحییەکانی موسڵ، بەشێک لە هۆزەکانی گەردی، شێروانی، سندی، بەرواری، داسا، زێباری، ....) لا (٧٥) کرێکار. خۆ ئەگەر بێت و لە مەسیحییەکانی کوردستان بپرسین هەندێکیان دەڵێن لە بنەڕەتیشدا کلدان و ئاشووریی ئامۆزای یەکترین و لە ڕەگەز ئەکەدین، کەچی وشەی (کلدان) لە زمانی سریانی هیچ واتایەک نابەخشێ کەچ ریشەیەکی کوردی هەیە و لە دوو بێژەی کەل = بەرز، بڵند، بەڕێز + دان (پاشگرێکی گەلانی ئازیانیک یا گەلانی زاگرۆسییە)، کە واتای گەلی بەڕێز و مەزن دەگەیەنێ، زۆر مێژوونووسیش ناوی کلدانی بە (کەشدیم) تۆمار کردووە، کە لەدوای کاشییەکان (کاسییەکان – کاکۆیەکان) فەرمانڕەوای بابلیان کردووە و بە چینی ڕەنجدەرانی کاشیەکانیان لەقەڵەم داون، کاسیەکانیش سەلماوە کە باپیرەی فەیلیەکانی ئەمڕۆی کوردستانن، ئاشوورییەکانیش گەلێکی سوباری بووینە و خوداوەندی (ئاشور – ئاسور – ئاهور – هۆر – خۆر) یان پەرستووە و بەناوی خوداوەندەکەیان ناسراون، بەڵام زمانی ئایینەکەیان زمانێکی جەزیرەی عەرەبی یان شێوە زمانێکی سامی بووە و زاڵبووە بەسەر زمانی دانیشتوانەکە و لەبەر پیرۆزی بووەتە زمانی



ئیمپڕاتۆرییەتی ئاشووری. کاک (حنا انطوان) دەڵێ: (٣٢) چەوساندنەوەی مەسیحییان لە کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی خۆیان بەکورد نەزانن و بەتایبەتیش ئەوانەی لە کوردستان ئاوارە بووینە، پاشان ئاماژە بۆ ئینجیلێک دەکات کە لەساڵی (١٨٨٨ ز) لە دەڤەری دهۆک بە خەتی ئارامی و زمانی کوردی نووسراوەتەوە، کاک حنا لە بابەتەکەیدا روونی دەکاتەوە کە بەشێک لە مەسیحییەکانی کوردستان لە ڕەگەزی کوردن، هەروەها کاک (حەنا ئەنتوان) دەڵێ: (ئەبفەرەنسیسی گەورە) بۆی گێڕامەوە لە ساڵانی پەنجاکانی ئەم سەدەیە مەسیحییەکی فرە لە پیرەمێرد و پیرێژنی مەسیحی، لە شەقڵاوە زمانی سریانییان نەدەزانی. نوێژ و خودا پەرستیان بە زمانی کوردی بوو، لەبەر ئەوە پیاوانی ئایینی مەسیحی ئینجیلییان بە کوردی بۆ راڤە دەکردن، هەروەها هەموو جۆرە وتو وێژێکیان لەبەردەم پیاوانی ئایینی بە زمانی کوردی بوو، ئەمانیش کاتی خۆی لە ناوچەکانی برادۆست، ڕەواندوز، دۆڵی خۆشناوەتی هاتبوون (٣٢).

کەواتە لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە مەسیحییەکانی کوردستان لە ڕەگەزی کورد بووینە، بەڵام بەرە بەرە بەهۆی پیاوانی ئایینی مەسیح زمانییان بەرەو ئایینی مەسیح واتە زمانی ئارامی ڕۆیشتووە، ئەمەش لە فەرهەنگی زمانەکەیانەوە لەسەدە دوا بەدوایەکاندا ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر بێت و (٥٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ سەیری زمانی ئەم مەسیحییانە

بکەین و وشەی کوردی زیاتر بەکار هاتووە، لەو بڕوایە دام ئەم مەسیحییانە سەرەتا تەنها زاراوەی ئایینیان کە زاراوەیەکی زمانی ئارامییە لەقاڵبی زمان بەکار دەهات، بەڵام بەرە بەرە زمانەکەیان گۆڕی بە زمانی ئارامی، چونکە لەسەردەمانی کۆن ئایین پیرۆزتر بووە لە نەتەوە، بۆیە زمانی نەتەوەکەیان بە زمانی ئایینەکەیان گۆڕیووە، تا لە ڕۆژی حەشر قسەی پێ بکەن ئەمە لەلایەک و چەوسانەوەیان لەلایەن کوردی ئیسلامەوە وای لێ کردوون زیاتر لە زمانی ئایینی نزیک ببنەوە و لەشار و شارۆچکەکان کۆببنەوە و زۆربەشیان لەنێو ڕەگەزی عەرەب توانەوە تەنها بە دینەکەیانەوە دەناسرێنەوە وەک مەسیحییە موسڵاوییەکان کە بەدرێژایی مێژوو زمانیان لە فەلەیی گۆڕاو بوو بە زمانی عرەبی، ئەم مەسیحییە موسڵاوییانەش خۆیان بەڕەگەزی ئاری دادەنێن و خۆیان بەخزمی مەسیحییەکانی قەرەقوش و تلکێف نازانن (٣٤) ئی واشیان هەیە دەڵێ: ئێمە نەوەی میدییەکانین، ناوی بنەماڵەکانیان کوردین وەک: دەغدۆنی، زێباری، یەزدی، شمێران، دەرزی، بەرازی، تۆزی، توزا، فارجۆ، ئاڵچی، شولچی، شنۆ، سفۆ، سپیر، تەپونی، پرپێچ، گزیر، مەندە، بهنۆ، کاچینات، سەرسەم، چەناوە، چارک، بائوبۆ، رەمۆ، هندۆش، بۆتانی، ... (٣٥) جا ئەگەر بێت و زمان و دینەکە لە مەسیحییەکانی کوردستان دابماڵێن هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ ڕەگەزی کورد نییە لە ڕووی داب و نەریت وجل و بەرگ و ئاواز و مۆسیقا و ڕەنگ و ڕووەوە، (نەعمان شرۆ) دەڵێ: کاتێک میدییەکان و ئەشکیسییەکان لەساڵی ٦١٢ پ.ز کۆتایی بە ئیمپراتۆرییەتی ئاشوری دێنن، مدییەکان دەگەڕێنەوە بۆ چیاکانی زاگرۆس و ئەسکیسییەکانیش لە وڵاتی میزۆپۆتامیا دەمێننەوە جا ئەم ئەسکیسییانە دەچنە سەر ئایینی مەسیحی پاشان بەرە بەرە هۆزانی میدی دووبارە بەرەو میزۆپۆتامیا دێنە خوارەوە لەسەردەمانی ئەشکانی کێشەی ئایینی دروست دەبێت

لەنێوانیان، چونکە میدییەکان زەردەشتی و ئەسکیسییەکان مەسیحی ٢٦ بوون،

بەڵام ئەم کلدانیانەی ئەمڕۆی کوردستانیش لەهەمان سەردەم لە بابلەوە بۆ کوردستانی ئەمڕۆ هاتوون و چوونەتە سەر ئایینی مەسیحی، هۆی بوونی بە مەسیحی ئەم کلدانییانە دەگەڕێتەوە بۆ زمانەکەیان چونکە لە وڵاتی بابل لەسەردەمانی کاشی و کلدان (کەلهور) زمانی ئارامی زمانی رەسمی بووە و زمانی ئارامیش زمانی ئایینی مەسیح بووە، بۆیە ئەم کلدانییانە بە ئاسانی چوونەتە سەر ئایینی مەسیحی بەڵام کلدانییەکان (کەلهوڕەکان) ی کرمانشانە کەوتوونەتە ناو جەرگەی میدییەکان و ژمارەشیان لە کلدانییەکانی کوردستانی ئێستای عێراق کەمتر بووە بۆیە ئایینی زەردەشتیان قەبوڵ کردیە (٣٧) بەشێوەیەکی گشتی زمانی ئارامی هەر لەسەردەمی ئاشوورییەکان تا بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح لە کوردستان زمانێکی باو بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیک لە زمانی مەسیح (بەلاذری) لە لاپەڕەی (٢٠٠٠) ی کتابەکەی دا دەڵێ: (کاتێ سوپای ئیسلام بە سەرۆکایەتی (حەبیب ئبن موسلیمە الفهری) لەساڵی (٦٤٣ ز) لە رووباری کورد دەرباز دەبێ بۆ دەشتی دوین لە ئەرمینیا توشی هۆزانی کورد دەبن. تۆامسی مەرگە دەڵێ: ئەم هۆزانەی لەم ناوچەیە چوونەتە سەر ئایینی مەسیحی و دژایەتیان دەکرا



لەلایەن کوردەکانی تر، تۆماسی مەرگە زیاتر باسی هۆزانی (مەرگە و داسن) ی سەر زێی بادینان دەکات کە چوونەتە سەر ئایینی مەیسیحی (٣٨) جەمال رەشید دەڵێ: لە چاخی حەوتەمی کۆچی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەری کوردی مەسیحی پەیدا دەبن وەک: بارشبا الشەهرزوری شمۆبن نموا، ناتانیال الشهرزوری.... ساسانییەکانیش ئەو کوردە مەسیحییانەی بەسەرۆیچی کاردانەوەکە لە ئایینی زەردەشت لە وڵاتەکەیان وەرگەڕاون، بەڕێز یونادم یوسف کەننا دەڵێ: (کتلە البرلمانیە) هذه خاصە بالآشووریین ولیس بلمسیحیین ذلک لان المسیحیین من الکرد و العرب وغیرهم)، (ابو حکمت) سکرتێری پارتی کاری سەربەخۆیی ئەگەر خۆی بەکورد نەزانێ، چۆن دەبێتە سکرتێری پارتێکی نەتەوەیی..؟ کاتێ کلنتۆن سەردانی وڵاتی چینی کردو چاوی بەکڵێساش کەوت، دەبێ مەسیحییەکانی چینیش ئارامی و لە ڕەگەزی مەسیحییەکانی کوردستان بن؟ !.

بۆ زۆربەی گەلانی جیهان مەسیحییان هەبێ تەنها کورد مەسیحی نەبێ؟ بەڵگەیەکی تر لەو بەڵگانەی کە زۆربەی مەسیحییەکانی کوردستان کورد بووینە ئەویش بەڵگەی ناوی مرۆڤە، دوای ئەوەی زمانی سریانی واتە زمانی دیینی مەسیح زاڵ دەبێ بەسەر زمانی ئەو کوردانەی کە لە ئایینی زەردەشتی، جولەکە، میهر پەرستی، زروان، کەیدورو ئایینانی تری کۆنی کوردستان، کە دێنە سەر



ئایینی مەسیحی بەرەبەرە ناوی کوردی رۆڵی نامێنی لەنێوانیان مەگەر ئەو ناوانە نەبێ کە مۆرکێکی دینی زەردەشتیان پێوەبێ و وەک ناوی (هورمز – ئاهوا مەزدا) (٤٠) بەم جۆرە ناوانی ئارامی شوێنی ناوە کوردیەکان دەگرێتەوە ئەگەر بێت و سەیری ناوی مرۆڤی مەسیحییەکانی کوردستان لەسەدەی یەکەم و دووەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح لە کوردستان بکەین، ئەوا ناوی کورد زیاتر رۆڵی بینیوە لە نێوانیان، بەڵام دوای ئەوەی مەسیحییەکانی کوردستان، ناوی منداڵەکانیان بەناوی ئارامی و دوای شەڕی جیهانی یەکەمیش بەناوی گەلانی ئەوروپی و دوای شەڕی جیهانی دووەمیش بەناوی عەرەبی ناودێر دەکرد تەنها لەساڵانی نێوان (١٩٧٠ – ١٩٧٣) مەسیحییەکان رۆڵی خۆیان دیت لەناولێنانی منداڵەکانیان بەناوی کوردی، جا بەدرێژایی رۆژگار ناوی کوردی رۆڵی نامێنی لەنێولێنان لەنێو برا مەسیحییەکان، ئەم کۆمەڵە ناوەش نمونەیەکن لەناوی کوردی کە لەدێر زەمانەوە بەردەوام رۆڵی هەبووە لەنێولێنانی مەسیحییەکان: (ئاریا، مادۆ، تمشاپور، پۆلا، شاهدۆست، ساسان، مزکیا، کوفریز، میلس، کرتیر، شامیر، هورمز، مەرقس، جندۆ، خوشابا، بابکا، کێخوا، بابای، میرزا، لوکو، سۆرۆ، زیزۆ، رەوشەن، شەمعون، بەختیشوع، شاپور، ئارتین، ئارپاک، شیرین، ڕادۆ، قرەداخ، فاهدوخت، سەرسەم مینواس، دینۆ، شەمت، زرون، سورما، عەڤدۆ، یەزدین، مهریا، دادگوش، شهرین، ڕادانوس، بەغاش، خەمۆ، مرۆکی، یاقۆ، رەشۆ، شونی، ئوراها، تەهمین، مهربزرین، مارسبا، شوخامارن، پیرکوشنسق، برهادشابا، ئیسحاق، بورزمهر، کوشنزاد، دیکوشنسف، گلینا، شنکول، قاقۆ، کاکا، ڕوز، ماهۆ، زورا، چیچکا، سیاوش، مروکل، مەمۆ، بەهرام، زومیا، باوید، ژیانە، تۆماس، (تەهماسپ)، ئاغاجان، لاوکۆ، .. دوا بەڵگەشمان بەڵگەی زاراوەی ئایینەکانە کە زۆربەی زاراوەی ئایینەکان کوردینە، دیارە کورد ڕۆڵێکی



گرنگی هەبووە لە پێگەیاندنی ئایینی مەسیح هەر لە منداڵییەوە تا بڵاوکردنەوەی ئایینەکەی بە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، نزیکترین کەسیش لە مەسیح ئەو سێ زەردەشتییە بوون کە هەواڵی لەدایک بوونی مەسیحیان بڵاوکردەوە، میدییەکان و (کلدان) کەڵهوڕەکان پێشەنگی گەلان بووینە لە پێشبینی هاتنی مەسیح و دەرکەوتنی ئەم پاکیزە پیرۆزەش لە سورەتی (٢٤، ئایەتی ١٧) ی کتێبی (موسی) تۆمارکراوە، ئەمەش ڕیشەی چەند زاراوەیەکی (ئایینی مەسیح) یە: لەناوی کۆنی ئێرانی (مێهری، مشیای) وەرگیراوە / گۆڤاری سروە ژ (١١١ – ١١٢).

پاپا: پاییەکی بەرزی ئایینی مەسیحییە لە وشەی (باب – بابا) ی کوردییەوە هاتووە ئەم وشەیەش لەڕووی زمانەوە واتای (نێر) دەبەخشێ بۆ نموونە: کەڵەباب، نێری کەڵ، بابانە: نێری هەندێک لە باڵندە، لە زمانی عەرەبی بووەتە (اب: باب، باوک).

(مار، مربێن): لە وشەی میهر هاتووە

(دێر): پەرستگای مەسیحییەکان لەدەر، دەوروبەر، پەرستگایەک کە بۆناوچەیەک دروستکرابێ، دووریش نییە لە وشەی (دور): (خانوو، کۆشک، پەرستگا) ی کاسیەکان هاتبێ، کاسیەکانیش یەک لە باپیرەی کوردانن.

دورکوریکالزۆ پەرستگەی ئاگری گوف (عقرقوف) ـە، (پەرستگەیی کوڕی کالزۆ).

کلێسا: کەنیسە، بڕگەی کەل: بەرز، بڵند، پیرۆز، هاوبەشی کردووە لە دروست کردنی و وشەکە، بڕگەی (کەل) یش، بەدرێژایی مێژوو هەر لە سەردەمی سۆمەری و کاسییەکان و ڕۆڵی بەرزی و بەهێزی و پیرۆزی خۆی بینیوە تاکو ئەمڕۆ. چەند نمونەیەک لەو وشانەی کە بەبڕگەی (کەل) دەستپێدەکەن یان کۆتاییان دێت:

لوکال: لاوی پایە بەرز، پادشا، (الرجل العظیم) ناوێکی سۆمەرییە. شوشکال، نام لوکال، کەی کال، ئوروکال...

ئەی کال: ئەی (ئەیوان، هەیوان) + کال (کەل، بەرز) = کۆشکی بەرز.

ئەی کشان کلاما: ئەی (ئەیوان) + کشان – کچان کلاما (کەل).

= هەیوانی گەورە کچان، ئەمە ناوێکی سۆمەرییە و شاری هەولێری پێی نێودێرکراوە.

کلدان: کەلدان، چینی چەوساوەکانی کاسییەکان لەسەر زمانی ئێرانیان بە کەڵهوڕ ناویان هاتووە و لەسەر زمانی گەلانی سامی بووەتە (کلدان، کەشدیم).



هەروەها لە چاخەکانی (٩، ١٠، ١١ ز) پیاوانی ئایینی مەسیحی کوردستان، هەستیان بەلەناوچوونی

دینەکەیان کرد لەلایەن ئەمارەتی کوردەوە، بۆیە پەیوەندییان بە گەلانی ئەوروپی کرد، لە ئەنجامدا جەنگێک هەڵگیرسا لەنێوان شەدادی گەنجە و دەڵەوتی دۆسکی لەلایەک و لەلایەکی ترەوە گەلانی ئەرمەن و جۆرجی و بێزەنتی بەیارمەتی مەسیحییە کوردەکان، جا ئەم کوردە مەسیحییانە هەستە دینەکەیان لە ڕەگەزی کوردی داماڵیون، لەهێرشی (قەیسەری ڕوس) یش بۆسەر ڕواندز هەندێ لە مەسیحیانی کودستان هاوکارییان کردوون لەوانە مەسیحییەک بەناوی (وەستا کۆر) و لە گەڕانەوەی سوپای ڕوس، وەستا کۆر لەگەڵیان ڕۆیشت، جا قوڵبوونەوەی ناکۆکی ئیسلامەکان و مەسیحیەکان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانیەکان بەجۆرێک هانی ئیسلامەکانیان دەدا بۆ چەوساندنەوەی جولەکەکان و ئێزدیەکان و مەسیحییەکان، دوا بەدوای عوسمانیەکانیش ئینگلیز هانی مەسیحییەکانی دا کە خۆیان بخەنە خانەی ئاشووری کۆن و دژی ڕاپەڕینەکانی کورد بوەستن، دوای دروست بوونی حکومەتی عێراقیش هاندران کە بەڕەگەزی عەرەب خۆیان ناونووس بکەن و بۆ ئەم مەبەستە بانگی پیاوە دینیەکانی دەکردو دانی پێدا دەنان کە ئێوە لە ڕەسەنی (سامی) ین و دەگەڕێنەوە سەر ڕەگەزی عەرەب نمونەشمان هەندێک لە مەسیحییەکانی عەنکاوەیە خەریک بوو خۆیان لە بۆتەی ڕەگەزی عەرەب بتاوێننەوە و زمانەکەیان بە زمانی عەرەبی بگۆڕن هەر بۆیەش زمانی عەرەبی کارێکی زۆری لە زمانکەیان کردووە و زمانی عەرەبیش زۆربە باشتر دەزانی لە زمانی کوردی، بەم جۆرە حکومەتی عێراق بەردەوام هەوڵی دەدا مەسیحییەکان داببڕێ لە ڕەگەزی کورد و بیانکات بەدوژمنی براڤی گەلی کورد، کەچی ژمارەیەکی زۆر لە مەسیحییەکان هەر لە کۆنەوە بەشدارییان لە شۆڕشەکانی کورد کردووە لەوانە: هرمز، ئادەم، تۆماس، مارگرێت، گورگیس، پۆلص بیدارو، د. ئورو، فەرەنسۆ هەیری، ئەبو حکمەت سکرتێری پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان.

چەند نمونەیەک لە داب و نەریت و زاراوەی کەلتوری مەسیحیەکانی کوردستان



١- جلی میللی: جل و بەرگی میللی مەسیحییەکانی کوردستان هەمان جل و بەرگی میللی کوردییە وەک: کورتەک و شەروال، شاڵ و شەپک، جەمەدانی لەسەرنان، ئێلەگ و پشتێن و کڵاش، کڵاو، کەلەنگوچک نەخش و نیگاری سەر شاڵ و شەپک و پەشمە و بەرگوز، بەڵام دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەمەبەستی جیاکردنەوەی مەسیحیەکان و دابڕینیان لە نەتەوەی کورد هەر بۆ پڕوپاگەندە لە ئاهەنگەکانیان خاولییکی درێژ لەمل دەکەن و کڵاوێکی قیت لەسەری دەکەن و چەند پەڕە مووچەیەکی لێ دەبەستن، ئەگەر هەموو کوردستان بگەڕێی مەسیحییەک نابینی لەم جۆرە جلەی لەبەربی، کاتی خۆی هەموو هۆزانی مەسیحی و موسلمانی کوردستان کڵاوی لبادی قیتیان لەسەری ناوە و میرەکانیش پەڕەمووچیان لێ بەستووە، زاراوەی جل و بەرگەکانیشیان هەمان زاراوەی کوردییە تەنها هەندێک لەم زاراوانە گۆڕانی بەسەردا هاتووە:

شەروال: شەروال

جەمەدان: جەمەدانی، جامانە.

کالکە: کڵاش.

کالک: کڵاش



جاروخ: جۆرە کەوشێکە.لە پێستی سەری (گا) دروست دەکرێت، بەبەنێکەوە لەپێیەکان دەبەسترێت، ئەم جۆرە کەوشە – ش لە ڕۆژی قوڕ و باران و کاری کێڵگە لە پێ دەکرێت.

سول: سۆلە، جۆرە کەوشێکی سور یا ڕەش بوو لەشێوەی نەعل، لەشاری موسل دروست دەکرا تا بەم دواییەش دانیشتووی گوندان لە مەسیحی و ئیسلام لەپێیان دەکرد.

گروی (جۆرەب): گۆریە، جۆرە گۆریەکی ئەستورە لە خوری دروست دەکرێت بەهۆی بەنێکەوە لە قاپ یا لەلاق دەبەسترێت، ئەم جۆرە گۆرییەش تەنها لە زستانان لەپێ دەکرێت، زیاتریش لەگەڵ جاروخ لەپێ دەکرا.

شباقا: شباقا جۆرە پشتێن – ێکی نەخشێنراوە تاکو ئەمڕۆ لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستانی تورکیا لەم جۆرە پشتێنە لەپشتێ دەکەن.

گەردەنە: گەردەنە، بریتییە لە زنجیرێکی زیو یان زێڕ بەنەخشی جۆراو جۆر دەنەخشێنرێت و لەگەردەن دەکرێت.

کلوتا: جۆرە کڵاوێکە لەشێوەی کڵێتە، ئافرەتان لەسەر دەکەن، ژێرەکەی قوماشێکی سپی لەلۆکە دروست کراوە بانەکەشی بە قوماشی ڕەنگاو ڕەنگ و نەخشێنراوە.

کەفیە: چەفیە، جۆرە چەفیەکە ئافرەتان لەسەر کڵاو لەسەر دەبەستن زۆر جۆری هەیە لەوانە (بش ڕەنگ) واتە (پێنج ڕەنگ) و(شش ڕەنگ) واتە (شەش ڕەنگ).

زمتا: خەزیم، بریتیە لە پارچە زێڕێکی تەنکی خڕ لەلایەکی لووت دەبەسترێت.

خلخال: خلخال، خرخال، ئافرەتان لەپێیان دەکەن و لەزیو دروست کراوە.

کەمەر: کەمەربەند، جۆرە قایشێکە جاران لە زیو دروست دەکرا، ئافرەتان لە پشتیان دەبەست.

کەمەری ئاسوریان دوو جۆرە: أ- کەمەر عادی   ب- کەمەر شاتری

کلوتا دزوز: دەسرۆک، هیزار، جۆرە هیزارێکە بانەکەی بە پارەی عوسمانی بەشێوەی بازنە نەخشێنراوە هەروەکو هیزاری موسلمانانە، دایکم تا کۆچی دوایی کرد ئەم جۆرە هیزارەی لەسەرید ە کرد.

مێزەر: مێزەر، تیلاک، هیزار، دەسرۆک، مێزەر بریتیە لە قوماشێکی خوری نەرم کە خۆیان دروستی دەکەن، تایبەتە بە ئافرەتان و لفکەکەشی بە لا ملیان دا شۆڕ دەکەنەوە.

برەلا: برامپێل، بریتییە لە قوماشێکی ئەستور، ڕاست و چەپ لە ملیان دەکەن و تا سەرچۆک دادەپۆشێت، کاتێک ئافرەت بۆ کار دەردەچێت لەبەر دەکات، جیاوازی بەرامپێلی مەسیحیەکان ئەوەیە کە بەرامپێلەکەیان دەنەخشێنن، بەڵام ژنانی ئیسلام ناینەخشێنن.

کلوثا: کلێتە، جۆرە کڵاوێکی پیاوانە، لە خوری دروست دەکرێت و، دوو کەژی هەیە بۆ بەستانی لە مل و گوڵنگێکی گەورەی بەسەریەوە دەکەن، ئەم کڵاوەش تەنها لەڕۆژی سارد لەسەر دەکرێت.

٢- کەرەستەی ڕاوکردن:



قرتالا: قەرتارە، ئەو سەبەتەیەیە کە (ترێ) ی پێ دەگوازرێتەوە، جا مەسیحیەکان و ئیسلامەکان بە قەرتارە ڕاوی ماسی – یش دەکەن، لە روبارە گچکەکانی ناو چیا بەربەست دروست دەکەن، بەمەرجێک کەمێک لە ئاستی ئاوەکە بەرزتر بێت و چەند کونیک بەجی دەهێڵن لەناو بەربەستەکە و هەر کونێک قەرتالەیەکی دەدەنە بەرێ و لەلای سەرووی ڕووبارەکە ماسییەکان بەرەو بەربەستەکە دەبەن و ئینجا ماسیەکان دەکەونە ناو قەرتالەکە وەک وێنەی ژمارە (٨).

فەخ (ئەقولتا): فاق، ئەویش جۆری زۆرە فاقی چۆلەکە گرتن یا تەلەی ریۆی گرتن وەک وێنەی (٩ – ١٠).

جاگونا: گۆچان

شیروخی: جۆرە تۆڕێکی باڵندە گرتنە.

نشفا: جۆرە داوێکە باڵندەی پێ ڕاو دەکرێ.

تاپکا: تەپک، تەپکە جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕاوکردن، زەوی بەقەدەر باڵندەکە قوڵ دەکرێت و هەندێک دانی تیا ڕوو دەکرێت پاشان تاشە بەردێکی تەنک بەهۆی دارێکەوە لە تراز دادەنرێتەوە و داوێک لەو دارە دەبەسترێت کە بەردەکەی ڕاگرتووە، جا هەرکاتێک باڵندەکە چووە بن تاشە بەردەکە یەکسەر داوەکە ڕادەکێشرێت و دارەکە لە بەردەکە

دەترازی و بەردەکە دەکەوێتە سەر قۆرتەکە و باڵندەکە دەگرێت وەک وێنەی ژمارە (١١).

میکبی: سەبەتە دانانەوە، ڕاوکردن بەم جۆرە هەر وەک تەپکە وایە تەنها لەجیاتی تاشە بەردەکە سەبەتەیەک بەکاردێت وەک وێنەی ژمارە (١٢).

چەتل: دارلاستیک، دارێکی دوو لکە لەشێوەی چەتارە لە هەردوو لای لاستیکێکی پێوە بەستراوە هەردوو لاستیکەکەش بە پارچە قایشێکی کەمێک پان بەستراوە ئەمەش تەنها منداڵان بۆ ڕاوی چۆلەکە بەکاری دەهێنن.

چەند خواردەمەنییەکی فۆلکلۆری:

کولیچە: کولیچە، جۆری دروستکردنی لەنێو ئیسلام و مەسیحیان وەکو یەکە.

هریسە: هەریسە، جۆرە چێشتێکە لە گەنم و نۆک و گۆشتی وردکراو دروست دەکرێت.

ترخێنە: تەڕەساز ترخێنە، جاران موسڵمان و مەسیحی، هەندێک لە گەڵای ناسکی شێلمی سپی لەگەڵ گەنم – یان دەکوڵاند دوای دوو ڕۆژ دروست بوونی، پێیان دەگوت شازوک و بەنانی دەیانخوارد.

قلیۆک: قلیۆک جۆرە چێشتێکە لە چەند



دانەوێڵەیەک دروست دەکرێت وەک: گەنم، نۆک، تۆ گندۆرە دوای فڕەدانی پەلکەکەی.

بەجۆرە چێشتێکی منداڵانیش دەڵێن شیوە قولە.

شیوە قولە – ش زیاتر لەناو منداڵانی دەشتی هەولێر سازدەکرێت.

چەند وشەیەکی کولتووری هاوبەشی کورد و سریان:

غولام: خورام، کارەکەر.

ورزا: بێستانی وەرزی، بێستانی گندۆرەی دێمی.

هگبا: هەگبە، تورەکەی چنراو.

قوختا: خەرمان، کۆمەڵی دەغل و دان.

جەرجەر: جەنجەڕ

قش: قرشە

شقلا: شەقرکردنی دەخل و دان دوای کوترانی قرشە و کۆکردنەوەی

شەف نوفا: کەسێکە بەشەو پاسەوانی مەڕ بکات.

سیلوک: بێری، ئەو ژنەی بە ستلێکی سفرەوە دەچێت مەڕ دەدۆشێت

جاجما: جاجم

جەڕە: جەڕە

زرزمی: جۆرە ژێر زەمینێکە کای تێدەکرێت، واتە لەو دەیەکە لەژێر زەوی.

دەست: تەشت یا مەنجەر

شفکور: شەوکۆر، ئەوەی بەشەو نابینێت

حرِی: جۆرە گلێکی ڕەشە، لە کرمانجی سەروو بە قوڕ دەڵێن حرِی یا هرِی.

دەواب: دەوار، وڵاخی باری

کورتا: کەرپوچ، خشتی سورەکراو
کالکی خاف: جۆرە پێڵاوێکە لە پێستی گا دروستی دەکەن
ئەسۆنا: ئاسیاو، ئاش
ئەستونا: ئەستوون، کۆڵەگە
ئونا: ئەیوان، هەیوان
ئەگرەنیلە: گران، بەبەها
ئەرزەنیلە: هەرزان بێ بەها
باهورپا: هورپە، بای گەرم
بۆتا: بۆتە، قاپی زێڕ تواندنەوە
بایۆنا: گوڵە بەیبون
بابۆسا: بەبە، منالی ساوا
بازا: باز
بێتا دارا: بێدەر، جۆخین
بابە: باوک
بسکا: بسک
بازاڕ: بازاڕ
بوساتنا: بێستان، ڕەز
بسا: پشیلە، پسک، کتک
جوللی: جلک، جل و بەرگ، کنج
گەوزا: گوێز
گیشە: گێژ، هوڕ
گندۆرە: گندۆرە، کاڵەک
گونقە: گەنج
گلۆڵە: گلۆرە، خڕ، گڕوقڕ
گدیە: بزن

گەرۆما: گەرۆمە، دەمی گۆزە و جەڕە.

گزیرا: گزیر

دادا: دادە (دەنگە ناوە) بانگی دایکی پێدەکرێت

دۆشەکا: دۆشەک، لالینک

دوشا: هەنگوین

تخموبا: سنوور، تخووب

ختکە: ختکە، ناسکە تەرۆزی

تەرۆزی: تەرۆزی

توشا: توو، میوەی توو

چارێک: چارێک

چەنگال: چەنگال

چەمچا: چەمچە، ملاک

چوچکا: چۆلەکە، کێشکە، چڤیک، پاساری، مەلۆچکە

چێدانا: چێدان، چاپپەست

چۆل: چۆل

چەرخا: چەرخ، فەلەک، ڕۆژگار

چەپا: چەپڵە، دەست قوتان

چەل: چال

زۆما: زۆما، زۆم، هەواری هاوینە

درمن: دەرمان

دڕەنگ: دڕەنگ

دشتا: دەشت

دولا: دۆلکە

دۆگا: دۆ

ئۆیشا: وشک

زابا: زێ
زەرا: زەرد
زیرەک: زیرەک، ئازا
زلوبیا: زرۆبیی
ژنگرا: ژەنگ
تاگی: تاژی، تانجی
تاسا: تاسە، جام
خەڕوبا: خڕنوک
خشلا: خشل، (زێڕ و گەوهەر)
خروجە: خروجە، هەگبە
خزمێ: خزم، کەس و کار
کوزا: کۆزی مەڕان
کەرویش: کەروێشک
کەڕڕا: کەڕ
کوپا: کوپە
کۆرە: کۆرە، نابینا
شول لوک: شەلە، لەنگ
کریا: کورت
ئاشیرا: ئازا
کۆڵانە: کۆڵان
کوورا: پورەی هەنگ، کورە یا خانەی هەنگ
کفتا: کفتە
کاوزر: کوزر
کسا: کاسە
لبەدا: لباد

لۆرا: لۆر، لۆرک
لەقنا: لەگەن
منزق: نانی مەزرەقە
ممی: مەمک
شیفتا: شفتوشۆ، ئابڕوو
سوەر: ساوار
سمێل: سمێل
پیالا: پیالە، ئیستیکان
پاقژ: پاگژ، پاک، خاوێن، گریڤا
پیلە: پیل، شان
پەردەقا: پەردە
فەکیکاتا: فەریک
فەرموو: فەرموو
پلدا: پۆلا
قووبا: قۆپان، چوونەوە ناویەک
قووقا: قەف، گرێ
قرافیلۆن: قەنەفر، گوڵە مێخەک
قوردایێ: کورد
قڕسا: دەم قرسان
قەمۆ: قەی، بۆ
قۆرما: قورمێ دارێ، کۆلکەدار
قەڕنا: قوڕنە، گۆشە
قوقنۆس: قەقنەس:، جۆرە باڵندەیەکی ئەفسانەییە
قەسالا: قەسەل
ڕبیس: ڕەباس

ڕیباسا: ڕێواس

شکارە: شکارتە

شلیفا: شلیف، ڕەشکە

شەقل: شەقرە، شەقلە، جۆتک

شەروێنا: داری سەرو

شمتیێ: شفتی، شووتی، شمتی، شامی، زەبەش

شالو شەپک: شال و شەپک

شقوولا: شاقولی

تاقولا: تەقەل، تەقەلی دورمان

تەنوورا: تەندور

چەند وردە زانیارییەک بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە: -

١- دکتۆر لامپیریر دەڵێ: (کەلدە) وڵاتێک بوو لە ئاسیا کەوتبووە نێوان ڕووباری دیجلە و فوراتەوە، پایتەختی ئەم وڵاتە (بابلین) بوو، دانیشتوانەکەی لەڕووی زانستی ئەستێرە ناسییەوە ناوبانگێکی تایبەتیان هەبووە، پاشان دەڵێ: نیشتمانی سەرەکی کلدانیەکان (شۆش) بوو، تیرەکانی سۆمەری، ئاکادی لە نەوەکانی ئەوان بوون تیرەی لەوان کۆنتر سۆمەری بوون، ئەمانەش سەرەتا لە کوردستاندا دەژیان.. دواتر ئەم زاراوەیە گۆڕدراو بوو بە (خلد) لە کۆتاییشدا بوو بە کلدانی، دوای ماوەیەک ئەو خەڵکە (کوردی یا خلدی) کوردستانیان بەجێهێشت و بەرەو نەهاریان (بین النهرین) نێوان دیجلە و فورات کۆچیان کرد پاشان بنەمای شارستانییەتی بابلی لەوانە سەرچاوەی گرت لە باشووری بین النهرین، کلدانییەکان بەسۆمەرییەکان ناوبانگیان دەرکرد، کەوابێ (سۆمەری – خلدی – کلدانی) ئەوانە ناوی (ئارامی – ئاکاد) یان لەسەرخۆیان دانا، ئەو تیرەی گەلانی کلدانی دواتر بە بابلییەکان

بەناوبانگ بوون و ئاسوورییەکانیش لەتیرە لێکدراوەکانی ئەوانڕا پەیدابوون (سەنتەر، ل ٦٩).

٢- ژۆرژ راولیسۆن لەو باوەڕەدایە، کە لەسەرەتادا خەڵکی کەلدە تێکەڵەیەک بوونە لە ڕەگەزەکانی ئاریا و سام، ناوبراو لەو بارەیەوە دەڵێ: سەرەتا کلدانیەکان دانیشتوانی پایتەختی باستانی (ئوریاهور) ی خالدی بووینە، هەروەها دکتۆر جی یۆنسۆن دەڵێ: زمانی پەهلەوی، (٥) جۆر بوو، پەهلەوی کلدانی یان مویت پەهلەوی، یەکێک لەو جۆرانە بوو.

رابیندرانان تاگۆر دەڵێت: گەڕانە شوێنەوارییەکانی ئور ئەوەی ئاشکرا کردووە، کە رابردووی ڕۆشنبیری سۆمەرییەکان لە ڕەگ و ڕیشەی ئێرانی بووە کە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی (٣٥٠٠) پێش زایین.

(بەهرام دادی سان توک) ی هیندی لە کۆنفرانسی پارسی ساڵی ١٩٤٩ سەلماندی کە یەکەم پادشای ئاکاد بەناوی ساکار یا سارگۆن شازادەیەکی ئێرانی بووە کە دەستی بەسەر میسر و ئاسیای گچکەدا گرتووە.

٣- حیدر بهتوی دەڵێ: کلهرها خود از نسل نبوکدنصر فاتح یهودیان می دادند، .. واتە هۆزی کەڵهوڕ خۆیان بە ڕەگەزی (نبوخذنصر)ی فەتحکاری جولەکان دادەنێن واتە خۆیان بەنەوەی کلدانیان حساب دەکەن.

٤- دکتۆر محەمەد جەواد دەڵێ: بازرگانە ئارامییەکان بوونە هۆی بڵاوکردنەوەی زمانەکەیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، ئەم زمانە سەرەتا لە سوریا ڕەواجی هەبووە پاشان لە سالانی (٥٠٠) پێش زایین خزیوەتە نێو وڵاتانی ڕافدەین و لەدوای چاخی یەکەمی زایینی زمانی ئارامی بە کوردستان و ئەرمینیا بڵاوبوونەوە دکتۆری بەڕێز بەردەوام دەبێ و دەڵێ: سەرەتا بە وڵاتی ڕافدەین دەگوترا (بیت ارمایا) بەزمانی پەهلەویش پێی دەگوترا سورستان و زمانی (ئارام) یش هەر لە

سەردەمی ئاشوورییەکان زمانی حکومەت و ئەدەب و ئایینی بووە لەم وڵاتە و لەسەردەمی ئەخمینییەکانیش زمانی ئارامی لە وڵاتی ئێران بڵاوبۆتەوە و بووەتە زمانی ڕەسمی و زمانی قسەکردن، بەجۆرێک ئەم زمانە بۆتە زمانی لەیەکگەیشتنی وڵاتانی نێوان هیندوستان و حەبەشە، ڕۆژهەڵاتییەکانیش بەو ئارامییەی کە لە وڵاتی ئێران بەکار دەهات پێیان دەگوت ئارامی شاهنشاهی.

٥- زیاتر ئەو کوردانەی دەچوونە سەر ئایینی مەسیح، کوردی جولەکە بوون، چونکە زمانی ئایینەکەیان نزیک بوو لە زمانی ئایینی مەسیح و بەتایبەتی کوردە جولەکەکانی هەرێمی حدیاب (هەولێر – موصل) ژمارەیەکی زۆریان چوونە سەر ئایینی مەسیح، وای بۆ دەچم کە مەسیحییەکانی عەنکاوە و جولەکەکانی لەو جولەکانە بن کە دینی مەسیحیان قەبوڵ کردبێ، ئەگەر بێت و لێکۆڵینەوەیەکی زمانی مەسیحییەکانی عەنکاوە و جولەکەکانی ناوشاری هەولێر بکەین لەیەک چوونێکی تەواوی ئەم دوو زمانە بەدی دەکەین، سەرەڕای ئەوەی هەردوو زمان ئاوێتەی زمانی کوردی بووینە.

٦- نموونەیەکی موکوم بۆ سەلماندنی ئەم مەسیحییانەی ئەمڕۆ لە ڕەگەزی کورد بووینە، ئەویش گۆڕستانی نێو ئەشکەوتەکانیانە.

عبدالرقیب یوسف لە لاپەڕە (٣٩ – ٤٠) ی (شوێنەواری نوێ) دا دەڵێ:زەردەشتییەکان بەتایبەتی لەسەردەمی ماد و هەخامەنیشییەکان دوای ئەوەی تەنها هێسکەکانی مردووەکانیان لەسەر شاخەکان دەمایەوە، ئینجا کۆیان دەکردەوە و لەناو ئەشکەوتەکان دەیان ناشتن، چەند گۆڕستانێکی مەسیحییەکانیشیان لەشاری (دارا) و شاری ئۆرفە لە ئەشکەوتەکان دۆزیوەتەوە، دیارە ئەو مەسیحیانەش هەر کوردی زەردەشتی بووینە دوای ئەوەی بوون بە مەسیحی سەرەتا هەر لەسەر داب و دەستووری کۆن مردووەکانیان لە ئەشکەوتەکان ناشتووە.

٧- دكتۆر زاكيه لە لاپەڕە (٩) ی كتێبەكەيد دەڵێ: (زمانی سریانی درێژ بوونەوەی زمانی ئارامییە لە چاخی مەسیحی).

٨- ابراهیم سامرائی لە لاپەڕە (١٣) ی كتێبەكەیدا دەڵێ: (زاراوەی سریانی هاو واتای ئارامییە هەروەک لە كتێبی (اللؤلؤ المنشور لمار اغناطیوس افرام الاول) دا هاتووە دەڵێ: (هیچ جیاوازییەک لە نێوان سریانی و ئارامی نییە، ئەوانە هەردووكیان یەک زمانن و، لە راڤەی سفر دانیال لابن العبری) دا هاتووە دەڵێ: (كلدانییەكان لە بەردەم پادشا بە ئارامی دەدوان) پاشان دەڵێ: (كلدانییەكان بە ئارامی قسەیان كردووە واتە بەسریانی، كەواتە سریانی (ئارامی) یە.

٩- مەسیحییەكانی كۆیە و شەقڵاوە و عەنكاوە زۆربەیان لە گوندەكانەوە بەهۆی چەوساندنەوەیان لەم شارۆچكانە كۆ بوونەتەوە.

١٠- فەلە: فەلە وشەیەكی تایبەت بە مەسیحییەكانی كوردستانە هاو واتای وشەی (دیان)ە، سەرەڕای كوردە مەسیحییەكان ئەرمەنی ئەرمەنستانیش دەگرێتەوە، هیچ گەلێک لە كورد زیاتر، ئەم زاراوەیە بەكار ناهێنن، گوایە ئەم ناوە لە (فەلاح) ی عەرەبی هاتووە، كەچی لەهیچ نووسراوێكی عەرەبی ناوی ئەم مەسیحییانە بە(فەلاح) نەهاتووە.

١١- ئازاد دێركی دەڵێ: (دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح لە كوردستان بەشێک لە كوردی زەردەشتی لە چاخی چوارەمی زایینی چوونە سەر ئەم ئایینە نوێیە. التسامح الدینی، گۆڤاری مەتین (٣٤٠). ل (٩٣).

١٢- مهرداد ئێزدی دەڵێ: (دوای ئەوەی ئارییەكان تێكەڵاوی گەلانی كۆنی كوردستان بوون و ئایینی سامی جۆراوجۆر خزایە نێویانەوە وەک ئایینی جولەكە و مەسیحی و توانیان هەر یەكەیان بەكاری ئایینی بەشێک لە كورد دابڕن و بە زمانی ئایینی تازەكەیان قسەبكەن

بەمجۆرە ئایینی ئاشووریش توانیویەتی بەشێکی زۆر لە گەلانی کۆنی کوردستان داببڕێ. گۆڤاری مەتین ژمارە (٢٣).

١٣- بەڕێز فەرەنسۆ هەریری لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنی کە لە ٢١ / ٣ / ١٩٩٨ لەگەڵی سازدراو دەڵێ: لەرێکەوتننامەکەی (١١) ی ئازاری ساڵی (١٩٧٠) بارزانی نەمر بە حکومەتی عێراقی وت: (دەبێ مافێکیش بۆ ئاشوریەکان دابین بکرێ و دەبێ بڕیاریش بدەن کە مارشەمعون و ملک یاقۆ بگەڕێنەوە وڵات، ئینجا دوای ئەوەی ئەم بەڕێزانە دەگەڕێنەوە لەجیاتی ئەوەی مافێکیان پێ بدرێت حکومەت هەوڵدەدات بیانکاتە دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد.

لە ئەنجامدا دەگەینە ئەوەی ئەگەر ڕیشەی هەموو مەسیحییەکانی کوردستان کورد نەبن ئەوا بەشێکی زۆریان کوردن، چونکە ناچێتە خانەی بیروباوەڕەوە کە مەسیحییەت لەنێو هەموو گەلانی ئەوروپی و ئەمریکی و چین و ژاپۆن هەبێت لەنێو گەلی کورد نەبێت.

<u>پەراوێزەکان:</u>

١- گۆڤاری ڕامان، ژ ٧٢، ل ٦٣
٢- مجله الاخاء العدد ٧٢، ١٩٧٥
٣- میدیا، لاپەڕە ٤٢٠ – ٤٤٢ العراق القدیم لاپەڕە ٥٠١
٤- کورد و ئاشوور، لاپەڕە ٥٤
٥- گۆڤاری مەتین ژمارە ٤٥ لاپەڕە ١٠٧ – ١٠٨، هەروەها سەیری گۆڤاری سەنتەری برایەتی بکە، ژمارە (٨) لاپەڕە ٩٣. (زەینەفۆن) یش ناوی ئاشووری ناوهێناوە لە نەینەوا، گوڵان ٢٦ب، لاپەڕە ٩٣.
٦- لێکۆڵینەوەی مەیدانی.
٧- سکرتێری بنکەی ڕۆشنبیری (کلدان) ی دهۆک لە دیمانەیەکی کەناڵی ئاسمانی.
٨- صفحات من تاریخ اثوری کوردستان ابان الحرب العالمیه الاولی، ص ٧
٩- سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧، سەنتەری برایەتی، ژمارە ٣ لاپەڕە ١٤ – ١٥ بەخورتی ل٧١ بە عەرەبکردنیان لایەنێک بوو لەم شاڵاوە دڕندانەیە.

١٠- اقليات قوميه من الموصل (استخبارات عسكريه) ٩، الموصل.
١١- هەمان خاڵی حەوتەم.
١٢- لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی.
١٣- السريانيه نحوها و صرفها، ص ٩.
١٤- أ- كوردستان نیشتمانی یەکەمین سۆمەریەکانە، ل ١٤٤ – ١٥٢.
- ب- كورد دناڤ تەوراتێ و ئینجیلێدا، ل ١٩.
١٥- هەمان سەرچاوە.
١٦- مجەله گولان العربی، العدد ٣٠، ص٨٥.
١٧- مێژووناسی ئێرانی وەک: حەسەن پیرەنیا، رەشید یاسمی.
١٨، ١٩- گۆڤاری شانەدەر، ژمارە (٤، ل ٤٧ – ٥٣)، گۆڤاری مەتین ژمارە (٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨).
٢٠- كوردستان نیشتمانی یەکەمین سۆمەریەکانە، ل ٢٢.
٢١- جريده التحاد، العدد ١٩٦ – ١٩٧.
٢٢- دراسات كورديه فی بلاد سوبارتو، ص ١٠٢، ص ١٣٥.
٢٣- كنيسه المشرق، ص ٢٣٤.
٢٤- جريده التحاد، العدد ١٩٦ – ١٩٧.
٢٥- كورد و ئاشوور، ل ٥٠ – ٦٠.
٢٦- هەمان سەرچاوە.
٢٧- هەمان سەرچاوە.
٢٨- هەمان سەرچاوە.
٢٩- هەمان سەرچاوە.
٣٠- مجله گولان العربی، العدد ٢٨، ل ٧١.
٣١- جريده الاتحاد، العدد ١٩٦ – ١٩٧
٣٢- هەمان سەرچاوە.
٣٣- هەمان سەرچاوە.
٣٤، ٣٥ – لێکۆڵینەوەی مەیدانی.
٣٦- جريده الوطن الشمس، العدد ١٦ – ١٨.
٣٧- كورد و پراگندگی او در كستره ايران زمنی، ل ١٨.
٣٨- نەورۆز العراق، العدد ٦، ص ٧.

٣٩- گولان العربی العدد (٢٧، ص ٢١).
٤٠- دراسات كورديه فی بلاد سوبارتۆ، ص ١٣.

## سەرچاوەكان:


١- د. جەمال رەشید / كورد پێی وایە مێژووی كۆنی لەناو چووە / گۆڤاری ڕامان، ژ ٢٧، ساڵی ١٩٩٨.
٢- د. محمد جواد مشكور، اللغە الآرامیە مجلة الاخاء الایرانی، العدد ٧٢، سنە ١٩٧٥، تهران.
٣- دیاكۆنۆف، میدیا، برهان قانع لە فارسیەوە وەرگیراوە.
٤- جۆرج رو، العراق القدیم، ترجمە و تعلیق حسین حی حسین، ١٩٨٦، بغداد.
٥- كرێكار عەبدوڵڵا حسین، كوردو ئاشوری، سلێمانی، ١٩٩٨.
٦- نزار صادق، الزعماء و اصحاب القلاع الكورد بلاد هەكاری، مجلە مەتین، العدد ٤٥، سنە ١٩٩٥.
٧- د. فەرهاد پیرباڵ، ئینجیل و میسۆنیرەكان لە كوردستان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی.
٨- یاسین خالید سردشتی، صفحات من تاریخ اثوری كوردستان ابان الحرب العالمیە الاولی، دهۆک، ١٩٩٩.
٩- فیصل دەباغ، كورد و كەمە نەتەواییەكان لەسەر ژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژ٣.
١٠- اقلیات قومیە فی الموصل (كتاب استخبارات العسكریە) موصل، ١٩٨٢.
١١- الدكتۆرە زاكیە محمد رشدی، السریانیە نحوها و صرفها، القاهرە، ١٩٧٥.

١٢- هاوڕێ قادر رسوڵ، كوردستان نشتمانی سۆمەریەكانە، هۆڵندە، ١٩٩٥.

١٣- د. جەمال رەشید، مجله گوڵان العربی، العدد ٣٠.

١٤- عباس سلێمان سمایل، زمانی سۆمەری و پەیوەندی لەگەڵ زمانی كوردی ئەمرۆدا، گۆڤاری شەنەدەر، ژ، ٤.

١٥- د. جمال رەشید، دراسات كوردیه فی بلاد سوبارتۆ، بغداد، ١٩٨٤.

١٦- د. یوسف حبی، كنیسه المشرق – ١، بغداد، ١٩٨٩.

١٧- حنا انطوان،، حول الانتماء القومی للمسیحین الكلدان، جریده الاتحاد، العدد ١٩٦ – ١٩٧.

١٨- حیدر بهتوئی، كورد و پراگندگی اودر گستره ایران زمین، تهران، ١٣٧٧.

١٩- د. جمال رشید، نوروز العراق، العدد ٦.

٢٠- د. وهیبه شوكت محمد، دور (الكرمانج) فی حضاره الشرق القدیم، مجله گوڵان العربی، العدد ٣٠.

٢١- عباس سلێمان سمایل، پەیوەندی كورد و سریان، دەستنووس لەساڵی ١٩٩٠ بڕیاری لەچاپدانی لەكۆڕی زانیاری عێراق وەرگیراوە.

٢٢- معتصم رشید عبدالرحمن، مەسیحییكان لە كوردستان، ڕۆژنامەی هەرێمی كوردستان، ژ ١٣.

٢٣- حنا انطوان، مەسیحییەكانی كۆیە، ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە (٢٣٤٨ – ٢٣٤٩).

٢٤- د. جمال رشید احمد، پەیوەندیەكانی كورد و عەرەب و شێوازەكانی پەرەپێدان، بەشی دووەم، ڕۆژنامەی هەرێمی كوردستان ژمارە ٢٦٩٨.

٢٥- عبدالرقیب یوسف، شوێنەوارەكانی نەوێ لە شاخی سورێن، هەولێر، ١٩٩٤.

٢٦- جەمشيد كاوسجى كتاتراک، سەردەمی زەردەشت، وەرگێڕانی ڕێبوار کەريم، سەنتەری برايەتی ژمارە ٨.
٢٧- عبدالرحمن مزوری، مناقشه هادئه حول كلمه فلا، جريده الاتحاد، العدد ٣٢.
٢٨- ابو تران، فی كلمه فلا، جريده الاتحاد، العدد ٢٧.
٢٩- نعمان شرو، لمحه عن تاريخ الشعب الآشوری، جريده وطن الشمس، العدد ١٦ – ١٧.
٣٠- دۆگلاس لاتيۆن، كورد دناڤ تەوراتێ و ئێنجيلدا، ١٩٩٤.
٣١- د. عامر سليمان، اللغه الاكدية، جامعة الموصل، ١٩٩١.
٣٢- لي. م. ديكرنوڤ، ميديا، برهان قانع له فارسيەوه وەرگيراوه، بەغدا ١٩٧٨.
٣٣- المطران يعقوب اوجين منا / قاموس كلدانی – عربی / طبع في الموصل سنة (١٩٠٠) اعيد طبعة مع ملحق جديد / المطران الدكتور روفائيل بيداويد / بيروت / ١٩٧٥.
٣٤- السيد آدي شير / معجم الالفاض الفارسية المعربة / لبنان / ١٩٧٥.
٣٥- بنيامين حداد، جميل يلدا، نوئيل قيابلو، القس قريا قوس حنا / من تراثنا الشعبي في قري نينوي / بغداد / ١٩٨٢.
٣٦- مجلة المجمع العلمي العراقي العدد الخاص بهيئة اللغةالسريانيية / المجلد الثامن / بغداد / ١٩٨٤.
٣٧- مجلة قالاسريايا / العددان (١٥ – ١٦) / ١٩٧٧.
٣٨- مجلة خويادا / العدد (٤ – ٥) ١٩٨٦.

## فەرهەنگی کولتووری میللی کرماشان

و– لە فارسییەوە/

لەگەڵ زیادکردنی هاو واتاکانی زاراوەکان



ئوستانی کرماشان بەهۆی ئەوەی جۆرەها هۆز لە لوڕ، کەلهوڕ، لەک، گۆران و جاف – ی تیا جێوارە، سەرەڕای جۆرەها ئایین و مەزهەبی وەک سوننە، جەعفەری، کاکەیی، حەقە و داودی، بێجگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەم هۆزانە تاکو ئەمڕۆ کۆچەر و ڕەوەندن و گەرمیان و کوێستان دەکەن، جا هەریەک لەم هۆز و مەزهەب و ناوچە جۆر بەجۆرانە خاوەنی ئاواز و گۆرانی و داب و نەریتی میللین، تەنانەت هەڵپەڕکێکانییان لە (٥٠) جۆر هەڵپەڕکێ تێدەپەڕێت، کە هەندێکیان بەناوی چەمەری لەشین و شیوەن جێبەجێ دەکرێت. هەر جۆرێک لەم جۆرانەش شیعری تایبەتی خۆی هەیە.

فەرهەنگی کولتووریشیان هەر وشەیەکی بەدەیەها هاو واتای هەیە، پیشەی دەستیشیان ئەوەندە زۆرە لەژمارە نایەت و هیچ پێویستییەکیان بەچوونە شار نیە بۆ کڕینی کەلوپەل و پێداویستییەکانیان، ئیتر روو لەهەر بوارێکی کولتووری ئەم ئوستانە بکەین بەدەیان کیتاب هەڵدەگرێت. واتە فەرهەنگی ماددیان گەلەکە.

جا لەم بابەتە بەکورتی لەچەند زاراوەیەکی کولتووری ئەم ئوستانە دەدوێین:

(زاراوە دەربارەی رەشماڵ و پێکهاتەکان)

ڕەشماڵ بەگشتی و لەنێو هەموو هۆزەکانی کورد لەدوو پارچەی لەمو دروست کراو پێکهاتووە کە درێژی هەریەکەیان (٧) مەتر دەبێت و لەسەر سێ ستونان هەڵدەدرێت و بڵندیەکەی ١/ ٢ – ٣ دەبێت.



جا دوای ئەوەی هەردوو پارچە بەشوێن لەیەکتر دەدوورن و لەهەرچوار گۆشەکەی رستەیەکی لێ قایم دەکەن و لەهەر لایەی باری درێژییەکەی دەوروبەری (٧) ڕستی لێ قایم دەکەن و لەهەر لایە پانییەکەشی (٣) ڕستی لێ قایم دەکەن ئینجا ئەم ڕەشماڵە ئامادە دەبێت بۆ هەڵدان، لە کاتی هەڵدانیش هەر رستێک بەهۆی سینگێکەوە لەزەوی دەبەسترێتەوە، ئینجا پارچەیەکیش لەموو دروستکراو

بەهەر چواردەوری ڕەشماڵەکە شۆڕ دەکرێتەوە تا دەگاتە چیغ. (چیغ) یش جۆراوجۆرە بەپێی جۆری باشی و خراپی قامیشیکە دەگۆڕدرێت واتە چیغ لە قامیش دروست دەکرێت و بەهۆی بەنی موی بزن قامیشەکان لەیەکتری دەبەسترێنەوە بەگشتیش هەر بنەماڵەیەک لە بنەماڵەکانی هۆزانی کورد ڕەشماڵەکانیان بەدوو ڕیز بەرامبەر یەکتر هەڵدەدەن و گۆڕەپانێکی لاکێشەیی لەنێوانیاندا دەمێنێتەوە هەردوو لایەکەی دیکەش بەدڕک و داڵ دەگرن.

ئینجا با سەیری ڕەشماڵی هۆزانی کۆچەری ئوستانی کرماشان بکەین و زاراوەکانی یا ناوەکان بەراورد بکەین لەگەڵ ڕەشماڵی ناوچەکانی دیکە.

سیاماڵ: سیماڵ، ڕەشماڵ، زۆم، دەوار

چیت (چیغ): چیغ، چیق.

گز (کونار): لەڤەن، جۆرە قامیشێکە چیغی پێ دروست دەکرێت.

بەن: بەن لەمووی بزن دروست دەکرێت بۆ بەستنی قامیشەکان بەکار دەهێنرێت.

تون: تەون.

پەچیە: پەچیە ئەو گۆڕەپانەیە کە دەکەوێتە نێوان ڕەشماڵەکان و دەوری ئەم گۆڕەپانەش بە دڕک و داڵ دەگیرێت، لەناوەوەش دابەشی ئەم بەشانە دەکرێت: ١- سەر پەیچە، کە تایبەتە بۆ پشوودانی مەڕ و بزنان ٢- رەمگ، کە شوێنی پشوودانی چوارپایانە وەک کەر، هێستر، مایین... ٣- پەڕ پەیچە، کە بریتییە لە دوو جێگای ئەوسەر و ئەوسەری گۆڕەپانەکە، کە تایبەتە بۆ پاسەوانان، لەکاتی شەو دەبنە پاسەوانی مەڕو ماڵاتەکانیان.

٤- ئەو شوێنەی دەمێنێتەوە، منداڵان یاری تیا دەکەن و پیرەمێرد و پیرەژنان لەم شوێنە کۆدەبنەوە و چیرۆک و داستان دەگێڕنەوە و

ئافرەتانیش مەشکەی لێ داوێنەداری و نانی لێ دەبرژێنن و کاروباری ماڵەوەی لێ هەڵدەسوڕێنن، جار جارەش لەم شوێنە بەتایبەتی لەئێواران دەیکەن بەشایی و هەڵپەڕکێ.

ڕەشماڵی هۆزانی ئوستانی کرماشان لەناوەوە یا لە هندوڕ دەبێتە (٣) بەش:

١- لامێردان یا دیوەخان: لامێردان هەمیشە دەکەوێتە لای ڕاستی ناوەوەی ڕەشماڵ، تایبەتە بە میوانان، هۆزانی باکوری ورمێ بە لامێردان دەڵێن: (کۆچک).

٢- لاژنان: لاژنان هەردەم دەکەوێتە لای چەپی ناوەوەی ڕەشماڵ، تایبەتە بۆ دانیشتنی ئافرەتان و خەوتنی ئەندامانی خێزان.

٣- وەرتاوە یا تەژگا: ئەم بەشە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشەکانی دیکە کە تایبەتە بۆ نان خواردنی ئەندامانی خێزان، هەمیشە ئاگردانیش لەم بەشەیە و بەهۆی ئاگردانەکە ئەم بەشەیان زۆر لا پیرۆزە، هەروەها ئەم بەشە، ئەم ناوەشی پێ دەڵێن: نیشتمان، دەورئاگرە، سەرئاهر، تەش تاوە.



شەواکە: رۆچن، ئەو پەنجەرە بچوکەی ڕەشماڵە، کە بۆ هەوا گۆڕین و هاتنە ژوورەوەی تیشکی ڕۆژ دەکرێتەوە. ڕەشماڵ نیشنان هەر کاتێکیش هەواریان گواستەوە و رەشماڵەکانیان هەڵکەند، جۆرە ئاهەنگێک دەگێڕن بەناوی (ماڵەکەتون) واتە ماڵ هەڵکەندن و بارکردن، هۆزی (لەک) ی کرماشان – یش بەم ئاهەنگە دەڵێن: ماڵە ژێری یا ماڵ ئەو ژێری.

چەند نموونەیەک لە گۆرانی ئەم جۆرە ئاهەنگانە:

سیاماڵ بارکرد چۆ و مینگەیێ نوو
وە وەفاو خواردنی قولەیێ کەوەرکو
شەرت بێ بپووشم بەرگ رەش دەوار
جەشوونتا وێڵ بم هەوار ئەو هەوار
٢- گووشەیێ سیاماڵ هورداو دیارە
چون مانگ نەگووشەیێ هەورسیاوە
بەخودا قەسەم پاسەم ئومیدەن
(حور المقصورات فی الخیام) ئیدەن

مێنگەیێ نوو: هەواری تازە، جێگای نوێ.
کەوەرکو: چیای کەبیرکوە.

٢- چەند زاراوەییێکی گوندنشینان و مەڕداران.

ئاوە خوارانە: ئاوە خۆرە، ئاوە خۆرە بەو جۆرە دانیشتوانانەی گوندییان وتووە کە نە زەوییان هەبووە و نە مەڕدار بووینە، ئەمانە بەکاری پیشەی دەستی یا کاری کاروانی و قاچاخی خەریک بووینە، سالانە کرێیەکی کەمیان دەدا بە ئاغای گوندی حەقی ئەو ئاوەی بەکاریان هێناوە.

جاران دەرەبەگەکان و عوسمانی و حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران جۆرەها باجیان لەم جۆرە کۆ کردۆتەوە وەک: پوشانە،

پاچانە، ترشانە، رواسانە (حەوی راوی ریوی) دەشتوا نانە، رونانە، سورانە، شکارانە، فرۆجانە، کاوڕانە مازوانە، هێلکانە...

کژک: کەژی جۆرە گوریسێکی پانە لەخوری دروست دەکرێت.

تیرە: لات، لاتە زەوی، ئەم زاراوەیە زیاتر لەکاتی کێڵانی زەوی بەکاردێت.

گەل: بێگاری لەکاری کشتوکاڵی.

بژار (وجینی) بژارکردنی کشتوکاڵ لەگیای هرزە و خودرو.

تورە: روبە، ئامرازەکی گەنم پێوانە.

چان: جەنجەڕ، ئەم ئامرازەش لە دوو داری شێوە لولەیی پێکهاتووە باڵتەکانی کە وەکو تەوشی وان، دابەشی هەر چوار دەورەی ئەم دارانە بوینەوە لەئەنجامی سوڕان، قرشە هورد دەکەن، بەدوو گایان یا گوێ درێژ ئەم جەنجەڕە ڕادەکێشرێت تا بەتەواوی خەرمەن واتە خەرمانەکە هورد دەبێت و ئینجا بەهۆی شەنەوە دانەکە لە کایەکە جیادەکەنەوە.



داس: داس، دارە، ئامرازێکی سەر ئاسنی لەشێوەی مانگی چواردە و دەسکی دارە دەخلێ پێ دەدورنەوە، زازا بە م داسە دەڵێن (ڤاشتور).

تاجی لوان: ئەو کەسانە بووینە کە خزمەتی تاژی – یانیان کردووە.
خواجە: لەئوستانی کرماشان بە بازرگانییان وتووە خواجە.
قیخا: کوێخا، سەرۆکی تیرە، سەرۆکی گوند.
کلانتر: سەرەک هۆز، سەرۆکی کێخوایان.
مهتەر: بەرپرس و پەروەردەکاری ئەسپان.
میر ئاخوڕ: سەرۆکی مهتەران و سەرپەرشتی کاری تەویلە و کەلوپەلی ئەسپان.
وەرزێر: جووتیار
هوکل: نۆکەر، خزمەتکاریماڵی ئاغا
بونە: هەموو کەلوپەلێکی جووت کردن و ماڵات بەخێو کردنی گوندنشییان دەگرێتەوە لەتاران پێی دەگوترێت جفت.
بێگاری: کارپێکردنی بەخورتی و بێ کرێ یا پاداشت
پرس: پرسە، سەرەخۆشی
گریس: گوریس، وەریس، ڕەسن، لەمووی بزن دروست دەکرێت
وێژن: بنیشت، جاجک، شەبەک (ئێژەن) ی پێدەڵێن.
هنگەجال: شانەی هەنگوێن لە چیا
کیشک: بژار، بژارکردنی دەخل و دان لە گژوگیا بەتایبەتی لە گیای هرزە.
سایقە: سایەق، بە شەوی ساردی زستان دەگوترێ، کە ئاسمان هەوری نەبێ.
مێخسکە: مێخزنجیر
شەن: شەنە، لوڕەکانی دەوروبەری شیرازبەشەنە دەڵێن هەسەک.
هوین: هەوێن، ئەوەندە ماستەیە کە بۆ هێوێن کردنی شیر بەکاردێت



کوڵ کورپە: ئەو کارو بەرخانەن کە تەمەنیان چەند ڕۆژێکە یا چەند هەفتەیەکە و نەگەیشتونەتە مانگێک.

کوڵ ساوە: ئەو کارو بەرخانەن کە تەمەنیان لە مانگێک زیاترە.

کوڵ هەرخی: ئەو کارو بەرخانەن کە تەمەنیان گەیشتۆتەساڵێک.

مریشک: مریشک، مامر، کەرگ، مرمورخ.

پژم: خوری

پوش: پووش، گیای وشک.

خەرمان: خەرمان، جۆخین، بێدەر

چیلک: چیلکە، هیزم، ئێزنگ.

چاڵ: چاڵی گەنم.

سیچکە: سیچکە، جۆرە بەرهەمێکی داری مازییە.

هەلێر: مەشکە، مەشک.

.داسوکە: داسولکە.

ڕەشکە: شەڵتە، لە گوش یاموی بزن دروست دەکرێت زیاتر بۆ (کا) تێکردن بەکاردێت.

سەردن: سەرەند، بێژینگ، شەبەک دەڵێن (ئێچن).

هور: جوار، جەواڵ، لەموی بزن دروست دەکرێت و زیاتر بۆ کاری گەنم بردن بۆ ئاش بەکاردێت.

پاڵان: کۆپان

تخماخ: دیلک، ئەستوونی ناوەڕاستی ڕەشماڵ.

دەبلە: دەهۆڵ

دایرە: دەف، گاوال، دەفە.

دوزەلە: دوزەلە، کوردی خۆراسان پێی دەڵێن (قوشمە).

گێوە: کڵاش، هەر لەسنەو کرماشانەوە تا دەگاتە شیراز و ئەسفەهان و کوت عەمارە بە کڵاش دەڵێن گێوە، باشترین کڵاش و زۆرترین جۆریشی لەئوستانی کرماشان دروست دەکرێت وەک:

ئاجیردە، سەرپایی، ئاوریشمی، پاشتە تەخت، دەم پایی، پاشە بڵند..

قاڵی: قاڵیچە لە ئوستانی کرماشان جۆرەها نەقش لە قاڵی دروست دەکەن، هەر گوندێک یا ناوچەیەک ناوبانگی بە جۆرە نەخشێک دەکردووە ناوی (نەخشە) کەش بەناوی گوندەکە یا ناوچەکە ناوی دەرکردووە وەک: کیونانی، حوسێن ئابادی، ئەکبەر ئابادی، ئوشین، بورجلو، ماهی بیجار، شکارگا.. لەزۆربەی ناوچەکانی ئوستانی کرماشان (گوڵ) لەجیاتی نەخش بەکاردەهێنن و (ڕیزە گوڵ) یش لە جیاتی کۆمەڵە نەخشێک بەکاردەهێنن.

خەنە (خەنی): خەنە

خەنە بەندان: خەنەبەندان، دوای ئەوەی سێ ڕۆژ بەسەر مارەکردنی کچدا تێدەپەڕێ ئاهەنگێک دەگێڕن بەناوی خەنەبەندان و خەنە لە دەستی خۆیان دەدەن، لوڕەکانی دیزفول بەخەنەبەندان دەڵێن: (کتون و نون).

گیا (گیان): گیا، گیواو، گژ.

کراس (شەو): کراس، گجی، کرواسی.

ساج: سێل، سێلک.

می: میه، مەڕ، مەی، مهی.

بزن: بزن، بزە.

وەرک: بەرخ، وەرە، ڤەرک.

<u>پەراوێزەکان:</u>

١- جاف: لە ئوستانی کرماشان، هۆزی جاف و ئەو هۆز و تیرانەی بەشێوەی (جاف) ی قسە دەکەن حیسابی هەمان شێوەی ئەردەڵانی و موکریانی بۆ دەکەن، واتە شێوەی جافی، شێوەی سۆرانی دەگەیەنێت لای ئەوان، وەک چۆن دەبینین لە بادینان بەهەموو گوندەکانی نێوان کەڵەک و ئاکرێ و چیای کوختی (مەقلوب) دەڵێن گۆران و بەشێوە زمانەکی جیا لە بادینی قسە دەکەن و حیسابی شێوە زمانی هەولێر و کەرکوک سلێمانی – یان بۆ دەکەن واتە شێوەی گۆران، شێوەی سۆرانی لای ئەوان دەگەیەنێت.

٢- نموونەی چەند جۆرێک لەهەڵپەرکێکانیان:

دوو دەسماڵ، زەنگییە، گەڕیانی، سێ جاری..

ئەمەس چەند نموونەیەک لە هەڵپەرکێکانی کوردستانی باشوور سێ پێی، چۆپەیی، تەمبۆلێ، گوڵشێنی، شێخانی، سنجان، ملانێ..

٣- پارچە شیعری دووەم شیعرێکی شاعیری بەناوبانگ (مەولەوی) یە.

٤- داودی: ژمارەیەک لە مێژوونووسان داودی بەجولەکەی کورد دادەنێن.

سەرچاوەکان

١- ایلات و طوایف کرمانشاهان / تألیف محمد علی سلطانی / تهران / ١٣٧٢.

٢- از بیستون تا دالاهو / امین گجری شاهو / تهران / ١٣٧٨.

٣- کرمانشاهان و تمدن دیرینه آن / ایرج افشارج / تهران / ١٣٧١.

٤- فرهنگ، معماری و سیاه چادر (دەوار) / عبدالمحمد محرری / گۆڤاری ئاوێنە ١٣٧٤.

# چیرۆک و ئەفسانەی ناوچەی کرماشان

و– لە فارسیەوە



چیرۆک و ئەفسانە یەکێکە لە داب و نەریتی باوی هەموو گەلانە کە مۆرکی ڕەسەنی هەرگەل و نەتەوەیەکە لە ناوچەکەی خۆیدا. ناوچەی (کرماشان) ناوچەیەکی زۆر دێرینە و بەشێکە لە وولاتی گەورەی ئێران. کە دانیشتوانەکەی زۆربەی زۆری بریتین لە نەتەوەی کورد و هۆزە گەورەکانی کوردەواری ئەوەش بەشێکە لە چیرۆک و ئەفسانەی ناوچەکە:

ڕۆژێکیان دوو لادێی بەناوی (شاکە و شوکە) باراشی خۆیان لە وولاغەکانیان دەنێن و بۆ ئاش دەڕۆن، تاکو بیکەن بە ئارد. کاتێ دەگەنە ئاش، لەسەر سرە گرتن دەبێتە ناکۆکیان. خەریک بوو لێک بدەن. خەڵکانێک کە لەوێندەربوون و بۆ ئاش هاتبوون، بوونە ناوبژیوان و پێیان وتن: (شاکە و شوکە ڕاوەستن لێک مەدەن) بڕیارمان دا کامتان توانیان درۆیەکی گەورەتر بکات، ئەوە ئەو دەیباتەوە و یەکەم نۆبەت دەبێتە نۆبەتی ئەو هەردووکیان بەو بڕیارە ڕازی بوون.

شاکە وتی: ساڵێکیان بەهاربوو، زەویم کێڵاو پڕم کرد لە پەین و تۆی کاڵەکم تیا چاند، ئیتر بێستانەکەم هاتەبەر، بەجۆرێ کاڵەکی وەها گەورەی گرت هەریەکە و جەواڵێکی پڕ دەکرد.

هەرچی دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەری خۆمان هەبوو، کەسم لێ بێ بەش نەکردن و ئەوی تریشم فڕێدایە دەشت بۆ باڵندە و گیانلەبەران.

ئەمجارە نۆبەتی درۆی شوکە هات و وتی: (ساڵێکیان بۆ ڕاو چووم، چۆلەکەیەکم ڕاوکرد، بەتەور هەمووم پارچە پارچە کرد، بەجەوالان بۆ هەموو دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەرم نارد، هەندێکیش هەر لەو گۆشتەم بۆ (عەبدوڵڵا کوڕ دەسەڵاتداری ئەو شارەم نارد) خەڵکەکە هەر هەمووبە یەک دەنگ هاواریان کرد و وتیان: برایان ئا ئێستا عەبدوڵڵا کوڕ فرمانی دا، نۆبەتی ئاش بۆ شوکەیە و پێویستە شاکە وەلانرێت.



٢- چۆلەکەی سەرگەدان

ژنێک و پیاوێک دەژیان و کچێک و کوڕێکیان هەبوو، ڕۆژێک ژنەکە بە پیاوەکەی وت، ئارەزووی گۆشتی ئادەمیزاد دەکەم ! پیاوەکە هەرچەندی کردی و پێی گوت: ئاخر ژنەکە، گۆشتی ئادەمیزاد چۆن دەست دەکەوێت، بەڵام سوودی نەبوو

ژنەکە هەرپێی داگرت و نەیسەلماند. ئیتر پیاوەکە چارەی نەما وبڕیاریدا سەری تاقە کوڕەکەی خۆی ببڕێ و گۆشتەکەی بداتە ژنەکەی ! تا ڕۆژێکیان باوکەکە بە کوڕەکەی وت ! کوڕم وەرە با بەیەکەوە بۆ کێو بڕۆین و بارەک دار بێنین کاتێ بەچیا گەیشتن باوکەی دڵڕەق گۆشا و گۆش سەری کوڕەکەی بڕی و گۆشتی هەردوو ڕانەکەی لە شتێک پێچاو بۆ ژنەکەی هێناوە. ژنەکەی گۆشتەکەی وەرگرت و زۆر پێخۆشحاڵ بوو هەر ئەو دەم کردیە چێشتی (کفتە). بەخۆی خواردی و کفتەیەکیشی دا بە کچەکەی. کچەکە پرسیاری لە دایکی کرد ئەدی کوا براکەم؟ دایکی وەڵامی دایەوە وتی: بۆ ماڵی داپیرەت چوو تا کشمیش بێنێ. کچەکە وتی زۆر باشە منیش بۆ ماڵی داپیرەم دەچم و بەشە کفتەکەشی بۆ دەبەم کفتەکەی لە کۆشی کرد، ڕێگەی دەشتی گرتە بەر، لەناکاوێکدا کفتە بوو بو چۆلەکە و بەرەو ئاسمان هەڵفڕی و بەرز بۆوە. چۆلەکە ڕۆیشت و ڕۆیشت تا گەیشتە شوێنێک کە باوکی زەوی تێدا دەکێڵا. لەسەر پشتی گایەکە نیشت و دەستی کرد بەخوێندن و وتی:

جیک جیک بگەڕێووە
باوکی کافر منی کوشتووە
دایکی بەدکار منی خواردووە
لەوناوە خوشک جەرگ سووتاوە

باوک بەدەنگی چۆلەکە خۆشحال بوو داوای لێدەکات دووبارەی کاتەوە. چۆلەکە وتی دووبارەی دەکەمەوە بە مەرجێ، سەرت بڵندکە و چاوانت بنووقێنە و زارت بکەوە. باوکیش سەری بەرزکرد و چاوی نووقاند و زاری کردەوە. لەو کاتەدا چۆلەکە بەئاسمانی هەڵفڕی و بەرز بۆوە و یەک کۆمەڵ شووژنی ئاڕاستەی قوڕگی باوکی کرد و ڕۆیشت. هەر ڕۆیشت تا گەیشتە ماڵەکەی خۆیان. لەسەر دەرەی دەرگا نیشتەوە، دەستی بە خوێندن کرد:

جیک جیک بگەڕێوە
باوکی کافر منی کوشتووە
دایکی بەدکار منی خواردووە
لەوناوە خوشک جەرگ سووتاوە

دایکی زۆر بەو دەنگە خۆشحاڵ دەبێت و داوای لێدەکات بەڵکو جارێکی دیکەش دووبارەی بکاتەوە:

چۆلکەش دەڵێت: سەرت بەرز بکەرەوە چاوی خۆت بنووقێنە و زارت بکەرەوە. دایکیش وادەکات. چۆلەکە هەڵدەفڕێت و خەنجەرێک ئاڕاستەی قوڕگی دایکی دەکات و دەڕوات. دەڕوات و دەڕوات تا دەگاتە کەناری ڕووبارێک، دەبینێ خوشکەکەی دانیشتییە و دەگری: دەست دەکات بە خوێندن:

جیک جیک بگەڕێووە
باوکی کافر منی کوشتووە
دایکی بەدکار منی خواردووە
لەوناوە خوشک جەرگ سووتاوە

کچەکە زۆر بەودەنگە خۆشحاڵ بوو. داوای لێکرد بەڵکو جارێکی دیکەش دووبارەی بکاتەوە.

چۆلەکەکەش پێی وت: چاوانت بنووقێنە و کۆشت بکەوە و ئاگاداربە. خوشکەکەش چاوانی نووقاند و کۆشی خۆی کردەوە. لەو کاتەدا چۆلەکە بوو بە یەک چەپکە گوڵ و بەرز بۆوە کەوتە کۆشی خوشکەکەی.

٣- کەڵەشێر و ڕێوی و تانجی

تانجی و کەڵەشێر دۆستی یەکتر بوون، بەیەکەوە بڕیاریاندا کاولە گوندێک ئاوەدان بکەنەوە. کە کەوتبووە سەر دووڕیانێک. ئیدی هەر کەس بەدوای کاری خۆیدا ڕۆیشت. ڕۆژانە تانجی ڕاوی دەکرد و

کەڵەبابیش کارەکانی ماڵەوەی ڕادەپەڕاند. ڕۆژێکیان ڕێوی بەوێندەردا تێدەپەڕێت و چاوی بە کەڵەشێر دەکەوێت، بڕیار دەدات بەهەر فێڵێک بێت ڕاوی بکات و بیخوات. هێدی لێی دەچێتە پێشەوە و سەلامی لێدەکات و دەڵێ ئەو خانووە ماڵی منە، ئەوە چەند ساڵە داگیرت کردووە و کرێت نەداوە. هەر ئێستا کرێی هەموو ئەو ساڵانەم دەوێت. کەڵەباب وتی لەسەرخۆبە، تا بانگی براکەم دەکەم، بەڵکو هەموو کرێی ئەو چەند ساڵەت بداتێ. ڕێوی بیری کردەوە، لەدڵی خۆیا وتی: برای کەڵەباب !! لەوانەیە وەک خۆی کەڵەبابێکی قەڵەو بێت، چالەوە باشتر کوانێ ! بە بڕیاری کەڵەباب زۆر دڵخۆش بوو، ووتی زۆرباشە.

کەڵەباب چووە سەربانێ و بەدەنگێکی بەرز بانگی تاژی کرد قوو ققوو قوو، تانجی بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە کەڵەباب، هەرکە ڕێوی چاوی بە تانجی کەوت خۆی خستە بەر پێی کەڵەباب و لێی پاڕایەوە: بمشارەوە. کەڵەبابیش پێی وت: خۆت بخەرە پەنای دوایین ئاخوڕ و خۆتی لێ بشارەوە. تانجی گەیشتە لای کەڵەباب و وتی: برام کارێکت هەبوو بانگت کردم وتی: ڕێوی هاتیە و کرێی خانووی دەوێت ! ئێستاش خۆی لەپەنای ئەو ئاخوڕە شاردۆتەوە. تانجی خۆی گەیاندە ڕێوی و پەلاماری داو ڕێوی بۆی دەرچوو ئیتر ببڕای ببڕ نەگەڕایەوە.

**سەرچاوە / کرمانشاهان تمدن دیرینه آن آیرج افشار سیستانی (جلد دووەم ١٣٧١).**

## لەکولتووری ڕوسەوە

## چوار کوڕە حەق نەناسەکە

و– لە فارسییەوە

لە گوندێک لەگوندە بچوکەکانی نێوان رووباری (دن پڕ) و (دن) پیرەمێردێک دەژیا، خاوەنی چوار کوڕ بوو.

کاتێ پیرەمێرد دیتی هەر چوار کوڕی ژنیان هێنا و ماڵی خۆیان کرد.. بڕیاریدا هەر ماوەیەک، لای کوڕێکیان ژیان بەسەر بەرێت، جا لەبەر ئەوە هەرچی هەیبوو لەسەرو سامانی فرۆشتی و چوو بۆ لای کوڕە گەورەکەی. کوڕی گەورە لەسەرەتادا زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکرد هەموو ژەم مێزی خواردەمەنی بۆ دەڕازاندەوە، باشترین جێگایان بۆ دادەنا.

شوێنی نووستنیشی هەردەم لەنزیک ئاگرداندا بۆ رادەخرا تاوەکو سەرمای نەبێت. ماوەیەک بەم جۆرە تێپەڕی تا ژنی کوڕەکەی ماندوو بوو و لێی بێزار بوو چیدی خزمەتی نەکرد پیرەمێرد چارەی نەما بن و بارگەی تێک ناو بۆ لای کوڕەکەی دووەمی چوو. کوڕی دووەمیش بەهەمان شێوە ڕێزی لێنا و بە گەرمی پێشوازی لێکرد. بەڵام ئەمەش تا سەر نەبوو هەرچەند ڕۆژەک بوو ئیدی لێی بێزار بوون و خزمەتیان نەکرد. کۆکردەوە پیرەمێرد چارەی نەماو دیسان بوخچە و پرێسکەی خۆی کۆکردەوە بۆ لای ماڵی کوڕی سێیەم رۆیشت. کوڕی سێیەمیش بەهەمان شێوە چەند ڕۆژێک ڕێزیان لێنا و خزمەتیان کرد. پاشان لێی بێزاربوون و وەدەریان نا. دواجار پیرەمێرد چاری نەما بچێتە ماڵی کوڕە بچوکەکەی، بەڵکو خوابکات ئەو لەوان پتر باشتر بێت و بیحەوێنێتەوە. بەڵام بەداخەوە ئەویان هەر وەری نەگرتەوە. بەڵکو دەریشی کرد بە بیانوی ئەوەی خانووەکەی بچوکە و شوێنی ئەو نابێتەوە و سەرەڕای ئەوەش هەژارە و دەستی کورتە.

هەر چوار کوڕەکەی دیتیان نە خۆیان و نە ژنەکانیان حەسەوڵەی چاودێری و خزمەت کردنی باوکیان نیە، بڕیاریاندا ڕەوانەی قوتابخانەی لادێیەکەی بکەن. ئەو لادێیە چکۆلانە قوتابخانەیەکی هەبوو سەر بەکەنیسە بوو، چاوەدێری و سەرپەرشتی منداڵی هەتیوی دەکرد. کوڕە گەورەکە وتی: ئەگەر باوکمان بۆ ئەو شوێنە بنێرین، بێگومان خواردنیشی پێ دەدەن و شوێنێکی بۆ خەوتنیش دابین دەبێت، خۆ لەوانەشە شتێکیش فێربێت.

پیرەمێرد لە پلانی کوڕەکانی گەیشت، زۆر لێیان پاڕایەوە، بەڵکو لەو بڕیارە پەشیمان ببنەوە، لەبەر ئەوەی سۆمای چاوی کز بووە و باوی فێربوونی نەماوە. بەڵام بێ سوود بوو. کوڕەکانی گوێیان پێنەدا، ئیدی پیرەمێرد چاری نەما پرێسکەی خۆی کۆکردەوە و بەرەو قوتابخانە وەڕێکەوت، غەمبار و بێزار بە ڕێگادا چاوی بەگالیسکەیەک کەوت. بەلای تێدەپەڕی، لەسەر شەقام تۆزێک وەستا.خاوەن گالیسکە مرۆڤێکی مەند بوو، کاتێ چاوی بە پیرەمێرد کەوت بەو شێوە، گالیسکەی ڕاگرت و پرسیاری لێکرد پیرەمێردیش هەموو بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. خاوەن گالیسکە بە بیستنی ئەو بەسەرهاتە زۆر دڵتەنگ بوو. کیسەیەکی دەرک بەستراوی لە گالیسکە دەرهێناو شەقەشەقی پێخست و خرینگەی دراوی کیسەکە دەنگی دایەوە.

کیسەکەی دایە پیرەمێرد و پێی وت: ئەوە گەنجینەیەکی بچوکە ئەیدەم بەتۆ هەرئێستا بگەڕێوە، بۆلای کوڕەکانت، بەس وریابە تا لەژیان ماوی دەرکی نەکەیتەوە و لە خۆتی دوور نەکەیتەوە. پیرەمێرد بە ڕێز و سوپاسەوە خاوەن گالیسکەی بەڕێ کرد، تا لەچاوان بزربوو. ئینجا بۆلای کوڕە گەورەکەی ڕۆیشت. ژنی کوڕەکەی کاتێ خەزووری بەو کیسە پڕ لەپارەوە دەبینێ، زۆر دڵخۆش دەبێت زۆری ڕێزلێنا و بردیە ژوورەوە. پیرەمێرد هەرسێ کوڕەکەی تریشی بانگ کردوو پێی وتن:

من لەسەردەمی لاویم ئەم دراوە زیوەم هەڵ گرتبوو لەژێر درەختێکی دارستانەکە شاردبوومەوە. ئێستا چووم دەرم هێنا ئا ئەوەیە کیسەکە، بەرزی کردەوە و پێی نیشان دان. کوم هەڵگرتبوو وەکو خۆی مابوو، جا کێ لەئێوە باشتر خزمەتم بکات ئەو پارەیە دەبێتە هی ئەو. کوڕەکان بەدیتنی کیسەی دراوەکە و خڕینگە خڕینگی ئارامیان لێ هەڵگیرا، هەر یەک لەوانە دەیگوت: من باشتر ئاگام لێدەبێت و خزمەتی دەکەن، بەو شێوەیە (٣) ساڵ تێپەڕی پیرەمێرد ژیانێکی خۆشی رابوارد، کوڕەکانی بەماڵو منداڵەوە خزمەتیان دەکرد، تا لەکۆتایی بەئارامی و دڵنیاییەوە سەری نایەوە و ماڵ ئاوایی لێ کردن.

کوڕەکان هەر چواریان بۆ ناشتنی باوکیان و بۆ پرسە و سەرەخۆشی پارەو خێراتێکی زۆریان خەرج کرد. بڕێکیش پارەیان دایە کە شیشی گوندەکە. جا دوای ناشتن و پرسە و سەرەخۆشی هەر چواریان کۆبوونەوە بەنیازی کردنەوەی دەرکی کیسەکە و دابەش کردنی دراوەکە لەنێوان خۆیاندا. بەڵێ کردیانەوە. بەڵام دراو نەبوو ! دەزانی چی تێدابوو؟! کۆمەڵێ ناڵە ئەسپ بوو، کاتێ کیسەکەیان بەو شێوە دیت، چاویان چووە پشتی سەریان، بەجارێ وروژان و توڕەبوون دەستیان کرد بە شەڕو هەرا و جنێودان. بەتایبەتی کاتێ زانیان پیرەمێردی باوکیان فریوی داون. یەکێک لە هاوسێکان کە ئاگاداری رووداوەکەیە، بەدەنگێکی بەرز و بەگاڵتە جاڕیەوە پێی وتن: کاتێ ئێوە باوکتان بۆ قوتابخانە رەوان کرد، ئەو لەرێگادا شتێک فێربوو، توانی هەر هەمووتان فریو بدات.

**سەرچاوە: سیمرغ سال هشتم شمارە ٦٨- ارز / دی ١٣٧٥ - کانوونی یەکەم ١٩٩٦**

## دیرۆکی مافووری کوردی و ڕەنگ کردن و نەخشەکانی



کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هەموو گەلانی ناوچەکە زیاتر بە دروست کردنی بەڕە و مافوور خریکن و تەنانەت تا ساڵانی شەستەکان لەزۆربەی ماڵ و گوندنشینەکانی دەشتی هەولێر مافوور دروست دەکرا، سەرەڕای دروست کردنی بەڕەو جەواڵ و کڵاو و تێڕ و تور و بەڕەی نەخشین و چنینی دیکە.

ئیتر بەم دواییە بەڕە و مافووری کورد بازاڕەکانی ئەنقەرە و ئەستەمبۆڵ و بەغدا و دیمەشق و تاران و یەریڤان و باکۆ و تفلیسی پڕکردبوو، نەخش و مۆتیڤەکانیشی زۆر سادە و ساکارن و لە هێلکاری سادەی وەک سێ گۆشە و چوارگۆشە و بازنە و لاکێشە و شێوەی لامار و ئەستوک و نێک و پێ و دەست و شاخی گیانداران پێکدێت کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە نەخش و مۆتیڤی مافوور سەرەڕای ڕۆڵی

وێنەی ئاژەڵان و باڵندان و هزر و ڕامانی تەونکەر لەنەخشی مافوور ئیتر مۆتیڤ و نەخش و نیگارەکانی بەڕە و مافووری ئەمڕۆی کوردستان هەمان مۆتیڤ و نەخش و نیگارەکانی گەلانی کۆنی کوردستانە، بەتایبەتی وێنەی ئەو ئاژەڵانەی کە ئورارتووەکان لەسەر بەرد هەڵیان دەکەند واتە هونەری نەخش و نیگاری ئەمڕۆی کوردستان بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە بەتایبەتی نەخش و نیگاری سەر بەڕە و مافووران زیاتریش لەنێو رەوەندەکان و دانیشتوانی ناوچە سەختەکان پارێزراوە، لەدوای ساڵانی حەفتاکان حکومەتی تورکیا و ئێران لە کوردستان دەگەڕان و بەنرخی هەرزان، بەڕەو مافووری دەستکردیان دەکڕی و بەناوی تورکی و فارسی ناوەکانیان دەگۆڕی و لە مۆزەخانەی ئەستەمبۆڵ و تاران دایان دەنا و هەروەها سودیان لە نەخشەکان دەبینی لەدروست کردنی مافوور لە کارگەکان. دواتر مافووری کارگەیان لە ناوچەکان بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی ئەم گەلە داببڕن لەم هونەرە بۆ نموونە لە هاوینی ٢٠٠٨ چەند ئێرانییەک مافوورە دەستکردەکانی مزگەوتێکی سلێمانیان بە نرخێکی زۆر کەم کڕی و مافووری کارگەیان لەشوێنیان ڕاخستن بەڵام دوای هەشتاکان کورد خەریکە گرنگی بەم کارە دەستییە مللییانە دەدات و دروست دەکەن و دەیانپارێزن هەروەک دەبینین لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک پێشانگای هەمیشەیی ئەم هونەرە کراوەتەوە هەروەها لە کوردستانی باکوور لەنێو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەشی دروست کردنی مافوور و بەڕە کراوەتەوە بۆ ئەوەی درێژە بەم کولتوورە بدەن و لە دزین و لەناوچوون بیپارێزن.

جا لە هەموو کوردستان بەسەدان جۆری نەخش و نیگاری بەڕە و مافوور دەبیندرێ کە جۆرەها هونەری لەخۆگرتووە، زیاتریش وێنە و مۆتێڤی ئاژەڵان و گوڵ و گوڵاڵە و درەختی کوردستانن.

دواتر بەهۆی کاریگەری ئیسلام و حەرام و ناڕەوایی وێنە کردنی ئاژەڵان بەرەو کزی ڕۆیشتووە، تەنها وێنەی پێ، دەست و قۆچیان لەسەر مافوور دروستکراوە زۆرجاریش تەونکەر دەرد و کوڵ و ئێش و ئازار و خەیاڵ و رامانەکانی وەک مۆتێڤ خستۆتە سەر بەڕە و مافوور لەوانە مافووری (گوڵ ساری) یە، کە لەلایەن کچێکی دڵدار بەناوی (ساری) دروستکراوە، بەردەوام ئەو هەواڵانەی لەلایەن دڵدارەکەی پێی گەیشتووە بەنەخش و مۆتێڤ خستوویەتییە سەر مافوورەکە، جا هۆی سەرەکی ئەم کارە دەستیانە هەبوونی کەرستەی خاو و جوانی دیمەنی کوردستان و دەست ڕەنگینی ئافرەتی کوردە.

سەرەتا واتە دوای برینەوەی مەڕ و بزن و شوشتنی خوری و ڕەنگ کردنی ڕێستن و کردنە ماشەر، تەون دەخەنە داریَ.



ڕەنگکردنەکە جاران بە گەڵای درەختان و گژ و گیا و پەلکی پیاز و سماق بووە و خوری ڕێسراو بەم شتانە ڕەنگکراوە، هەرگیز ڕەنگی نەدەداوە، بەڵام بەم دواییە ڕەنگکردن بە مادەی کیماوییە و لەبازاڕ دەکرِدرێت، جاران ئاو دەکوڵا لەمەنجەڵان ئینجا ماشەرەکانی تێدەخرا و بۆ هەر جۆرە ڕەنگێک جۆرە گیایەکیان تێدەکرد، دواتر پارچە شەبەکیان تێ دەکرد بۆ نموونە سیچکە و گروان ڕەنگی ماشەر زەرد

دەکات، پەلکە سەوزەکەی زەیتون بەپێی زۆری و کەمی بەکارهێنانی ڕەنگی ماشەر کەسکی ڕۆن و کەسکی تاریک و ڕەش دەکات، پیاز و گوڵە بەیبوون ڕەنگ زەرد دەکات، گیا سەندڵ ڕەنگی زەرد دەکات و لەگەڵ سماق ڕەنگی سوری گەش دەکات، ڕۆنیاس و سورڕناتک ڕەنگی سوری قورمزی دەکات.

گیا ڕۆنیاس بۆ ڕەنگ نەدانەوە باشە بە تێکەڵ کردنی هێندێکی کەم لەگەڵ ڕەنگەکانی دیکە، پەلکی بادەم ڕەنگ قاوەیی دەکات، گیا پتۆت ڕەنگ رەش دەکات، بۆ نموونە کورد دەڵێت: رەشی بە پتۆتی داک ناداتە دۆتی، هەروەها پەلکە پیاز و پەلکە هەرمی و پەلکی درەختی بەڕوو لەڕەنگکاری بەکاردێن، بەتێکەڵاو کردنی ئەم ڕەنگانەش ڕەنگەکانی دیکە بەدەست دەکەون.

چەند جۆرێک لە نەخشی مافوری سەرحەد و هەکاری

هەرێمەکانی سەرحەد و هەکاری زیاتر لە (٥٠) پەنجا جۆر نەخشی مافووریان هەیە لەوانە:

شەهیانی: ئەم مافوورە زیاتر وێنەی هێلانە و بولبول و شاخی بزنە کێوی لەسەر نەخش کراوە.

شەماری: پڕە لە گوڵ و گوڵاڵە.

لولە پەڕ: جۆرە گوڵێکە بەناوی گوڵی سوسنی ئاوی تێدایە لەگەڵ پەڕی گوڵان.

میڤان: نەخشەکانی هوردن و تورک ناوەکەی بۆ مێلکی گۆڕیوە.

گوڵ بامان: بەشاخی ئاژەڵان (لاوران) نەخش کراوە.

هوڵ گەزار: واتە هەزار گوڵ، جۆرەهاگوڵی لەسەر نەخشکراوە.

چل گوڵ: مێرابەکەی نەخشی قۆچی بەرانی لێ نەخش کراوە.

گوڵ شێنێ: جۆرە گوڵێکی بەم ناوە لەسەر نەخشکراوە.

هەرکی: هەژدیها و گوڵی لەسەر نەخشکراوە.

گوڵ شڤان: جۆرە گوڵێکی بەناوی گوڵ شڤان لەسەر نەخشکراوە.

هەڤچێکەر (کەسنەکەر) یشی پێ دەگوترێت، نەخشەکەی زۆر قورسە و بەهەموو کەس ناکرێ.

سوماق: زیاتر وێنە درەختی سماقی لەسەرە.

ئیتر جۆری دیکە زۆرە وەک: خالد بەگی، شێروانی، گوڵ چین، گوڵ جان، گوڵ قەدیفە، گوڵ ئەنوەر.

چەند جۆرە نەخشێکی مافوری کرماشان

لە ئوستانی کرماشان بە نەخش دەڵێن گوڵ یا گوڵەکانی مافوور وەک گوڵ ئاباد و گوڵ ترنج، هەندێک جۆری نەخشی بەناوی ئەو گوندانە ناسراون کە لەمێژە دانیشتووانی ئەم گوندانە مافوور دروست دەکەن وەک: مافووری کیو نان، کە بەناوی گوندی کیونانەوە ناونراوە، مافووری ریزە گوڵ، کە بەهوردە نەخش نەخشێنراوە، دار گوڵ و بازمەندی، کە ئەم دوو نەخشە بەناوی گوندەکانی دارگوڵ و سەنگەر بەناوبانگە.

سەماواری و ئەکبەر ئابادی: نەخشەکانی وردن و خەیاڵین جۆری دیکەشی هەن وەک: ئوشین، جوزان، بورجلو، ماهی بیجار، شکارگا، گەوڵ ئەکبەر.

چەند جۆرە نەخشێکی مافووری دەشتی هەولێر

لە دەشتی هەولێر سەرەناز کە باریکە و درێژە بۆ راخستن و لەسەر دانیشتنە، کە ئەمرۆ لاکێشی پێ دەڵێن دروست کراوە، بەڵام مافووری بەرین کە بۆ نووستنە، مافووری ناو جێی پێدەگوترێت، بە شێوەیەکی کەمتر لەم دەشتە دروست دەکرا.

جۆرەها نەخشەکانی مافووری دەشتی هەولێر بریتییە لە:

نەخشی ئەستوک، نێک، لامار، سپانە، چاورەش.. هوردە نەخشەکانیشی بریتییە لە: خەنجەرلی، پەلە دەولک، ئەستێری. مێرا

بەکەشی ئەم جۆرە نەخشانەی لێ دەکرا: شاخی ئاژەڵان، پێ مریشک، پێ مراوی، درەخت.

ئیتر هەر ئوستانێک بەجۆرە نەخشێک بەناوبانگە، بۆ نموونە ئوستانی وان بە نەخشی هارتووشی بەناوبانگە کە بەناوی هۆزی گەورەی هارتووشی کۆچەر ناونراوە، نەخشەکە سادەیە و بریتییە لە جوتێ نێک (ترنج) کە بەشێوەی قولاب بەیەکەوە بەستراون، لێوارەکەی پڕ نەخشە و زیاتر ڕەنگی قورمزی و ئاوی تیا بەکار هاتووە، ڕەنگی کەسک و سپی لەم جۆرە مافوورە زۆر بەکەمی بەکار هاتووە.

نەخشەکانی ئوستانی دیلۆک

نەخشەکانی ئەم ئوستانە نزیکە لە نەخشەکانی مافووری ئوستانی وان تەنیا لەجیاتی دڵەکان ئەستێرەی شەش پەڕ دەبیندرێت، مێرابەکانی ئەم نەخشەی لێ کراوە.

نەخشی مافووری سیواس و مەلاتیە

نەخشی مافووری ئەم دوو ئوستانە لە یەکتری نزیکن، ئەمانەش نەخشی گچکە و گەورەیان هەیە و ناودارترین نەخشی ئوستانی



سیواس نەخشی سەر کیسلەیە، ترنجەکانی (نێک) شەش گۆشەیە، ئەڵماسەکەی لەشێوەی قولابە، عاردەکەی سۆرە و نەخشەکانی سۆر و رەش و قاوەیی و نارنجیە.

نەخشەکانی مافووری قارس و قاقزمان

مافووری ئەم دوو ناوچە لەیەک نزیکن و عەردەکانیان زیاتر کەسکە و مێرابەکەی پێ گورگ یا ددانی گورگی لێ نەخش کراوە.

نەخشەکانی ئوستانی دهۆک

نەخشە بنەڕەتییەکان بریتییە لە نێک یا ترنج کە لە ئوستانی دهۆک و کرماشان بە نەخشی مافوور دەگوترێت گوڵ، لە ئوستانی دهۆک بەبەری بەڕە و مافوور دەگوترێت سفر بۆ نموونە بەڕەی دەشتی هەولێر لە دوو بەر (سفر) تا چوار بەر هەیە هەر بەرەک دوو نێک (ترنج) ی تێدایە جا ئەگەر ٤ بەر بێت ئەوا هەشت نێکی تێدایە، لە دهۆک بە (نێک) یش دەگوترێت گوڵ، بەڵام مافوور بەبەری وەک بەڕە دروست ناکرێت، (لامار) یش بەنێو نێک دەگوترێت، کە زیاتر لەبەڕە دروست دەکرێت.

مافوور جۆری سادەی نییە بەڵام بەڕە جۆری سادەی هەیە واتە بێ نەخشە، بەکرمانجی بەم جۆرە بەڕە بێ نەخشە دەگوترێت بەڕکا بێ گوڵ.

زۆر نەخش لە بەڕە و مافوور دا هەیە.

بەڕە بەهۆنینەوە دروست دەکرێت بەڵام مافوور بە گوفک دەچنرێت.

لەدەشتی هەولێر هۆزی سیان لە هەموو هۆزەکانی دیکە بەناوبانگترە لە دروست کردنی مافوور. پێی دەڵێن گوڵ وەک گوڵا ب کومکولاڤ و گولا نورسی..

نەخشە هوردەکانیشی بریتییە لە چەقەلۆک، گوڵبەلاڤک، چارنیک، چاڤچووچک، چاڤک، ستێرک، زیڤزیڤە، سومکەرەک..

نەخشی مێرابەکان: چەقک، شە، شمک، دارک، زیلۆیی، کرمک، گۆپالۆک، قاچۆلیک، مقەسۆک، سومکەرک..

پەراوێزەکان

• کۆنترین مافوور تا ئێستا بەدەست کەوتبێت مافووری ناوچەی (بازێرک) کە لە گۆڕستانی سەقیسیالە بازاڕێک لە چیای ئالتای سنووری مەنگۆلیا لەلایەن شوێنەوار ناسی ڕوسی ڕۆدینکۆ لە ساڵی ١٩٤٩ ز دۆزراوەتەوە، کە بۆ ٥٠٠ ساڵ بەر لە زاینی دەگەڕێتەوە کە ڕووبەرەکەی ٤ م چوارگۆشەیە.

• چەند نەخشێکی مافووری ئەمڕۆ لەسەر سەدەفێک دۆزراوەتەوە لە کۆنە گۆڕستانێکی میسر کەبۆ ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە.

• لە هاوینی ئەم ساڵ چەند کێلێکم لە گۆڕستانی مام خەلیفەی گوندی پانکانی زرارەتی دۆزیەوە کە چەند نەخشێکی لەسەر هەڵکەندرابوو لەوانە دوو بزنە کێوی بوو، ئەمڕۆ هەمان نەخش لە سەر مافووران دەبیندرێت.

• دوورنییە هۆنینەوەی حەسیر لە قامیش و گژ و گیا بەر لە چنینی مافوور و بەڕە سەری هەڵدابێت.

• جولەکە و دیانی کوردستان زیاتر گرینگیان بە دروست کردنی جاجم و شاڵ و شەپەک داوە نەک بەڕە و مافوور.

**سەرچاوەکان**

**١- گلیم، استرهال و حوزا لوچیک و یوسکا، تاریخچە طرح، بافت شناسایی / مترجمین شیرین همایون فر و نیلوفر الفت شایان / ١٣٧٧ – تهران.**

**٢- کرمانشاهان و تمدن دیرنەان، ج ٢، ایرج افشار سیستانی، ١٣٧١ تهران.**

**٣- نەخش و نیگارێن بەڕکا کۆچەری دانان سمایل تاها شاهین، ٢٠٠٥، هەولێر.**

## فۆلکلۆرێ کوردی ئەبە زاراڤا دملکی
## گۆڕینی لە ڕێنووسی لاتینی و فەرهەنگۆک بۆ دانانی

هەرچیۆکە وەرتی دەئەبە ڤاتەن یو قەسەیکەردەنە ڤاژینۆ (ئەدەبیات)، کای بەنۆ، ئەبە بەرا پی ئوو کالکان دەڤام کەنۆ، جی رافۆلکلۆر ڤاژینۆ، بەراپی ئوو کالکان کی هێ بەهێ ئاما، رەستاپێ.

نایێ ڕا گۆرە فۆلکلۆرێ کوردی بەخۆ تاریخێ مللەتێ کوردی ئانۆ رازان، ئەبە ڤاتەنا فۆلکلۆرستێ کوردی یێ پیلی، یێ ئۆردیخانێ جەلیلی، (تاریخێ میلەتێ کوردی دە تەینییا فۆلکلۆرێ کوردی نیکۆتۆرا دەستێ دسمێن ئوو زۆرکەران، ییێ کە واستۆ کە کوردانێ مێرخاسان ئەبە ئادر ئوو ئاسن بنێ باندرا خۆ کەرێ.

تاریخێ کوردی دەهەر هادیسەوۆ، سۆسیال، هەرڤ بۆ، پێرۆدایای ئیسێ ئاسران بۆ، هاسکەردەنە بۆ، پێرۆدای ئیسێ ڤەرڤا دسمێنان بۆ، پیرۆ لاوکان ئوو شەواران ئوو سانکان دەیێنێ رازان، ڤاژینێ، قەسەی بەنێ. نایە راگۆرە هەر هادیسەۆ سۆسیال، قزرا بەپیل، زێ ئەینەی ئەدەبیات دە ئاسەنۆ، نافۆلکلۆر ئوو ئەدەبیات دەملەت رندئوو قۆلا راست ئوو خەلەتییە، جەوا مەردێنی ئو بێبەختییە ئەبە ئوسیلا ئوو ئەستەتیکی ئانۆ تێڤەرڤا، سانکان ئوو دەستانان ئوو مەسەلان ئوو ڤاتەنا ڤرێنان دە هەرتم نایێنا، رازان ئەدەبیاتێ قەسەیکەردەنە دەهەر وەخت پێگورە تەناچیێ رندد ئوو راستی بەیێ هەق ئوو نەقی را یێنێ ڤاتەنە، هەتۆ هەق داییما کونۆرا هەتێ نەقی سەر، سۆنۆ رەسەنۆ مرۆدێ خۆ، پێرۆ دایسێ کە ڤەرڤا زولم ئوو زۆرکاریا خاینان ئوو دەسمێنان بەنا، فۆلکلۆرێ کوردی دە ئەبە زاراڤا دەملکی زاف ئەست ئێ، پێرۆ دایسێ نانێنی لاوکان ئوو سانکان دە ڤاژینێ کە، ملەتێ کوردی تاریخێ خۆ دە سەکەردۆ، سەنێکەردۆ، سەڤاتۆ سەنێڤاتۆ، چ واستۆ، چ نێواستۆ پێرۆ

دەتە بەنۆ ئەسکەرا، ملەتێ کوردی تارخێ خۆ دە چتوری سەوەتا ئازادییا خۆ دسمێنێ زالم ئوو زۆرکاری دە دۆپێرۆ، فۆلکلۆر ئوو ئەدەبیاتێ کوردی دە بەنۆ ئارێزە، هەر چ قاشی کە فۆلکلۆرێ کوردی ئەبە زاراڤا (لەهچا) دملکی (زارکی) خێلێ زەنگینۆ، هاتا نکا کەشی بنەرا ئەرێ نێکەردۆ، پێسەر تێ ئاردۆ، کۆلۆنی پەرستانێ ترکی نێڤەردۆ کە ملەتێ کوردی چمانێ خۆ وەکەرۆ، خۆسەر ئۆرزۆ، ینە هەرچقاس کە ملەنێ کوردی کارد بنێ باندرا خۆ هاما بەسە نێکەرد کە زان ئوو کولتوور ئوو فۆلکلۆرێ ئەی کی وەرتە راوەدارێ، دسمیتۆ خاین نا رند بانەنۆکە، ئەبە سیاسەتێ ئاسیم ئلا سیۆنی پەسەو ئوو پەرۆز گورەئێنۆ کە فۆلکلۆرا مەکی مادەست رابجێرۆ، یینە خێلێ زەرار دەبە کولتوورێ کوردی خەزنا کولتوورێ دەیرا تایێ تەلەف کرد، کەرد ڤندی، چۆکا ئوکە، ما گونە قەیمەتێ فۆلکلۆرێ خۆ، نییارا تەپییا داینا رند بزانیمە، هەر چییێ فۆلکلۆرێ یۆکە راکونۆرا ما دەست، تۆپ کەریمە، بنوسیمە، ڤندبییا تینارا بخەلەسیمە.

زاراڤا دملکی دەهاتا نکا ئەدەبیاتێ قەسەیکەر دەنە فەک رابە فەک، گۆسرا بەگۆس ڤاژینۆ ئامۆ، نائەدەبییاتێ قەسەی کەردەنە دە سانکی، لاوکی، مەسەلە ئوو مەرتالی، ڤاتەنێ ڤرێنان بە ڤاتەنێ بینی را ئەبە تۆرە ڤاژینێ.

١- سانکی:

تۆرە تۆرە سانکی ئەستێ، تایێ سانکان دەئیسان ئەستۆ، تایینەدە هەیوانی، تەیر ئوو تووری تەدەرێ، سانکێ ئیسانان، مەسەلێ کە ئامێ ڤێردێ را، یینەرا پێدا بیێ ئامێ سانکانێ نانێنان دە لەتۆ زێدە، ملەت چتوری ڤەرڤا دسمەنێ تەبەری لەزکەنۆ، تەی جەنگ کەنۆ، ئوو یێنۆ، ڕازان، هادئیسێ نییانێنی ئامێ، ڤێردێرا زامانێ ڕا تەپییا بیێ سانکی مەندێ، ناسانکان دەچێرێنێ ئوو جوامەردییە، جینێن ئوو جوانکییە،

هاسکەردەنا جینیان هاسکەردەنا لازێ بەمائووپی **را** هاسکەردەنا هوردی بیرائان هاسکەردەنا وەلات ئوو ملەتی وەس ڤاژینا، ئیسانی سەرۆ زاف تەسیر کەنا تەدە کارکەنا، زوهەتێ سانکە نییارۆ، هەتۆ بن دەکی دسمێنێ زالم ئوو زولمکار بەخاینان راڤینینێ، سانکا شەڤدین بەگی، یێ دەورێس بەگی، یێ کولکی نیاینێنانرا سەی بەنێ. خەلێ سانکێ هەنێنی کی ئەستێ کە، تەدە دیڤ بە ئیسانیرا ڤەژینێ، ئیسان هەتۆ رند، دیڤ کی هەتۆ خراڤن تەمسیل کەنۆ. سانکانێ هەیوانان دە، بزە، ڤەرگ، هەس، لوویە، بەکەرزک ئوو قرنکی رایینێ مەیدان. سانکانێ ئیسانی را تایێ کی ئیسانی فینێ هویاییس، ئەبە ئوو تۆرە گۆسەداران خەجەل نەنێ، نیانێنانرا سانکێ کەچەلەکێ زاف وەسێ. کەچەلەک سانکەدە داییما هەتۆ هەق، هەتۆ راست تەمسیل کەنۆ، ئوو هێفێ خۆ هەتێ نەق ئوو خراڤنی را ئەبە جامبازێنی ئوو ئانازێنی، ئەبە فێندی، ئەبە خاپناییس جێنۆ، کونۆرا سەر، هەتێ نەقی فینۆ هالۆ هەنێ کە گۆسەداری زاف پێ هوینێ، ئەرۆ جوەس ێنۆ بەنێ سا، سانکی، لەتۆ زێدە سەوەتا تەڤیا کەردەنا دۆمۆنان زاڤ موهمێ رۆئیشتەن ئوو راوستەنا دۆمۆنان ئەبە ڤاستا سانکان ئەسل بەنا، سانکی راستی ئوو خەلەتیا سەرۆ، رند ئوو قۆلایە سەرۆ، بۆمێنی ئوو بەقیلێنی سەرۆ هەم کی هەسکەردەن ئوو زەرەڤێسایێنی سەرۆ دەرسێ دانێ ئیسانی.

(تختخان ئوو لنگ مرجان)

بزەڤە کۆلە رابەنێ لنگی، مالف را ڤشینێ، بزە کۆلە راڤانا: (کۆلێ ئالا یێ میژاخۆ بکەمە، میژا کامی کە کەف دانا، ئاسۆنا تەسەنا مالی) (داهەیا) ڤانا (بزێ بێ)، میژا بزە کەکەف دانا، سۆنا رەسەنا مالی، کۆلە هورەندیا خۆ دەمانەنا، کۆلە سەکەرۆ نێکەرۆ، سۆنا کۆیێ ژێ کۆیێ ژێلەرا چەرەنا، واختێ راتەپییا زێنا، دبژێکونێ خۆئانا، نا، بژێکونێ خۆ ئانا پا، واختۆکە سۆنا تەڤەر، بژیکونێ خۆ تەمەی کەناڤانا:

تختخا نۆ لنگ مرجانۆ
داهەیرانۆ باقرقاڤانۆ
ئەز سۆن کۆرا چەرەنو
جزکو کەن خییاری ییّنو
(هەیا) ڤانێ بژێکی (تسۆ)، ناسۆنا، کۆرا چەرەنا، بەنا چاتلخ، جزیکۆ کەنا خییاری ناڤەرێ چێڤەری ڤانا:
تختخانۆ، لنگ مەرجانۆ
داهەیرانۆ، باقرڤانۆ
مۆاسما شییاکۆرا چەردۆ ئاما
جزکی کەردێ خییاری، بێرێ بلییێ
نی جزێ چێڤەر کەنێ را، ناسۆنا زەرە، نی سۆنی لەوە، زونات را سۆنۆ بن زو دۆت را سۆنۆ.
١- جزکۆنێ خۆ لینێ بەنێ هەملکی، کۆلە بژیکونێ خۆ ئۆنجیا تەمەی ڤانا.
تختخانۆ، لنگ مەجانۆ
دا هەیرانۆ، باقرڤانۆ
ئەز سۆن کۆرا چەرەنو
لوویەییّنا، ڤەرگ ییّنۆ، هەس ییّنۆ
چێڤەر را مەکەرێ سما وەنۆ
(نێ) ڤانێ (ماییینە رێ چێڤەر را نێکەمە، تسۆ) چێڤەر سەرۆ ماناپا، سۆنا کۆرا، ئەرەنا جزیکونێ خۆ کەنا خییاری تەپییا ییّنا، ڤانا
تختخانۆ، لنگ مەرجانۆ
داهەیرانۆ، باقرڤانۆ
مۆا سیما شییا کۆرا چەردۆ ئاما
جزیکی کەردێ خییاری، بێرێ بلییێ

چێڤەر کەنێ را، کۆلە سۆنا زەرە، تختخان ڤە تخمرجانی را یێنێ لینێ، بەنێ، هەملکی، کۆلەڤانا.

تختخانۆ، لنگ مەرجانۆ

داهەیرانۆ، باقرڤانۆ

ئەز سۆن کۆرا چەرەنو

لوویە یێنا، ڤەرگ یینۆ هەس یینۆ

چیڤەر را مەکەرێ سما وەنۆ

(نێ !) ڤانێ (داکلێ، تسۆ بچەرە، مائیتا ڤندەما) ناتەپییا تەرکنەنا سۆنا، کۆرا چەرەنا جزیکونێ خۆ کەنا خییاری، جێرەنارا یێنا ڤانا

تختخانۆ لنگ مرجانۆ

داهەیرانۆ، باقرڤانۆ

مۆاسما شییاکۆ را چەردۆ ئاما

جزکی کەردێ خییاری بێرێ بلێیێ

ئۆنجییا یێنی جزیکۆنی خۆ لینێ، کۆلە، ئۆنجییا بژێکونی خۆ تەمەی کەنا، تەرکنەنا سۆنا، کۆرا چەرەنا، کۆلەکە سۆنا، لوویە یێنا پەیێ چێڤەری ڤەنا

تختخانۆ، لنگ مرجانۆ

داهەیرانۆ، باقرڤانۆ

مۆا سما شییا کۆرا چەردۆ ئاما

جزیکی کەردێ خییاری، بێرێ بلییێ

نی ڤانێ (هایدە ! لوویا جامبازە، ماڤەنگێ تۆناس کەمە، ڤەنگێ مۆاخۆ خۆناس کەمە، کۆتی را ئاما ئۆزارا سۆ !) لوویە سۆنا، ڤەرگی ڤەهەشی را ڤانا (تی قان نێبەنی) تختخا ڤە لنگ ڤەمرجانی را مرێ چێڤەر را نێکەنێڤەرگ ڤە هەشی را ڤانێ (واکلوو، تا تەنێنا جامبازا، ئالا رەینا

سۆ پەیێ چێڤەری، ڤازە (مرێ چێڤەر راکەرێ) لوویا جامبازە ئۆنجیا سۆنا پەیێ چێڤەری، ڤانا،

تختخانۆ، لنگ مرجانۆ

داهەیرانۆ باقرڤانۆ

مۆاسما شییاکۆ را چەردۆ ئاما

جکی کەردێ خیاری، بێرێ بلیێ

نی ئۆنجیا (لوویا جامبازە، ئۆزارا سۆ ! ماڤەنگێ تۆ ناس کەمە). نائۆنجیا جێرەنا را سۆنا، ڤەرگی ڤە هەشی راڤانا (بژێکێ کۆلە ڤەنگێ م ناس کەنێ، م رێ چێڤەرا را نێکەنێ). هەس ڤانۆ (واکوو، ت نێشیا ئۆنجییا سۆ پەیێ چێڤەری) ڤانا سماکە ئێنام نێکەنێ هایدەرێ پییا شیمە، ئەز سۆن پەیێ چێڤەری، سماکی بێری گۆس دێ پێرۆ پییا سۆنێ، لوویە سۆنا پەیێ چێڤەری ڤەنگ دانا، ئۆنجیا جەرێ نێکەنێ، ڤانا (برا هەس ت سۆ)، هەس ڤانۆ (برا ڤەرگ ڤانۆ (برا ت سۆ)، ڤەرگ ڤانۆ (برا هەس ت سۆ)، هەس تەرک نەتۆ سۆنۆ پەییێ چێڤەری، ڤانۆ

تختخانۆ، لنگ مرجانۆ

داهەیرانۆ، باقرڤانۆ

مۆاسما شییا کۆرا چەردۆ ئاما

جزیکی کەردێ خیاری، بێرێ بلییێ

تختخاڤە تخمرجانی راڤانێ (هەسۆ بۆینۆ قەفچل، ئۆزا، راسۆ ! ماڤەنگێ مۆاخۆ ناس کەمە، ڤەنگێ مۆاما ژیلۆ)، هەس چێرەنۆ را سۆنۆ کۆلە یێنا ڤەنگ دانا (ها!) ڤانێ (ڤەنگێ مۆاما بەلیۆ) یێنێ مۆاخۆ رێ چێڤەر کەنێ را هاما ج را نێڤانێ کەلوویە ڤە هەشی را ئامێ پەییێ چێڤەری، سۆنی جزیکونێ خۆ لینێ، بەنێ ڤە هەملکی تەپییا، کۆلە ئۆنجا تختخانی ڤە لنگ مرجانی راچیپ تەمەی کەنا، سۆنا کۆ را چەرەنا، هەس گۆس دانۆ کە ڤەنگی کۆلە ژیلۆ، سۆنۆ را چەرەنۆ، ڤەنگێ خۆ کەنۆ ژیل،

یێنۆ پەییێ چێڤەری ڤەنگدانۆ، تختخاڤە لنگ مرجانی را هەنی زۆنەنێ کە مۆاخۆیا، چێڤەر کەنێ را، هەس کۆنۆ زەرە، نایینە ڤەنۆ، کۆلە یێنا ڤەرێ چێڤەری ڤەنگ دانا ڤانا.

تختخانۆ، لنگ مرجانۆ
داهەیرانۆ، باقرڤانۆ
مۆاسما شییاکۆ را چەردۆ ئاما
جزکی کەردێ خییاری بێری بلییێ

نیادانا کە نە ئەستۆ تختخانۆ، نە ئەستۆ لنگ مرجانۆ ! کۆلە جێرەنا را سۆنا زۆف مانەنا تۆن مانەنا، ڤانا (ئالا رەیێ شێری، نێبۆ کەنی ڤەڤژییێ شێرێ جایێ (ئۆنجیا یێنا پەیێ چێڤەری ڤەنگ دانا، نیادانا کە نە ئەستۆ تختخانۆ، نە ئەستۆ لنگ مرجانۆ، کۆلە جێرەنارا، تەرکنەنا سۆنا، ڤەرگ پەرس کەنۆ ڤانۆ (برا هەس تو سەکەرد؟ ڤانۆ (ئەز شیو نە کۆ را چەرد ڤەنگێ خۆ کەرد، ژ ل، م هەم وەرد تختخانێ دایە، هەم وەرد لنگ مرجانێ دایێ)، ڤانۆ، (برا هەس ت مارا پێتا لوویا شییا بەسە نێکەرد، ئەز شیونە م نێکەرد، تو چتوری ییخایتی؟) ڤانۆ (ئالا ڤازە). کۆلا سۆنا کۆ را چەرەنا، زۆف مانەنۆ، تۆن مانەنۆ ئۆنجیا چۆتی بژێکونێ خۆ ئانا، نامێ یێنەکی تختخان ئو لنگ مرجانانا پا، واختۆ کە سۆنا کۆ، تەمەی کەنا، ج را ڤانا.

تختخانۆ لنگ مرجانۆ
داهەیرانۆ باقرڤانۆ
ئەز سۆن کۆ را چەرەنو
لوویە یێنا، ڤەرگ یێنۆ، هەس یێنۆ
چێڤەریرا مەکەرێ سما وەنۆ
ج را نێڤانا کە بژێکێ م وەردێ، تەرسەنێ سۆنا
کۆرا چەرەنا یێنا ڤانا

تختخانۆ لنگ مرجانۆ
داهەیرانۆ باقرڤانۆ
مۆاسما شییا کۆرا چەردۆ ئاما
جزکی کەردێ خیاری، بێری بلییێ
چێڤەر کەنێ را سۆنی لێنێ بەنێ هەملکی، تەپییا سەرۆ چێڤەر ناناپا سۆنا، ڤەرگ یینۆ پەیێ چێڤری، ڤەنگ دانۆ، نی نێزۆ نەنەنێ، چێڤەری کەنێ را، ڤەرگ سۆنۆ زەرە، تختخانی ڤە لنگ مەرجانی را وەنۆ، کۆلە یێنا ڤەرێ چێڤەری ڤەنگ دانا، نیدانا کە نە تختخانۆ، نەکی لنگ مرجانۆ کۆلە تەرک نەنا سۆنا، خەلێ کە فەتەلینا، راستێ لوویە ییناڤانا.
تو وەردۆ تختخانۆ م
تو وەردۆ لنگ مرجانۆ م
(نی!) ڤانا لوویە (کۆلێ)
م نەوەردۆ تختخانۆ تۆ
نەکی وەردۆ لنگ مرجانۆ تۆ
ڤانا (برا ڤەرگی ڤە برا هەشی برا وەردۆ) لوویە سۆنا لەیێ هەشی ڤانا (برا هەس، بێ ما نا کۆلەکی بۆمە) هەس ڤانۆ (واکلوو ما چتووری بۆمە، ت دانیا رند زۆنەنا، لوویە تەرک نەنا سۆنا کۆلەرا ڤانا (بژێکێ تو، م هایێ بەردێ فلان ئەسکەفت یێ شیمە لەوە) ڤانا (کۆلێ یێ ئەز ڤە تۆ را بەمەوای) کۆلە ڤانا (هەیا) لوویە کۆلەکی خاپنەنا، جێنا بەنا ئەسکەفت، هەس زەرێ ئەسکەفتی دە بەنۆ، کۆلە نییادانا کە بژێکی خۆ ئۆزا نیێ، ڤانا (سما هەم وەردۆ تختخانێ م، هەم وەردۆ لنگ مرجانێ م) (نێ) ڤانێ (مانە وەردۆ تختخانێ تۆر نەوەردۆ لنگ مرجانێ تۆ) رۆزی کۆلە ئانا، ئۆوا نانا سەر گیرەنێنا، سانۆ چیڤۆر لەوە دە نانا رۆ، هەس کە فێنۆ زەرێ، کۆلە ڤانا (هەسۆ، چیڤێسایێ، بێ زەرێ ناخاشییە کویە، مێدێ م شێو مالی، نکا کە ئامە تو ئیتا ڤینەنۆ کسەنۆ) هەس ڤانۆ (کۆلێ نا سانۆ

چیڤۆر سەکەنا؟) ڤانا (لازی کوتکێ شیای شیۆ مالی، نکا سمۆندی پا نێمەندێ، درێ سمۆندی ڤرازان) (ما) ڤانۆ (ئائوە سەکەنە؟) ڤانا(مالازێ کوتکێ سییای سییۆ مالی بییۆ ڤێسا، جرێ تەنێ قاوتە سەتەمنان) هەس کۆنۆ زەرێ خاشییێ، کۆلە دیانە سەرۆ گرێدان ئانا ئوا سورە ڤەردانا را سەر، ڤانۆ (وی ی ی ی، ئەز ڤێسونە !) سانۆ چیڤۆر چێنا ئەزە لینا ڤەر هەس تەدە ژیڤەنۆۆۆ

ژەڤەنۆۆۆ، ڤانۆ

م نەوەردۆ تختخانێ تۆ

نەوەردۆ تختخانێ تۆ

ڤانا (تو هەم وەردۆ تختخانێ م، هەم وەردۆ لنگ مرجانێ م) ئەڤە سانۆ چڤۆر نەزەلیناچ، تەدە کەنا کود، هەس کە مرەنۆ، گۆست کەنا هوسک، کەنا چوال، دارێنا رۆ لوویە ڤانا (واکلوو نەی بزەسۆ) ڤانا (بەرە سەکە دە برۆسە)، لوویە کەنا پۆشتی، بەنا سوکە ڤانا (لاۆۆ ! گۆستێ هەشی رۆسان، کام جێنۆ کام نێجێنۆ ! گۆستێ هەشی دەمانۆ دەمانێ، هەرنێوەشی ئوو ڤێرانۆ (دۆمێ لوویە بەنۆ پڕ، ڤانێ، (نوکە دەرمانێ هەر نێوەشی یۆ جێمە، چا نێجێریمە) لوویە گۆستێ هەشی رۆسەنا پەرونێ خۆ جێنا سۆنا، سۆنا لەیێ کۆلە ڤانا) کۆلێ م رۆت) کۆلە ڤانا (واکلوو، ئەرێ ما سەڤەرگی خاپنان) ڤانا (م نەوەردۆ تختخانێ تۆ، نەوەردۆ لنگ مرجانێ تۆ، خۆرێ برا ڤەرگی ڤە برا هەشی را وەردۆ) (هەیا واکلوو) ڤانا (ماوای ئمە، تو نە وەنا تختخانێ م نە، وەنا لنگ مرجانێ م ئەز زۆنا، خۆ رێ ڤەرگی ڤە هەشی را وەردۆ). رۆزێ لوویە سۆنا ڤەرگی خاپنەنا، ڤانا (برا ڤەرگ، هایدە شمە کۆلە دەوا ئوو برای بیمە، پییە بفەتەلیمە)، ڤەرگ ڤانۆ (هەیا واکلوو)، هوردەمێنا سۆنێ چێ کۆلە، کۆلە ڤانا تەوووو برا ڤەرگ) ڤانا (یێ ما زوڤینی دەوا ئوو برای بیمە، تێلەوە دە ڤندیمە)، (هەیا) ڤانۆ (ڤندەمە چا نێڤندیمە) هاما ڤانۆ (سەرتێ م ئەستۆ)

سەرێ تۆ چکۆ؟ (ڤانا کۆلە، (وایێ) ڤانۆ، (هەس بۆینۆ، تو هەشی دە وایێنی مەجێ)، تەووو ڤانا (ج دە فکێ پییێ دەی کەری، کام سۆنۆ دەی دە وایێنی جێنۆ)، ت برایێ من منا، لوویە وا منا خۆرێ هیرەمێنا تێلەوە دە ڤندەمە ڤانا.

خەڤەرا ڤەرگی چناکە هەس کەردۆ خاشیل کستۆ، بەردۆ سوکەدە رۆتۆ هێفێ، تختخان ئوو لنگ مرجانی ج را گورەتۆ، خەلێ واخت کە پییا فەتە لینێ، کۆلە ڤەرگی بەنا چێخۆ، ڤانا (ڤەرگۆت بێ نا خاشییە کویە)، ڤانۆ (قەی؟) ڤانا (ت بێ نا خاشییە کویە، خۆ وەدا، مێردێ م شییۆ مالی نکا کە ئامە ڤانۆ) بۆوا ڤەرگی ئیتا را یێنا (تو ڤینەنۆ کسەنۆ)، (هەیا) ڤانۆ ڤەرگ، (کۆلێ) ڤانۆ نا سانۆ چیڤۆر سەکەنا؟) ڤانا (لازی کوتکێ شییا سییۆ مالی، نکا سمۆندی پا نێمەندێ، ج رێ سمۆندیومونان)، (ما) ڤانۆ (ئا ئوا سورە سەکەنا؟) ڤانا لازێ کوتکێ شییا سییۆ مالی بییۆ ڤێسا، نکا کە ئاما جەرێ تەنێ قاوتە سەلەقنان.

فەرهەنگۆک:

سانک: چیرۆک، بەسەرهات، مەسەلە

چیتۆ: شت.

وەرتێ: ناوەند، ناوین.

ئەبە: بە، لەگەڵ، بەیەکەوە، تەڤی.

ڤاتەن: گۆتی، قسە. سەڤانۆ: بەتۆی گوت.

ڤاژینۆ: دەرکەتن، گواستراونەتەوە

کای: یاری

کای بەنۆ: یاری پێ بکرێت

پێ ئۆکالکان: باب و باپیران

دەڤام کەنۆ: بەردەوام دەکات

هێ ب هێ: یەک لەدوای یەک، سینگ بە سینگ

خاشیە: تەلیس، هوش
پێل: مەزن
دسمێنیَ: دوژمن
هێڤی: هەیڤ، مانگ
هادیسە: ڕووداو، بوویەر
ئادر: ئاگر
پێرۆدای: تێکهەڵچوون
ڤەرڤا: دژی
تێڤەرڤا: لەتەک یەکتری، ل جەم یەک
ڤرێنان: پێشینان، لەمێژ
قاوت: قاولتی
کوتک: کوچک، سەگ، سە، کسۆک، گەمال
زاڤ: زۆر
ڤێسان: برسی
ئەست: هەیە
مەندەنە مانەوە
بزەکولە: کار
ڤشێنی: تێپەڕبوون، بەسەرچوون، قەتیان
سۆنا ڕەسەنا مالی: هێوارێ گەیشتەوە مالێ
سەکەرۆ نێکەرۆ: چ دەکەی چ ناکەی
ئەسکەفت: ئەشکەوت
چێڤەر: دەرگا، چەڤەر
تەڤەر: دەرەوە
جزکۆ: چیچلک
بژیک: بەرخک

چاتلخ: قەڵەو
ئۆنجا: دیسان
ئۆسل: شێوە، ئاوا، دەستوور
ئۆزا: ئەوێندەر
ئۆزارا: لەوێندەرێ
ئارێزە: ڤەکری، کراوە
پێسەر: لەسەر یەک، لەسەر یەکتری
باندر: باندۆر، بناغە، کاریگەر
تۆرە: دابونەریت
تۆرایەنە: وێران
تایێ: هەندێک
چتوری: چۆنی، کوی
هەیۆنات: ئاژەڵان
بزە: بزن
ڤەرگ: گورگ
گۆسەدار گوێگر
سمۆند: کشتک، قەیتان
لوویە: رێوی

**سەرچاوە: گۆڤاری هیوا ژ (١)، پاریس، ١٩٨٤.**

## شارۆخی و جیهانی فۆلکلۆر

**هەڤپەیڤین: عەباس سلێمان**



گۆرانی بێژان ڕۆڵێکی باڵایان بینیووە لەپاراستنی کولتوور لەبوارەکانی شیعر، چیرۆک، مێژوو، بەسەرهات و ئاواز هەر لەکۆنەوەش توانیویەتیان سینگ بە سینگ نەوە لەدوای نەو بیگوازنەوە و لە لەناوچوون رزگاری بکەن، ئەڕۆکەش بەهۆی پێشکەوتنی مۆسیقا و ئامێری تازە توانرا ڕەوانێکی نوێ بخەنە گیانی گۆرانیە کۆنەکان. گۆرانی بێژەکانی ئەمڕۆی کوردستانی باکور دەڵێن ئەگەر ڕادیۆی ئێرانی بەشی کوردی و رادیۆی یەریڤان نەبوایە بەشێکی زۆری گۆرانی و ئاوازی کوردی لەناودەچوو، باوک و باپیرانی ئێمە لە کوردستانی باکور بەهۆی ڕادیۆیانی ناوبراو توانیان بەشێکی زۆری گۆرانی و ئاوازی کوردی بە نەوەکانیان بگەیەنین. لە نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٣ شاندی هونەری کوردستانی ئێران بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە هاتوونەتە هەرێمی کوردستانی ڕزگار کراو و چەند چالاکیەکیان لەکردنەوەی پێشانگا و نمایشی شانۆیی و ئاهەنگی گۆرانی لەشارەکانی هەولێر و دهۆک پێشکەشی بە جەماوەری هەرێم کرد. یەک لەم گۆرانیبێژانە گۆرانیبێژێکی میللییە بەناوی عەزیز شارۆخی کەزۆربەی گۆرانیەکانی فۆلکلۆرین، ئێمەش بە پێویستمان زانی ئەم گۆرانی بێژە میللیە

رووبەڕووی چەند پرسیارێک بکەینەوە بەو هیوایەی خوێنەران باشتر عەزیز شارۆخی بناسن و سوود لەقسەکانی ببینن.

• **کورتەیەکی ژیان و چۆنیەتی خزینت بۆ نێو جیهانی گۆرانی.**

– ناوم عەزیز عەبدوڵایە و (شارۆخی) یش نازناوم – ە کەواتای شێوە جوان دەگەیەنێت. دەوروبەری ساڵانی (١٨٩٠) باپیرم لەپشدەر هاتۆتە مەهابادێ و ژنێکی مەنگوڕی هێناوە و تەنها یەک کوڕی بووە بەناوی عەبدوڵلا، عەبدوڵلاش ژنێکی لەهۆزی نەهری هێناوە بەناوی ئامینە، کە خانەوادەی ئامینە لە گرانیێ واتە لە ساڵی (١٩١٧) لەبەردەم سوپای روسی لەناوچەی نەهری کوردستانی باکور ئاوارەی مەهابادێ بووە. عەبدوڵلاش دوو کوڕ و چوار کچی بووە، کوڕەکانی بەناوی محەمەد و عەزیز. محەمەد دەساڵ لەمن گەورەترە و سێ ژنی هێناوە و بەهۆی نەخۆشی شەلەل کۆچی دوای کردووە، دەنگی زۆر خۆش بووە و سەرەتا لەو فێری گۆرانی وتن بوویمە. من لەساڵی (١٩٣٨) لەمەهاباد لەدایک بوویمە دوای تەواوکردنی خوێندن بووم بە مامۆستا، بەڵام بەهۆی هەستی نەتەوایەتیم ماوەیەک لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دوور خرامەوە، منیش ئەم ماوەیە کاری تەکسیم کردووە و میوەم فرۆشتووە. ئەمڕۆش خانەنشین کراوم و تۆمارگایەکم هەیە لە مەهاباد، خەڵکیش زۆر ڕێزم دەگرن و لە کرماشان و سنە و شارۆچکەکانی دەوروبەر دێنە لام و کاسێتم لێ دەکڕن، زۆر جار لە خۆراسانیش هاتوونە کاسێتیان لێم کڕیووە و یەک لەوانە (کەلیم الله تەوحیدی) یە.

• **سەرەتای خزینت بۆ نێو جیهانی گۆرانی دەگەڕێتەوە بۆ کەی.**

– دوای ئەوەی زۆر گۆرانی لەبراکەم فێر بووم پاشان گوێم لە قەوانەکانی کاوێساغە و حەسەن جزراوی و تایەر تۆفیق و ڕەسول گەردی ڕادەگرت، جا دوای ئەوەی مێشکم پڕ بوو بەئاوازی کوردی خزیمە نێو جیهانی گۆرانی، جا هەرکاتێک ئاوازێکم لەلا دروست بوایە

هەوڵم دەدا شیعرێکی بۆ دابنێم، یا بە پێچەوانەوە شیعرێکم دابنابایە ئاوازێکم بۆ دادەنا واتە هەستم بە خۆشیەک یا ناخۆشیەک بکردبا دەمکرد بەگۆرانی تا ئەمڕۆش دەوروبەری (٧٠) گۆرانیم هەیە و زۆربەی ئاوازەکانی فۆلکلۆریە و ژمارەیەک لەشیعرەکانی، شیعری خۆمە لەوانە: رازی تەنیایی، ناهومێدی، هەتا مەیلت بمێنێ کۆمەڵە شاخ، ئەیی مانگ، تکا، کچۆڵەی بەناز، تۆ دەریامی، گۆزەی تازە، گۆرانی شەوە زەنگیشم لەسەر نەکسەی شۆڕشی گولان داناوە، زۆر لاوک و حەیرانیشم بە کرمانجی وتووە وەک: لاوکی گەنج خەلیل، کاڤۆکی، دۆتمام...

**• تا ئەمرۆ چەند ئاهەنگت گێڕاوە لەئێران و دەرەوەی ئێران.**

– ئاهەنگەکانیشم بەزۆری لە کرماشان و سنە بەڕێوەچووە سەرەڕای ئاهەنگەکانم لەهەولێر و دهۆک و سلێمانی.

**• کەی ئارەزوی گۆرانی وتنت هەیە..**

– شیعر و گۆرانی وتن هەستە، کەی شتێک کار لە دەرونم بکات دەتوانم بەشیعر و گۆرانی هەستی خۆمی پێ دەرببڕم، منیش سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری گۆرانیەکانم شیعری خۆمە ژمارەیەکیش لاسایی کردنەوی گۆرانی بێژانە وەک گۆرانی زاڵمێ کە ئاوازەکەی ئاوازی هۆزی (بۆلی) یە ئەم ئاوازەش ئاوازێکی نەرم و بەسۆزە.

**• ئایا حەیران کەی سەری هەڵداوە و بە چ هێڵێک بڵاو بۆتەوە و چەند جۆری هەیە.**

– من نازانم سەرەتا حەیران لەکوێ سەری هەڵداوە و بەچەند هێڵ بە کوردستاندا بڵاوبۆتەوە بەڵام من حەیرانم بەزاری حەیران بێژانی هەولێر پێ خۆشترە لەحەیران بێژانی ناوچەی دیکەی کوردستان بەتایبەتی حەیرانەکانی رەسول گەردی و حەسەن سیساوە.

**• هۆی چییە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان حەز لەلاوکی کرمانجی دەکەن و گۆرانی بێژان لاوک دەچڕن، کەچی گۆرانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان وەک لاوک ناوچەیەکی زۆری نەبڕیوە.**

– لاوکی کرمانجی زیاتر لە گۆرانیەکانی دیکەی کوردستان بڵاوە بەهۆی زیاتر رسەنایەتی لە لایەک و دەوڵەمەندی و فراوانی کەلتوری کرمانجی لەلایەکی دیکەوە. هەروەها لاوک سەرەڕای ئەوەی پڕ سۆزە لەناخی دەروونی کۆمەڵگای کوردییەوە هەڵقوڵاوە.

**• لەبارەی قالە مەڕەوە چی دەزانی.**

– قالە مەڕە شمشاڵ ژەنێکی بەناوبانگی بۆکانە جاران لە گوندێک لەگوندەکانی نزیک بۆکان دەژیا، بەڵام ئەمڕۆ (واتە تا ساڵی ٢٠٠٣) لەنێو شارۆچکەی بۆکان جێوارە ئاوازی زۆری بە شمشاڵ تۆمارکردووە، هەروەها قالە مەڕە بە شمشاڵ چیرۆکیش دەگێڕێتەوە بەبێ ئەوەی یەک وشە لەدەمی بێتە دەرەوە خۆشترین چیرۆکیش لەمانە کە بەشمشاڵ ژەنین دەیگێڕێتەوە شەڕ و هەرای بوک و خەسووە.

**• زمان چ ڕۆڵێکی هەیە لە گۆرانی وتن.**

– زمان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لەدەنگ و دەربڕین بۆ نموونە کابرای عەرەب هەر چەندە دەنگی خۆش بێت، بەڵام ئەو گۆرانییەی کە بەزمانی کوردی دەڵێت هەرگیز وەکو گۆرانی بێژە کوردەکە ناتوانی بیڵێت، چونکە وشەکانی بەباشی لە گەروو نایەتە دەرەوە.

**• چۆن فۆلکلۆری کوردی دەبینی؟**

– لە ئاکامی ئەو ئازادییە ی کەپێی دەڵێن فەرهەنگی زارەکی کەلتورێکی زۆری کورد لە چیرۆک و مەتەڵ و گۆرانی کوردی پاراسترا، باوک و باپیرانمان ئەو کولتوورەی کە لە باپیرانیانەوە سنگ بە سنگ پێیان گەیشتووە ئەوانیش بە نەوەکانیان گەیاندووە و لە لەناوچوون ڕزگاریان کردووە، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆریش ڕۆڵێکی باڵای بینیوە لە

تۆمارکردن و ڕزگارکردنی بەشێکی زۆری کولتوور لەوانە بەیت و داستان و گۆرانیشی گووتۆتەوە.

تێبینی:

• بۆلی هۆزێکی پەرت و بڵاوە لە گوندەکانی دەوروبەری هەولێرخانەوشنۆوباڵەکایەتی، جاران کۆچەر بوون، بۆلی لە زمانی گیلەکی واتای ئەسپ دەگەیەنێت، کەواتە دوورنیە ئەم هۆزە لە رەسەنی گیلەکی نزیک دەریاچەی قەزوین بن و جاران بەکاری ئەسپ بەخێو کردنەوە خەریک بووین. لەلوڕستانیش هۆزێک هەیە بەناوی بۆلی.

• قالەمەڕە ئەمڕۆ لەژیان نەماوە، هەزار رەحمەتی لێبێ.

## گفتوگۆییێک لەگەڵ عەباس سلێمان سمایل
### دەربارەی کەلەپور کە پەیوەندییێکی بنەڕەتی
### بە مێژوو و زمان و شوێنەوارەوە هەیە

**هەڤپەیڤین/ نەجیبە زرار**



نووسەر هەر لەناوەڕاستی هەفتاکانەوە خەریکی نووسین و لێکۆڵینەوەیە لەسەر کەلەپوور و فۆلکلۆر و مێژووی دێرین و زمانی کۆن و شوێنەوارەکانی کوردستان، سەبارەت بە پیشەی مامۆستایەتی زۆر ناوچە و دەڤەری کوردستان و عێراق گەڕاوە و بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەسەرکردوون، هەوڵەکانی شایستەی ستایش و نرخاندنن، ئەم دیمانەیە کە تایبەتە بە گۆڤاری (ئاسۆی فۆکلۆر) لە دانیشتنێکدا ئەم هەڤپەیڤینەیمان لەگەڵ بەڕێزیدا سازدا.

**• نەتەوەی کورد هەر لەکۆنەوە لەسەر خاکی کوردستان ژیاوە، یا لەشوێنێکی دیکەوە هاتوون..؟**

- ئەم پرسیارە زۆر قوڵە و بواری جیا جیا دەگرێتەوە. بۆ سەلماندنی دروست بوونی ڕەگەزی کورد لەسەر ئەم خاکە، زانستی

مەنەر و ئاسەوار ڕوونی کردۆتەوە کە ژیان لەم کوردستانە بۆ سەردەمی مرۆڤی نیاندرتال دەگەڕێتەوە، واتە بەر لە (٨٠٠٠٠) هەزار ساڵ کوردستان مرۆڤی تیا ژیاوە، بەهۆی هەبوونی ئاو و حەشارگە و کەشی گونجاو و خۆراک و کەلوپەلی پێویست. جا هەر ئەم خەڵکە بەرە بەرە پێشکەوتووە و تا لە (٨٠٠٠٠) بەر لەزاینی دەستیان کردووە بە ئاژەڵ بخێوکردن و کشتوکاڵکردن و گوند دروست کردن، واتە کورد بەهەموو قۆناغەکانی پێشکەوتن دا تێپەڕیووە، نموونەشمان گوندی (چەرمۆ، حەسونە، هەلەف) ـە. هەروەها ئاسەواری دانیشتووانی کوردستانی ئەو سەردەم زۆر دەبیندرێت، ئاسەواری گوندی شمشارەی سلێمانی کە بە ئاسەواری (تروکو) دەناسرێت نموونەیەکە لەمانە.

دوای لێکۆڵینەوە روون بووەوە کە ئەمانە نەتەوەیەکن بەناوی (گوتو) و کۆنترین دانیشتووی کوردستانن و تا ساڵانی (٢٠٠٠) پ.ز هەرمابوون، بەڵام پاشان بەرە بەرە لەنێو هۆزی خوری توانەوە، خوریەکانیش ڕۆڵێکی دیاریان هەبووە لە کوردستان و وڵاتانی شامی ئەمڕۆ و هەندێکیشیان بەناوی (هکسۆسەکان) گەیشتنە باکوری میسر. ئینجا خورییەکان لەکوردستان ئاوێتەی میتانیەکان بوون، بەشێکی زۆریشیان بەناوی ئایینی ئاشوری کە زمانێکی ئارامی بووە ئەم دینەی لە باوەش گرتبوو و توانەوە لەنێو ڕەگەزی ئاشوریدا.

بەڵام لە باکوری کوردستان گەلانی ئۆرارتوو وماننا سەریان هەڵدا، ئورارتووەکان هەمیشە دوژمن و نەیاری ئاشوریەکان بوون، بەڵام ماناکان دۆست و یاریدەدەری ئاشورییەکان بوون و هەمیشە یارمەتی ئاشوریەکانیان داوە دژی گەلانی (ئیریەن ڤاج) کە میدیەکان بەهێزترینیان بوون.

جا دوای ئەوەی میدیەکان هەموو گەلانی ئیریەن ڤاج و گەلانی کۆنی کوردستان یەک دەخەن و تا ساڵی (٦١٢ پ.ز) توانیان شاری

نینەوا پایتەختی ئاشوریەکان بگرن و گەورەترین ئیمپراتۆریەت دروست بکەن.

• **کەواتە گەلی کورد لە چوار گروپ یا لەچوار ڕەگەز دروست بووە:**

یەکەم – ڕەگەزی ئازیانیک (ئیلامی، سۆمەری) ئەم گەلانە دەوروبەری ٤٠٠٠ پ.ز لە خاکی سوبارتوو و چیاکانی زاگرۆسەوە بەرەو باشوری عێراقی ئەمڕۆ و خوزستان کۆچیان کردووە. هەرچەندە سۆمەریەکان زیاتر لەنێو گەلانی سامی توانەوە بە حوکمی شوێنە جوگرافیەکان،، بەڵام لەرووی ڕەگەزەوە بەیەک لە باپیرەی گەلی کوردی ئەمڕۆ دەژمێردرێن.

دووەم – گەلی گوتی: کە بە کۆنترین و رەسنترین گەلی خاکی کوردستان دەژمێردرێن.

سێیەم – گەلانی هیندوئاری و هیندو ئێرانی وەک: خوری، هیتی، کاسی، ... بەتایبەتی کاسیەکان دەوروبەری (٥٠٠) ساڵ لە عێراقی ئەمڕۆ فەرمانیان گێڕاوە و دەوڵەتێکیان بەناوی کاردۆنیاش دروست کردووە و زۆر شاریان دروست کردووە وەک: شاری خانە (عنە)، ئاگری گوف، یا (عقرقوف)، (دور کورپکالزۆ) و شاری تیسفون و... هتد.

چوارەم – گەلانی ئیریەن ڤاج کە بریتی بوون لە (١٦) هۆز یا گەل، کە لە باکوری دەریاچەی قەزوینەوە کشان بۆ کوردستان لەوانە (ماد، ئاجام) ن کە لەسەر زمانی سامیان بووەتە (عجم) دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان و تێکەڵاو بوونی هۆزی جۆراوجۆری عەرەب و ئەرمەن و تورک و مەغۆل بە گەلی کورد ژمارەیەکی زۆریان لە بۆتەی ڕەگەزی کورد توانەوە و تا ئەم گەلەی ئەمڕۆی کوردی لێ بەپاش کەوت کە خاوەن زمان و خاک و داب و نەریتی خۆیەتی.

• **ئایا گەلی کورد بەر لە داگیرکردنی کوردستان چ ئایینێکیان پەیڕەو کردووە؟**

- باپیرەی کوردان سەرەتا سروشت پەرست بووینە دوای کشتوکاڵ و گوند دروست کردن بیروڕای ئاینی لەنێویان سەری هەڵدا، ئەویش دووجۆر بوون خودای خێر و بەرەکەت وەک (ئاسمان، زەوی، ڕۆژ، مانگ، باران..) و خودای شەڕ و شوم وەک (تاریکی، بروسکە، رەشەبا، ..) جا بۆ هەر خوداوەندێکی خێر و بەرەکەت بتێکیان وەک ڕەمزی خودایەک تاشیبوو و ناوێکیان لێنابوو.

بۆ ئەم مەبەستەش کاتی خۆی پەرستگاکانیان لە بەرزایی چیاکان دروست دەکرد تا لە خوداکانیان نزیک ببنەوە و دەنگیان بگاتێ، بۆیە هەر چیایەکی وشەی ((پیر)) هاوبەشی بکات لە دروست کردنی ئەگەر بەناوی چاکێک ناو لێنەنرابێ ئەوا پەرستگای تێدا بووە، وەک چیای پیرمام، پیرس، پیراڤات.

جا دوای ئەوەی بەشێک لە گەلانی سوبارتوو (باکووری چیای حەمرین) و زاگرۆس بەرەو خوزستان و باشوری عێراق کۆچ دەکەن لەبەر ئەوەی لەورە چیا نیە سەکۆیەکی گەورە دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بەئاسانی دەنگیان بگاتە خوداکانیان و بەم سەکۆیانەشیان دەگوت (سەکورە – زەقورە).

وێنەی مانگ و ئەستێرەش ڕەنگدانەوەی ئایینە کۆنەکانی کوردستانە کە ئەمڕۆ لەسەر گومبەت و منارە دەبیندرێت پاشان ئەم گەلانە لە فرە خودایی بەرەو یەک تا پەرستی دەگۆڕێن نموونەشمان لەم پێغەمبەرانە: مەئاباد، ئیبراهیم، نوح (ئوتوناپشم)، زەردەشت.. هتد.

جا کورد خاوەنی کۆمەڵە ئایینێک بووە بەر لە بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان وەک: ئایینەکانی مەگوشی، زەردەشتی، مەزدەکی.. دواتر بەشێک لە گەلی کورد چوونەتە سەر ئاینی مەسیحی و جوولەکەش.

جا دوای ئەوەی ئاینی ئیسلام لە کوردستان بڵاو دەبێتەوە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان ئەم ئایینە وەردەگرن و ئەمڕۆش بێجگە لە ئایینی ئیسلام ئەم ئایین و ئاینزایانەش لە کوردستان دەبینرێن: مەسیحی، جوولەکە، ئێزیدی، کاکەیی، داودی، هالەڤی، مەولەوی، شەبەک...

• **زۆر کەس ئیبراهیم پێغەمبەر دەبەنەوە سەر ڕەگەزی کورد، ئایا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی یان زانستی هەیە ئەمە بسەلمێنێ؟**

- بەگوێرەی کیتابە پیرۆزەکان ژیانی ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دەوروبەری (١٨٥٠ پ.ز) واتە ئەوکاتی لە نووسینە بسماریەکان ڕەگەزی خوری ناوی هاتووە و لەساڵانی دەوروبەری (١٧٠٠ پ.ز) یش کاسیەکان لە ناوەڕاستی عێراقی ئەمڕۆ ناویان هاتووە و ئاموریەکانیش ئاخرو ئۆخری فەرمانڕەوایەتیان بووە لە بابل و عبریەکان و میسرییەکانیش ناویان هاتووە لە فەلەستین و میسر، جەزیرەی عەرەبیش چۆل بووە تەنها یەمەن خەڵکی تیا جێواربووە. هەرچەندە ئەم ڕێکەوتانەش تەواو نییە و گومانی تێدایە، بەڵام هەبوونی ئەم گەلانە لەو دەوروبەرانەیە.

جوولەکەکان بە حوکمی ئەوەی خاوەن ئایینێک بووینە و نووسینیشیان هەبووە حەزرەتی ئیبراهیمیش لەوێ ژیاوە کەسایەتی ئیبراهیم خزیوەتە نێو ئاینی مووساوە، بەڵام هەرچەندە گەشتێکی وا دورودرێژ جێگای سەرسوڕمانە کە ئیبراهیم خەڵکی مەهاباد بێ و چووبێتە بێتواتە – هەورامان – شۆش – بابل و ئور – ناحیەی رزگاری (ئیبراهیم خەلیل) – جزیرە و بۆتان – حەڕان – فەڵەستین – میسر – نیوە دورگەی عەرەبی جا هەر چۆنێک بێت لە هەر شوێنێک لەم شوێنانە لێکۆڵینەوەیەکی دوور و درێژ هەڵدەگرێت. بەڵام دوور نییە ئیبراهیم پێغەمبەر (مەئاباد) بووبێ و نازناویشی (بەهرام) بوو (کە ناوی یەک لە

فریشتەکانە) بەناوی ئیبراهیم گۆڕابێ، ناوی باوکی (ئازەر) ە، کە واتای ئاگر دەگەیەنێت و باپیرەی ناوی (ساروخ) ە، بڕگەی (سار) بڕگەیەکی ناوی گەلانی کۆنی کوردستانە هەمیشە هاوبەشی کردووە لەناوی جوگرافی و ناوی مرۆڤ وەک: سارەلو، سارگۆن (هەرچەندە ناوی پادشایەکی ئەکەدییە، بەڵام سارگۆن سامی نەبووە، سارا... ناوی خێزانەکەی (برایم) یەو ناوی دایکیشی ئوشایە.

کە ناوی خودای سپی بەیانیانە لە ئایینە کۆنەکانی کوردستان هەروەها ناوی ئیبراهیم بە زۆر ناوی دیکەش هاتووە وەک: سەفا (سەفا واتە ئەسپ)... ناوی ئاوی (زەم زەم) یش پەیوەندی بەناوی چیای (زەم زەم) ی شاری (وان) و ئورارتۆی کۆنەوە هەیە کە لە رووی زمانەوە واتایی کانی دەگەیەنێت، جا هەرچەندە ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ) هیچی ئەوتۆی بە کوردی لەسەر نەنووسراوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی زۆری دەوێت.

**• ئاشکرایە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان نەتەوەی کورد لە رابردووی دێریندا چەندین دەولەت و ئیپراتۆریای هەبووە بە چەندین ناوی جۆراوجۆر بەڵام مێژوو نووسە بیانیەکان نکۆلی لەم راستیە دەکەن، بەڕێزتان دەمێکە لەوە دەکۆڵنەوە ئایا کورد لەمێژووی دێرینیدا دەوڵەتی هەبووە؟.**

– من دەوڵەتی دۆستەکی و شەدادی بە پێشەنگی دەوڵەتی کوردی دەزانم، بەڵام کۆمەڵە دەوڵەتی یا دووە یلاتی سۆمەری و دەوڵەتی گوتی و کاردۆنیاش و حوکمی خوری و میتانی بەدەوڵەتی باپیرەی کوردان دادەنێم نەک بەدەوڵەتی کوردی چونکە هێشتا ڕەگەزی کورد و بنەماکانی وەک نەتەوەیەک دروست نەبوو بوو، ئیمپڕاتۆریەتی میدیا و ساسانیش بەدەوڵەتی هەموو گەلانی ئێران و کوردستان و عێراق و ئەفغانستان و قەفقاس و پاکستان دەزانم، زیندووترین پاشماوەی میدیەکانیش کیتابی پیرۆزی ئاڤێستایە.

زمانی ساسانییەکانیش کە بەپەهلەوی ناسراوە زۆر لە زمانی کوردی ئەمڕۆ دەچێت زۆر دوورە لە زمانی فارسی، دووریش نیە بنەماڵەی فەرمانڕەوای ساسانیەکان بنەماڵەیەکی میدی بووبن، کەواتە ئەم گەلانەش بەزمانی هیتی و خوری سۆمەری و ئیلامی نوسینیان بەجێ هێشتووە، دەتوانین ئەم زمانانە بەسەرەتای گەشەکردنی زمانی کوردی دابنێین، هەرچەندە زۆر لە پسپۆڕەکان زمانی (ئیلامی) بەزمانێکی (دراڤید) ی لەقەڵەم دەدەن و لەبۆتەی ڕەگەزی کورد تواونەتەوە و زمانەکەشیان کارێکی زۆری لەزمانی کوردی کردووە، بەڵام لەسەردەمی میدییەکان بەهۆی دروست بوونی ئیمپراتۆریەت زمانی گەلانی کۆنی کوردستان باش گەشەی کرد و نموونەی نووسراویشمان بەزمانی (ماد) ئاڤێستای پیرۆزە، کە زۆر لەزمانی کوردی ئەمڕۆ نزیکە بەتایبەتی زاراوەی گۆران.

دوای نەمانی دەسەڵاتی مادەکان ئەخمینیەکان بوونە میراتگری زمانی ئیمپراتۆریەتی میدیا، زمانی پەهلەویش لەزمانی (ماد) ەوە سەرچاوەی گرت، هەردوو زمانی پەهلەوی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانیش لە زمانی پەهلەوی کۆنەوە دروست بووینە.

دوای داگیرکردن و هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی تورک و مەغۆل بۆسەر کوردستان زمانی کوردی بەرەو پارچە پارچەبوون ڕێچکەی گرت و کۆمەڵە زاراوە و بن زاراوەیەکی لێ دروست بوو.

- **ناو و نازناوی تایبەت بە هەر نەتەوەیەک کەلەپورێکی ڕەسەنی فەرهەنگی ئەم میللەتەیە هەر لە دێریندا باو باپیرانی ئێمەش ناو نازناوی تایبەت بە خۆیان هەبووە کە وەک کەلەپورێک بۆمان ماونەتەوە بەڕای تۆ ناوی مرۆڤی کورد چۆن گەشەی کردووە..؟**

- گەشە کردنی ناوی مرۆڤی کوردیش شان بە شانی بوارەکانی دیکەی زمان گەشەی کردووە، بەڵام ئایین کاریگەرییەکی تەواوی

هەبووە لەسەر ناوی مرۆڤ، هەرکاتێکیش گەلی کورد چوبێتە سەر هەر ئایینێک ئەوا هەوڵی داوە ناوی منداڵەکانی بەناوی زمانی ئایینیە تازەکە ناودێر بکات زۆر جاریش ناوی خۆشیان گۆڕیوە بۆ نموونە دوای ئەوەی پیر شالیاری زەردەشتی دەبێتە موسڵمان ناوی خۆی بەناوێکی عەرەبی دەگۆڕێت بۆ سەید مستەفا جا ئەو کوردانەی چوینە سەر ئاینانی جولەکە، مەسیحی، ئیسلام، ناوی منداڵەکانیان بەناوی عیبری، ئارامی، عەرەبی، ناو لێناوە.

بەڵام گەلی کورد لە قۆناغی سەرەتایی ناوی منداڵەکانیان بەپەسن و ڕەنگ و ڕوویانەوە ناولێناوە وەک سوورەوە، ڕەشێ، خڕێ، واتە لە سروشت سەرچاوەی گرتووە.

قۆناغی دووەمیش پەیوەندی بەسەرگەلانی ئایینیەوە هەیە، بۆیە لەم قۆناغە وشەی ئایینی وەک بڕگەیەک هاوبەشی کردووە لەدروست کردنی ناوی مرۆڤ وەک دیاکۆ، دینۆ، ...

هەروەها ناوی ئاگر و مانگ و ڕۆژ و ئاسمان و ئەو ئاژەڵانەی کە دەپەرستران دەبوونە پێشگر یا پاشگری ناوان وەک: ئارتین، ئارپاک، گوشتاسب، ..

دوای ئەوەی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا بڵاو دەبێتەوە ئەم ناوانەی کە پەیوەندییان بە ئایینە کۆنەکانەوە هەیە  ڕۆڵیان نامێنێ لە ناولێنان و ناوی عەرەبی شوێنیان دەگرێتەوە.

لەساڵانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەهۆی جموجۆڵی سیاسی و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی ناوی کوردی نوێ سەرهەڵ دەدات و تاکو ئەمڕۆش کۆمەڵە ناوێکی کۆن  ڕۆڵیان ماوە لە ناولێنان وەک: بەهرام، گوراوی، مەغدید، مەندۆ، خورشید، ڕۆستەم، فەرهاد، مەنیج، شوشە، شینە، تەیمەز، کەوکەز، دینۆ، خورێسە، خۆرسیما، بورهان، فەڕوخ، شاروخ، گولروخ، ...

**• لەکۆنەوە ژمارەیەکی زۆر لە کورد لە دەرەوەی کوردستان جێوارن، ئاوارەبوونی ئەمانە بۆچی ئەگەرێک دەگەڕێتەوە؟**

– گەلی کورد هەر لەکۆنەوە بەهۆی داگیرکەرانی خاکەکەی دەربەدەر بووینە، جا یا دوژمن ئەوانی ڕاگواستووە وەک ڕاگواستنی کوردی قەرەباخی ئاران و ئازربایجان بۆ خۆراسان و تورکەمنستان یا زۆر جار کورد لەبەردەم هێرشی دەژمن پەراگەندە بوون وەک کوردانی گورجستان و جاری واش هەبووە بە کۆچەری و مەڕداری لە کوردستان پەرگەندە بووینە وەک کوردانی چین کە بە کاوە ناسراون و بەشێک لە هۆزی بلّباس – یش بە کۆچەری گەیشتوونەتە رومادی و حەسەکەی سوریا.

جا ئەو کوردە ئاوارانە ئەگەر لە شوێنێک کۆ بووینەوە هەرچەندە زمانیشیان لەناو چووبێت ئەوا ڕەگەزی خۆیان لەبیر نەچووە نموونەشمان کوردی (کوێتە) ی پاکستان وشوهانی دیوانیە یە.

کۆنترین پەراگەندەی کوردانیش بنەماڵەی فەرمانڕەوایی میدیەکان بوون دوای ڕوخانی ئیمپڕاتوریەتی میدی دەگوازرێنەوە بۆ پارس (هەرێمی فارسی ئەمرۆ).

**• فەیلەکان بەشێکی دانەبڕاون لە نەتەوەی کورد زۆر لەمێژوو نووسە شۆڤێنیەکانی نەتەوەی سەر دەست، رەسەنایەتی فەیلیەکان بۆ نەتەوەیەکی دیکە یان سەربەخۆ دەگەڕێننەوە زۆر کەس فەیلیەکان بەکورد ناژمێرن تۆ دەڵێیت چی..؟**

– بۆ ئەم پرسیارە دەبێ لە برا فەیلیەکان بپرسین، هەڵبەتە تا ئێستا فەیلییێکم نەبینیووە هەر لە خانەقینەوە تا شاری عەمارە بڵێت من فارسم هەموویان خۆیان بە کورد دەزانن و عەرەبی کوت و عەمارەش پێیان دەڵێن (اکراد) بەڵام بەکوردی باکوری زنجیرە چیای حەمرین دەڵێن (شمالیە).

له ئێرانیش به بەشێکیان دەڵێن لوڕ واته بەناوی کوێستانه پڕ له دارستانەکانیان ناسراون چونکه لوڕ واتای چیای پڕ له دارستان دەگەیەنێت، کەچی خاکی فەیلی کوردستان عێراق گەرمه سێره، دوای دروست بوونی وڵاتی عێراق دەست کراوه به تواندنەوەی فەیلی له عێراق نەوەک ڕۆژێک بێت و ئوستانەکانی دیاله و کوت و عەماره له وڵاتی عێراق بچڕێنت بەردەوام هەوڵی بەعەرەبکردنیان دراوه.

**• چۆن دەیسەلمێنین کورد خاوەنی شارستانیەتەو ئەم ئاسەوارانەی ئەمڕۆی کوردستانیش مۆرکی کوردیان پێوەیه...؟**

- کوردستان به حوکمی ئەوەی لانکی شارستانیەت و ئایینیه کۆنەکانه هەر لەکۆنەوه کشتوکاڵ کراوه و بەنداو دروست کراوه و پەرستگاو کۆشکی فەرمانڕەوایی دروست کراوه ئەمانه باشترین بەڵگەن که کورد خاوەنی شارستانییەتی بووینەو، ڕەنگدانەوەی زۆر لایەنی ئاسەوارەکانی ئەمڕۆی کوردستان له تەلارسازی ئەمڕۆمان دەیسەلمێنن که ئەمانه لەدروستکراوی باپیرەی کوردان بووه، هەرچەنده ساغکردنەوەی ئاسەوار زیاتر کاری پسپۆڕی ئاسەواره، بەداخەوه کورد لەم جۆره پسپۆڕانەی کەمه.

**• زۆر تیره و تایفه له کوردستان هیچی ئەوتۆیان لەسەر نەنوسراوه وەک: روسا، شەبەک، کاکەیی، .. جانازانم جەنابت چی لەبارەیانەوه دەزانی؟**

- ئەمانه زیاتر لێکۆڵینەوەی مەیدانیان پێویسته... کەچی کەم کەسیش ئەم ئەرکەی خستۆته ئەستۆی خۆی من ماوەیەکی باش خۆم خەریک کردووه به لێکۆڵینەوه لەم تیره و تایفانەوه. شەبەک له بنەڕەتا ڕێبازێکی ئاینی میترا پەرستیه و له (شابوغ) ەوه گۆڕاوه بۆ شەبەک – شەبەکیش ئەمڕۆ له نێوان کەلەک و نەمروود و شاری موسڵ و باشیکه و نەوەران جێوارن، ژمارەیەک (عەرەب و تورکمان) یشیان له چەند

گوندێک لەگەڵ دەژین.. جا هەر بەهۆی ئەمانەوە جارێک شەبەک دەخەنە سەر عەرەب و جارێک دەیخەنە سەر تورکمان.

شەبەک لەڕووی ئایینەوە دوو جۆرن جۆرێکیان کە پێیان دەڵێن شەبەکی رەسەن لەسەر ئاینی میترا پەرستینە، بەڵام لەترسان و بەدرێژایی ڕۆژگار بەپەردەیەکی شیعە سەرپۆش کراون، بەڵام جۆری دووەم سوننەن کە ۆربەی ئەو هۆزانە دەگرنەوە کە سۆرانی یا کرمانجین وەک هۆزانی ئورەماری،، زراری، سلیڤانی، ... کە لەزۆر کۆنەوە لەگەڵ شەبەکان دەژین، هەردوو جۆریشیان بەزاراوەی گۆران دەدوێن، بەڵام تورکمانەکان و عەرەبەکان هەریەکەیان بەزمانی خۆیان قسەدەکەن.

(روسا) کانیش ئەمرۆ لەدوو گەڕەکی بەدرە و مەندەلی جێواران، شێوەی قسەکردنیان جیایە لەشێوەی فەیلیەکانی دیکە، یەکێک لەمانە ناوی فەرمان بوو دەیوت روساکان کاتی خۆی حەجاج کوڕی یوسف سەقەفی لە بەسرە ئاوارەی (واسط) ی کردوون و زۆریشیان لەبۆتەی ڕەگەزی عەرەب تواونەتەوە، برادەرێکم بەناوی خەزل دانیشتوی شاری کوت بوو لەهۆزی روسا دەیوت عەرەب ئێمەی بە (فارس) لەقەڵەم داوە و بەهۆزانی دیکەی فەیلیش دەڵێن (اکراد). کەچی ئێمە زمان و ڕەگەزمان بەکوردی ڕەسەن دەزانین... هیوادارم لێکۆڵینەوەی زیاتریان لەسەر بکرێت. کاکەییش یا زەردەشتین یا لەسەر ئاینێکی لەو کۆنترن و بە درێژایی ڕۆژگار بەهۆی کاریگەری ئاینی ئیسلامی و بڵاو بوونەوەیان بەرە بەرە داب و نەریتی ئاینەکەیان لەبیرچۆتەوە ودوریش نییە بەهۆی کاریگەری ئایینی ئیسلام لە ئایینە کۆنەکەیان دابڕابن، شاعیری گەورەی کوردیش بابا تاهیری هەمەدانی کاکەیی بووە.

**تێبینی / ئەم چاوپێکەوتنە بۆ ساڵی ٢٠٠١ دەگەڕێتەوە.**

## حەکیمی میللی قادر محەمەد لە دیمانەیەکدا

**هەڤپەیڤین**

قادر محەمەد عەبدولڕەحمان تەمەنی (٤٧) ساڵە و خەڵکی شارۆچکەی (تەق تەق) ە و ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای بنەسلاوە جێوارە، تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندوویەتی و زمانی عەرەبیش باش دەزانێت، کاک قادر دەڵێت: - من هەر لە منداڵیەوە ئارەزووی دروست کردنی داو و دەرمانی میللی – م هەیە، بۆ ئەم مەبەستە سوودم لە زانیاری هەندێ بەساڵاچووەکانی هۆزەکام وەرگرتووە، ئینجا دەربارەی دروستکردنی داو و دەرمانی میللی سوودم لەکیتابان وەرگرتووە و ئەو دەرمانانەی کە دروستم کردوون بەردەوام باشترم کردوون، بەتایبەتی ئەوە شەش ساڵە بەتەواوی خۆم بەم کارەوە خەریک کردووە، دوای دروست کردنیان لە شاری هەولێر دەیانفرۆشم. جا ئێمەش بە پێویستمان زانی کاک قادر ڕووبەڕووی ئەم پرسیارانە بکەینەوە و خوێنەران بەم حەکیمە میللیە ئاشنا بکەین.

*** خەڵک چۆن سەیری دەرمانی میللی دەکەن و ئایا لەسەدا چەندی لەو کەسانەی کە دەرمان لە بەرێزتان وەردەگرن، دێنەوە لات و خوشحاڵی خۆیان بە چاک بوونەوەیان دەردەبڕن..؟**

- زۆربەی ئەو کەسانەی چارەسەری نەخۆشییەکەیان لە من وەردەگرن چاک دەبنەوە و دێنەوە لام و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن و بە خەڵکی دیکەش دەڵێن کە دەرمان لای من وەربگرن و زۆرکەس دوای چابوونەوەیان دیاریشیان بۆ هێناوم، تا ئەمڕۆش کەسێک نەهاتۆتەوە لام گلەییم لێ بکات.

*** چۆن ئەم دەرمانانە دروست دەکەیت و ئەم جۆرە مادده و گیایانە چۆن بەدەست دەهێنی..؟**

- گیایەکان هەمووی بەخۆم دەیانهێنم لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان، بەتایبەتی لەوەرزی بەهاران، هەندێ ماددەش لە قەیسەری هەولێرێ دەکرم وەک: شەب، مازی، ڕەشکە، قەنەفر، تۆتەڕەتولە،..

*** ڕۆژانە بایی چەندی دەفرۆشی و چەند قازانج دەکەیت.**

- ڕۆژانە لە ١٥ دینار تا (٥٠) دینار دەفرۆشم، بەتێکڕایی ڕۆژانە وروبەری (٢٠) دینار قازانج دەکەم.

(ئەو داو و دەرمانانەی کە کاک قادر دروستیان دەکات ئەمانەن).

دەرمانی قورحە و قۆلۆن:

هەڵپۆ جۆرە گیایەکی ناسکە پەلکی وەکو پەلکی شبیت وایە گوڵێکی وردی مەیلە و سپی دەگرێ لەبەهاران، نزیکەی ٢٠ سم بەرزدەبێتەوە، لە هەولێر بەو گیایە دەوترێ بۆ نخۆشکە و لە بادینان – پێی دەوترێت گیابەند.

دوای ئەوەی ئەم گیایە وشک دەکرێتەوە و ورد دەکرێت، ڕەنگی دەبێتە کەسکێکی کراوە و زۆر نەرمیشە. ئینجا یەک کەوچک ڕۆژانە لەناو پەرداخێک ئاوی کوڵاو دەکرێت و دەخورێتەوە، کەسوودی دەبێت بۆ قورگ، کۆلۆن، شەکرە زەغت.

**دەرمانی تەنگەنەفەسی:**

پەلکی مێکوک لەگەڵ بەری توترک تێکەڵ دەکرێت و دوای وردکردنی کەوچکێکی چای لەگەڵ ئیستکانێک ئاو تێکەڵ دەکرێت و هەموو ئێوارەیەک دەخورێتەوە، دەبێتە هۆی چارەسەری تەنگەنەفسی (پشی تەنگی)، دەرمانی باداری و گرژی دەرمانەکان: جۆرە دەرمانێکە دوای تێکەڵ کردنی ئەم گیایانە دروست دەبێت: زەعفەران، گوڵە باخ، حاجیلە، هەموو بەیانیان لەخورێنی کەوچکێکی لەم دەرمانە لە پەرداخە ئاوێک دەکرێت و ئاوەکەی دەخورێتەوە، کە دەبێتە هۆی نەهێشتنی غازات و باداری و گرژی دەرمانەکان.

**دەرمانی کرم:**

ئەم دەرمانە ڕەنگی مەیلە و زەردە لەم گیایانە دروست دەکرێت:
١- ڕەشکە ٢- گوژاڵک ٣- پەڵپینە.

دوای تێکەڵ کردنی ئەم گیایانە بەیانیان لە خورینی دەخورێت و دەبێتە هۆی فڕێدانی کرمی سپی و کرمی گەورە.

**دەرمانی دەوکولی:**

ئەم دەرمانە ڕەنگی سپی مەیلە و زەردە، پێک هاتووە لە (شەب، مازوو، سۆتکە، قەنەفر، پەلکە هەنار).

دوای تێکەڵ کردنی ئەم ماددانە و هاڕینی ئێواران (٢ – ٣) ڕۆژ هەندێک لەناو دەمی دەکات و، دەو کولییەتی نامێنێت.

دەرمانی ئاوسانی گورچیلە و ئاوسانی گوێ، تۆکەتان دەرمانێکی لێ دروست دەبێت کە ڕەنگەکەی قاوەییەکی مەیلە و سوورە، دوای وردکردنی، سێ جەمە نیوملاک چای لەم هاڕدراوە دەخورێت کە دەبێتە هۆی چاک بوونەوەی ئاوسانی گورچیلەو ئاوسانی ناو گوێ، و چارەسەرکردنی جیوب ئەنفی، بەمەرجێ پێویستە (١٥) ڕۆژ ئەم دەرمانە بەکاربهێنرێت.

**دەرمانی قەبزی:**

زەرەند جۆرە گیایەکە لە دەشت دەڕوێت و لەشێوەی بڕکە شووتی وایە هاوینان زۆر کەسک و تەڕە، بەرەکەی وەکو شەمامە وایە بەڵام شێوەکەی خڕە، و پێی دەڵێن زەرەند، هەروەها زۆر ناوی دیکەشی هەیە وەک: گوژاڵک، شفتی تالک، کاڵە گەمارانە.

بەرەکەی ئەم گیایە واتە زەرەند، کوز دەکرێ و سپی دەکرێ، ئینجا دەخورێ و قەبزی لا دەبات هەروەها زەرەند دوای ئەوەی وشک دەکرێتەوە و دەکرێتە کەپسول، هەمان ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە لابردنی قەبزی.

**دەرمانی دومەڵ (قونێر) دەربوون:**

ئەم دەرمانە دروست دەکرێت لە تێکەڵ کردنی (گوڵە هێرۆ لەگەڵ هێلکەی خاو و شیر)، ئینجا قونێرەکەی پێ چەور دەکرێت چەند جارێک و زەردی دەکا و دەری دەکات.

**دەرمانی حەساسیە:**

ئەم دەرمانە لە تێکەڵاوکردنی گیای ڕێناس و ئاوی رەشکی کەڵەک دروست دەکرێت، و ڕەنگی قاوەییەکی مەیلە و زەرد و بەهەژاندنی وەکو بیبسی هەڵدەچێت. ئەم دەرمانە بۆ چارەسەری هەموو جۆرە حەساسیەک بەکاردێت وەک گرمژە، سۆربوونەوە..

**دەرمانی نەهێشتنی زیپکەی حەساسیە:**

ئەم دەرمانە لە سووتاندنی پەلکە شفتی دروست دەکرێت ئینجا مشکییەکەی بەزیپکەکان وەردەکرێت و زیپکەکان لادەبات.

زیپکەی حەساسیە بەردەوام دەخورێت.

**دەرمانی سووتان و برین:**

ئەم دەرمانانە لەم ماددانە دروست دەکرێت پەلکی خڕنوک + پەلکی مورتک + هێسکی مریشک دوای برژاندنی و هاڕینی)

**رازیانە:**

خواردنی رازیانە هەر سێ جەمە، سوودێکی باشی هەیە بۆ گەدە و لابردنی ئێشی دڵ.

**دەرمانی حەساسیە و تەڕەبیرۆ و وشکە بیرۆ:**

ئەم دەرمانە لە رەشکی کەڵەک بە تێکەڵ کردنی ماست یا مەعجونی ددان دروست دەکرێت و بە چەورکردنی لەشی هەموو جۆرە خورشتێک لادەبات و هەروەها ئەو کەسەی دەستی یا پێستی چیمەنتۆ بردوویەتی چاکی دەکاتەوە.

**دەرمانی بەهێزکردنی هۆرمۆن زایەندی:**

ئەم دەرمانە لەم ماددانە پێک هاتووە: رەشکە، قەنەفر، زەنجەفیل، تۆتەڕەتولە، هێندی هەر یەک لەمانە یەکسان دەبێت لە تێکەڵ کردن. ئینجا نەخۆش بۆ ماوەی (٧- ١٠) ڕۆژ دەی خوات و هۆرمۆنی زایەندی بەهێز دەبێت.

**دەرمانی سک چوون:**

ڕووەکی خڕنوک دوای ئەوەی وشک دەکرێتەوە و دەهاڕدرێ کە ڕەنگێکی سپی وەردەگریت تۆزەکەی دەخورێت و دەبێتە هۆی ڕاگرتنی سک چوون لەبەر ئەوەی تامەکەی تاڵە، بۆ منداڵان شەکری پێوە دەکرێت.

**دەرمانی شەلەل:**

دوای وردکردنی گیای برایم بۆ گەنی کە ڕەنگێکی قاوەیی وەردەگرێت، ئێواران یا هەرسێ جەم دەخوریت، کە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانی شەلەل، گرانەتا، گەدە، هەروەها بە سووتاندنی لە ماڵەوەی بەکاری دەهێنن گوایە بۆ چاوەزار باشە.

**دەرمانی ژانە سک:**

گیای جاترە دوای وشک کردنەوەی لە ئاودەکرێت و دەخورێتەوە و ژانەسک ناهێڵێت هەروەها بۆ نەخۆشی شەکرەش باشە، تامەکەشی تاڵ و تیژە، ئەم دەرمانەش پێویستە سێ جەمە بخورێتەوە.

**دەرمانی ژانەسەر:**

ڕەشکە و هەنگوین تێکەڵ دەکرێت و بەخواردنی، ژانە سەر لادەبات، هەروەها ئەم دەرمانە چەند سوودێکی دیکەشی هەیە وەک بەهێزکردنی خڕۆکەی سوور و نەهێشتنی نەخۆشی ڕەحمی ئافرەتان و بەچەورکردنی (سەر) یش بەم دەرمانە پرچ بەهێز دەکات.

**دەرمانی بالوکە:**

ئەم دەرمانە لە ئەنجامی تێکەڵ کردنی زەنجەفیل و رەشکی کەڵەک دروست دەبێت. سەرەتا بالوکەکە یا بزارەکە بەهەر جۆرێک بێت دەبڕدرێت و ئینجا ئەو دەرمانە لەسەر برینەکە دادەندریت و برینەکە چاک دەبێتەوە و ساڕێژ دەبێت.

**دەرمانی مایەسیری:**

داری رەشکی کەڵەک باساغی و بەبێ هوردکردن (٢) سەعات لەناو ئاو دادەنرێت، دوای دەرهێنانی بەقەدەر ئەنگوستێکی سپی دەکرێ و هەردەگیرێت، بەڵام زۆر دەزورێتەوە، ئینجا ئەم دارە لە ٢/١ کاتژمێر تا (١) کاتژمێر دەمێنێتەوە و پۆرگەکان دەتەقێنێ و خوێنە پیسەکەی لێ دێتە دەرەوە، پاشان برینەکە بۆ ماوەی (١٠ – ١٥) ڕۆژ بە مەرهەمی سیری چەوردەکرێت و ساڕێژ دەبێت.

**نەخۆشی شەکرە:**

ڕووەکی ڕێواس دوای وشککردنەوە و وردکردنی ڕەنگی سپی دەبێت، جا ئەو کەسەی توشی نەخۆشی شەکرە بووە، بەیانیان کەوچکێک لەم دەرمانە لەگەڵ ٢/١ پیاڵە ئاو تێکەڵ دەکرێت و نەخۆش دەیخواتەوە.

**دەرمانی سۆریکە:**

ئەم دەرمانە بریتییە لە ڕەگی مێکوک، دوای کوڵانی، نەخۆش پیاڵەیەک لە گیراوەی ئەم دەرمانە دەخواتەوە.

**دەرمانی ددان سپیکردنەوە:**

تۆیەکەی کەنگر کە پێی دەڵێن دەندە رۆشک یا قانگراشک، لە ئەنجامی کوڵانی شیرێکی سپی دەردەدا، جا ئەم شیرە ددانی پێ بشۆردرێت زەردایی ددان لادەبات.

**دەرمانی گەدە و دڵەکزە (دڵسوزە):**

ئەم دەرمانە لەم جۆرە گیایانە دروست دەکرێت:

پەلکە هەنار، گوڵە باغ، گوڵە حاجیلە، گژنیژ، رازیانە. دوای تێکەڵاو کردنیان و هاڕینیان هەموو هێواران کاتی نووستن کەوچکێکی چای لەناو پیاڵەیەک ئاو دەکرێت و دەخورێتەوە و خواردن هەزم دەبێت و گەدە پاک دەبێتەوە و دڵە کزەش نامێنێت.

**دەرمانی رەمل:**

گیای باڕێزە کە ئەم ناوانەشی پێ دەڵێن (کەرەفسۆک، قەیتەران، گیازاڤاک، خاڵە ڕەش، خەزەرۆک) دوای وشک کردنەوەی و هاڕیینی، بەیانیان لە خورێنی یەک کەوچکی چای لەم گیایە لەناویەک پەرداخ ئاوی کوڵاوی دەکرێت و دەخورێتەوە بۆ ماوەی دەوروبەری (١٥) ڕۆژ هەموو رملی ناو لەشی فڕێدەدا.

**دەرمانی نەخۆشی گەدە:**

دوای ئەوەی گوڵە حاجیلە وشک دەکرێتەوە و هوردەکرێت لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێ و دەخورێتەوە و دەبێتە هۆی چارەسەر کردنی نەخۆشیەکانی گەدە، هەروەها هاڕاوەکەی بەشوێنی پێوەدانی دوپشکەوە دەکرێ و دەبێتە هۆی سارێژکردنی برینەکەی.

**دەرمانی لابردنی زیپکەی دەم و چاو:**

ئەم دەرمانە لەم ماددانە دروست دەکرێت:

گلێخە، جاترە، رەشکی کەڵەک، پونگ، پەلکە هەنار، سورناتک، برایم بۆگەنی، دوای تێکەڵاو کردنی ئەم ماددانە و هاڕیینی دووملاکی زەلاتە لە (١ / ٢ – ١) پەرداخ ئاوی کوڵاوی تێ دەکرێت، ئینجا (١٠) ڕۆژ لە دوای یەک زیپکەکانی پێ چەور دەکرێت و ئینجا زیپکەکان لە دەم و چاو نامێنن.

• تێبینی / کاک قادر لە هۆزی شێخ بزێنییە و لەنێوخزمەکانی بەشێوە زمانی لوڕی قسەدەکات. دەڵێ دەوروبەری (٢٥٠) ساڵ دەبێت لە (دەربەندی شاهۆ) ی لوڕستانەوە هاتوین و لە نزیک (تەق تەق) ی ئەمڕۆ ئەم چوار گوندەمان ئاوەدان کردتەوە: سێ گردکان، ئۆمەر گومبەد، کانی لەلە، سێ کانی.

گوندەکەی ئێمەش لەبەر ئەوەی لە نزیک سێ گردان هەڵکەوتووە بۆیە بەناوی سێ گردکان ناسراوە کە ئەمانەن:

١- گردی هەواری تاعون، گوایە لەکۆنەوە بنەماڵەیەک لەنزیک ئەم گردە جێواربووینە و بەتاعون هەموویان مردوون.

٢- گردی میر سێودین ئەمەشیان دەڵێن میرێک هەبووە بەناوی سێودین لەسەر ئەم گردە جێوار بووە.

٣- گردی خدری زیندە کە بانەکەی تەختاییە و گاورکار - یشی پێ دەڵێن. ئەم گوندە ئاسەواری کۆنیشی زۆر تێدایە وەک: پشتی قەڵاتان و ئاقاری قەڵامورد.

(پەراوێزەکان):

بۆ پەراوێزەکان سوودم لە دوو سەرچاوەی ناوبراو بینیووە.

**بەیبوون**: حاجیلە، جۆرە گوڵاڵەیەکی کێوی خۆڕسکی بەهارییەو لە هەموو ناوچەکانی کوردستان دەڕوێت.

دوای کوڵاندنی سێ جەمە پیاڵەیەکی لێ دەخورێتەوە زۆر نەخۆشی سک ئێشە چارەسەر دەکات.

**توترک**: دڕی، توترک دەوەنێکی دڕکاوییە زیاتر لە شوێنی ئاودار و دەوڕوباران دەڕوێت، توترک بێجگە لە چارەسەری ناوبراو، بەری توترک بەتەنیا بەکاردێت بۆ زەردکردنی دومەڵ و پاک کردنەوەی، هەروەها ڕەگی ئەم ڕووەکە لەگەڵ ڕەنگ تێکەڵ دەکرێت بۆ ڕەنگ کردنی ماشەر و جل و بەرگ و ڕەنگەکەی جوانتردەکات.

**ڕێواس:** ڕێواس جۆره گیاییکه له کوێستان دەڕوێت تامی ترشه و هەرگیز کرم لیی نادات، بێجگه لەچارەسەری ناوبراو دوای هشک کردنەوەی رەگەکەی یا بنەکەی و خواردنی کەوچکێک لەهارڕاوەکەی لەخورێنی وەیاکەوچکێک لەم هارڕاوه له پیالەیەک ئاوی گەرم دەکرێت و له خورێنی دەخورێتەوە، دەبێته هۆی چارەسەرکردنی نەخۆشی باداری

**ڕۆنیاس:** ڕووناس، ڕویناس، ئەم گیایە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەڕوێت بەڵام زۆر بەدەگمەن، بێجگه له چارەسەری ناوبراو دەرمانه بۆ باداری و هەموو جۆره ئاوسانێکی لەش، هەروەها گیای ڕۆنیاس بۆ ڕەنگ کردنی ماشەر بەکاردێت و ڕەنگەکەی سۆر دەکات.

**پونگ:** پونگ گیایەکی بۆن خۆشی خۆڕسکه، لەدەر ئاوان شین دەبێت، پونگ بێجگه لەچارەسەری ناوبراو، دەرمانه بۆ ڕاگرتنی سک چوون و هەروەها بۆ ئەوانەی که میزیان ناهێته خوارێ.

**جاتره:** جاتره جۆره گیاییکی سروشتییە، بێجگه لەچارەسەری ناوبراو دەبێته دەرمان بۆ ددان ئێشه و چاو ئێشه، دوای هشک کردنەوه و تواندنەوەی له ئاوێکی گەرم و خواردنەوەی لەخورێنی.

**مازی:** مازی بەری دارمازییه بێجگه له چارەسەری پێشوو، دەرمانه بۆ نەخۆشی مەلاریا.

**ڕەشکه:** گیا ڕەشک، جۆره گیایەکه له هەموو ناوچەکانی کوردستان دەڕوێت، بەتەنیا و تێکەڵ کردنی لەگەڵ مادده و گیای دیکه چارەسەری زۆر نەخۆشی دەکات، بەتایبەتی بۆ پشی تەنگی باشترین دەرمانه ئەگەر هارڕاوەکەی لەئاوی گەرم بتوێندرێتەوه و هەرجارێ مرۆڤ پشی تەنگ بێت بیخواتەوه.

**بارێزه:** بارێزه گیایەکی ناسک و گەڵاورده، لەچیا و شوێنی ئاودار دەڕوێت، بێجگه له چارەسەری نەخۆشی ناوبراو، خێرایی میزهاتنیشی

ئاسایی دەکاتەوە بە خواردنی هەر سێ جەمە.

**هەڵپۆ**: هەڵپۆ گیایەکی بەهاری خۆڕسکە لەکوێستانان دەڕوێت، ئەم گیایە دەرمانە بۆ زۆر نەخۆشی بەتەڕی دەخورێ و بەوشکردنەوەشی بە تواندنەوەی بە ئاوی گەرم دەخورێتەوە، بۆ گەدە و لەشی بێ هێز سوودی زۆرە.

**ڕازیانە**: جۆرە گیایەکی خۆڕسکە، زۆر سوودمەندە و تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ زۆر گیا و ماددان بۆ دروستکردنی دەرمان، و خەڵک لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خواردن تێکەڵی دەکەن.

**مێکوک**: گیایەکە لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان دەڕوێت، بێجگە لە چارەسەری پێشوو، ڕەگەکەی دەبێتە دەرمان بۆ باداری ئەگەر ئاوەکەی لەخرێنی بخورێتەوە.


((سەرچاوەی پەراوێزەکان))

**١- گیا و دەرمان / سعداللە حسێن بامرنی / هەولێر / ١٩٨٥.**

**٢- دليل العلاج بالاعشاب الطبية العراقية / الاعداد و التنسيق / الدكتور زهير نجيب لزبيدي، الصدلانية هي عبدالكريم بابان، م الصيدلي فارس كاظم.**

## چیرۆکی فۆلکلۆری له دەڤەری شنگال
## جەمشیدی پاڵەوان



سەعیداغای سویجی مرۆڤەکی ئەشقی یێ تورکا بوو له دەڤەرا وانێ، چو ئاغاوی نەدەحەواند. ئاغاک هەبو دگۆتنێ جهانگیراغا، ئەوی مرۆڤەکی خورت بوو، سەعیداغا خۆلێ گردت وچۆلاری وی، ئەوژی حەواندنا سەعیداغای قەبول کر و گۆتێ تو ل جەم من رونێ ئەزێ لسەرتە ئاخڤتم سەعیداغا دووسالا لوێ دەرێ ما جیهانگیراغا چۆ بخلمەتاوی ئاخافت حەتا گەهشتنه مەزنێ حوکمەتا تورکا و لێبورینا وی ئانی و گۆتێ سەعیداغای پێتڤی و لازمه ئەز ته خەلات بکەم، ژ برویێ هاریکاریا تۆ لگەل مەکری مشوارێ دووسالا، ڤێگاڤێ تو چ تشتی دخوەزی بکی دێدمەته، بەس تڤەنگا ملێ جەمشد ئەو نەبت (جمشید برێ جیهانگیراغا بوومیرکی قەنج ئوو بناڤ و دەنگ بوو لدەڤەرا وانێ).

سەعیداغا گۆتێ من تشتەک نڤێ زێدە تری تڤەنگا ملێ جەمشید...، سێ جارا بویکاری جیهانگیراغا گۆتێ داخوازبکه تشتەک دی بەس تڤەنگێ ملی جەمشید نەبت چوڕای و تەگبیر نەبرنێ دوماهیکی جیهانگیراغا گوتی بخودی کەکێ ئەز نوێرم تڤەنگا ملێ جەمشید بدەمەتە، سەعیداغا سل بوو بڕێڤەکەت ل نکوان وبێ خاتری وان چو.

ڤێجا پشتی ڤێ قەنجیێ سەعیداغا دەستی بخرابی کەت و دوژمنیتێ جیهانگیراغا کەت سەعیداغای سویچی وەختێ هاتە مال و لێبوریناوی ل تورکا هاتبوو، ڕابو مەزنێ عەشیرەت کۆم کرن، ئێکی دگۆتێ سلۆ، بەرێ لناڤ مالا جیهانگیراغا شڤانتی کربوو، سەعیداغا ڕابووژنەک بۆ سلۆ ئینان و تێڕاوی مەل دانێ و فرێ کردنە ناڤ عەشیرەتێ جیهانگیراغا، وەختەکێ سەعیداغا ڕابوو لگەل هندەک مەزنێت عەشیرەتا سویچی بسەرمیرا هاتن لتالانێ جهانگیراغا داو پەز و مالێت وی برن لڤی وەختی هاڤین بوو کەسەک لمال نەبوو زێدەتری کالە مێران، خۆرتین ئێزدیا گشکی وێ وبێژە والی یێ ل مال ئان نەلمالە...؟

دەرگەهڤان گوت وێ لمال. ڤێجا دەرگەهڤان جانگیرە برە جهێ میڤانا هەتا والی ژ خەو ڕابوو، وەختێ والی هاتە جهێ میڤانا و چاڤێ وی بجهانگیر کەفت، سلاڤ لێکرو لنک وی رونشت، پشتی ڤەخوارنا قەهوەکی والی پرسیار ژێ کر و گوت: توهاتی چ...؟ تەمال دڤێت ئان سلاح دڤێت...؟ جیهانگیراغا پەرسڤ داو گوت: منێ وازانی و م گوهلێ بویە کو فرمانامە رابوویە، تە بێژە من. فرمانامە ژ رەخێ دەولەتیە ئان شەڕێ مە و عەشیرەتایە. والی پەرسڤا داو گوت: جانگیرۆ دەولەتی چو ئاگاهـ ژوە نینە، هەگەر شەڕێ وە ئو عەشیرەتا، یا ئەز نزانم هون عەشیرەت ئێک و دوونیاسن دەعوامە ژوەنیە، پشتی ئەڤان گوتنا گەلەک کەیفا جانگیراغا هات و رابوو والی هێلا و چۆ ناڤ باجێر گەڕیا ئەوی باری (٤٠) قانترا سلاح ئو فیشەک جەبل خانا کڕین.

وەختی جانگیراغا لناڤ ملەتێ خۆ دەرکەفت، سەعیداغا رابوو (١٠) دەمێر فرێکرن کاغەزەکێ ل ملەتێ جانگیراغا بکن. وەختێ گەهشتنە دۆرێ مالی ئێزدیا (جانۆ) پێ حەسیا (جانۆ مرۆڤەکی زیخ بوو ل عەشیرەتا خالتانی)، ل گەل جمعەتا ئزدیا هەر (١٠) گرتنی و و تڤەنگی وان لملێ (١٠) غولاماکرن.

وەختێ جانگیراغا ڤەگەڕیا ناڤ عەشیرەتێ ل گەل (٤٠) بارێ قانترا جەبلخا ناوی ئینایین ئو گوتە ملەتێ خۆ هون بزانن دەولەتا تورکا ئاگاهـ ژمەنینە.

جانگیراغا پیرکەک هەبوو ناڤێ وی (ئەلماس خاتوون) بوو. ئەلماس خاتوون گوتە جانگیری وەختێ تو چۆیا وانێ جمعەتا ئزدییا هەردەهـ گرتن و جا خۆ ژی سیلاح ژێ ڤەکرن، جانگیراغا بڤی خەبەرێ گەلەک کەیف نخوەش بوو ئوو گووت وەهیلا یان ئێحسیر هەتا ئەز ڤەدگرپیام.

پشتی هنگی جانگیر ملەتی خۆ گشکی خرڤە کرو هەرئێک و توڤەنگ دانێ زێرەڤانیا خوە و عەشیرەتا خۆ بکەن. حەتا هەمی گوندێت ئزدیا تژی توڤەنگ بوو.

پشتی چەند ڕۆژا سەعیداغا رابوو بیراق هەلکرو لەشکرێ خۆ ئینا سەر گوندێت ئزدیا. جانگیرا ژی رابوو دەنگ ل هەمی کال و خورتاکر ئەواژی بیراقە شەڕێ راکرن ئو چۆن مەیدانا شەڕێ.

عەشیرەتا سەعیداغای گەلەک بوون، لێ یا جانگیراغا کێمتربوون، چەند ڕۆژا شەڕ گەریا گەلەک ژ هەردو جها هاتنە کوشتن ڤێجا هەر ئێک ڤەگەڕیا ناڤ دەڤەراخۆ، پشتی دوماهیا شەڕی جانگیراغا لناڤ تەرمێت عەشیرەتا خۆ گەڕیا و چاڤێ وی بکو شتیاکی کەفت، دلێ وی گەلەک پی سووت و گلۆرک ژ چۆینە دەشتێ دروبینێ شڤان و گاڤانێ وان هاوار گەهاندنە ئێزدیا و گوتنە جیانگیراغا پەزو مالێت عەشیرەتێ گشکی سەعیداغا برن، ئەوی گوت گەلی شڤانا سەعیداغا خۆگرتبێ من بوو، ئەوی ڤێ ناکەت، شڤانا سەعیداغا گوتێ ئەم سەعیداغا ناس دکین، وەختێ باوەڕیا جیهانگیراغا هات رابوو هەسپاخۆ ئینا دەرێ و گوتە برایێ خۆیێ گچکە (زنار) هەڕەهاوارێ بدە ملەتێ ئزدیا، ئەز دێچم دگەهمە دوژمنا، زنارێ برێ وی رابوو گوتە کالە مێرەکی هەڕەهاوار بدە ملەتی ئەز دێگەهمە جیهانگیریێ (٣) سێ سەعاتا چۆیە لناڤ عەردێ



دژمنا، جارەکی ئەوی بەرێ خۆدا دومایا خۆ دیت برێ وی یێ گچک لدیڤ وی دێت، دەنگ لێ کرو گوتێ هەرێ زنارۆ بۆ توهاتی تەبارێ گولۆ رەساسێ دوژمنانینە.

جیهانگیراغا چەند کرو نەکر نقاری برایێ خۆ ڤەگێری حەتاڤان گهشتە نیڤەکا دوژمنا، شەڕچێ بوو، دوژمن شکەستی ئوو رەڤین، هەردو لدیف وان چۆن حەتا گەهشتنە گرەکی لهەمبەر خیڤەتێ سەعیداغا، رابوون دوو شێلکا تڤەنگا داوەشاندنە سەعیداغاو قەوشەنێ ملەتێ وی، لگەڵ هەردو شیلکێت تڤەنگا دوو ئاغا کوشتن ناڤێ وان مەحموداغای سۆرا ئوو قولی خان ئاغای تاتا بوو، ڤێجا مشوارێ سعاتەکی شەڕچێیبوو لنیڤەکاوان، زنارێ برێ جیهانگیراغا برینداربوو، لگەل هندێ تڤەنگاوی لدەستاوی بوو نەدهێلا چو کەس لدەستاوی بساغی ڤەگەڕت.

وەختێ دەنگی هەسپی جەمشیدەهات
عەردو عزمانی هژیان
تەیر و تەواڵ فڕیان
شالول و بولبول لسەرپیا خوان
دژمن لترساحەمی بزدیان

وەختێ جەمشید گەهشتەوان، بەرێخۆ کرێ جیهانگیروێ بێ زەڤەر کرێ، جیهانگیر گۆتە جەمشید !

ئەی پەلەوانۆ ئەی میر خاسۆ
تو گولە دەرێ تۆپایی
تانجا سەرێ مەلکایی
تو روناهیا ملەتێ ئزدیایی

پشتی جەمشید گەهشتە وان لسەرپشتی هەسپی شەڕکرو عگیداوی سەعیداغا لگەل عەشرە تاوی بسەر شۆڕێ ڤەگەڕاندن پەزومالێت خوە ئینان و هاتن. پشتی داویا شەڕ سەعیداغای سویچی هاتە ناڤ مەتێ خۆ ڕابو کاخەسەک ڕەژو شینکر لناڤ ملەتێ خۆ گەڕاند تێداگوت: ئێزدیا فرمانامەیا ڕاکری هون بزانن هەر کەسەک ژوە سەلامەتیا خۆ بکەن ئو شەڕێ ئێزدیا بخازن ئەم دێینە جانگیراغا و شەڕی عەشیرەتا وی تکەین. وەختێ جانگیراغا ژی پەراو مالێت خوە ڤەگەریاند گوتە ملەتێ خۆ: گەلی ئزدیا هون بزانن ئیرۆ ئاخفتنی گەهشتینا من، فرمانا مەیا رابوی ئەزچمەنک والی وانێ ئەو دۆستێ مەیا هەگەر فرمانامە ژ دەولەتی نینە شەڕێی مەو عەشرەتایە ئەم دێ شەڕێ خۆکەین لگەل چو عەشیرەتا هەبێ کو شەڕ دخوەزن.

جانگیراغا گوت جەمشید ئەز دێچمە وانێ تو سەرۆکاتی ملەتی بکە، هون ئێت چاڤدار بن چوکەس حەیفەکی لوەنەکەت.

جانگیراغا لگەل ڕۆژ ئاڤایێ دەرکەفت ئو چۆ بەرێ خۆ دا باجێرێ وانێ ئەو برێداچۆ هەرگاڤەکی وی ناڤی (خودێ) ئو (تاوس مەلەک) ژۆزێ دئینت ئەوی لگەل سوپێدێ گەهشتنە باجێرێ وانی کۆلان بکۆلان گەڕیا حەتا گەهشتنە بەر دەریکی مالا والی، سلاڤ کرد دەرگەڤان و، ئەوژی گوتێ تەخێرە توبڤی سپێدێ هاتی مالا والی جیهانگیراغا گوت: چاڤاهاتی، رابوو پرسیارا مالاوی کر، دەرکەفت کورێ (پیرهەسەن) یێە، (پیرهەسەن مرۆڤەکی تێگەهشتنی بوو).

جانگیر گەلەک بۆ سیدابوو لناڤ ڤا تەرما جانگیراغا جانۆ دیت و گوتێ: جانۆ ئەم دێ بێ تۆلە خۆ ڤەکەین نخاسمە تۆ لێت گۆڕێ پیرهەسەنی جانۆ – گووتە جانگیراغا تو قەرەبنیاکێ بدەمن ئەز دێچم و ناهێم هەتا سەعیداغا نەکوژم.

جانۆ قەرەبینا بوو دەرکەفت و بەرێ خۆدا ناڤ عەشیرەتا سەعیداغای سویچی، وەختەکی جانۆ گەهشتە دەڤەرا عەشیرێ سویچی سەیدەکی کووشتی دیت، جانۆی لدەڤ سەرێ وی رونشت و گووت ب خوەدێ ئەزێ کەسکاڤی سەیدی دەما سەرخۆ نو دێچمە ناڤ ملەتێ سەعیداغا کەسەک من نەنیاسی وەختی وان بنڤن ئەزێ چم سەعیداغا کوژم، هەمامن سەعید کوشت وی شەڕی سەکنت، ئوی کەسک داسەرخۆ و بەرێ خۆدا ناڤ ملەتێ سەعیدی.

وەختەکی گەهشتە ناڤ خیڤەتا، ئوی چوە نک خیڤەتا سەعیداغا و کەسەک نزانی ئەڤە جانۆیە.

وەختێ بووە شەڤ جانۆ چۆین خیڤەتا سەعیدی قەرەبینا خۆ هەلگرت گولێ ئێت عەوەلیکال سەعیدی ئو (٥) ئاغا ییت دن کوشتن و ئاگر بەردانە خیڤەتێ کەسەک لڤێ شێوری جانۆی نەحەسیا، جانۆی وی شەڤی بەرێ خۆدا دەڤەرا خالتانێ ل گەل سوپیدێ گەهشتن مالێت خالتانێ، جانۆی باکر و گووت کەلی خالتانیا رابن من سەعیداغا کوشت، پاشی چۆ دیوان خانێ گوتە جانگیراغای دەنگ لە لەشکرێ خۆبکە و هەڕن، پاشی گوتە جانگیراغای ئەوژی گەلەک کەیفاوی هات و ب هەفت دەستی دەهۆڵ و زوڕنا مشواری (٧) ڕۆژا شەهیان و دیلان گێڕان.

فەرهەنگۆک

• ئەم چیرۆکە لە جوقی خەیری لەساڵی ١٩٧٩ وەرگیراوە / خەلکی شنکارە و تەمەنی (٧٢) ساڵە.

سویچی: ناوی هۆزێکی کوردی موسلمانە لە ئوستانی (وان).

مشوار: ماوه
بێ: برا
سل: زوێر
گشک: گشتی
کالەمێر: پیرەمێرا:
لدیف: لەدوای
نقاری: نەی توانی
چەپەر: سەنگەر
شێلک: دەست رێژ
قەوشەن: سوپا، لەشکر
عزمان: ئاسمان
بزدیان: زراویان چوو
بێ زەڤەر: بێ زەوەر
عگید: ئازا
داویا: دوایی
حەیفەکی: غەدرەکی
باجێر: باژێر، شار
بدل ژۆزی: بەدل سۆرزی
قانتر: هێستر
زیخ: زیرەک
خالتانی: ناوی هۆزەکی ئیزدیه لەنزیک شاری وان
پیرک: داپیر، نەنک
زێرەڤانی: پاسەوانی
گلۆرک: فرمێسک
سیدا: نیگەران، حادز
قەرەبینا: ناوی جۆره دەمانچەیەکی کۆنە

## کوڕە پاشا




هەبوو نەبوو لە زەمانی کۆندا پاشایەکی گەورە و پولدار دەژیا، تەنیا یەک کوڕی هەبوو لە پێویست برادەری هەبوو، کوڕەکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەورەتر دەبوو.. ڕۆژێک پاشا لە مزگەوتێ بە مەلای وت: کوڕەکەم گەورە بووە. دەمەوێ کارێک بکات، بەڵام ئێوە بڵێن چ کارێک بکات، مەلا پێی وت: پێی بڵێ برۆ بازاڕ و پێویستیەکانی ماڵ بێنە، (پاشا)ش بە کوڕەکەی وت: کورم بەیانی برۆ پێویستەکانی ماڵ لە بازاڕ بکڕە، کوڕە پاشا چووە بازاڕ و یەک سەندوقی گەورەی کڕی بەیانی دووبارە پاشا چۆوە مزگەوت و بە مەلای گوت: کوڕم یەک سندوقی گەورەی هێناوە. مەلا گوتی: دووبارە کوڕەکەت ڕەوانە بکەوە: پاشا دووبارە کوڕەکەی ڕەوان کردەوە تا پێویستیەک بۆ ماڵ بکڕێت، کوڕی پاشا دیسان سندوقێکی هێناوە ماڵ، بۆ جاری سێیەم پاشا بە مەلای ڕاگەیاند، مەلا وتی ئەم جارەش کوڕەکەت ڕەوان بکەوە، ئەمجارەش هەر سندووقێکی هێنایەوە، پاشا دیسان بە مەلای ڕاگەیاند کە کوڕەکەی ئەو سێ جارە سەندوق بۆ ماڵ دەکڕێت، ئەم جارەیان مەلا وتی:

کوڕەکەت شێت بووە، پێویستە لە ماڵ دەری بکەیت، پاشا توڕە بوو و کوڕەکەی بە هەرسێ سندوقەکەوە لە ماڵ دەرکرد و کوڕی پاشا لە نیوەی ڕێگا سەری سندوقەکانی کردەوە، لە یەکێکیان سەگ و لەویدیکەشی پشیلەو لە سێیەمیش مارێکی تێدا بوو، مارەکە، کە ئازاد بوو سوپاسی کوڕی پاشای کرد و وتی: تۆ منت ڕزگار کرد. دەبێت بچیتە لای باوکم و بزانیت چیت دەداتێ لە بڕی ئەم چاکەیە، باشترین شتیش کە باوکم هەیبێت (موهرە) ی ژێر زمانیەتی دەتوانی داوای لێ بکەیت و هەر چیت پێویست بێت بەهۆیەوە بەدەستی دەهێنی، ئینجا کوڕە پاشا، لەگەڵ مارەکە بەرەو لای باوکی مارەکە کەوتنە ڕێ تا گەیشتە ئەشکەوتێک و مارەکە لە پێشەوە و کوڕە پاشا لە دواوەی مارەکە چوونە ناو ئەشکەوتەکە، باوکی مارەکە لەسەر تەختێک لەناو ئەشکەوتەکە کەپکەی کردبوو، مارەکە بە باوکی وت: بابە گیان ئەو کوڕە منی ڕزگار کرد پێویستە پاداشتی بدەیتەوە، پیرە ماریش زانی کوڕە هەموو شتێکی ناوێ بۆیە پێی وت: میهرەی ژێر زمانم دەکەمە پاداشتی چاکەی تۆ و کوڕەش قەبوڵی کرد و گەڕایەوە لای ئەسپ و سەگ و پشیلەکەی و لەوێ نوێژی کرد و میهرە جادوییەکەی لەسەر دەستی دانا و دوعای کرد و لە خودا پاڕایەوە کە قەسرێک و ژنێکی جوانی پێبدات کە پرچی چل گەز درێژ بێت کاتێ کە لە نوێژی نزا کردن بووەوە قەسرێک بەرامبەری دەرکەوت و ژنێکی شۆخ و شەنگی پرچ چل گەز درێژی تیایە و، کوڕە پاشا چووە ناو قەسرەکە و لەگەڵ ئەم شۆخ و شەنگە دەستی بە ژیانێکی نوێ کرد. ڕۆژێ لە ڕۆژان ژنی کوڕە پاشا لەسەر ڕووبار پرچی شانە دەکرد داوە مویەک لە پرچی کەوتە ناو ئاوەکە و ئاو بردی، لەلایەکی دیکەوە پاشا دەچێتە سەر ئەم ڕووبارە و دەیەوێ خۆی بشوات و لەناو ئاوەکە داوە موێکی چل گەزی هاتە بەر دەستی، پاشا گیرۆدەی ئەو داوە پرچە بوو وتی دەبێ خاوەنی ئەم پرچە چل گەزیە بدۆزمەوە و بیخوازم، جا بۆ ئەم مەبەستە چەندین

پیرێژنی کۆکردەوە و پێی وتن: هەر کەسێکی خاوەنی ئەم پرچە درێژەم بۆ بدۆزێتەوە هەرچی داوا بکات بۆی جێبەجێ دەکەم. پیرێژنان بەدەروبەری شاری بڵاوبوونەوە، یەک لەوانە هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت و زۆر لە شار دوور کەوتەوە تا گەیشتە خانووی کوڕی پاشا و لەدەرگای دا هەمان ژنی پرچ درێژ دەرگای لێ کردەوە و پیرێژن بەدیتنی زۆر دڵخۆش بوو، یەکسەر گەڕایەوە و هەواڵی دیتنەوەی بە پاشا گەیاند و پاشا پێی وت، ئەگەر ئەم ژنەت ڕازی کرد شوم پێ بکات هەر چەند پارەت بوێ دەتدەمێ، پیرێژن دووبارە بەرەو ڕووی ماڵی ژنە پرچ درێژەکە ڕۆیشت و تەق تەق لەدەرگەیدا و ژنە پرچ درێژەکە دەرگای لێ کردەوە پێ وت من ئاگاردارم کە ڕۆژانە پیاوەکەت بۆ ڕاو دەڕوات تۆ بەتەنیا دەمێنیتەوە، ئەگەر دەکرێت من دەبمە کارەکەرت، ژنەکە پێی وت: باشە تۆ برۆ بەیانی وەرەوە پێت دەڵێم، کاتێ پیاوەکەی گەڕاوە ماڵ و پێی وت: من ڕۆژانە بەتەنیا دەمێنمەوە بۆیە پێویستیم بە کارەکەرێک هەیە پیاوەکەی سەرەتا ڕازی نەبوو، بەڵام دواتر رازی بوو، بەیانی کە پیرێژن هاتەوە، ژنەکە پێی وت: کار دروست بوو تۆ کارەکەری لەمەودوا. ئیتر پیرێژن دەستی بە خزمەتکردن کرد و کاری ڕۆژانەی ماڵەکەی جێبەجێ دەکرد و شەوانیش چیرۆکێکی ئەفسانەیی بۆ دەگێڕایەوە، دوای چەند ڕۆژێک پیرێژن پێی وت: تۆ نەمەنجەلت هەیە و نەکاسە ئەی چۆن ئەم خواردنە پوختەیە ئامادە دەبێت، ژنەکە لێی تورەبوو پشی خواردەوە و چەپەرۆکێکی بەڕووی پیرێژن دادا و وتی: ئەوە پرسیاری تۆ نیە و ئەم جۆرە پرسیارانە مەکە دوای چەند ڕۆژێک پیرێژن هەمان پرسیاری لێ کردەوە دووبارە ژنەکە چەپەرۆکێکی بەرووی کێشا، دواتر زگی پێ سووتا و بەزەیی پێدا هاتەوە چیرۆکی ڕاز و نهێنیەکەی بۆ گێڕایەوە، کە لەژێر زمانی مێردەکەی موهرە یەک هەیە هەرکاتێک دوو ڕکاعەت نوێژی تایبەت بکات و بەهۆی ئەم موهرەوە هەر شتێکی داوا بکات دێتە بەردەستی، پیرێژن خۆشحاڵ بوو بەم ڕاز و

نهێنیه و بیری له فریودانی ژنه پرچ چل گەز درێژەکه کردەوه و تەلەکەبازیەکانی خستەکار و پێی وت کە ڕۆژانه پیاوەکەت بۆ ڕاو کردن دەڕوات تۆ کە برسیت دەبێت ناتوانیت بە ئارەزوی خۆت داوای خواردن بکەیت تا پیاوەکەت بۆت ئامادە نەکات، پێویستە ئەم شەو موهرەکە لە مێردەکەت وەربگری کاتێک کە مێردەکەی گەڕایەوە ژنە دەستی بە گریە و زاری کرد و وتی: تۆ ڕۆژانە دەچیتە ڕاو و من لە ماڵ برسی و تێنوو دەبم، جا بۆیە پێویستە موهرەکە بدەی بە من، مێردەکەی سەرەتا قبوڵی نەکرد، بەڵام کە دیتی ژنەکەی زۆری خۆشی دەوێ قبوڵی کردو موهرەکەی دایێ. پیرێژنی مەکرباز بە ژنەکەی وت: تکات لێدەکەم یەکجار موهرەم نیشان بدە و بزانم چۆنە و تەنیا دەمەوێ ببینم کە موهرەی وەرگرت و ڕایکرد و موهرەکەی بۆ پاشایەکە برد، ئیتر جادوو ی موهرە کەوتە دەست ئەم پاشایە و یەکسەر دوو ڕکاعەت نوێژی نەفەلی کرد و ژنە پرچ چل گەز درێژەکەی لە پێشێ ئامادە بوو. کاتی شەو کە مێردەکەی گەڕایەوە ماڵەوە، سەیریکرد ژنەکەی لە ماڵەوە نییە، لە سەگ و پشیلەکەی پرسی: ژنەکەم کوا..؟ ئەوان گوتیان ئێمە نەمان دیتووە، مێردی ژنەکە تووڕە بوو و بە سەگ و پشیلەکەی گوت: تا بەیانی دیکە ژنەکەم بۆ نەدۆزنەوە هیچی دیکە نایێنە ناو قەسرەکە چوونە دەرەوە و بەرەو شار ڕۆیشتن، لە نیوەی ڕێگا ماندوو بوون و لە گۆشەیەک پشوویاندا، دواتر پشیلەکە بەتەنیا ڕۆیشت تا گەیشتە ناو قەسری پاشا کاتێک کە چووە ژوورەوە و ژنە پرچ درێژەکەی بینی زۆر دڵخۆش بوو و چووە نزیکیەوە و پێی وت: تۆ چۆن گەیشتیتە ئێرە و چی دەکەیت لێرە..؟ ژنەکە هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ پشیلە گێڕایەوە، پشیلەکە زۆر نیگەران و دڵتەنگ بوو و بە ژنەکەی وت: چار چیە و چ تەگبیرێک بکەین..؟ ژنەکە وتی تۆ ئەمشەو برۆ من چارەیەک دەدۆزمەوە و تا بەیانی هەموو شتێک جێبەجێ دەکرێت بەیانی پشیلەکە گەڕایەوە، ژنەکە پێی وت: ئەو پاشایە هەموو بەیانیەک کاسەیەک ماست دەخوات

تۆش مارمیلۆقەک بێنە و دەیخەینە ژێر ماستەکە، کاتێک کە پاشا ماستەکە دەخوات مارمیلۆقەکە دەبینێت دڵی تێکدەچێت و دەرشێتەوە و موهرەکە لە دەوی دەکوێتە خوارەوە و تۆش هەڵیگرەوە و بۆی دەرچە. پشیلەکە ڕازی دەبێت و دڕوات مارمیلۆکە کە پەیدا دەکات و لە ژێر کاسەی ماستی پاشادا دایدەنێت و خۆشی لە لای ڕاستی پاشا هەردەتوترکێ و پاشا زۆر کەیفی بە پشیلە دێت و دەستی بەسەری دا دەینی و کاتێک کە ماستەکە لەسەر دەوی دەکات و مارمیلۆقەکە دەکەوێتە ناو دەوی و دڵی تێکدەچێت و دەرشێتەوە موهرەکە لە دەوی دەکەوێتە خوارەوە پشیلەکە پڕی دەداتێ و بۆی دەردەچێت و دەگاتەوە لای سەگەکە، لەگەڵ سەگەکە دەکەونە ڕێ و دەگەنە ئاوێک سەگەکە بە پشیلەکە دەڵێت پێویستە موهرەکە بدەیە من بەڵام پشیلەکە ڕازی نابێت و سەگەکە بەپشیلەکە دەڵێت ئەگەر موهرەکەم نەدەیێ لە ئاوەکە دەربازت ناکەم، لەبەرئەوەپشیلەکە دەبینێت گیانی دەکەوێتە، مەترسی بۆیە ڕازی دەبێت و موهرەکە دەداتە سەگەکە و سەگەکەش پشیلەکە لەسەر پشتی دادەنێ و مل لە ئاوەکە دەنێت لە ناوەڕاستی ئاوەکە سەگەکە ماندوو دەبێ و دەوی دەکرێتەوە و موهرەکە دەکەوێتە ناو ئاوەکە و ماسیەک موهرەکە قوتدەدا و یەکسەر ماسیگرێک ماسیەکە ڕاو دەکا و کتوپڕ لەق لەقێک هات و ماسی گرەکەی ڕاوکرد و لە شەقەی باڵی دا و بەرەو ئاسمان فڕی. پشیلەکە بە سەگەکەی وت: تۆ من زامدار بکە و خۆت لە ڕۆخ دەریاکە وەک و تۆپی لێ بکە و کاتێ لەق لەقەکە هات و ویستی پڕت بداتێ تۆ فریام کەوە و لەق لەقەکە بگرە.سەگەکە رازی بوو و پشیلەکەی بریندار کرد و خۆی وەک تۆپی نیشاندا و لە نزیک پشیلەکە وەرکەوت و کاتێک کە لەق لەقەکە هات و پڕی دایە پشیلە بریندارەکە و سەگەکە یەک سەر پڕی دایە قاچەکانی لەق لەق و لەق لەقی پارچەپارچە کرد و موهرەکەی دەرهێنا و بۆ مێردی ژنە پرچ درێژەکەی برد کە کوڕە پاشا موهرەکەی وەرگرت، دوو ڕکاعات نوێژی

نەفەلی کرد و ئینجا نزای کرد و یەکسەر ژنەکەی گەڕایەوە و لەبەردەمیا ئامەدە بوو مێردی ژنەکە هەواڵی هاتنی باوکی بۆ ڕاو لە دارستانەکە پێ گەیشت و بە ژنەکەی وت هەرچۆنی بێت دەبێت باوکم بێنیەماڵەوە. ژنەکە خۆی کردە مامزێکی جەنگەڵ و کاتێک کە خەزووری دەبینێت، دەیەوێت ڕاوی بکات و دەڵێت هیچ کەسێک مافی ڕاو کردنی ئەم مامزەی نیە، ژنەکە بەپەلە پەل گەڕایەوە ماڵەوە و خەزووریشی بە دوایدا چوو تا گەیشتە ماڵی کوڕەکەی و لە دەرگایدا کوڕەکەشی دەرگای لێ کردەوە، جا لەبەر ئەوەی، ماوەیەکی زۆر بوو کوڕەکەی نەدیبوو کوڕەکەی نەناسیەوە و پێی گوت: وەرە ژوورەوە پیاوەکە وتی: سەرەتا پێویستە مامزەکەم بدەیتێ ئینجا دێمە ژوورەوە. کوڕەکەشی پێی گوت: پێویستە تۆ نانی بەیانی بخۆی ئینجا مامزەکە وەربگری. باوکی دەعوەت کردنی نان خواردنەکەی قەبوڵ کرد و ئینجا کوڕەکەی دوو ڕکەعات نوێژی نەفەلی کرد و لە خوا پاڕایەوە یەکسەر سەرمێزی پڕ بوولە جۆرەها خواردنی بە چێژ، جا دوای ئەوەی پاشا باوکی کوڕەکە خواردنەکەی خوارد ژنەکە هاتە بەرچاوی، شا هەر کە بوکەکەی دیت سەری سوڕما و بوکەکەشی دوای ڕێزگرتنی پێی وت: ئەوە هەمان کوڕەکەتە لەماڵەوە دەرت کرد، هەمان سسەندوقیشی بوو کە ئەوی بەو ڕۆژە گەیاند، پاشا زۆر شەرمەزار بوو و داوای لێبووردنی لە کوڕەکەی کرد کە لەگەڵی بچێتەوە، بەڵام کوڕەکەی قەبوڵی نەکرد و پاشا بۆ شارەکەی گەڕایەوە، کوڕەکەشی لە هەمان شوێن لەگەڵ ژنەکەی ژیانی بردە سەر و مانەوە.

**تێبینی: موهرە بە عەرەبی (خرزە) ی پێ دەڵێن کە مۆریەکی جادوویە و لە (مار)ەوە دەست دەکەوێت.**

**سەرچاوە: افسانەهای دری / گرداوری و تحقیق – رۆش رحمانی / تهران / ١٣٧٧.**

## گۆڕستان و پەرستگە دێرینەکانی کوردستان

گۆڕستان و پەرستگە دێرینەکان بەشێکی سەرەکی شوێنەواری دێرینی کوردستانن، بەتایبەتی گۆڕستانەکان، شێوەی گۆڕەکان و نەخش و مۆتیڤەکان و چۆنیەتی بەخاک سپاردنیان لەنێومالەکان، لە گۆڕستانی دوور لە ئاوەدانی، ژمارەی تەرمەکان لەناو گۆڕەکان و ناشتنیان لە کەلەن و درزی شاخەکان و دەخمە و ناووسک و ئەشکەوتە دەستکردەکان و قەدی دیوارەکان، ئەمانەش هەر هەموویان جیاوازیان هەیە لە چاخە جیاجیاکان و گەلە جیاجیاکان و ئایینە جیاجیاکان و کاریگەریشیان لەسەریەکتری هەبووە

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان سەرەتا شارستانیی لەنێوگەلانی هیند و ئێرانی سەرچاوەی گرتووە و، کوردستانیش مەلبەندی بڵاوبوونەوەی شارستانی گەلانی ناوبراوە، بڵاوبوونەوەی ئەم شارستانییە لەدەوروبەرەوە تا دەگاتە وڵاتانی ئەوروپی و باکوری ئەفریقییا .

مردوو بە شاخ سپاردن و، بەخاک سپاردنیش یەک لەم شارستانییانەیە کە بەهەموو قۆناغە پێشکەوتووەکانی، قۆناغ لەدوای قۆناغ بەهەموو لایەکی ئەم سەرزەمینە بڵاودەبۆوە .

هەر لەسەردەمی مرۆڤی نیاندر تال و بگرە هێوەتریش گرنگ بەناشتنی تەرمی مرۆڤ دراوە و فرەنەدراوەتە دەشت و دۆڵ یا بەردەم سەگ، مەگەر یەکێکی ستەمکار، یەکێکی کوشتبێ و هەڵس و کەوتی نامرۆڤانەی لەگەڵ تەرمەکەی کردبێ .

زانای شوێنەوارناس رالف سۆلکین لە هەڵکولین و کنە و پشکنینی ئەشکەوتی شانەدەر، کە ماڵی یا شوێنی حەوانەوەی مرۆڤی نیاندرتاڵ بوو، هێسک و پروسکی حەوت مرۆڤی دۆزیەوە، یەکێکیان بۆ ٧٥٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕایەوە، یازادە جۆر گوڵی لەسەر سنگی داندرابوو، ئەمەش نیشانەی رێزگرتنی مردووە .

فیرعەونەکانیش بڕوایان بەزیندوو بوونەوە هەبووە، بۆیە زۆر گرنگیان بەتەرمی پاشا و بنەماڵەکەیان داوە و هەرەمیان لەسەر دروست کردوون و تەرمەکەشیان مۆمیاکردووە و ناوەوەی هەرەمەکەش جۆرەها نەخشی لەسەر هەڵکەندراوە لەگەڵ جۆرەها هێماو نووسینی هیرۆغلۆفی و وێنەی پاشاکان و خوداوەندەکان، هەروەها رۆمانی و یۆنانی و ئێرانیە کۆنەکانیش بەهەمان شێوە گرنگییان بەگۆڕی پاشاو دەلەمەندەکان داوە لەوانە گۆڕی (هالیکارنا سوس) ی فارسیە، ئەم گۆڕە کەوتۆتە ناو دورگەیەکی دەریایی ئیجە کە سەر بەکۆماری تورکیایە کەلاشەی مۆسۆلسی یەکێک لە فەرمانڕەواکانی ئیمپراتۆریەتی فارسی گرتۆتە خۆی،شێوەکەی لاکێشەییە، لە تابوتێکی دار داپۆشراوە بە عاج و زێڕ داندراوە، دوای ئەوەی کە کۆچی دوایی دەکات، هاوسەرەکەی بڕیاری داوە ئەم گۆڕەی بۆ دروست بکات، لەترۆپی گۆڕەکە پەیکەری شامۆسۆلس و هاوسەرەکەی داندراو بەشێوەیەک هەردووکیان لەناو گالیسکەیەک دانیشتون و چوار ئەسپ رایان دەکێشێت.

ئەم گۆڕە دوای ئەوەی (١٩) سەدە پارێزرا بەڵام لەسەردەمی خاچ پەرستەکان وێران کراو ئەمڕۆ شوێنەوارێکی کەمی ماوە .

هەروەها زاگرۆسیەکان بەگشتی و هوری و میتانیەکان بەتایبەتی تەرمی پاشاکانیان لەئەشکەوتی دەستکردو لەناو دەرەزی شاخ دەسپارد، میدیەکانیش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەم ئەشکەوتانەی تەرمی مردووەکانیان تیا بەخاک دەسپارد نەخش و وێنەی پاشا و خوداوەندیان لەسەر هەڵدەکەند، نموونەش ئەشکەوتی قزقاپانی چەمی رەزانە، کەسێ گۆڕی تیایە، بەگوێرەی وێنە هەڵکەندراوەکان گۆڕی پاشای میدییەکانە .

هەروەها لەبایەزید گۆڕێکی بەردین دۆزرایەوە کە بەشێوەیەکی ئەندازەیی داتاشرابوو بۆ ٩٠٠ ساڵ بەر لەئەمڕۆ دەگەڕێتەوە .

هەروەها گۆڕێکی لەم جۆرەش لەگوندی هەرن – ی زێبارەتی دۆزرایەوە .

لە ژمارەیەک لەگردەکانی دەشتی هەولێر لە کنە و پشکنین و لێکۆڵینەوەکان لە هوندوری گرد، ژوور دۆزراوەتەوە کە جاران بەتونێلێک بۆی دەچوویت ژمارەیەک گۆڕیان تیا دۆزراوەتەوە هەروەها لەسەر ژمارەیەک لەم گردانەش گۆڕی کوپەیی دۆزراوەتەوە، واتە تەرمەکە خراوەتە ناو تابووتێک لەشێوەی کوپە بەڵام ئیلامیەکان بۆ گۆڕی میرەکانیان سەکورەیان دروست دەکرد و لەسەر سەکورەکە، تەرمەکە بەخاک دەسپاردراو بە پەیژە دەگەیشتییە تەرمەکە کە پێچەوانەی گردەکانی دەشتی هەولێر یا سەکورەکانی دەشتی هەولێرە، کە گۆڕەکان لە هوندوڕ گردەکەیە و بە تونێلی پەیژەیی دەچیە خوارەوە و دەگەیتە گۆڕەکان یا گۆڕستانەکە.

بەڵام سەکورەکانی ئیلام بەردی لێ بەکارهاتووە، نموونەش سەکورەی چغانەبیل (گردی نەبیل ) ە، ئیتر دەتوانین بڵێین بەخاک سپاردن لە سەکورە، لە هوندوری سەکورە یا بان سەکورە، قۆناخێکی پێشکەوتووی بە خاک سپاردنە، قۆناخی سەرەتاییە، بەخاک سپاردنیش لە ناو ماڵەکانیان بووە .

ئیتر لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی میترا، تەرم بەشاخ دەسپاردراو لەماڵەکان چووە دەرەوە، دواتر لەسەردەمی میدییەکان ئەم گۆڕانە گرینگییان زیاتر پێدراو لەهەڵکەندنی وێنە و نەخش و نیگار، هەروەها دروستکردنی پەیژە بۆ گەیشتن بە دەخمەکان، بەڵام بۆ مرۆڤی ئاسایی لەناو کوپە بەخاک دەسپاردرا، لەسەردەمی ساسانیەکان کوپەکان بەقیڕ ناوپۆش دەکران نەوەک کوپە شێ هەڵمژێ و خاک پیس بکات.

جا بەهۆی کنە و پشکنینەکان بە بەردەوامی پەرستگە و گۆڕستانی دێرینی سەردەمە جیاجیاکان لە کوردستان دەدۆزرێتەوە، هەڵبەت

ئەمەش بەڵگەی لانکی شارستانی کوردستانە، لێرەوە شارستانی گەشەی کردووە و ئایینی جیاجیا سەری هەڵداوە و بەجیهان دا بڵاوبۆتەوە.

بە سەرهەڵدانی ئایینیش، کە کوردستان لە قۆناغی ئەفسانەدا بوو، کە هێشتا ئایینی یەکتا پەرستی سەری هەڵنەدابوو.

جا مردوو ناشتن و ڕێ و ڕەسم و نەخش و نیگارەکانی گۆڕ و کێلەکانیش بە ناوچەی دوور و نزیکەکانی کوردستان بڵاوبووە وە و بە دەیان گۆڕستانی دێرین لە کوردستان دەبیندرێت پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و پاڕاستن هەیە.

ئیتر دوای ئەوەی گەلانی کۆنی کوردستان لە قۆناغی ئەفسانە دەگۆڕێن بۆ قۆناغی ئایینی، کە باوەڕیان بەلێپێچینەوە بەڕۆژی دوایی و بەهەشت و دۆزەخ هەبووە، گرنگیان بەگۆڕ داوە، بۆ نموونە هەر لە سۆمەریەکانەوە گرنگی بەگۆڕدراوە، دواتریش لەسەردەمی هوری و میتانیەکان کە ئایینی میترا لە کوردستان بڵاو دەبێتەوە، زیاتر گرنگی بەگۆڕی پاشا و پیاوە ئایینیەکان دراوە، بۆ نموونە میترایییەکان گۆڕی گەورە پیاوانییان لەناو شاخ هەڵدەکەند بەڵام بۆ هەژارەکان دەخمە هەڵدەکەندرا، کە بریتی بوولە چاڵێکی زۆر گەورە کە لەشاخ هەڵدەکەندرا.

دوای ئەوەی تەرمەکان لەسەر بەرزایییەکان دادەنران، ئاژەڵی دڕندە و پەڕەوری گۆشت خۆر، گۆشتەکەیان دەخوارد، ئینجا هێسکەکانیان دەخستە دەخمەکانەوە.

دواتریش تەرم دەخرا ناو کوپە و دوای ئەمەش کێل سەری دەرهێنا، کە کێلی گۆڕەکان وێنەی مرۆڤی لەسەر هەڵدەکەندرا یا لەشێوەی مرۆڤ دادەتاشرا. نموونەش کێلێکی گۆڕستانی فلونە و کێلێکی گۆڕستانی زەرگەزەوییە.

سەیری وێنەی -١- و -٢- بکە .

دواتریش ژوور و گۆمبەت لەسەر گۆڕەکان دروست دەکرا نمونەش گۆڕی نەبی ئوریایە لە کەلا شۆش، تا بەم دواییەش میری جافەکان گومبەتیان لەسەر گۆڕەکانییان دروست دەکرد بەڵام بڵباسەکان و هەنارەییەکان کێلی گۆڕی میر و کیخواکانیان دەگەیشتە ٣-٤ م بەرز .

• لەگۆڕستانەکەی زەرگەزەوی کێلێک مێزەری بۆ داتاشراوە .

بەشێوەیەکی گشتی تا پەنجاکانیش بۆ مرۆڤی چەکدار وێنەی چەک لەسەر کێلی گۆڕەکان هەڵدەکەندراو بۆ گۆڕی ئافرەتانیش دەسکە گوڵ و کەرەستەی تەون کردن هەڵدەکەندرا .

سەیری وێنەی ٤-٥ بکە .

لەدوای شەستەکانیش هەلبەستی نیشتمان پەروەری بۆ شەهیدان دەنووسرا، بەڵام ئەمڕۆ هیچ گرنگییەک بەهەلبەست نووسین و وێنە لەسەر هەڵکەندن نادەن بەڵکو کێلەکان لە مەڕمەڕ دروست دەکەن و ناوی کۆچ کردووی لەسەر هەڵدەکەنن و لەگەڵ نووسینی چەند ئایەتێک، واتە گۆڕ و گۆڕستانیش لەلایەن خانەوادەکانیانەوە بەعەرەب دەکرێن .

سەرەتا وەک نموونە چەند گۆڕستانێکی دێرینی جیهان دەخەینەڕوو کە پەیوەندیان بەچەند گۆڕستانێکی کوردستانەوە هەیە :

## گۆڕستانی ئەریدۆ لەباشووری عێراق

ئەم گۆڕستانە بۆ سەردەمی سۆمەریەکان دەگەڕێتەوە، دوور لەئاوەدانی و بەشێوەیەکی ئەندازەیی دروستکراوە، دەوروبەری هەزار گۆڕی لەخۆگرتووە، ژمارەیەک لەگۆڕەکان سەگی تۆپیوەکانیان لەگەڵ ناشتووە.

دیارە سەگ لە ئایینی میترا و زەردەشتی و بیروباوەڕی سۆمەریەکان ڕێزی لێ گیراوە و تاکو ئەمڕۆش ڕێزی تایبەتی هەیە لای ڕەوەند و گوندنشینەکان، زۆر کەس هەبووە سەگەکەی تۆپیووە، بەخاکی سپاردووە . لەدوای ڕاپەڕین لە گوندی گۆمەشینی نزیک دێگەڵە دوو کوپەلە لەژێر زەوی دۆزرایەوە کەهێسک و پروسکی سەگیان تێدابوو .

**گۆڕستانی ئور :**

ئەم گۆڕستانە لەباشووری عێراق هەڵکەوتووە و گۆڕستانێکی سەردەمی سۆمەرییەکانە و بۆ هەزارەی سێیەمی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، دەوروبەری هەزار گۆڕ دەبێت، حەڤدە گۆڕیان نا ئاسایین و قوڵترن لەوانی دیکە و هەندێکیان ژمارەیەک تەرمی تیایە، کەسەرجەم تەرمەکان لەم حەڤدە گۆڕە حەفتا و چار تەرمن، لەناوەڕاستی ئەمانەش گۆڕێکی بەردین هەیە، پێدەچێت ئەمە گۆڕی پاشایەک بێت و ئەوانی دیکەش تەرمی ئەوکەسانەبن، کە پاشا دەمرێت خۆیان دەکەنە قەربانی، هەر هەموویان لەناو یەک ژوور بەخاک سپاردراون بۆ ئەوەی لەگەڵ پاشا بمرن و هەر لەگەڵ ئەویش زیندووببنەوە .

**گۆڕستانی ئیبیزا :**

لەئەسپانیا، لە دورگەی ئیبیزا هەڵکەوتووە، کە گۆڕستانێکی فینیقیەکانە و بەرلە ڕۆمی بێزەنتە هاتوونەتە ئەم دورگەیە و تاکو

ئەمڕۆ وێنە و داب و نەریتەکانیان پاڕاستووە لەوانە هێما و جەڤەنگی خوداوەندی عەشتەروت (عەشتار) ە، کە لەسەر گۆڕەکانیان هەلیان کەندوە بەم شێوەیە ✶ کە لە ئایینی دیان بووەتە (†) خاچ . هەروەها عەشتەرووت بە شێوەی نیشانەی (+) کۆ دروست دەکرا .

زۆر جاریش سەری خوداوەندی عەشتەروت تیشکەکانیشی بۆ هەڵدەکەندرا بەم شێوەیە Ψ. ✳

وێنەی (خۆر) م لە ژمارەیەکی زۆری کێلی گۆڕستانە دێرینەکانی کوردستانی باشور دیووە لەوانە لە گۆڕستانی ئێدی قزدەری شەمامکێ و دوین و حەزە و فلون و گوندی عەسکەری گەرمیان و .... بەتایبەتی گۆڕستانی فلون هەمان عەشتەروت لەسەر چەند کێلێک هەڵکەندراوە، بەلآم بەداخەوە لە سالآنی دوای ٢٠١١ کەوتە سەر ڕێگەی بێخمە و کاول کراو بەشێکی کەمی کێلەکان ماون ٠ سەیری وێنەی ٨-٩ بکە .

**گۆڕستانە دێرینەکانی جەرمانی کۆن :**

لەشێوەی پاپۆڕێکی هێلکەیی دایە لەسەر هەندێک لە کێلەکان ئەم جەڤەنگەی لەسەر هەڵکەندراوە کە واتای خێر و بێری گەیاندووە، کە پەیوەندی بە رەگ و ریشەوە هەیە، هەمان هێما و جەڤەنگ لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە کێلەکانی گۆڕستانە دێرینەکەی کوشاف هەڵکەندراوە، کێلەکانیش بەردی زۆر گەورەن، کێلی وا هەیە بە ٥ – ٦ کەس هەڵناگیرێت .

١-لەناوەڕاستی نەوەدەکان لە ناوچەی (لیوان)ی چین (١٧٠٠) گۆڕ دۆزرایەوە، کە بۆ (٤.٠٠٠) هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕایەوە، هەر گۆڕێک (١-٣) گۆزەی لەلا داندرابوو، بەگشتی یەکەکیان لەپێینگانی و دوو لەسەرینگانی.

گۆزەکان ڕەنگاو ڕەنگ بوون و چەندین هێمای جۆراو جۆریان لەسەر بوو، دەوروبەری (٣٦٠) هێما بوو، لەوانە خاچی چەماوە (卐)،

دواتر ئەم هێمایە بووبە هێمای نازیەکانی ئەلمانیا، ناوی گۆڕستانەکەش (بانگلۆ) یە، هێماکانیشی  لەپیتی چینی و هەندێکیان لەپیتی هیرۆگلۆفی دەچن، ئەمانە نموونەی  هەندێکیان:



خاچە چەماوەکە لەسەدەی چوارەم هێمای ڕۆژبووە لەهیندستان، ئەم هێمایەش (  ) یەک لەهێماکانی بۆقە، کە واتای هاتنی ورەزی بەهار  یا زاوزێ دەگەیەنێت.

سەیری وێنەی ١٠ – ١١ بکە .

**گۆڕستانی چاتال هۆیۆک لەکۆنیە :**

چاتال هۆیۆک لەباشوری ئەنقەرە نزیک شاری کۆنیە هەڵکەوتووە، پاشماوەی (٢٠٠) خانوو لەژێر زەوی دەرکەوتووە کەبۆ ساڵانی ٩٥٠٠ ساڵی بەر لەزایین دەگەڕێتەوە، واتە سەردەمی چاخی بەردینی نوێیە، گۆڕەکانیش لەناوچاڵی بچووکن لەژێر ماڵەکان بەخاک سپاردراون .

لەم شوێنەوارانەش پەیکەرێکی ئافرەت کە دوو شێری مێینە لە هەردوو لایەتی دۆزراوەتەوە، لە گردی ساتوقەڵای تەق تەق پەیکەری لەمسی دروستکراوی ئافرەت دۆزراوەتەوە، هەلبەت ئەم پەیکەرانەش پەرستراون .

• بە بۆچوونی من کوردستان تا ئەنقەرە و کۆنیا درێژدەبێتەوە، بەڵام دانیشتوانی ڕۆژئاوای تورۆس بەتوورک کراون،کوردانی ئەم دوو شوێنە دابڕاون، کوردانی هایمەنەی ( سەر بەئەنقەرە و کۆنیا بە کوردیەکی پاراو دەدوێن کوردانی کۆنیە بە (سەر) ی مرۆڤ دەڵێن کور، کە ڕەنگی لە باکوور (سەروو) داوەتەوە .

• ئیتر تورک لەسەر سنووری چینەوە هات و بەشێکی زۆری کوردستان و ئەرمەنستان و یۆنان و خاکی لاز و چەرکەزی داگیر کرد .

**گۆڕستانی قەرتاجە لە تونس :**

قەرتاجییەکان دانیشتوی کۆنی تونس بوون، بەر لەزایین لەگەڵ ڕۆما جەنگاون و دواتر بەرەو لەناوچوون ڕۆیشتوون . ئەمڕۆ گۆڕستانێک لە تونس دۆزراوەتەوە کە بەسەدان گۆڕی تیایە، کێلی گۆڕەکان زۆر گەورەو درێژن وەک قالب وانە، جۆرەها هێمایان لەسەر هەڵکەندراوە،یەک لەوانە ئەم هێمایەیە ٦ کە هەمان هێما لەسەر کێلێکی گەورەی گۆڕستانی کوشاف دەبیندرێت، هەروەک لەوێنەی ژ (١٢) دا دیارە .

**گۆڕستانی بوراو :**

ئەم گۆڕستانە لەبنار چیای لیلۆن و چیای سپی هەڵکەوتووە، لەناوچەی ئاڤرینی ڕۆژئاوای کوردستان. کە بۆ بەر لەزایین دەگەڕێتەوە و وێنە و هێمای جۆراوجۆر لەسەر کێلەکانی هەڵکەندراون، لەسەر هەندێک لە کێلەکان وێنەی تاوس هەڵکەندراوە، هەلبەت ئەمەش ئەگەر پەیوەندی بە ئایینی میتراوە نەبێت ئەوا پەیوەندی بە ئایینی ئێزدیەوە هەیە .

هەروەها پەیکەری خودای نازاتای میترایش لەم گۆڕستانە دەبیندرێت. لەسەر کێلێکی گۆڕستانی بابەگیسکی خەیلانیان وێنەی تاوس هەڵکەندرابوو .

**گۆڕستانی سەلجوقیان لە ئەخلاتی وان :**

گۆڕستانێکی زۆر دەگمەنە کێلەکانی زۆر گەورەو دەگمەن و نەخشێنراون، بۆ سەردەمی سەلجوقیەکان دەگەڕێتەوە کە لەسەر گۆڕستانێکی دێرین دروستکراوە . چەند کێلێکی گۆڕی میرانی سەلجوقی دەکەوێتە بەرچاو بەشێوەیەکی هونەری زۆر سەیر و سەمەرە

نەخشێنراون، کە زۆر نزیکن لە نەخشەکانی گۆڕستانێکی پشدەر کە بەسەدان کێلی لەم جۆرە تیایە .

سەیری وێنەی (١٣) بکە .

**گۆڕستانی قەڵای شۆش :**

قەڵای شۆش کەوتۆتە ڕۆژئاوای شارۆچکەی ئاکرێ، ئەم قەڵایە هەر لەکۆنەوە شوێنی نیشتەجێ بوون بووە بەهۆی کانیاوەکەی، بەڵام ئەمڕۆ تەنها یەک ژوور ماوە کە گۆڕی نەبی (ئوریا) ی تیایە لەگەڵ چەند گۆڕێکی دیکە، لەوانە گۆڕی نایلە خاتوون خوشکی میری بادینانە و لەدەرەوەش ژمارەیەک گۆڕ دەبیندرێت، گۆڕەکەی نەبی ئوریا گۆسکەیەکی لەقوڕ دروستکراوی لەسەرە و دەرخۆنەشی بۆ دروست کراوە، هەر یەکی زیارەتی بکە پڕ ئاوی دەکا . لەتەک ئەم ژوورە، ژوورێک وەک ژێرزەمین وایە دەبیندرێت پێ دەچێت پەرستگابێت .

گۆزە و ئاو، کە پەیوەندی بە خوداوەندی میتراوە هەیە . سەیری وێنەی ژمارە (١٢ – ١٠) بکە .

هەروەها لەبەردەم ژوورەکە بەردێک بەدرێژی دوومەتر و پانی نیومەتر لەشێوەی دینگە لەبەردەم ژوورەکە بەقیتی داندراوە لای سەرەوەی چالێکی بچووکی لێ هەلکەندراوە، دیارە ئەمە گۆڕی یەک لەمیرەکانی ناوچەکە بووە و لەسەر ئاینی زەردەشتی بووە، چونکە هەندێک لەمیرەکانی زەردەشتی کە کۆچی دواییان دەکرد تەرمەکەیان لەسەر چیا دادەنا بۆ ئەوەی ئاژەڵی دڕندە و پەڕندەی گۆشت خۆر، گۆشتەکەی بخۆن و دواتر هێسکەکەیان دەخستە گۆزەیەک و بەردێکی لەم جۆرەیان بۆ ساز دەکرد و گۆزەکەیان دەخستە سەر بەردەکە و لەبەردەم کۆشکەکەی دایاندەنا، هەروەک لە وێنەکەدا دیارە.

سەیری وێنەی ژمارە (١٦ – ١٧) بکە .

بەڵام بەداخەوە لەسەردانێکی دیکەم بۆ ئەم قەڵاتە بەردەکە نەمابوو، دوورنیە بەچەند کەسێک بەردەکەیان فڕەدابێتە خوارەوە .

لەخوارەوەی قەڵای شۆش تا دەگەیتە گوندی کۆزێ دارێ چەند گۆڕستانێکی دێرینی دیکە دەکەونە بەرچاو کە چەندین وێنەی سەیر و سەمەرەیان لەسەر هەڵکەندرابوو، بەڵام خەریکی لەناوچوون بوون .

سەیری وێنەی ژمارە (١٧) بکە .

## کلیل هێمای کلیل بەدەست و بەرتیل دانە

لە گۆڕستانێکی دێرینی گوندی (کۆزێ دارێ ) ی ڕۆژئاوای ئاکرێ کێلێکم دۆزیەوە وێنەی کلیلی لەسەر هەڵکەندرابوو . کلیلیش بێجگە لەواتاکانی ناوبراو پەیوەندی بەئاییینی میتراوە هەیە .

لە گۆڕستانە دێرینەکانی شۆشی خوزستان و چغازنەبیلی ئیلامیەکان و گۆڕستانی دێرینی کەنگاوەر جۆرەها کێلی سەیر و سەمەرە لەسەر کێلان دەبیندرێت لەوانە لقی زەیتون و کلیلە، هەندێکیش بەبۆیەی سور ڕەنگ کراون، هەندێکیش لە گۆڕەکان لەشێوەی بەلەم دروست کراون .

سەیری وێنەی ژ (١٨) بکە .

## گۆڕستانی تەپۆلکەی مەجید

تەپۆلکەی مەجید لەنێوان تەختی سلێمان و گوندی نوسرەت ئاوا هەڵکەوتووە، گۆڕستانێکی دێرینی تیایە کە بە گۆڕستانی تومولۆسەکان ناسراوە گۆڕی تومولۆس بریتیە لە کۆمەڵە گۆڕێک، کە گۆڕێک، لە ناوەڕاستە و ئەوانی دیکە وەک بازنە بەدەوریەوەن لە نزیک گوندی ئەحمەد ئابادی باکوری (ورمێ) یش گۆڕستانێکی لەم جۆرە هەیە، ئەم جۆرە گۆڕستانەش زۆر دەگمەنە، دوورنییە گۆڕەکەی ناوەند، گۆڕی

کێخوا یا سەرداری ناوچەکە بووبێ، دوای مردنی داروودەستەکەی خۆیان کردۆتە قوربانی کێخوا .

**دروست بوونی گۆڕستان بۆ دروست بوونی ئاوایی دەگەڕێتەوە**

دروست بوونی ئاوایی یا شار سەرەتای دروست بوونی بارەگای خوداوەند بووە، واتە بارەگای خوداوەند بوو بەهۆی دروست بوونی شار، کەواتە ئایین رۆڵی سەرەکی هەبووە لەدروست بوونی ئاوایی یا شار بۆیە دەبینین لە وڵاتی میسۆبۆتامیا پەیڤی دین ڕەنگی داوەتەوە لە ناوی گوند و شاری کوردستان و دەوروبەری وەک دینەوەر، هەمەدان (هەمەدین )، دینارتە، ماندیان، دیانا، هاودیان، ..

بەڵام لەدوای ئەم قۆناغە لەباشوری ئەوڕوپا و ئاسیای بچووک دەسەڵات و فەرمانڕەوا، بووە هۆی دروست بوونی شار، بۆیە وشەی پۆلس ڕەنگی لەناوی شارەکان داوەتەوە وەک دواتریش ناوی ئیمپراتۆریەت ڕۆلی سەرەکی بینیووە لە دروست بوونی شار لە ئیمپراتۆریەتی ئاشور و ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمی وەک شاری ئاشور، شاری ڕۆما، کە بەناوی ئیمپڕاتۆریەتەکەیان ناویان لێناوە .

**چۆنیەتی ناشتنی تەرم لە ڕۆژهەڵاتی ئێران**

ئەگەر سەیری دیرۆکی پارتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بکەین، کە پەیڕەوی مەزدێسنابوون لاشەی مردووەکانییان لە کەش و هەوای کراوەدا داناوە و لەدوای نەمانی لاشەکان ئێسقانەکانیان لە چاڵێکی بەردیندا داناوە، هەروەها بەچەندین جۆری دیکە لاشەی مردوویان بەخاک سپاردووە و لاشەی منداڵەکانیشیان لەناو گۆزەی گەورە ناشتوون .

هەمان بەخاک سپاردنیش لەکوردستان دەبیندرێت، بۆ نموونە لەگوندی باشقال ئاغا هەڵکەندراوێک لە چیا دەبیندرێت لەشێوەی گۆڕ هەڵکەندراوە، پێدەچێت بۆ بەخاک سپاردن بێت، هەروەها لەگوندی (شکەفتێ ) ی زێبار لەئەشکەوتی هەنداو گوندی، تاتە بەردێک لەبەرزایی ئەشکەوتەکە هەیە، بەکردنەوەی هەڵکۆلینەک دەڕوانێتە دۆڵەکە کە بەتەختی خاتوونێ دەناسرێ . دوورنیە ئەم خاتوونە گەورەی ناوچەکە بووبێ و دوای مردنی لاشەکەی دەبەنە سەر ئەو تاتە .

سەیری وێنەی (١٨) بکە .

گۆڕی کوپەیش لەهەموو کوردستان دەبیندرێت . بەشێوەی تاک و بەشێوەی کۆمەڵ بۆنموونە لەسەر گردی گوندی کوشافێ گۆڕستانێکم بینی هەمووی کوپەبوون، هەروەها لەگوندی گوسکێی ئاکرێ گۆڕستانێک دەبیندرێت، کە دەوروبەری ٣٠٠ کوپە دەبوون .

لە ڕۆژهەڵاتی ئێران زۆر تەرم دۆزراوەتەوە کە تابووتەکەی بە قەپاغ (دەرخۆنە) داپۆشراوە، نموونەیەکیش لەم جۆرە لەنزیک شەقامی پزیشکان لەقولایی ٤م دۆزرایەوە، کە بریتییە لە سێ گۆڕ، دەرخۆنەکانیان لە گڵ دروستکراوە و نەخشی زۆر ورد لەسەریان هەڵکەندرابوو، بەلام بەداخەوە تیمی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، بەقازمە دووانیان وردوو خاش کردبوو تەنها یەکێکیان پارچەیەکی لێ مابۆوە هەر وەک لەوێنەکەدا دیارە . سەری وێنەی ١٩ بکە .

دوای ئەوەی تیمێکی شوێنەواری ئەلمانی چاوی بە هێسک و پروسکەکان کەوت، وتی ئەمە تەرمی پاشا و ژن و کوڕەکەیەتی لەم شوێنە بەخاک سپاردراون کەبۆ ٢٠٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە .

**گۆڕستانی شاری دارا**

شاری دارا شوێنەواری شارێکی دێرینە نزیک نسێبین هەڵکەوتووە، لەسەردەمی هەخامەنیشییەکان ژمارەی دانیشتوانی ١٥٠٠٠٠ کەس بووە، .

گۆڕستانێکی تیایە گۆڕی چەندین سەردەم لەخۆ دەگرێت، لەهەر سەردەمە و مردوویان بەجۆرێک بەخاک سپاردووە، کۆنترینیان بۆ ٢٠٠٠ پ.ز دەگەڕێتەوە، لەمەیان هەر گۆڕە، شووشەیەکی بچووکی پڕ لە فرمێسک لە تەکیەوە داندراوە، ئەو تەرمانە تەرمی مێردەکانیانە کە تا لەجەنگ گەڕاونەتەوە بۆیان گریاون و فرمێسکەکانییان کۆکردۆتەوە .

هەندێک تەرم لەناو گۆڕی بەردین و هەندێکیش لەدرزی شاخەکانەوە نێژراون کە بۆ سەردەمی ڕۆمەکان دەگەڕێتەوە، هەندێ گۆڕیش لەشێوەی مال دایە، دیارە لەو باوەڕەدا بووینە کە مردووەکە زیندوو دەبێتەوە و وەکو جاران لەم ماڵە دەژییێت، ئەم بیرو ڕایە هەمان بیروڕای سۆمەرییەکانە و ئەم ماڵەش لە زمانی سۆمەری بەجیهانی کور ناسراوە، خوداوەندی دوموزی کوڕی خوداوەندی عەشتاریش لە (٢١) ئادار لەم ماڵە دێتەوە سەر رووزەمین و زەماوەند دەکات . سەیری وێنەی (٢٠) بکە .

لەناو هەندێک لە گۆڕەکانیش هێسکی هەسپ و زین و ڕێشمە و شمشێر دۆزراونەتەوە .

لە ساڵی ١٩٩٤ گۆڕێکی لەم شێوە لە گەڕەکی کوردستانی هەولێر لەژێر زەوی بەرامبەر گردی کلک مشک دۆزرایەوە کاتێک کە مەڕدارێک چاڵێک هەڵدەکەنی بۆ تێ کردنی کاو و جۆی بۆ مەڕەکانی، دەگاتە چاتیەک کە دەیڕوخێنێ، ژوورێکی بە کەرپووچ و قیر دروستکراو دەردەکەوێت، تەرمێک لە ناوەڕاستی ژوورەکە لەسەر تاتێکی قوڕین درێژکراوە و شمشێرێک و ژمارەیەک گۆزە و قاپ و قاچاخ

لەدەوروبەری داندراوە هەروەها چەند دەلاقەیەک لە دیوارەکانی هەبوو، واتە کابرا کە بانەکە دەرِوخێنێ ماڵێکی پڕ لە کەرستەی ژیان دەبینێت، دانیشتوانی گەڕەکەکە کەل و پەلەکان تالان دەکەن و هەندێکی دەشکێنن و پەیکەری ئێسقانەکەش ورد و خاشی دەکەن، گوایە گۆڕی کافرانە، من کە ڕۆژی دوایی چاوم پێ کەوت و چوومە ناو ژوورەکە تەنها وردە هێسک و کەل و پەلی شکاوم بینی، دواتر ئاسایش سەری ئەم ژوورەی بەکابرای مەڕدار گرتەوە، تا ئەموۆشی لەگەڵ بێ بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر لێی نەپێچایەوە.

- خوداوەندی ئەنلیل، خوداوەندی جیهانی ژێرەوەی (کور) سۆمەریەکان بووە .
- ئەمەش گۆڕێکی دیکەی ژێرگردی کلک مشکە . وێنەی ژمارە (٢١) .
- چەند گۆڕێک بەرامبەر گردی کلک مشک لە قوڵایی ٣- ٤ م دۆزرایەوە،هەندێکیان

لە ناوبانیون بوون و هەندێکییان بە کەرپووچی تایبەت واتە کەرپووچەکان هەندێکیان چە مابوونەوە و گۆڕەکانیان پێ دروستکرابوو،هەروەک لە وێنەکاندا دیارە .

هەروەها لەنێوان گوندی عارەب کەند و سوێریش ژوورێکی لەم شێوەیە دۆزرایەوە .

گۆڕستانێکی دێرینی سنە بۆ چەرخی ئاسن دەگەڕێتەوە لەشاری سنە لەساڵی ٢٠٠٨ دۆزرایەوە، کە بۆسەرەتای چەرخی ئاسن (٨٠٠ – ١٢٠٠) ساڵی بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.

لە ژمارەیەک لەگۆڕەکان خواردن و خواردنەوە لەگەڵ کەل و پەلی پێویست بەخواردن دانرابوو، ئەمەش بیروباوەڕی ئەو کاتە بووە، کەباوەڕیان بە دۆنا و دۆن و زیندووبوونەوە هەبووە .

- دۆن : گیان، ڕوح واتە کە یەکێک گیانی دەردەچێت ئەم گیانە دەچێتە لاشەی یەکێکی تازە دروست بوو . دۆن لەناوی دونیا ڕەنگی داوەتەوە بەڵام عەرەب بەهەڵە بۆ جیهان بەکاری دەهێنن .

**گۆڕستانی پیرداود لەدەشتی هەولێر**

لەژمارەیەکی زۆری کێلی گۆڕەکانی دەشتی هەولێر کە هەندێکیان بۆ دەوروبەری ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە وێنەی گوڵ و درەختی لەسەر هەڵکەندراوە، هەڵبەت ئەمەش ریشەکەی بۆ ئایینە کۆنەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، کە پەیوەندی بەپیرۆزی گوڵ و پەرستنی درەخت هەبووە، لەوانە گۆڕستانی گوندی منارە و گۆڕستانی پیرداود و گۆڕستانی حەزە دەبیندرێت . هەروەک لەوێنەی ژمارە ٢٢ ــ ٢٣ دیارە .

**گۆڕستانی ڕێژاو**

لەڕێژاو گۆڕستانێکی زۆر دێرین هەیە، کاتی خۆی گۆڕستانی زەردەشتیان بووە، هەندێ لەکێلەکانی نەخش و نووسراویان لەسەر بووە، بەڵام ڕەش کراونەتەوە و ناخوێندرێنەوە، هەندێ لە کێلەکانی وەک منارە دروستکراون – ئەبودوجانەی پیاوچاکیش هەر لەم گۆڕستانەدایە .

**(ئاو هێمای خوداوەندی ئاناهیتایە )**

ئاو هێمای خوداوەندی ئاناهیتایە، بۆیە گۆزەی ئاو لەسەر زۆر لەگۆڕە دێرینەکان داندراوە بۆ نموونە گۆزەی ئاو لەسەر گۆڕی پاشا دانرابوو، کە لە نزیک شەقامی پزیشکان دۆزرایەوە، کە بۆ ٢٠٠٠ پ.ز دەگەڕایەوە، هەروەها گۆزەیەک لەسەر گۆڕی نەبی ئۆریا لەسەر کەلا شۆش لەڕۆژئاوای ئاکرێ دانراوە خەڵک بەبەردەوامی زیارەتی ئەم گۆڕە دەکەن و ئەم گۆزەیەش بە پڕ ئاوی بەجێ دێلن .

گوایە نەبی ئۆریا سەربازێکی حەزرەتی داود بووە و لەوێ شەهید بووە .

**تایبەتمەندی گۆڕستانەکانی لوڕ و بەختیاریان**

هەر لەسەردەمی مادەکانەوە شێر هێمای ئازایەتی بووە، تاکو ئەمڕۆش پەیکەری شێری مادەکان لە هەمەدان ماوە .

لوڕ و بەختیاریەکان هەر لەکۆنەوە لەجیاتی کێل پەیکەری شێریان بۆ گۆڕی مردووەکانیان داناوە، بەتایبەتی بۆ سوار چاک و پاڵەوانەکانیان لە ناوچەی شەقڵاوەش بە گۆڕی سوارچاکان وتراوە، شێرەسوار یا گۆڕەشێر بۆ نموونە شێرەسواری نزیک کۆڕێ، گۆڕی سوار چاکێکی هۆزی هەنارەییە .

بەڵام لە گۆڕستانی (چل میران ) ی ئێزیدیەکانی ئەرمەنستان هەر لەکۆنەوە لەجیاتی کێل پەیکەری بەرانیان لەجیاتی کێل بۆ گۆڕەکان داناوە، ئەمەش پەیوەندی بەمەڕداری و کۆچەریەوە هەیە .

**( بازنە یا حەلقە هێمای ئەمەکیە بۆ خوداوەندی میترا )**

لەسەر زۆربەی گۆڕستانە دێرینەکانی کوردستان ژمارەیەک حەلقەی لەبەرد داتاشراو لەسەر گۆڕی پیاوچاکان داندراوە، لەوانە گۆڕی پیاوچاکێکە لەگۆڕستانی زەرگەزەوی ناوچەی زراریان، سەیری وێنەی (٢٢) و (٢٣) بکە، زۆر کێلیشم دیوە ناوەندەکەیان بەشێوەی بازنە کون کردووە یا وێنەی بازنە لەسەر کێلەکان هەڵکەندراوە . سەیری وێنەی (٢٢) بکە.

لەچەندین هەڵکەندراوی بەر لەئیسلام حەلقە دەبیندرێت، لەوانە لەهەڵکەندراوەکەی تاقۆستانی سەر پێلی زەهاو کە یەزدان بازنەیەک بە پاشا دەبەخشێت، کە بۆ سەردەمی ساسانیان دەگەڕێتەوە .

**( بەخاک سپاردن لەنێو ئێزدیان )**

گۆڕ هەڵکەندن لەدوای خۆرئاوا، نەشیاوە هەروەها بەخاک سپاردن لەخۆرئاوا تا خۆر هەڵدێ نەشیاوە .

- دوورنیە ئەم بازنانە پەیوەندی بەگۆڕی ئافرەتانەوە هەبێت، یا بە کوژارییەوە هەبێت.

کوردستانیش بە هەزاران گۆڕستانی دێرینی تیایە و دەتوانرێ بە دەیان نامەی دکتۆرای لەسەر بنووسرێ هیوادارم لە هەموو پارچەکانی کوردستان گرنگی پێ بدەن و بیپارێزن .

**(نەخش و مۆتیڤی سەر کێلی گۆڕەکانی کوردستان چوار جۆرن )**

١. ئەمانەش پەیوەندیان بە گەلانی کۆنی کوردستان و میسۆبۆتامیاوە هەیە بەتایبەتی گەلی ئورارتوو، سەکایی، سۆمەری، میتانی، ..... هەروەها پەیوەندی بە ئایینەکانی ئەم گەلانەوە هەیە وەک سروشت پەرستی، ئایینی میترا، زەروان، زەردەشت، .....

٢. پەیوەندی بە وێنەی کەسایەتی کۆچکردووەکە هەیە، کە میر و ئاغا و کێخوا و دەولەمەندەکانەوە بووە .

٣. پەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە کۆچکردووەکە بەکاری هێناوە واتە پیشەکەی.

٤. پەیوەندی بە ئایینە ئاسمانییەکانەوە هەیە، بەتایبەتی ئایینی جولەکە و مەسیحی و موسڵمان، کە وێنەی خاچ و هەیڤ و ئایەت و نەخشی لەسەرە .

**گۆڕستانی زێوە :**

قەڵا و گۆڕستانی دێرینی زێوە کەوتۆتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری سەقز بەدووری ٤٥ کم .

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٣٢٥ واتە لە ساڵانی کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی ئیدارەی شوێنەواری ئێران کەل و پەلێک و خشلێکی زۆریان دۆزیەوە و فرۆشتیان و گەییە مۆزەخانە جیهانیەکان و شوێنەوار ناسانی سەرسام کرد و بەردەوام دەهاتن شتی نوێیان دەدۆزیەوە و لێکۆلینەوەیان لەسەر دەکرد .

گرنگترین شتێ کە دۆزرایەوە گۆڕێکی بەردین لەشێوەی بانیۆنی گەرماو بوو، کە وێنەی بزنە کێوی و ریزیک گوڵی ١٩ پەڕی لەسەر هەڵکەندرا بوو.

بەگوێرەی بۆچوونی زۆربەی شوێنەوار ناسان ئەمە گۆڕی شازادەیەکی ماننابیە . لەگەڵ تەرمەکە دەوروبەری (١٢٠) کیلۆزێڕی تیابوو، کە زیاتری خشلی ئافرەتان بوو لەگەڵ چەندین کەل و پەلی دیکەی وەک شمشێر و دەفر و پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵ کە لە زێڕ و زیوو و مەفرەق و عاج و مەڕمەڕ دروستکرابوون هەمووشیان نەخشی سەیر و سەمەرەیان لەسەر هەڵکەندرابوو، دەوروبەریشی پڕبوو لەسەرەنێزە و قاپ و قاچاخی گلین و زینی ئەسپ و رکێب، پێدەچێت ئەمانە هی خزمەتکار و سەربازەکان بێت .

سەرەتا گەنمەکوتا کەمێک دەکوڵێنن، دواتر فاسولیا و نۆک و نیسکی کوڵاو گوڕ دەکەنە گەنمەکوتایەکە و گۆشتی کوڵاوی بەسەر دادەکەن، ئینجا پنجاری تێدەکەن (پنجار ئەو پنجە گیا بەهاریانەی کە دەخورێن وەک قوڕادە وجاترە..)، دوای ئەوەی ئەم تێکەڵاوە نیو کاتژمێر لەسەر ئاگر دەمێنێتەوە، هێلکەیەک دەشکێنن و زەردێنەو سپیلکەکەی بەتەواوی تێکەڵ دەکەن و گوڕ دەکرێتە ناو هێندێک ماست و تێکی دەدەن و هەندێک سیریشی تێدەکرێت، ئەم جارەیان بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لەسەر ئاگر دەمێنێتەوە واتە ئامادەکردنی کەلەدۆش دەوروبەری (٤) کاتژمێری دەوێت.

## ئەفسانەی کفتا خاڤ

کفتە جۆرە چێشتێکی ناسراوە لەناو زۆربەی گەلان و هەر گەلێک تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دروستکردنی، کوردیش لە دێرزەمانەوە گرنگی بە کفتە داوە و هەمیشە لە بڕوش دروستی دەکەن و ناوەکەی پڕ گۆشت دەکەن و لەگەڵ ئاڤک (ترش، شلە) لێی دەنێن کەچی ئەو کفتەیەی هێلکەی تێدەکرێت لە چێشتی دۆغەوا سازدەکرێت، کوردستانی ڕۆژهەڵات کفتەیەک لێدەنێن کە بریتییە لە برنج و گۆشت کە بە کفتەی عەجەم دەناسرێت.

دەگێڕنەوە دەڵێن کاتی خۆی لەسەردەمی نەمرووددا دارودڕو ئێزنگی ناوچەکە هەمووی کۆ دەکرێتەوە بۆ سووتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر، لەوکاتیش کابرایەک لە شاری ئورفەی کوردستانی باکور مامزێک ڕاودەکات، جا بەهۆی نەبوونی ئێزنگ و سووتەمەنی ژنەکەی کابرا گۆشتەکەی لەبەزەکە جیادەکاتەوە گۆشتەکە بەخاوی دەخاتە ناو کفتەکە و بەبەزەکە دەیکوڵێنن تاکو ئەمڕۆش کفتا خاڤ لەشاری ئورفە بەردەوام دروست دەکرێت.

## چۆنیەتی هەڵگرتنی خواردەمەنی

هەندێ لە بەرهەمەکانی ئاژەڵ وەکو پەنیر و ژاژی لەناو پێستە هەڵدەگیران، ڕۆنیش لە هیزە و قاورمەش لە گۆسکە هەڵدەگیران.

کەرە دەقرچایەوە دواتر دادەنرا و کەفەکەی سەری کە (سەردۆ) ی پێدەگوترا و دەشخورا لایان دەبرد و بنەکەشی کە (بن دۆ) ی پێ دەگوترا نەدەخورا و ئەویش لادەبردرا، ئینجا ڕۆنە پاک و بێگەردەکە دەمایەوە و لە هیزە دەکرا.

بەگشتیش جاران خواردەمەنی جۆراوجۆریان لە کەندەرانان دەپاراست بەهۆی ئەوەی کەندەران هەمیشە سێبەر و فێنک بووە و ڕۆژی پێنەدەکەوت.

جاری واش هەبوو بۆ ماوەیەکی کورت لەناو قەسەر خواردەمەنی هەڵدەگیرا، بەڵام لە ناوچە شاخاوییەکان خواردەمەنی لەناو ئەشکەوتەکان هەڵدەگیرا بۆ نموونە ئەشکەوتی ساردەوی ناوچەی هەریر خواردەمەنی گوندێکی تێدا هەڵدەگیرا.

کفتەی گزک

لە دەوروبەری شاری مەلاتیەی کوردستانی باکور جۆرە کفتەیەک لە بڕوش یا پیر خەنی دروست دەکرێت، کە لە قەسپێک گەورەتر نییە، دوای ئەوەی بڕوش لە ئاوێ دەکرێت و بەهاراتی پێویستی تێکەڵ دەکرێت و تەواو تێکی دەدەن و وەک هەویری لێدەکەن، ئینجا کفتەی گچکە گچکەی لێ دروست دەکەن و دەیکوڵێنن، دوای خستنە سەر ئاگری بە چارەگێک دەیهێننە خوارەوە و دەیپارزنن، دواتر دەیخەنە مەنجەڵێک و ڕۆن و پیاز و کەرەوز و تەماتە و بیبەری تێدەکەن، دوای کوڵانی دەیهێننە خوارەوە و ئامادە دەبێت بۆ خواردن و بەم چێشتە دەڵێن گزک کفتە یا گزک کۆتلک.

## چێشتی سیابۆ چۆن دروست دەکرێت؟

سیابۆ جۆرە گیایەکە لە کەنگر دەچێت لە بەهاران لە چیاکان دەڕوێت، ساڵانە ئافرەتانی گەوەڕ هەموو بەیەکەوە وەک گێڕانی ئاهەنگێک چەند جارێ لەم وەرزە ئەم گیایە دێنن و دوای ئەوەی پاکی دەکەنەوە دەیکوڵێنن، دواتر دەخرێتە پارزونگەوە بۆ چۆڕانەوەی ئاوەکەی، ئینجا دەخرێتە جاغێکەوە و دەیکوشن تا بەتەواوی ئاوەکەی چک دەکات. ئینجا تەماتە و بیبەر لەگەڵ بەهاراتی پێویست دەخرێتە ناو ڕۆنەوە، دوای کوڵانی، سیابۆ یەکەی لەگەڵ تێکەڵ دەکرێت ماوەی چارەگێک لەسەر ئاگر دەمێنێتەوە و ئامادە دەبێت بۆ خواردن. دوای کوڵانی لە شوشان بۆ زستان هەڵدەگیرێ، سیابۆ بە خاویش دەخورێ و لەزۆر چێشتی دیکەش بەکاردێ.



## هەڕشتە چۆن دروست دەکرێت



هەڕشتە جۆرە خواردنێکە لە هەویر دروست دەکرێت باریک و درێژ لە شێوەی بەن دایە، بەتەنیا دەخورێت و لەسەر پلاو برنج و پلاو ساواریش دادەنرێت، زیاتریش لە زستانان دەخورێت، ئەمڕۆکەش بەدەگمەن لە کوردەواری دروستی دەکەن زیاتر هەڕشتەی تورکی بەکاردەهێنن.

چۆنییەتی دروستکردنی هەڕشتە

لەدەشتی هەولێر سەرەتا ئاردەکە دەبێژرێت و دەکرێت بە هەویر و ئەگەر هەویرەکە لە تەشتی دار بشێلدرابوایە ئەوا باشتریش دەبوو، ئینجا بەگوێرەی هەویرەکە بەهاراتی وردکراوی تێدەکرا وەک: خوێ، بیبەر، بۆن...

دواتر هەویرەکە بەشێوەی هەنگوتک دەبڕدرایەوە و لەسەر فەرشە بە تیرۆک پان دەکرایەوە لەشێوەی نان، ئینجا قەد قەد دەخرایە سەر یەکتری و ئاردی پێوە دەکرا تا قەدەکان بەیەکتری وەنەنوسێن دواتر هەویرە قەدکراوەکە بەچەقۆ باریک باریک لە شێوەی بەن دەبڕدراو بەسەر ڕستەدا هەڵدەواسرا بۆ ئەوەی وشک ببێتەوە، دوای وشبوونەوە، سێڵێک قوڕی تێهەڵدەسوون و لەسەر زەوی دایدەنێن بەمەرجێ دیوە قۆڵەکەی لەسەرەوە بێت و ئاگری لەبنەوە دەکەنەوە و هەڕشتەکە لەناو سێڵەکە دەکەن و سۆری دەکەنەوە.

لەناو شاری هەولێریش دوای ئەوەی هەویری هەڕشتە ئامادەکرا، مەکینەی تایبەت بە هەڕشتە هەبوو، تۆپ تۆپ هەویرەکەیان لەسەر مەکینەکە دادەنا و ئاردیان بەسەر وەردەکرد، کاتی ئیشکردن بەمەکینەکە بەدەست، هەویرەکە لەخوارەوە بەشێوەی تاڵ تاڵی باریک لەشێوەی بەن دەهاتە خوارەوە، دواتر ئەم تاڵانە بە هەڵواسین یا هەڵخستنی وشک دەکرانەوە و دواتر سوور دەکرانەوە دروستکردنی هەڕشتەش لەسەرەتای وەرزی پایز بووە.



## نۆک خواردنێکی سەرەکی ناوچە شاخاوییەکانە



نۆک لەسەرەتای بەهار دەچێندرێت و دەوروبەری سێ بست بەرز دەبێتەوە، زیاتریش لە پێدەشتی چیاکان دەچێندرێت و لەناوچە دەشتاییەکان لەسەرەتای مانگی پێنج پێ دەگات و لەناو چیاکان و پێدەشتی چیاکان لە کۆتایی مانگی پێنج پێ دەگات.

بەرلەوەی وشک بێتەوەو پی بگات پێی دەڵێن فەریکە نۆک و لە بازاڕ بەدەسک دەفرۆشرێت و زیاتر منداڵان دەیخۆن.

دوای ئەوی دەنکی دەکات ئەگەر چەند جارێک لە سەر یەک بارانی لێبدات، ئەو تامو سوراوکی نۆکەکە نامێنی لە ئەنجاما کرمێک لە دەنکی نۆکەکان دەداو دەنکەکان کون دەکات و بڕکەکەشی هەر دەکڕوزێت و ئاژەڵ نایخوات نۆکەکەش بێ نرخ و بەها دەبێت، بەم نەخۆشیە دەڵێن قەڵاسم، جا هەر نۆکێکی ئەم کرمە لێی دابێت کون کون دەبێت پێی

دەڵین قەڵاسم لێیداوە. نۆک دوو جۆری هەیە یەکیکیان دەنکەکانی وردە ئەوی دیکەش دەنکەکانی گەورەترە پێی دەڵین شامینۆک.

نۆک ئەگەر پەروەردە بکرێت ئەوە کورەک دەبێت و زوو دەکوڵێت هەروەها لە برژاندنی بۆ چەرەزات ناسک دەبێت، بەڵام ئەگەر پەروەرد نەکرێت بە زەحمەت دەکوڵێت و بۆ چەرەزاتیش دەست نادات، هەروەها نۆک دوای کوڵانی بەیانیان بە نان و چا دەخورێت و لە شلە لەگەڵ برج لێدەنرێت، هەروەها بە شێوەی ئارینۆکیش لێدەنرێت، بەم دواییەش دەکرێتە فەلافل. (فەلافل) یش جۆرە خواردنێکی مسریانە و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە، هاتە باشووری کوردستان.

## ئەنتیکە خانەی کوێستان

**دیمانە/ نەجیبە زرار**



ئەنتیکە خانەی کوێستان پێشانگایەکی کولتووری هەمیشەیی قوتانخانەی کوێستانی بنەڕەتیە لە گەڕەکی ئازادی، کە جۆرەها کەلوپەلی کولتووری و چەند پارچەیەکی شوێنەواری دێرینی تێدا دەبیندرێت، جا بۆ ناساندنی ئەم ئەنتیکەخانەیە بە پێویست زانرا چاومان بەسەر پەرشتکاری ئەنتیکەخانەکە، مامۆستای هونەری عەباس سلێمان سمایل بکەوێت و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین.

**• هۆی دروست بوونی ئەم ئەنتیک خانەیە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- سەرەتا بۆ مەبەستی کولتووری کۆن و پاراستنیان، ئەم ئەنتیکەخانەیەم دامەزراند، چونکە زۆر ماڵ هەیە کەلوپەلە کۆنەکانیان فڕێ دەدەن بەهۆی ئەوەی باوی نەماوە، جا منیش قوتابیانم تێگەیاند کە هەر شتێکی لە ماڵەوە بەهۆی نەمانی مۆدیلەکەی دەیانەوێ فڕەی بدەن

ئەوا بۆ ئەنتیکە خانەکەی بهێنن باشترە. هۆی دووەمی، زیندوو کردنەوەی کولتووری کوردە و فەرهەنگەکەیەتی، زۆر جار قوتابی بەهۆی ئاشنانەبوونی ئەم کەلوپەلانە ناوەکەشی نازانێ، جا لەم ئەنتیکەخانەیە ناوەکەی دەزانێ و دەزانێ باپیرانی بۆچیان بەکارهێناوە و زۆرجار وێنەشی دروست دەکەن. واتە بووەتە فەرهەنگێکی کولتووری. دواتریش سوودێکی زۆرم لەم کەلوپەلانە دیت بۆ کاری نمایش کردن، کە هەموو پێویستیەکی نمایشی لە شانۆ و دراما پڕ دەکاتەوە.

**• چەند ساڵە ئەم ئەنتیکە خانەیەت کردۆتەوە و کەلوپەلە دەگمەنەکانت چین؟**

- دەوروبەری سێ ساڵە ئەم ئەنتیکە خانەیەم کردۆتەوە، بەڕێوەبەری قوتانخانەکەش پاڵپشتی سەرەکی بووە و کەلوپەلەکان بریتین لە چەندین جۆری مافوور، بەڕە، جاجم و لباد بەچەندین جۆری نەخشەوە، هەروەها مەشکە، کوندە، هەمبانە، دەولک جلوبەرگێکی زۆر، داس، قەرانگ، کەژی، جۆرەها کڵاو و سەرپۆش و گۆپاڵ و... هتد لەگەڵ چەند پارچەیەکی شوێنەواری دێرین لەوانە: مەنجەڵێکی بەردین، کۆلێکی



لەقوڕ دروستکراو، نەخشێکی لەبەرد هەڵکەندراو گۆسکەیەکی دۆزراوە لە ژێر زەوی و چەندین پارچەی دیکە.

• **لەم ماوەیە لەم ئەنتیکە خانەیە چەند شانۆگەریت نمایش کردووە؟**

- لەم ماوەیە ٢٠ شانۆگەری و دراما و ئۆپەرێت نمایش کراوە و (١٤) لەمانە بەکامێرای ڤیدیۆ وێنەی گیراوە و دواتر کراوەتە سی دی و دابەشی سەر قوتابیانی ئەکتەر کراوە.

• **بابەتەکان دەربارەی چین و کێ نووسیویەتی؟**

- بابەتەکان پەروەردەیی و داب و نەریتی کۆن و مێژووین لەوانە تریفەی داماو، بووک و خەسوو، نەورۆز، کیمیا بارانی هەڵەبجە، جۆرکە لیرە، قەمبوری سەر قەمبور.

• **چ خۆزگەیەک دەخوازی بۆ ئەنتیکە خانەکە؟**

- من بەپێی توانا ئەنتیکە خانەکە بەردەوام دەوڵەمەند دەکەم خۆزگە دەخوازم لە هەموو قوتابخانەیەک مامۆستای هونەری کە ئەرکی سەرشانیەتی گرنگی بەم لایەنەش بدات، هەروەها پێویستە بەشی شانۆ لە هونەرە جوانەکان لە قوتابخانە سەرەتاییەکان دابمەزرێن بەمەرجێ سەرپەرشتیار داوای چالاکی شانۆییان لێ بکات.

ئەم ئەنتیکە خانەیە لە ٢٠٠٧تا ٢٠١٨ بە ردەوام بوو، بەلام دوای ئەوەی مامۆستای هونەری لە ٢٠١٨

خانەنشین بوو ئەم ئەنتیکە خانەیەش نەماو، کەل و پەلە وردەکانی هێناماڵەوە .

ئەم دیمانەش لە سالی (٢٠١١) ئەنجام دراوە.

## حکایەتی کوردەواری (کۆسە مرد)

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو، کۆسە مرد کفنی نەبوو، هەڵیان گرت جێگەی نەبوو، دایان نا ڕێگە نەبوو، خستیانە تاق چاوی چوو بە زاق، خستیانە بن میچ دانی چوو بە ڕیچ، خستیانە کەلەک، کەلەک ڕوخا، وتیان کەلەک بۆ ڕوخایت؟

وتی ئەی بۆچی گیا لەبنم سەوز دەبێ؟ وتیان گیا بۆ لەبنی سەوز دەبی وتی ئەی بۆچی بزن سەرقەتم دەکات وتیان بۆچی بزن سەرقەتی دەکەیت وتی ئەی بۆچی گورگ چاوم لێ زەق دەکات وتیان گورگ بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیت وتی ئەی بۆچی شوان هەلەلەم لێ دەکات وتیان شوان بۆچی هەلەلەی لێ دەکەیت وتی داپیرە نایەڵێ شیر بدۆشم وتیان داپیرە بۆ نایەڵی شیر بدۆشێت وتی ئەی بۆچی مشک سەردۆڵم دەخوات وتیان مشک بۆچی سەردۆڵی دەخۆیت؟ وتی ئەی بۆچی پشیلە چاوم لێ زەق دەکات وتیان پشیلە بۆچی چاوی لێ زەق دەکەیتەوە؟ وتی: گولەکەی ئەبلە پەرێشم، ئەگەر لێرە بنیشم ئەچمە شاری تارانێ، جگەرە قوت قوت دەکێشم.

## دوندی چیای حەسەن بەگ شیاوە بۆ هاوینە هەوار



چیای حەسەن بەگ لە جێیەکی ستراتیژی ناوبەرا باژاڕێ دیانە و سیدەکان دایە، گەرمەسێر و زۆزانی لێکجیاکردۆتەوە، لە قەدپاڵەکانی کانیاو دەبیندرێن و دارستانی بۆش و زۆڤ درەختی، شاخەکانی مەڕ مەڕ و گرانێتن و جۆرەها ڕەنگیان تێدا دەبیندرێت، دوور نینە هندەک لەوان مادەی ئاسن تێدا هەبت، (گۆینی) کە دەوەنێکی کوێستانییە و سەرەتای هەبوونی لەوێوە دەسپێدەکات، کە ڕەوەند و کۆچەرەکان بۆ سۆژین سوودی لێ وەردەگرن.

جا ئەگەر خزمەتگوزای بگاتێ لە چێکردنی ڕێگاو بان و هۆتێلێ گەشتیاری و باخچە و بازاڕ، ئەوا بێگومان دەبێتە یەک لە هاوینە هەوارە هەرە خۆشەکانی کوردستان، بەتایبەتی خۆشکردنی ڕێگاو بان و بوژاندنەوەی کانییەکان و دروستکردنی بازاڕ و هوتێل و پارک، هەروەها ئەگەر لە نساری لوتکەکە چاڵە بەفر دروست بکرێت ئەوا

دەبێتە هۆی زیاد بوونی ئاوی کانییەکان، بەهۆی چڕی دارستانی لای ڕۆژئاوای دەکرێ بکرێتە باخچەی ئاژەڵان.

ئیتر بە ئاوەدانکردنەوەی سەر ئەم چیایە دەبێتە بازاڕێکیش بۆ ڕەوەندەکان و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیان، هەروەها پسپۆڕانی بواری جیۆلۆجی و چاندن و باخچەی ئاژەڵان دەتوانن کاری لێکۆڵینەوە لە بوارەکانیان لەم ناوچەیە ئەنجام بدەن.

تێبینی: گۆینی دەوەنێکی دڕکاوی هەمیشە سەوز و پەلوپۆی داوێتێ و ئاگرباش دەگرێت و رەوەندەکان بۆ سوتاندن سوودی لێ وەردەگرن.

## ڕەنگکاری ڕیس و جلوبەرگ



جاران لە دەشتی هەولێر ڕەنگکاری بە تێکەڵکردنی گیا لەگەڵ هێندێکی کەم لە ڕەنگ دەکرا، بۆ نموونە گیای سەندەڵی زەرد و گیا زەرتک ڕەنگی ڕیسیان زەرد دەکرد و، سەندەلی سۆر و سوڕناتک و ڕۆنیاس ڕەنگیان سۆر دەکرد و گیا پتۆتیش ڕەنگی رەش دەکرد، کورد دەڵێ: ڕەشی بەپتۆتێ داک ناداتە دۆتێ.

جا سەرەتا ئاوەکەیان دەکوڵاند، ئینجا ڕیس و ڕەنگ و گیایەکەیان تێدەکرد لەگەڵ پارچە شەبێک بۆ ئەوەی ڕەنگی چنراوەکە سپی نەبێتەوە، گیای سەندەلی سۆر و زەرد خۆشناو بەباری کەران دەیانهێنایە دەشتی هەولێر بەگەنم و جۆ دەیانگۆڕییەوە.

بەڵام بۆ جل لە خم دان کەمێک دەرمان ڕەشک لەگەڵ گیاپتۆت تێکەڵ دەکرێت و لەئاودا دەکوڵێنرێت و دوو جۆرە بەردی بەناوی قسر و قرشاریش دەخرێتە ناو ڕەنگاوەکە بۆ ئەوەی ڕەنگەکەی سپی نەبێتەوە، ڕەنگکاریش بەگشتی پیشەی جولەکان بوو، بەڵام دانیشتوانی دەشتی هەولێریش ڕەنگکاری دەکرد بەم دواییەش جولەکە زۆر گرنگیان بەڕەنگکاری نەدەداو چنراوەکانیان سپی دەبۆوە بۆیە وای لێهاتبوو بە دەگمەن خەڵک ڕیسیان لەلا ڕەنگ دەکردن.

## زیوگەری لە کوردستان



زیوگەری لە پاڵ زێڕینگەری ڕۆڵی هەبووە لەبەردەوامی دروستنکردن و بازرگانی پێوەکردن، بەڵام هەمیشە بایەخی وەکو زێڕینگەری نەبووە.

خشلی زێڕ و زیو بەر لەزایین وێنەی خواوەندانی لەسەر نەخشدەکرا، بەتایبەتی تپلەی لەپەنجە کردن، جاران هەژاران زیاتر زیویان بەکار دەهێنا و پاشا و دەوڵەمەندانیش تپلە و خشلی زێڕیان بەکاردەهێنا، بەم دواییە چەند هێسک بەندێک کەبۆ بەر لەزایین دەگەڕایەوە لە چەند شوێنێکی کوردستان کە تپلەی زێڕیان لەپەنجەی بووە بەڵام بەداخەوە. پسپۆڕان نەیاندیتن، دوورنییە وێنەی خواوەندیان لەسەر هەڵکەندرابێ. تا پەنجا ساڵێک لەمەوبەر بازاڕی زیوگەری لە کوردستان زۆر خۆش بووە و بەدەست نەخشی زیو دروست دەکرا. بەڵام ئەمڕۆ بازاڕی ساردە و ئەم پیشەیەش کەمبۆتەوە.

بۆ نموونە تا ساڵی پەنجاکان (٢٨) دوکانی پیشەی زیوگەری لەماردین هەبووە، کەچی ئەمڕۆ تەنها دووانی ماون. لەزۆر شاریش پیشەی زیوگەری نەماوە. بۆ نموونە لەهەولێر جاران پیشەی زیوگەری هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ تەنها (٢- ٣) دوکانی زیو فرۆشتن ماون. جاران لە کوردەواری دەسکی خەنجەریان دەکردە زیو، ئافرەتانیش کەمەرە و پشتەسەریان زیو بوو، هەروەها پیاوان تپلەی زیویان لە پەنجە دەکرد. جاران مادەی زیو لەخاکی سویسرە دەردەهات و لەرێگەی ئستەمبۆل دەگەیشتە کوردستان کە دەگرێتەوە بۆ دەوروبەری ٣- ٤ هەزار ساڵ لەمەوبەر. پیشەی زیوگەری زیاتر لە شارە دێرینەکانی کوردستانی باکوور بەردەوامی هەبووە، لەوانە دیاربەکر، دەرسیم نسێبین، ماردین و دیلۆک و ئورفە. هەروەها لە موسلیش پیشەی زیوگەری تاحەفتاکان گەرم و گوڕ بووە. وەستاکانیش کورد و جولەکە و دیان و سابیئەبوون. ئەمڕۆکەش نەخشی زیوگەری بەدەست، زۆر بەنرخترە لەنەخشی کارگە، نەخشەکانی بەدەست بەهۆی قالبی زۆر باریکەوەیە، دوای ئەوەی زیوەکەی دەتاوێننەوە و لەناو قالبەکەی دەکەن، ئینجا تیَلە باریکەکە لە قاڵبەکە دەردەهێنن و نەخشەکەی پێ دروست دەکەن، هەموو خشلێکیش قالبی خۆی هەیە دوای دروستکردن و نەخشاندنی بەئاگر بەشەوق دەکرێت.

## سەرپۆشە جۆراو جۆرەکانی کورد



بەهۆی جیۆپۆلۆتیکی خاکی کوردستان و کاریگەری ئایینی هەمیشە ئافرەتان و پیاوان سەرپۆشیان هەبووە، کە بەهۆی سوساردی لەسەریان کردووە، دواتر ئایینەکانیش کاریگەرییان لەداپۆشینی سەر کردووە، بەهۆی ئەوەی لەئایینەکان سەر کۆتی باش نییە.

ئیتر بە درێژایی مێژوو جۆرها سەرپۆش بەدەرکەوت وەک سەرپۆشی خوری و خامەک و دەزی، بە نەخشی جۆراو جۆر دەیان ڕازاندەوە، لەزۆر ناوچەش بە گوڵێک دەیانخەملاند.

ئافرەتانی کورد هەر لەکۆنەوە بەزۆری هەورییان لەسەری بەستاوە و خۆیان دروستیان دەکرد، دواتر هێزار سەری هەڵدا کە بریتی بوو لە هەورییەک و کڵاوێکی سەر نەخشراو بە دراوی سەردەمانی عوسمانی و قاجاری، ئەم کڵاوەش تایبەت بوو بە ئافرەتان، دواتر چارۆگە و کۆڵوانە و چەفتە و کەسرەوان سەری هەڵدا.

کەسرەوان جۆرە سەرپۆشێکی ناوچەی (گۆیان)ە، ئافرەتانی ئەم ناوچەیە تەنها لە ئاهەنگی بووک گواستنەوە لەسەری دەکەن، گوڵنگەکانی ئەم سەرپۆشە ڕەگاوڕەنگ و گەورەن، ئافرەتانی ماکۆ و سەرحەد بە هەردوو دیوی ئەرمەنستان و تورکیا جۆرە کڵاوێکی بڵند لەسەری دەکەن و بە پارچە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر و مل دەبستن وپێی دەڵێن کۆفی.

کڵاوی پیاوان جۆراوجۆرە، هەیە لە دەزوو یا سامتیم دروست دەکرێت، هەیە لە پەڕۆکی خامەک و هەمشە لە خوری و هەریەکە و نەخش و نیگاری خۆی هەیە لەوانە کڵاوی خامەک، کڵاوی لباد، کڵاوی سپی، کڵاوی سیمی، کڵاوی شکاکی، کڵاوی لوڕی، کڵاوی دەست ڕوو، کڵاوی قرمە و باقی، نەخشەکانی ئەم کڵاوانەش جۆراو جۆرە و هەرجۆرێکی ناوی خۆی هەیە لەوانە: پەنجە پەری، میرازیی، مارانە، کرێشە، گامیزە، گەڵا، ئەسپەندر، شانە، ئەستێرە.

کۆمی و کەفی (کڵاو و جەمەدانی): بریتییە لە کڵاوێکی لباد و قوماشیکی ڕەنگاوڕەنگیان لێ بەستووە: کۆفی پارچە قوماشێ بوو لەسەر کڵاو بەستراوە. دەڵێن جاران ئەم پارچە یا ئەم جەمەدانییە لەپشت بەستراوە و، دواتر بەهۆی توشبوونیان بەشەڕ و شۆڕ کۆفیەکە،

لەسەری دەپێچن بۆ ئەوەی پارێزگاری سەریان بکات لە شکاندن نەوەک بەرچیغی پێ بکەوێت، دواتر جەمەدانی جێگای کۆفی گرتۆتەوە، ئەویش ئەم سەد ساڵەی دوایی سەری هەڵداوە، بەڵام تاکو ئەمڕۆ لە کوردستانی ئێران چیت دەکەنە کۆفی، جاران دەشتی هەولێریش تا جەمەدانی بەدەرنەکەوتبوو، چیتیان لەسەری دەبەستا لەناوچەی هەورامان و سنە و کرماشان زیاتر هەوری لەسەری دەبەستن، بەڵام کوردانی لوڕ تانها کڵاوێک بەڕەنگی ڕەش یا قاوەیی بەبێ جەمەدانی لەسەر دەکەن.

## دەندەرۆشک (کەنگرۆک)



دەندەرۆشک جۆرێکە لە جۆرەکانی چەرەزات، ناوەکەی چەورەو لەناوی گولە بەڕۆژە دەچێت و زیاتر لەناوچەی بادینان دەخورێت. دەندەرۆشک تۆی کەنگرە و هەر گوڵێکی لەدەورووبەری (٦ – ٧) دەندەرۆشکی تێدایە، هەر دەنکێکی ژێرەوەی باریکە و بانەکەی فراوانە لە شێوەی  کۆڤک (رەحەتی)، توێکلەکەی زۆر ڕەقە، بەهۆی ڕەقیەکەی ئاژەڵ بەکەمی دەیخوات، دەندەرۆشکی چیایی هەمیشە بە گۆشتترە و بەتامترە لە دەندەرۆشکی دەشتیَ، دوای ئەوەی کەنگر وشک دەبێت دانیشتوانی گوندەکانی ناوچە شاخاوییەکان ڕووەکی کەنگر ورد دەکەن و دوای ئەوەی تۆز وبا دڕکەکە دەبات دەندەرۆشکەکە دەمێنێتەوە ئینجا کۆی دەکەنەوە و لە تەلیسانی دەکەن ودەیفرۆشن و لە بازاڕ وەک چەرەزات دەفرۆشترێت.

## ڕواس و لەگ لەگ

بەزاراوەی زەنگەنەی شەبەکستان

• ئەم چیرۆکە فۆلکلۆریەم لە محەمەد هورمزیار دانیشتووی گوندی – شاقولی – لە نزیک شارۆچکەی بەرتللە وەرگرتووە .

ڕواس لەگ لەگ مەعزوم کرد، گۆشت لاش ئۆڕنیا نام قەزانێ دەمشت نمەڕەست، لەگ لەگ گۆشت گەلە هۆرت، ئەو رواس گتە گۆشت لام لهێشت. ڕواس گوت: لەگ لەگ مەعزومی دەلام ئورستا شۆربا لاش کرد، ئورنیاش سەرکەمەری، لەگ لەگ ئورستا دەندک بەزەنە دەندکش شکست. لەگ لەگ گستە بەڕواس، بەزمان سەرو عەسمانا بەتیت کردی سەر بالگەل ڕەت بالۆ گتەب ڕواس، چقە زمی مەتیی، گتە چقە زمی مەتیتی گتە هیچ پەرتاش وارۆ ڕواس ئورستا دوعابەکە یا سەرخەرمان یا جێی نەرمان، لەگ لەگ بەگە یاڕەبی جێی ڕەقان، ڕواس هەفتا سەر فروە مەلایێ، کردمیل گتەها ڕواس کتەبی مە، فروە خاس مەکۆم، ئەبیم مەلا کتەچی فەروەخاس نەکرد، هەتا ڕۆیی گردنەش، ئۆبە کوش بەچکە بەچیر دەب کەمەر حەتا مرد.

تێبینی / زەنگەنەی شەبەکستان لە چوار گوندان نیشتەجێن شاقولی، باسەخرە، تەرجللە، شێخ ئەمیر، هەندێکیشیان لەشاری موسڵ نیشتەجێن ژمارەیان لە ٨٠٠ ساڵ زیاترن سوننە مەزهەبن و بەزاراوەیەکی نزیک بەزاراوەی شەبەکی دەدوێن.

ڕواس: ڕێوی
کردمیل: لەبەری کرد

مەتین: دەبینی
دەندک: دەنوک

ئۆڕنیا: داینا، خستیە
فروە خاس مەکۆم: فەروەی باش دروست دەکەم

تمەڕەست: نەدەگەیشتێ
بەلگەل: بالەکان باشی دروست دەکەم

پەرتاش وارۆ: بەری داوە        چقە: چەند
گتە: وتە                              کەمەر: بەرد
هەفتا سەر: کەوتە سەر          زەمی: زەمین
ئورستا: هینای                       ئوبەکوش بەچیر دەب
کەمەر حەتا مرد: منداڵ بە بەردان لێیاندا هەتا تۆپاندیان

## کوخی ڕەزوانان



لەناوچە شاخاوییەکان بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە ڕەزی ترێی دێمی تیایە، ڕەزوانان کوخێکیان بۆ پشوودان دروست دەکرد، زۆرجاریش لەکاتی باران بارین سوودی لێ وەردەگیرا.

سەرەتا زەوییەکە خۆشدەکرا ئینجا کۆلەگەکیان لە پێشەوە دەچەقاند و کۆلەگەکە دووگێ بوو، دارێکی دیکەیان لە دواوە دەخستە سەر دووگێکە، واتە لایەکی لەسەر زەوی و لایەکەی دیکە لەسەر دووگێیەکەی بوو، ئینجا وەک خانی جزیری بەچەند شەقرەیەک دارەڕێ دەکرا...

## دانیشتوانی دەشتی هەولێر جاران چ پێڵاوێکیان لەپێ دەکرد



جاران پێڵاو لە دەشتی هەولێر ژێرەکەی لە چەرم دروستدەکرا و سەرەکەشی دەچندرا، دوای ئەوەی گوند دروست دەبێت خەڵکەکە پەرە بە پێڵاوی چەرمین دەدەن و بە کڵاش دەناسرێت، دواتریش پێڵاوی یەمەنی و پێڵاوی وەتەنی لە ڕێگای سوریاوە دەهاتن، پێڵاوی وەتەنی ڕەنگی لەنێوان زەرد و قاوەیی دابووە و لە سوریا دروستدەکرا، بەڵام پێڵاوی یەمەنی دوو ڕەنگی سۆر و ڕەش بوو، ڕەنگە ڕەشەکە دەگمەن بوو.

پێڵاوی (یەمەنی) یش سەرەتا لە یەمەن دروستدەکرا، بەڵام لە کوردستانی باکوور بەتایبەتی شاری دیلۆک (عینتاب) دروستدەکرێ و، ئەمڕۆکەش دروستکردنی پێڵاوی یەمەنی لە دیلۆک بەردەوامە و دوو فرۆشگای کەوش لەم شارە تایبەتە بەفرۆشتنی یەمەنی، هەرچەندە ئەم جۆرە پێڵاوە لەم سەردەمە باوی نەماوە و بەهیچ جۆرێکیش ناگاتە ئەم

دەشتە و زۆر لە بەتەمەنەکانی دەشتی هەولێر پێڵاوی یەمەنییان ماوە وەک یادگاری هەڵیانگرتووە.

جارانیش پێڵاوی یەمەنی زیاتر عارەب بەدیاری بۆ کوێخوا و ئاغا و مەلاکان لە سوریاوە هێناویانە.

تێبینی / جاران بەدەگمەن ئافرەتان پێڵاویان هەبوو، مەگەر ژنە ئاغا و مەلا و هەبووەکان پێڵاویان هەبایە.

# چۆنیەتی دروست کردنی چیغ



چیغ هونەرێکی چنینی میللییە، مێژووەکەی بۆ سەردەمی مەڕداری و ڕەوەندی دەگەڕێتەوە، کە وەک پەرژین بۆ ڕەشماڵ بەکارهاتووە، ئەگەر ڕەشماڵ سێ ستوون بوایە، ئەوا پێویستی بە سێ چیغ هەبووە، ئەگەر چوار ستوونیش بووایە، ئەوە پێویستی بە چوار چیغ هەیە، زۆرجاریش بۆ جیاکردنەوەی دوو خێزان لەناو ڕەشماڵێک بەکارهاتووە. جاران لە گوندەکانی دەشتی هەولێر، ئەگەر یەکێک ژنی بۆ کوڕەکەی بهێنایە ئەوا چیغیان دەدایێ، کە وەک پەردە بەکاری دەهێنا، ئەگەر هاوینیش بوایە، زاوا وەک کوللە لەحەوشە بەکاری دەهێنا، کە پێمان دەوت (شوققە). بەم دواییەش لەشار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان بەتایبەتی ئوستانی دیاربەکر و ماردین و باتمان ئەم هونەرە لەلایەن ئەو ڕەوەند و مەڕدارانەی کە بەزۆر لە شارەکان نیشتەجێ کراون سەری هەڵداوە، کە بۆ بژێوی ژیان دروستیدەکەن، خەڵکانیش وەک کوللە هاوینان لەسەربانەکان بەهۆی فێنکی بەکاری دەهێنن.

**چۆنیەتی دروستکردنی**

جاران لەدەشتی هەولێر قامیش (گابڕ) یان لە هەرەتەکانی سەر بەشاخ و پەرکانە دەهێنا، کە هەمیشە پڕ بووە لە قامیشی گابڕ و پوکە، ئینجا دوای خنج کردنیان و سپی کردن و پاککردنەوەیان، هەندێک لە کەلەکانیان بە پەتی ڕەنگا و ڕەنگ بۆ دروستکردنی نەخش دەپێچا، جا ئەم کەلانەیان لە شوێنی بەرچاوی چیغەکە دادەنا یا لەنێوان هەر مەتر و مەترێک نەخشیان لێ دروستدەکرد، کە وەک نەخشی مافوور یا بەڕە وابووە. سەرەتا دوو داری دوو گێیان بەقەد بەرینی چیغەکە لەزەوی دەکوتا و دارێکی وەکو سمتەکیان لەسەر دادەنا، ئینجا دەوروبەری ٨٠ – ١٠٠ بەردیان دەهێنا و هەر داوە بەنێکی موو بەردێکیان لێ دەبەستا. ئافرەتەکانیش هەر نیوەیان لەلایەکی چیغەکە ڕادەوەستان و دەیانچنی. دواتر کە چیغەکە تەواو دەبێت لە دارەکەی دەکەنەوە و لوولی دەدەن و ئامادە دەبێت بۆ بەکارهێنان.

# قەزوانی قەرەچووغ



قەزوان یا شنگل بەری درەختی دارەبەنە، لە ناوچە شاخاویەکان دەڕویێت، بەفەریکی و بە گەییوی دەخوریێت دوای پێگەیشتنی کەسکوانی بنەوشە، لە ئاو دەکرێت و پووچەرەکان کە ڕەنگیان سورە، سەر ئاو دەکەون و کەسکەکانیش کە ناوکیان تیدایە دەکەونە ژێرەوە، جا دوای فڕێدانی پووچەرەکان، کەسکوانە کەسکەکە بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە سەربان هەریدێخن ڤێجا لەناوجۆنی هوردی دەکەن و جۆرە جۆنی پەپۆکەیەکی لێ چێدەکەن، زۆر جاریش بۆ دروست کردنی پەپۆکەکە دۆشا و کونجی یا هەنگوین بەکاردێت، لە ئاکرێ بەم پەپۆکەیە دەڵێن (گوشمە) لە چیای قەرەچووغ بەتایبەتی ڕۆژئاوای بازاڕگە لە هەردوو رەخی چیایەکە دارەبەن هەیە، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ تەنها لە شوێنە بەرزەکان و سەختەکان ماون وەک گەلی مەنجەران و گەلی شوشە و سەنگەران.

جاران چەند کەسێک لە گوندەکانی ناوچەکە، کە قەزوانی هێسکە و بنەوشە و بەدەمچە و بەراروک و هەنجیرە کیویلکەی ڕەش و زەردیان دەهێنایە شارۆچکەی مەخمور و دەیان فرۆشت، قەزوانی هێسکە دەنکی گەورەتر و توێکڵی زۆر ڕەقە، لەوانەیە دەنکەکانی ببێتە تەسبیحیش، زۆر بەزەحمەت بەددان دەشکێت بۆیە بە هێسکە ناسراوە.

بەڵام هوردەکەی بە بنەوشە دەناسرێت، چەورتر و نەرمترە، دانیشتوانی ناوچەکە دەڵین شەنگڵی قەرەچووغ زۆر خۆشترە لە شەنگڵی ناوچە شاخاویەکان، بەڵام دارەبەنی قەرەچووغ بنیشتیی کەمە و دیارە بەهۆی ئەمەوە کەس خەریکی بنیشت دەرهێنان نیە لە دارەبەنی قەرەچووغ، قەزوان چنین لە قەرەچووغ بەر لە مانگی (١٠) دەست پێدەکات کەچی لە ناوچە شاخاوییەکان لە کۆتایی مانگی (١٠) دەست پێدەکات لە ئاکریێ بۆ ڕاکێشانی ئەو لکانەی کە دەستیان ناگاتێ بە چەلک ڕایدەکێشن، کە بریتیە لە دارێکی سەر دووفلیقان یا دوو لک سەرەتا دەیخەنە زەمبیلەوە دواتر دەیخەنە سەوی، کە سەوی وەک قەرتارە وایە لە پشتیان هەردەدەن. قەزوان بە فەریکی دەیانخستە ناو ئاڤک و شلە و ترشیاتی دوای پێگەیشتنی بە خویێ سوری دەکەن و وەک چەرەزات دەخوریێ، جاران سابونیشیان لی دەرهێناوە، لەوانەیە سوودەکەی وەک سوودی فستق وابیێ لە خواردنی. چونکە تامی بە فستق دەچێت و درەختی فستقیشی لەسەر موتوربە دەکرێت.

## خواردنە کوردەوارییەکانی شڕنەخ

١- چێشتی سۆریاز: جۆرە خواردنێکی کوردەوارییە، سۆریاز کە پێکهاتەی سەرەکی ئەم چێشتەیە، گیایەکی بەهارییە و لە کەوەر دەچێت، دوای کوڵاندنی لەم گیایە و چۆڕاندنەوەی، کەمێک پیاز لەناو ڕۆن سۆردەکرێتەوە و بەسەر سۆریازە کوڵاوەکە دادەکرێت، دواتر هێلکەی بەسەر دادەکرێت و کەمێکی تر دەخرێتە سەر ئاگر و ئامادە دەبێت بۆ خواردن.

٢- کولیچەی شڕنەخ: سەرەتا ئارد لەناو ڕۆن سۆر دەکرێتەوە و ئینجا گوێز و خوێ و ئاو و شەکری تێدەکرێت و تەواو تێکی دەدەن و کەمێک لەسەر ئاگر دادەنرێت و دادەگیرێت، دواتر هەندێک هەویر دەشێلن و لەسەر فەرشەپانی دەکەنەوە و بەشێوەی بازنەی گچکە گچکە دەیبڕن و تێکەڵاوەکەی تێدەکەن و دەیکەن بە کولیچە، دواتر لەناو سرکە دەیکولێنن، ئینجا ئامادە دەبێت بۆ خواردن.

تێبینی: شڕنەخ قەزایە کە سە ئوستانی هەکاری و کەوتۆتە نێوان چیای گابار و چیای جودی.

## کەبەر... دەوەنێکی سەرتاسەری کوردستانە



کەبەر دەوەنێکە هەر لەزنجیرە چیای حەمرین تا دەگاتە قولایی کوێستانەکان دەڕوێت، وەکو بڕکی کالەک و زەبەش پەل و پۆداوێ و بەزمسانان گەڵا کەسک و خڕ و گڕ و ڤڕەکەی زەرد دەبێ و دەوەرێ، لە بەهارانیش دەبوژێتەوە، لەتاو سانانیش شکۆفە دەگرێت، بەر لەوەی خونچەکەی بپشکوێ هەندی دەنکە قەسپێکە و تەواو لە شمتی دەچێت، دوای پشکوتنی گوڵاڵەیەکی سپی لێ دەردەکەوێت، کە کولیلکە چەرمگەکە دەوەرێت، بەرێک دەگرێت کە بەرەکەی پێدەگات کوز کوز دەبێت و ناوەکەی وەکو شوتی سۆر و شیرینە و تۆمەکەشی ورد و ڕەش و تاڵە پێی دەڵێن شەفەلە.

جا بەهۆی ئەوەی لەڕەنگ و شێوەی بە شامی دەچێت دوورنییە شەفەلە لە شفتیەوە هاتبێت. کەبەر مافی خۆیەتی جەڤەنگ و ڕەمزێکی

شاری هەولێر بێ، بەهۆی ئەوەی لە هەرچوار دەورەی قەڵای هەولێر دەڕوێت، بەتایبەتیش بەشی نساری، تاوسانانیش دیمەنی کەلهێ گەلەک جوان دەکات. جاران کەبەر لە دەشتی هەولێرێ دەکرا هەراشی خانوو، هەروەها تانۆکی حەوشەیان بەدەوەنی کەبەر (دروست دەکرد، کە دەغل و دانیش دەدورایەوە دەکرا چانچانۆکە و لە دواوەی جەنجەڕ دەکرا کوچ کوچە و جەنجەڕ لە دوای خۆی ڕایدەکێشا، بۆ ئەوەی ئەو چاڵ و نا هەمواریانەی لە قرشە کوتراوەکە دروست دەبوو هەمواری بکات.

دوای وشک کردنەوە و زوهاکردنی پەلکەکانی چارەسەری پەنمان و ستوربوونی دەست و قاچی پێدەکرێت. لێ بەتەڕی ئەو کاریگەرییەی نابێ و پێست دەسوتێنێ و دەیکاتە پفکە و پۆقلە.

تێبینی: گوندێک بەناوی کەبەرۆک لەوپەڕی دەشتی قەراج لەسەر ڕێگەی گەیارە هەڵکەوتووە، بەهۆی زۆری هەبوونی ئەم دەوەنە لە ئاقارەکەی بەم ناوە ناسراوە، دوای دروست بوونی وڵاتی عێراقی نوێ لە ساڵی ١٩٢١ و هێوە ئەم گوندە و چەند گوندیکی دیکە بە عەرەب کران.

حەزم کرد ئەم بابەتە بەم شێوەیە بنووسم بەهۆی ئەوەی دە ساڵ زیاتر چەند هاوسێیەکمان خانەقینی بوون لە گەرەکی کارگەی جگەرە، لە دوای ڕاپەڕینیشەوە هامۆشۆی ناسیارەکانمان لە ئاکری دەکەین و ئەم زاراوانەم لا شیرین بووە و بە ئاسانی پێیان دەدویم.

## سەندوقێکی پیالان بۆ دەوروبەری ٦٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە



جاران لەبەر ئەوەی کەم کەس چایەی داخواردەوە بە هۆی نەبوونی، وا دەبو لە گوندێک تەنها یەک یان دوو ماڵ چایەی دەخستە سەر ئاگر، جا لەو ماڵەی چایە خۆرەوەبوایە سندوقێکی بەڕادان دەدا بۆ پیالە و بنپیاڵە و شەکرو دەرمانچا، ئی وا هەبو سورگیشی لێدەدا، دواتر سندوقەکەیان ڕەنگ دەکرد و دەیان نەخشاند. خاوەن ماڵ چەند پیارەی هەبوایە جێی ئەوەندە پیالەی لە وەستا دەویست بۆی دروست بکات. ئەم سندوقانەش لە هەولێر و لە پردێ دروست دەکران، ئەم سندوقەی کە بڵاو کراوەتەوە، کاتی خۆی سمایل و زاریێ باوک و دایکی خەزورم پیالە و بنپیاڵەیان لە ناو داناوە، دواتر بو دیاری داویانە بە خەسوو خەزوورم بە بۆنەی هاوسەرگیریان، کەواتە دەبێ تەمەنی ئەم سندوقە لە حەوتا ساڵ زیاتربێت، جا نازانم لە هەولێر یا لە پردێ دروستکراوە، ئێستاش ئەم سندوقە و چەندین کەلوپەلی ناو ماڵ کە تەمەنی هەندێکیان

بۆ سەد ساڵ دەگەڕێتەوە پاراستومانە: لەوانە گۆسکەک، سێڵەک و پیشکێکە کە باپیرو داپیری خەسوو و خازورم بە کاریان هێناوە لەگەڵ پشتێنێکی دەوروبەری جەنگی جیهانی یەکەم و دوو هەمبانە و کەژیەک و ئاوێنەک وتاسێکی سفرو چەند شتی دیکە.



## ساڵە سەیرو سەمەرەکانی دەشتی هەولێر



لە مێژوو، ڕووداوی گەورە، بەتایبەتی کارەسات و ڕووداوی وەک لافاو و ڕەشەبا و نەهات، ناو دەردەکات و لەکاتی گێڕانەوەی هەرشتێک بەم ڕووداوانەی دەبەستنەوە، لەوانە: ساڵی گرانی گەورە، ساڵی گرانی گچکە، ساڵی بەفری سۆر، ساڵی سەفەر بەڵکی، ساڵی کلۆی، ساڵی مشک زۆری، ساڵی قڕانە مەڕی، ساڵی تاعونی، ساڵی سوندێ، ساڵی حەرەس قەومی، ساڵی قوتە گورێ، ساڵی خوبزە هەوای و چەندینی دیکە. ساڵی قوتە گورێ: ساڵی ١٩٥٥ لە قەراج نەهات دەبێت، بەڵام لە کەندێناوە گوڵی گەنمی نیوەی سەرەوەی وشک بوو نیوەی خوارەوەی دانەکی باشی گرتبوو واتە هەر گوڵە گەنمەک نیوەی لێدەمایەوە، بەهۆی ئەمەوە ئەو ساڵە بە ساڵی قوتە گورێ دەناسرا. جا ژمارەیەکی زۆری جوتیاری قەراج دەهاتنە کەندێناوە و دەوروبەری هەولێرێ دەبوونە سەپان. ئەو ساڵی باوکم بووە سەپان لە گوندی جاستانی کەندێناوەی، خوبزە هەوا: ساڵێک لە سییەکان دوای ئەوەی دەغڵ بستێک بەرز دەبێتەوە هیچی دیکە باران نابارێت، بەڵام بەردەوام بای شەماڵی کە بایەکی فێنکە هاتووە، بووەتە هۆی ئەوەی دەغڵ گەورە ببێ و دانی بگرێ و بە کەڵک دوورینەوە بێت و نانی ئەو ساڵیان دابین کردووە بۆیە بەساڵی خوبزە هەوای ناسرا، واتە نان بە هەوا پەیدا بوو.

# واتای ئەشکەوت و
# ئەشکەوتی شانەدەر و جۆنا
# لەچەند سەردانێکدا

ئەشکەوت دوو جۆرە جۆرێکیان بەدەست هەڵکەندراوە کە زیاتر بۆ دروستکردنی پەرستگاو دەخمە یاگۆڕی پاشایان و گەورەپیاوانە

جۆری دووەمیان سروشتیە و لەئەنجامی داڕمانی ناوەڕۆکی چیایە بەهۆی کارلێکردنی ئاوو هەوا لە شاخەکەیە.

جا ئەو ئەشکەوتە سروشتیانەی کەلە دیوی بەرۆژ لەچیاکان هەڵکەوتوونە زۆربەیان مەرجی نیشتەجێ بوونیان تیایە لەوانە ئەشکەوتی شانەدەرو ئەشکەوتی جۆنایە کە زیاتر لە جارێک سەرم لێداون.

ناوی ئەشکەوت لە چییەوە هاتووە؟

ئەشکەوت لە شکەفت، شەکەفت، شهکەفت، هاتووە.

ش، شە، شە واتای بەرد، کەڤر دەگەیەنێت و وشەیەکی زۆر کۆنە و میراتێکی مرۆڤایەتیە بۆ گەلی کورد ماوەتەوە، هەرچەندە ئەمرۆ ئەم بڕگەیە بەتەنها و سەربەخۆ بەکارنایەت بەڵام ڕەنگی لە ژمارەیەک وشە داوەتەوە لەوانە شهمار، فەرشە، شکێر، فەرشی، شکەفت، شکەڤلاتۆک (ڕەقە، کیسەل)،.... بەڵام بڕگەی دووەم کە (کەفت)ە واتای هەڵکۆڵین دەگەیەنێت واتە شکەفت دەبێتە بەردی کۆلای یا هەلکۆڵدراو

کاڤۆلی یا ئێسکبەندی ئاژەڵ، بەتایبەتی ئەو ئاژەڵە قەبارە گەورانەی کە تەنها هێسک و پیستیان ماوەتەوە بەویش وتراوە شکەفت

شکەفت : ئەشکەوت، ئەشکەفت، کەورگ، مار، زڤنگ، کەلوەن، کاو، کاورگ، .....

شهمار : شەیار، بەردەلان، شوێنی پڕ لەبەرد

فەرشە : فەر (فراوان، پان) + شە = بەردی فراوان، جارانیش فەرشە لە بەرد دروستکرا، فەرشەیەکی لە بەرد دروستکراویان لە ئاقاری گوندی دێمەکار دۆزیبۆوە.

فەرش : تات، بەردێکی ڕاست و فراوانە بەزاراوەی کرمانجی

شکێر : کۆمەڵە بەردی خڕی یا بەردە زورگی بەسەریەکا کەتووە، گەڕە بەرد

شکەڤلاتۆک : کیسەل، بەهۆی ئەوەی ئەم زیندەوەرە لە ناو بەرگێک دایە لە شێوەی ئەشکەوت .

زۆرجاریش بەدەوی مرۆڤیش بەتەوسەوە دەگوترێت ئەشکەوت چونکە دەو لە شێوەی ئەشکەوتە.

**ئەشکەوتەکانی بەڕۆژ مالگەبووینە**

دوای ڕاپەرین زۆر حەزم دەکرد سەر لەو ئەشکەوتانە بدەم کە ناوبانگێکی جیهانیان هەیەو لە بابەتی جوگرافیا و مێژووی قۆناغەکانی خوێندن ناویان دەهات بەتایبەتی ئەشکەوتی شانەدەرو هەزارمێردو ئەشکەوتی جۆناو ئەشکەوتی وسورەحمان

وسورەحمان ئەشکەوتێکە لە چیای سەفین هەڵکەوتووە بەهۆی گونجاوی شوێنەکەو هەبوونی بیری ئاو لەبەردەم ئەشکەوت لە کۆنەوە وەک شوێنێکی خوداپەرست بەکارهاتووە و هەر ئایینێکیش ناوێکی پێ وتووە واتە شوێنی خوداپەرستی ئاینی میترا، زەردەشت، جولەکە، مەسیحی، دواتر ئی ئیسلام بووە، ناوە عیبریەکەم لە بیر نەماوە بەلاّم دیانەکان بە ڕەبەن بۆیا (ڕەبەن پیر) ناوی دێنن و موسلمانەکانیش بە وسورەحمان جا کە لەساڵی ١٩٩٩ یەکەم جارچاوم بە ئەشکەوتی شانەدەر کەوت، کە پڕ بوو لە گاڕەش، بەردەم ئەشکەوتەکەش بەچەپەر گیرابوو، دوور لە ئاوەدانی و هیچ گرنگیەکی پێنەدرابوو.

دواتر هەر لەوێ بەرەو زریمۆک* (کەڤرێ مەتیا) لە بلێ کەوتمەڕێ.

بۆ جاری دووەمیش لە ساڵی ٢٠١٠ چاوم بەئەشکەوتی شانەدەر کەوت، کە زۆر گرنگیان پێدابوو لە پاکردنەوەی ئەشکەوتەکەو ڕێگا بۆ دروستکردنی.

* زریمۆک: زریمۆک کە تاکو ئەمڕۆ هیچی وای لەسەر نەنووسراوە، کە بریتیەلە تاشەبەردێکی فراوان لە سەر زێی بادینان نزیک بلێ هەڵکەوتووە تاشەبەردەکە بریتیە لە سێ بەش، هەر بەشەو جۆگەیەکی بەدەوری دا هەڵکەندراوەو ئاوەکەی لە قۆرتێکی لە شاخ هەڵکەندراوە بۆ ئەوەی ئەو ئاوەی کەمردیەکەی پێ شۆراوە تێکەڵ بەخاک نەبێت. سێ شوێنەکە واپێ دەچێت هەریەک بۆ مێران و بۆ ئافرەتان و بۆ زاروکان بێت.

ئەشکەوتی شانەدەر لە چیای برادۆست لە دیوی بەر ڕۆژ هەڵکەوتووە، نزیک بەزێی بادینان لە ناوچەی بارزان، ٤کم لە باکووری گوندی زاوی چەمی کەونارایە.

ئەم ئەشکەوتە بەهۆی هەلکەوتنی بەرامبەر تیشکی خۆرو نزیکی لە ئاوولەناوچەیەکی پڕ لە درەختی بەردار وەکوو بەڕوو، هەنجیرە کیویلکە، کرۆسک، قەزوان، باوی، گێوژ، سۆبلەتی، هەلهەلۆک، ... بووەتە مالگەو شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ یەکەمین جار شوێنەوار ناسی ئەمریکی لە زانکۆی مەشیگان رالف سۆلکین کە دووجار کنەو پشکنینی لەم ئەشکەوتەدا کردووە لە ساڵی ١٩٥١-١٩٦٠، کە نۆ هێسکبەندی دۆزیوەتەوە.

* زۆر ئەشکەوت هەیە بەهۆی نەگۆڕی پلەی گەرمی کەل و پەلی لە چەرم دروستکراو کەل و پەلی لە مس و ئاسن دروستکراو وەکو خۆیان ماون، لەوانە پێڵاوێکی چەرمینە کە لە ئەشکەوتی ئارێن لە

ئەرمنستان ناوچەی میهری سەر سنووری وڵاتی ئێران دۆزرایەوە کە تەمەنەکەی بۆ دەوروبەری ٥/٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

هەروەها لە ئەشکەوتی برایم پێغەمبەر لە گوندی سۆسێ، ڕۆژ هەڵاتی دینارتە دوای راپەڕین پیستەیەکی نوسراو کەلەڕمێک پێچرابوو لە لا یەن چەند چەکدارێکەوە دۆزرایەوە.

* زاوی چەمی: ئەم گوندە بۆ هەزارەی دەیەم و سەرەتای هەزارەی نۆیەمی پ ز دەگەڕێتەوە

رالف سۆلکین لە ١٩٦٥ کنەو پشکنین تێداکردو چەندین کەرەستەی لە بەرد داتاشراوی تیادۆزیەوە مرۆڤی تیا دۆزیەوە کەدوانیان منداڵ بوون و بۆ ساڵانی نێوان ٧٥-٥٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنەوە کە بە مرۆڤی نیاندرتاڵ ناسران، لەگەڵ ژمارەیەک کەرەستەی چاخی بەردینی کۆن کەلەبەرد دروستکرابوون.

لە دوای ڕاپەیڕینیش کنەوپشکنین لە بەردەم ئەشکەوتەکە کراوەو چەندین ئێسک بەندی دیکەی مرۆڤی نیاندرتاڵ دۆزرانەوە ئەشکەوتی (جۆنا)ش کەلەچیای ئاکرێ نزیک بەگەلی زەنتە هەڵکەوتووە هەمان مەرجی ژیانی ئەشکەوتی شانەدەری تیایە بەڵام ئەمەیان کنەو پشکنینی تیانەکراوە بەگوێرەی قسەی دانیشتوانی ئەم ئەشکەوتە لە ساڵانی (١٨٠٠)ەوە ئێزدی تیا ژیاوە تاهێرشی میر مەحەمەدی ڕەواندوزو چول بوونی ئەشکەوتی جۆناو، دواتر بنەماڵیەکی زێباری لەناو ئەم ئەشکەوتە نیشتەجێ دەبن و دواتر ژمارەیان زیاد دەبێ و کاولە خانووەکانی بەردەم ئەشکەوتەکەش ئاوەدان دەکەنەوە و پەرستکە کۆنەکەش کە کانیەک لە ناوحەوشەکە هەڵکەوتووە دەکەن بە مزگەوت کە جاران بە دێر دەناسرا، ئیتر ناو ئەشکەوت بەبەر دەوامی دەوروبەری ٢٠ ماڵی تیا نیشتەجێ بووە تا سەرەتای ڕاپەڕین و دواتر دانیشتوانەکە دێنە دەرەوەو لەسەرشەقامی نێوان ئاکرێ و زەنتە نیشتەجێ دەبن.

جا بەپێی حەوزە هەڵکەندراوەکەی ناو ئەشکەوتەکەو هەیوانەکەی سەر ئەشکەوتەکە، گوایە میری ئێزدییەکان لەوێ دادەنیشت و گۆڕستانە کۆنەکان و چەند ئەشکەوتێکی بە دەست دروستکراوی دەوروبەری و هەبوونی دوو کانی لەبەردەم ئەشکەوتەکەو هەبوونی ئاو لە ناو ئەشکەتەکە واپێدەچێت بە درێژایی هەزاران ساڵ بەبێ پسانەوە خەڵک لەم ئەشکەوتە نیشتەجێ بووبێ و دوورنیە مێژووی نیشتەجێ بوونی لە گوندی چەرمۆو بێستان سوور کۆنتر بێت هیوادارم کنەو پشکنینی تیا بکرێت.

**واتای ئاش و ڕیشەی ئاشە ئاوەکان**

ئاشی ئاو ئامرازێکی کۆنی هاڕینی دانەوێڵەی گەلانی کۆنی میسۆبۆتامیایە، دوای ئەوەی مرۆڤ لە قۆناغی ڕەوەندی دێتە سەر قۆناغی کشتوکاڵ کردن یالە قۆناغی ئەشکەوت نشین دێتە سەر قۆناغی گوند دروست کردن و بەرهەم هێنانی گەنم و جۆ یا دانەوێڵە بەگشتی، سەرەتا کەل و پەلەکانی لە بەرد دروست دەکرد

* – ئاش بەزمانی پالەوی : (ئاشیا، ئاسیاب)ە. بەزمانی سەکسی (ئاسی)یە.

بەزاراوەی ئێل سورخی لوڕ (ئاسیو)ە.

ئاسیاوان : ئاشەوان، ئاشڤان، لووینە

ئاسیاو قرمز : گوندێکە سەربە قەڵای شاهین لە ڕۆژهەڵات، کەڕەنگی لە ناوی ئاش تیاداوەتەوە، ٤٧٩ ساڵ لەمەوبەر ئاش لە هەولێر و کەرکوک و کۆیە هەبووە کە حکومەتی عوسمانی باجی وەرگرتووە کە ساڵانە ٦٠ ئاقچەی وەرگرتووە لە کۆڕێ ٤ ئاش هەبووە دووانیان کاریان کردووە هەروەها لە ئارماوان و زڕگوز و زیارەتیش ئاشی ئاو هەبووە .

جۆنیش سادەترین و کۆنترین ئامرازی هاڕینی دانەوێڵە بووە، کەشوێنەواری  لە چەندین شوێنی کوردستان دەبیندرێت بەتایبەتی لە دوین و ئاکرێ، کە لە شاخەکان هەڵکەندراوە و لە ژێر گردەکانی دەشتی هەولێریش بە بەردەوامی دەدۆزرێتەوە، نموونەش جۆنیەک لە ژێر گردی عارەب کەند دۆزراوەتەوە کە لەبەردە زورگ دروستکراوەو جۆرێکیش لەبەردی سپیە لە گردی سۆر بەش دۆزراوەتەوە.

دواتر دەستاڕ* پەیدابووە ئینجا دینگ و ئاشی ئاو دوای ئەوەی ئاشی ئاو پەیدابوو، جۆنی و دەستاڕودینگ* ڕۆلی جارانیان نامێنێ و تایبەت دەبن بە دروستکردنی یا بەرهەم هێنانی ساوارو گەنمەکوتاو بڕوش،...

لە هەولێر تا پانجاو شەستەکان دەوروبەری (١٠) دینگ هەبوو لەوانە : دینگی تەیراوە، دینگی گەڕەکی عارەبان، دینگی نزیک مزگەوتی شێخ مستەفا، دینگی سەعدوناوەو دینگی تەعجیل،...

* دەستاڕ : دەستهاڕ، قەڤر، دەستی، دەستک، دۆخ،... دەستاڕێک لە گوندی زاوی چەمی نێوان ئەشکەوتی شانەدەر و زێی بادینان دۆزرایەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ (١٢،٠٠٠) ساڵ بەر لە زایینی هەروەها لە گوندی کەریم شەهری نزیک چەمچەماڵ و مولەفەعاتی سەرخازری شەبەکستان دەستاڕ دۆزرایەوە کە بۆ (٩٠٠٨) ساڵ بەر لە زایین دەگەڕایەوە . لە گوندی (چەرمۆ)ش دەستاڕەک دۆزرایەوە کە دەگەڕایەوە بۆ ٧٠٠٠-٦٧٥٠ ساڵ بەر لە زایین.

* دینگ : گۆڤاری هەرێمی کوردستان، مەحەمەد کەریم نانەوا، ژ ٤٧٧-   ٢٠٠٨/٩/٢

جۆنی و دەستاڕ بەهێزی بازوو کاری پێدەکرا بەڵام دینگ بەهێزی وڵاغ و دوای هاڕینی دانەوێڵە  هاڕراوەکەیان دەکردە سەوک و پەپۆکەو ئیتر کە ئاشی ئاو پەیدابوو کە دووبەرداشەکە لە پێکهاتە

سەرەکیەکەیەتی، واتە بەرداشەکان بە هێزی ئاو کاری دەکرد کەواتە کۆنترین ئاش، ئاشی ئاوێ بوو، لە کوردستان بەهەزاران شوێنەواری ئاشی ئاو ماوە .

ریشەی ئاشەکانی هەولێر و کەرکوکیش بۆ زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە .

لەساڵی ١٥٤٢ ز ئاشی ئاو لە کەرکوک و شاری هەولێرو کۆڕی هەبووە و هەمووشیان سالانە باجیان داوەتە حکومەت بۆ نموونە لە کۆڕێ (٤) ئاش هەبووە، دوانیان کاری کردووەو هەریەک لەوانە سالانە (٦٠) ئاقچە پارەی وەک باج داوەتە حکومەت. * لا ٤٣ دەفتر ... ولاییە اربیل ٤٢،١ز،وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە د. خەلیل موراد.

هەروەها لەسەر کارێزی پیروەندەی گوندی زڕگوزی نزیک کۆڕێ ئاشێک هەبووە، دوورنیە بۆ سەردەمی ئاشەکانی کۆڕێ بگەڕێتەوە، بەڵام ناوی لە پەرتووکی دەفتر تحریر نەهاتووە.

**پەیوەندی کورد بەئاشەوە**

ئاشی ئاوێ،شوێنەوارەکانیان لە کوردستان دەبیندرێت، وەک ئاشەکانی زورگەباتی بارزان، ئاشە ئاوەکانی گۆمەشین نزیک کۆیە و ئاشە ئاوەکانی سەر بەستۆڕە، ئاشە ئاوەکانی دەشتی هەولێر، ئاشە ئاوەکانی سەرکارێزی دەرماناوی بنارچیای قەرەچوغی نزیک شارۆچکەی مەخمورو ئاشەئاوەکانی گوندک و بجیلی ئاکرێ و ئاشەکانی گۆرانەتی و ئاشەئاوەکانی گەرمیان و ئاشەکانی تربەسپی لە ڕۆژئاوا، چل ئاشانی شنۆ، ئاشەکانی مزوری بالا، ئاشەکانی کوڕێ،...

١-تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کە عەرەب سەرەتای دەربازبوونی بوو لە رووباری دیجلەو هاتنیان بۆ دەشتی قەراج، دانەوێڵەیان بەجۆنی دەکوتاو دەیانکردە پەپۆکەو لەسەر ئاگر هەریان

دەكزاند بەبێ بەكارهێنانی سێر و تەندوور دەیانخوارد واتە وەكو سەوك وابوو، ئیتر تا ساڵی ١٩٦٣ و تاڵانی ژمارەیەك لە گوندی كوردان لەكەندێناوە و شەمامك و قەراج،كورد زۆر رۆشەنبیرتر بوو لە عەرەب.

٢-ئاشەكانی تربە سپی ئەم ئاشانە یەكەكیان لە ناو شارۆچكەی تر بە سپی بوو، ئەوی دیكە لە گوندێكی ئێزدیان لە باشوری تر بە سپی بوو، تاكۆتایی شەستەكان كاریان دەكرد .

٣-چل ئاشان ناوی گوندێك و شوێنێكە لە باكووری ڕۆژئاوای شنۆ لەسەر سنووری ئەمڕۆی عێراق و ئێران و توركیا لەسەر ڕووباری گلاز (گلزان)، كە ئەمڕۆ بە گادەر (گەلی داران) ناوی دێتن، كەشوێنەواری چل ئاشی تێدایە، كەس نازانێ بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە، بەداخەوە بەم دواییە هەندێك لە بەرداشەكانیان بردن و هەندێك لە شوێنەواری ئاشەكانیشیان كاول كردووە.

كۆنترین هۆزیش كەلەم ناوچەیە ژیابێ(هۆزی شكاك)ە، كەیۆنانیەكان بەئاشكاك، ئاسكاك ناویان هێناون، دواتر گۆڕاوە بۆ شكاك، جا دوورنیە پیوەندی بە ناوی ئەشكانیان و سكاییەوە هەبێت و، ئەویش واتای خاوەن ئاش گەیاندبێت، واتە ناوی شكاك دەبێ پەیوەندی بە ناوی (ئاش)ەوە هەبێت و (چل ئاشان)یش ناوچەی شكاكان بووە. لا ١٠١- ١٠٢ رحیم اشنویی/ معانی بعض١/١ سامی كهنی و ایرانی درزبان كردی / تاران- ١٣٨٣

٤-(١٩) ئاش لەناوچەی مزوری بالا هەبووە، زیاتریان لە گوندەكانی : ئەرگوش، شیڤێ، سۆمێ، پێندرۆ، ستوپێ و داتیكایە . بەهۆی ئەوەی ئەم گوندانە ئاویان زۆر بووە، بەتایبەتی لە بەهاران، كە بەفر دەتوایەوە .

جاران له عێراق دەبوایه بڕیاری دامەزراندنی ئاش له حکومەت وەربگیرێ، بۆ نموونه  له ساڵی ١٩٣٦ و ١٩٣٧ مۆڵەتی دوو ئاش له گوندی پێندرۆ وەرگیراوه .

کەرستەکانی ئەم ئاشانەش ئەمانەن : ١-دووبەرداش(بەرئاش) ٢-بست ٣-دۆلاب ٤-پەڕ، که له دار توو دروست دەکراو ژمارەیان ده بۆ دوازده پەڕ دەبوو ٥-سوول ٦-سەرشیڤک ٧-پارچه ئاسنێک له بن دۆلابەکه دادەنرا ٨-دۆلابی ئەندازەگر ٩-بووت ١٠-خەپک ١١-تڤری. لا ٣١٢ – ٣١٦ ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی دەڤەری مزوری باڵا. مەحەمەد پێندرۆیی ٢٠٢٠/ هەولێر

ئاشەکانی گۆرانەتی ژمارەیان زۆربووه، ئەمڕۆ پاشماوەی (٢٢) کاوله ئاش لەم ناوچه یه دەبیندرێت لەوانه : ئاشی ئاسنگران، ئاشی ئامیان، ئاشی پەلاسان .... له سەرەتای داگیرکردن عیراق لەلایەن بەریتانیاوه، مستەرێک بۆ یەکەمجار بۆ ماوەی (٤) ساڵ ئاشێکی ئاگری لەبەردە ڕەش دانا دوای چوار ساڵ فرۆشتیه هیندیەک، ئەویش گواستیەوه گەڕەکی غەزلانی له موصڵ دواتر گەڕاندیەوه ناوچەی گۆرانەتی.

* ئاشەکانی کفری وەک ئاسیاوی چەمی کفری له منارەیەک و دوو ژووری قەباره ناوەندی که دەگەڕێتەوه بۆ سەدەی ١٩ و سەدەی ٢٠ بەدوری ٢کم دەکەوێته باکوری کفری ئەم منارەیەش بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو کەسانەیه که بیانەوێ دانەوێڵه بۆ هاڕین بۆ ئاشاکه بێنن .

ئارام مەحەمەد / گۆڤاری سوبارتوو ژ ٤-٥-٢٠١١

یاسین حەسەن گۆران/ گۆڤاری خازر ژ – ٢٠٠٥

وشەی ئاش هەر له وشەی ئاس هاتووه، چونکه ئاس واتای بەرد، کەڤر دەگەیەنێ، که بەهێزی ئاو کاری کردووه، واته هەر وشەی

ئاسیاوه گۆڕاوه بۆ ئاش  وشەی ئاس= بەرد، بۆ دەستپێکی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە،کە چەندین کەل و پەلی لێ دروست بووه . ئاسیاو : ئاشی بەرد . ئاشەوان : ئاسیاوان، ئاشڤان، لیونه .

بەگوێرەی سەرچاوەکان بەر لە سێ هەزار ساڵ کەسێکی بەڕەگەز یۆنانی بەناوی (ئاسیاوش) ئاشی دروستکردووه .

یەزدە گوردی ساسانیش کە لەبەر سوپای ئیسلام رادەکات لە ڕێگەی خۆراسان لە شاری مەرۆ خۆی لەناو ئاشێک حەشار دەدات دواتر بەشەو ئاشەوانەکە دەیکوژێت مسریەکان بەرلەساڵی ٢٠٠٠ پ . ز ئاشیان هەبووەو رۆمەکانیش بەر لة ٥٠٠ پ.ز ئاشیان هەبووث، ئەبوولۆلۆی فەیروزی نەهاوەندی لەسەردەمی عوومەری کوری خەتاب ئاشیکی ئاوی لە مەککە دامەزراند. (هةگبةي بنار مةلا موستةفا روشدي ٢٠١٣)

١-دوورنیه وشەی ئاش دەنگە ناو بێ، لەکاتی کارکردنی ئەم ئامێره ئەودەنگەی لێوەبێت، تاڤگەیەکیش لە پارێزگای دهۆک بەناوی ئاشاوا هەیه، لەبەرئەوەی دەنگەکەی بەدەنگی کارکردنی ئاش دەچێت بۆیە بەم ناوه ناسراوه.

٢-ئاسیاوش ئەگەر ئەوکەسە کورد نەبێ ناوەکەی کوردیە .

٣-ئەم ڕێکەوتە دوای ساڵی (٦٣٧) ز بووه، بەڵام لە کوردستان نازاندرێت ئاش بۆ چ ساڵێک دەگەڕێتەوە.

لە خورەم ئابادیش شوێنەوارێکی ئاشی ئاوی دۆزراوەتەوە کە بۆ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، لە ناوچەی ئیل سورخی (١) شیرازیش ژمارەیەکی زۆر ئاشی ئاوبەرچاو دەکەوێت .

دوای ئاشی ئاو، ئاشی با هاتەکایەوه و دروستکرا، کە  به (با) واته به هەوا کاری کردووه، نموونەشمان ئاسەواری (ئاشوەبا) یة لةسەپیلی زەهاو هەروەها ئاشێکی (با) لەسەر چیای قەرەچوغ لە ڕۆژئاوای بازارگە هەبووه، کە شوێنەوارەکەی پێی دەڵێن قیتەکی ئاشی با .

بەرلەهەر جیکایەک لە هۆلەندا (٢) دروست کراوە کە دەگەڕیتەوە بۆ ١٣٠٠ سال بەر لە ئەمڕو لە سالەکانی سەدە حەوت هاتۆتە ولاتی ئیران هەوەها لە گەڕی دەگرمانی سەر چیای ژیلوان بەرامبەر گوندی گویزیلە سەر بە ناحیەی سورداش، شوینەواریک دەبیندریت، گوایە ئاشیکی تیا دامەزراوە، کە بە (با) هەواکاری کردووە.

**چەند ئاشێکی بەناوبانگ**

ئاشی قۆر : ئاشێکی دێرین بووە، تا شەستەکان هەر مابوو بە ئاوی کاریز کاری دەکرد شوینەواری ئاشاکەو جۆگەی کاریزە کەو منارەکەی

تاکو ئەمڕۆ ماوە کە بۆ دانانی فەنەر و ڕووناک کردنەوەی کاروانان و لە کاتی نەبوونی باراش، بانگکردن بۆ هێنانی باراش بەکارهاتووە.

جاریک سەعید سەلیمی شاعیری میللی چوو بوو باراشی لیبکات لە ئاشی قۆر، هەندەک کولیچەی لەگەڵ خۆی برد بوو، چونکە چەند ڕۆژێکیان پێدەچوو، هەتا بەبەریان دەکەوت، پشیلەش کولیچەکانی لێخواردبوو، ئەویش بەم جۆرە هەستی خۆی دەردەبڕی .

چوومە ئاشی قۆر، پێم بوو کولیچەی زەردو سۆر
لێیان خواردم پشیلەی ڕەش و سپی و بۆر
پشیلەی زگ بەرمیلە پشیلەی کلک تەشیلە
داکت دە ..... پشیلەی سەرکوتکان
گێ گوجیلە، نانی سەعید سەلیمی کردە فتیلە
مام سەعید بمرە دیارە ئەوەت قابیلە

١-ئێل سورخی ژمارەیەک هۆزی کوردی لوڕن لە ڕۆژئاوای شاری شیراز لە ناوچەیەکی کوێستانی نیشتەجێن لە نێوان شارۆچکەی فەیروز ئاباد و کازرون

مێژوو نووسەکان دەڵێن دوای هێرشی ئیسلام بۆ ئەسفەهان ئەم هۆزانە ڕەڤین و هاتنە ناوچەیەکی سەختی ڕۆژئاوای شیراز، لە سەرەتای ئیسلام تا سەردەمی عەباسیەکانیش ناویان بەکورد هاتووە. زاراوەکەیان لە کوردی ئەمڕۆ نزیکە و ئەمەش چەند وشەیەکی

ئێڵ سورخی یە : ئاسیو : ئاش . بەڕی : بەڕوو . ئەورا : هەور. بەق : بۆق . چار : چوار، خڕ : گڕوڤڕ . دەسمال : دەستمال .

خیگ : هیزە . دۆ : دۆ . رو : سیما . شو : مێر . مشک : مشک .گری : گڕکە : نەخۆشیەکە توشی مەڕ دەبێت .

لا، ٢٠٥-٢٠٦ . ایل شناخته ثذوهشی د. کو هنشینان سرخ فارس عبدالله شهبازی . تاران . ١٣٦٦

٢/هەگبەی بنار

## پێکهاتەکانی ئاشی ئاو

بەردش : بەرداش پێکهاتەیەکی سەرەکی ئاشە، دووجۆری هەیە، جۆرێکیان ڕەنگی ڕەشەو، ئەم جۆرە بەردەش لە باشوورنیە، لە باکوورو ناوچەی عفرین هەیە .

بەڵام ئەویدیکەیان بەهێزترەو ڕەنگێکی خاکی یا مەیلەو سۆری هەیە، ئەوانیش لە ڕووی پێکهاتەی بەردەکەوە جیاوازیان هەیە لە ڕووی بەهێزیانەوە، لە باشووری کوردستان.

ئەم جۆرە بەردە لە بالیسان و سەنگاو و قۆپی تەندورێ لە چیای پیرمام دەبیندرێت

(توخماخ)یش چەکوچێکی گەورەیە لەگەڵ قەڵەم و میل بەردەکەی پێ دروست دەکرێت .

دۆرەدان : دوێل، دۆڵان ئاش، کۆلە ئاش، دانەوێڵەکەی تێدەکرێت.

چەقەنە : پارچە دارێکی گچکەیە رادەی دانەوێڵە دیاری دەکات لە چوونە ناو بەرداش . تۆپ ئاش، پەڕەی ئاش، ...

### * سنگ ئامرازی بەستنەوەی وڵاخان*

سنگ : وشەیەکی زۆر کۆنە و بۆ سەردەمی ڕەوەندی دەگەڕێتەوە، کە واتای دار یا ئاسنێکی نوک تیژ دەگەیەنێت، تایبەتە بە لە زەوی کوتان بۆ بەستنەوەی دەوار، ئەم وشەیەش لە سەنگ = کەڤر، بەرد هاتووە چونکە جاران هەسپ و دەواری دیکەیان لە سەنگ = کەڤر دەبەستەوە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە دەبوونە میوانی ڕەشمال نشینان یەکسەر هەسپەکەیان لە بەردێکی گەورە (کەڤر) دەبەستاوە، بەکەڤریش وتراوەسەنگ، دواتر ئەودارەنوک تیژ و ئاسنە نووکتیژە جێگای ئەو بەردەی گرتەوە لە بەستانەوەی وڵاغ، پێیان وت سنگ کە لە وشەی سەنگ = کەڤر هاتووە.

دواتر کەچوونەتە قۆناغی گوند دروستکردن سونگولکەیان دروستکردووە کە گچکەکراوەی (سنگ)ە واتە گچکە ترە چونکە دیوار پێویستی بە سنگ نیە بۆ هەڵواسین پێداویستیەکانی ناو ماڵ وەک تور، مراکدان،...

واتە وشەی سنگ، سنگولکە لە سەنگ = بەرد هاتووە .

**بەردەقانی**

چەکێکی کۆنی دەشتی هەولێر بوو

ناوە جوگرافیەکانی کوردستان بەشێکیان بۆ سەرەتای مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە وەک ئەشکەوت، سەنگ،...

بەشێکیان بۆ گەلانی کۆنی میسۆبۆتامیا دەگەڕێتەوە وەک وار، ئور = شار کە ڕەنگی لە ناوی ئوربلوم، ئور، ئورک، ئورفە، کور، داوەتەوە بەشێکیش پەیوەندی بە گەلانی ئاریەوە هەیە کە لە سەرەتای ٢٠٠٠ پ .ز خزینە کوردستان لەوانە زمانی پەهلەوی ئەشکانی و یا ساسانی و بەشێکیش پەیوەندی بە ئایینی سامیەکانەوەیە هەیە،دوای ئەوەی نەوەی گەلی کورد ژمارەیەکی زۆری دەچێتە سەر ئایینی جولەکەو مەسیح و ئیسلام کە کاریگەری لەسەر ناوی پەرستگاو ناوی گوندان کرد بە زمانی سامی چونکە لە نێو ئەم ئایینانە  ئایین دەبێتە پێوەرو بونەتە سیما نەک زمان بۆ نموونەهەموو دێرو کەنیشتەکان بەزمانی سامین و ناوی هەموو مزگەوتەکانیش بەزمانی سامین، سەرەرای نەوەی گوندێکی زۆریش بەناوی سامی ناولێنراون.

بەردەقانی: ئامرازەکە لە ریس دروستدەکرێت بەقەد ناو لەپی مرۆڤیە هەردوو شانەکەی باریک دەبێتەوەو هەرلایە قۆڵێکی چنراوی دەوروبەری (١) م درێژی هەیە هەرلایەکی سەرەکەی بەقورفانگەیە. ئەم ئامرازە تایبەت بووە بەڕاوی باڵندان و پاس کردنی دەخل و دان و

دواتریش بەکارهاتووە وەک چەکێک دژی نەیارو تالانچیان، بەردەقانی بەردێکیان دەخستە ناوی و ٣-٤جار دەیان سوڕاندو ئینجا نیشانییان لە هەرشتێک بگرتبا تێیان دەگرت و کابرای نیشانچی قورفانگەکەی لە پەنجەی گەورە (تلیابەرانان) یا دۆشاو مژە دەکردوو لاکەی تری بەردەدا وبەردەکەی دەهاویشت.

جاران بەردەقانی لە پیستەش دروست دەکرا

بەردەقانی لە دوو بڕگەی بەرد + ە +قانی (کانی) پێک هاتووە .

واتە لە بنەڕەت بەردەکان بووە، واتە کاتی خۆی بەردیان لەناو کانی فڕێداوە بۆ ئەوەی کانیەکە پڕ نەبێتەوە هەروەها بە مەبەستی خاوێنی واتە ئەم ئامرازە شێوەکەی لە کانی دەچێت کەبەردی تێدا بێت هەروەها هەمان پڕۆسەیە ئەویان بەرد فڕە دەدرێت تا پڕنەبێتەوە واتە لە بەرژەوەندی مرۆڤ دایە .

ئامرازەکەش هەر لە بەرژەوەندی مرۆڤ دایە بەردی پێ لە دوژمن دەگرێت یا پاسەوانی پێ دەکرێت بۆ ئەوەی زیان بە بە رژەوەندییەکەی نەگەیەنێت .

کەواتە ناوی ئەم ئامرازەیە بۆ سەردەمی ڕەوەندی دەگەڕێتەوە لە ناوچەکانی دیکەش ناوی هەیە بەڵام بەزاراوەی جیاجیا وەک :

قەڵماسنگ، قۆچەقان، بەرکان، بەراڤێژ، کوچکان، کوچاڤێژ، قلاسنگ، قوچقان، قەڵماسک، بەرقان، کەهنیک، قازل، قەپانچەلە،کەڤکرکان، کەڤرکانۆک، بەردەڤانە

## کۆڵ ئامرازی ئاودانی ئاژەڵانە

کۆڵ  ئامرازێکە تایبەت بەخواردنەوەی ئاوی ئاژەڵان، جاران واتە لە سەردەمی بەردین لە بەرد دادەتاشرا نموونەش کۆلەکەی گوندی دوستەپەی دەشتی هەولێرە کە لە تەنیشت بیرێکی ئاو داندراوە و تاکو ئەمڕۆ ماوە .

دواتر لە ناوچە شاخاویەکان لە بەردو گەچ دروستکرا لەدەشتاییەکانیش  لە خشت و قوڕ دروستدەکراو بەگەچیش ناوەکەی سپی دەکرا.

بەم دواییەش کۆل لە بەرمیل و چیمەنتۆ دروست دەکرا .

بە زاراوەی کرمانجیش پێی دەڵێن : ئاخوڕاو، دۆڵاو، دەلاڤ .

دوورنیە کۆل لە قۆل، کور، کورک (قۆرت) هاتبێ  چونکە ناوەکەی قوڵە.

هەمیشە کۆل نزیک بیری ئاو بووە بۆ ئەوەی ئاو لە بیرەکە بەدەولک هەڵێنجن و لە کۆلەکەی بکەن تا ئاژەڵ بیخۆنەوە، بەڵام ئەگەر ئاژەڵەکان بەتایبەتی مەڕوبزن زۆر بوونایە فریانەدەکەوتن بۆ ئاو هەڵێنجان، بۆیە هەمیشە حەوزێکیشیان لە تەنیشت بیری ئاوێ دروست دەکردو بە کۆلەکە دەبەسترایەوە .هەمیشە، زیاتر بەشەو حەوزەکە پڕ ئاودەکرا، حەوزیش بلند دروست دەکرا نەوەک سەگ و پشیلە پیسی بکەن  کۆلەکانیش زۆر جار بە کفر و دڕک و داڵ و گژوگیا دادەپۆشران، ئەگەر کۆلەکەش بەرمیل بوایە، ئەوە وەریان دەگێڕا، (دەونخون دەکرایەوە ) .

کۆل ئەم واتایانەش دەگەیەنێت : ١-کۆیلە، خزمەتکار ٢-ئامرازێکی پیوانەی برنجە، لە شێوەی خشتبڕەو (٩) نۆ کیلۆو دەگرێت .

لە حەیرانانیش کۆل ناوی هاتووە :- کۆل و حەوزی خەلیل.

## لسەر دەگبێژیێ
## فلات دەنگبێژ

گۆڕینی لە ڕێنووسی لاتینی

گەلۆ دەنگبێژ کییە؟ ئەم دکارن بەچ مرۆڤەک ژ بێژن دەنگبێژ ؟

هەڵبەت دەنگبێژ ژی وەکی مە ئەندامەکی جڤاتێ یە، ئەو ژی وەک مە ژ تۆرە ئوو ئادەتێن جڤاتێ رە هورمەتدارە، ئەو ژی وەک مە ل هەمبەر مال ئوو مالباتا خوە، ل هەمبەر وەلاتێ خوە خوەدان بەر پرسیاریەکێ یە . ئەو ژی وەک مە دکەنە،وەک مە دگری، وەک مە شینێ دگرە . ئەو ژی ب خەبەرەکە خوەش، مزگینییەکێ شادبە، ئەو ژی ب خەبەرەکە ڕەش، خەمگین ئوو دلشکەستی دبە، ڕەوشا جڤاکی، تەسیرا خوە ل سەر ژیاناوی ژی نیشاندده، ب گۆتنا کن نوو کورت، دەنگبێژ ژی یەک ژمەیە، دناڤ مەدا دژی، ب مەرە دگرە، ب مەرە هەڤالەتیێ دکە، ب قاسی کو، هەویامە ب وی تێ، هەویاوی ژی ب مە تێ، بیهناوی ژی بمە دەرتێ، ئوو فرە دبە، دەنگبێژ هەڤالا مەیە، گوندێی مەیە،کریڤێ مەیە، جیرانێ مەیە، ئانگو یەک ژمە ئوو دناڤ مەدەیە .

گەلۆ یا کو دەنگبێژەکی، ژ ئەندامەکی، زێرێ یێ جڤاکێ دڤە تینە چ یە ؟ چ وی ژمە جهێ تر دکە ؟

